# وەرزنامەی ئێرانناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٨)ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٣

- گێتۆکانی مێژوو: پەراوێزخستنی کورد لە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی ئێراندا
- هەژموونگەرایی ئێران و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان
- هەڵوێستی سەرکردەکانی نزیک لە ئێران لەبارەی حەشدی شەعبی
- هۆکار و ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنی ئێران ـ سعودیە بە نێوەندگیریی چین
- دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار؛ ئێران وەک نموونە
- قەیرانی ئۆتۆمبیل لە ئێران؛ بەریەککەوتنی حکومەت و پەڕلەمان

# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٨) ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: هەورامان فەریق کەریم



بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە



هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی

ئێراناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆك


سەروتار | بان-جەمسەری؛ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەونەکانی شازادە
سرمقاله | پسا-قطبی؛ خاورمیانه و آرزوهای شاهزاده ................................... ● بارام مەجیدخان | ٤

توێژینەوە | گێتۆکانی مێژوو: پەراوێزخستنی کورد لە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی ئێراندا
پژوهش | گتوهای تاریخ: به حاشیه راندن کورد درتاریخنگاری ناسیونالیستی ایران ..... ● یونس قوربانی فەر | ٧

هەڵوێستی سەرکردەکانی نزیك لە ئێران لەبارەی حەشدی شەعبی
موضع رهبران نزدیك به ایران دربارەی حشد شعبی ................................ ● فەرید دڵشاد محەمەد | ١٥

هۆکار و رەنگدانەوەی رێککەوتنی ئێران .سعودیە بە نێوەندگیریی چین
عوامل و بازتاب توافق ایران با میانجیگری چین ................................ ● هەڤاڵ ئازاد محی الدین | ٣٢

دەوڵەتی رەگ و ریشەدار؛ ئێران وەک نموونە [دولت ریشەدار (مورد ایران)] .................... ● محەمەد فاتح | ٤٧

راپۆرت | قەیرانی ئۆتۆمبیل لە ئێران؛ بەریەککەوتنی حکومەت و پەرلەمان
گزارش | بحران خودرو در ایران؛ تقابل حکومت و مجلس.............................. ● یاسین عزەم- توێژەر | ٦٢

وەرگێڕان | هەژموونگەرایی ئێران و ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان
ترجمە | هژمونی ایران و همەپرسی استقلال کوردستان ...... ● شێرکۆ کرمانج - سەردار عەزیز. و: گەلاوێژ سۆفی | ٧٤

چاکسازیی ئایینی لە ئێراندا.. خوێندنەوەیەک لەسایەی ویلایەتی رەهای فەقیهدا
اصلاح دینی در ایران.. خوانشی درپرتوولایت مطلقەی فقیە ...... ● د. ئەحمەد سالم - وەرگێڕانی: بارام سوبحی | ١٠٥

رۆڵی حکومەت لە قەراخشارنشینی (لەبارەی شاری کرماشان)
نقش دولت درحاشیەنشین سازی (مورد شهر کرمانشاه) ...... ● نگین نەزەری، محەمەد فەرهادی و: عەبدوڵا رەسوولی | ١٢٨

پێویستییەکانی ئەمنیەتگەرایی و زیادەڕۆیی لە تێوەگلانی ئێران لەگەڵ حوسییەکان لەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە
الزامات امنیتی و اغراق دردخالت ایران با جنبش حوثی توسط بازیگران بین المللی ..... ● تۆم واڵش و: گەلاوێژ سۆفی | ١٥٨

کەسایەتی | نورەدین کیانوری؛ مارکسیستێکی یاخی
شخصیتها | نورالدین کیانوری؛ مارکسیستی شورشی ................................ ● ئا: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد | ١٨٧

کتێبناسی | پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئێران (لە فرەچەشنی گێڕانەوەکان و پێویستیی بیری پارادایمی)
کتابشناسی | روابط بین الملل در ایران؛ از تکثرروایتها تا ضرورت تفکرپارادایمیك
............................................................ ● ئامادەکردن: بارام مەجیدخان | ١٩٥

چەمکناسی | بەرژوەندیی رژێم
مفهوم شناسی | مصلحت نظام ................................ ● ئامادەکردن: هەورامان فەریق | ٢٠٠


سەروتار

# بان-جەمسەری؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەونەکانی شازادە

بارام مەجیدخان

سیستەمی سیاسی و جەمسەربەندییەکانی جیهان، تا ئێستاش جێگای مشتومڕە. ئەوەی جێگەی سەرنجە جەوادی زەریف لە تویتێکیدا ئاماژەی بە جیهانێکی نوێ لە پاش سیستەمی تاک جەمسەری کردوە. زەریف پێی وایە کە کۆمەڵگای جیهانی قۆناغی گوزەری لە سیستەمی تاک جەمسەریەوە بۆ قۆناغی نوێ تێپەڕاندوە. بۆ چەند جەمسەری نا و بۆبێ جەمسەریش نا. بەڵکو بۆ پاش جەمسەری. سەردەمی جەنگ و کوشتار لە بەرەوپێشبردنی دەزگای دیپلۆماسی دەوڵەتان چیدی کاریگەر نابێت. هاوپەیمانییە درێژخایەن و ستراتیژییەکان سەرکەوتوو نابن و سەردەمی هاوپەیمانی کورتمەودا بەڕێوەیە. لە گەڵ گەشەکردنی هۆشی دەستکرد و تەکنۆلۆژیای پەیوەست بەو بابەتە، هێشتا مرۆڤ و کاردانەوە مرۆڤایەتییەکان قسەی خۆیان دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بابەتە. وە چەندین تەوەری تر. بۆچونەکانی زەریف لە دو ڕوانگەی جیاواز دەتوانین خوێندنەوەیان بۆبکەین: زەریف دیدگای خۆی وەک کەسێکی بە ئەزموون لە کاری فیکری و سیاسەتی جیهانی دەخاتەڕو لە هەمان کاتدا وەک هەست بەمەترسیکردن لەوەی دەوڵەتدارانی ئێران نایانەوێت لەو دۆخە تازەیەی جهیان کە بەڕێوەیە بە باشی کارلێک بکەن.

ئاماژەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سەر ئاستی جیهان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕو دەدەن ناوچەکە دەخاتە قۆناغێکی نوێ کە خەت و خاڵەکانی سیستەمی بان-جەمسەر(post-polar ) ڕوولە دەرکەوتن. بەتایبەت کە پاش بەهاری عەربی و سەرهەڵدانی ئیرهاب و توندوتیژی لە ناوچەکە و شەڕ و پێکدادانی بەردەوام، خەریکە سێبەری ئاشتی بە سەر ناوچەکەدا پەل دەکێشێت. ڕێککەوتنی ئێران و سعودیە ڕووداوێکی گرنگی ئەم گۆڕانکاریانەیە. هەرچەند هەندێک پێیان وایە ئەم ڕێککەوتنە هەڕەشەی بەردەوامی لەسەرە و هێشتا بەستەڵەکەکان بە تەواوی نەڕەوینەتەوە. بەڵام داهاتووی ناوچەکە دەخاتە ژێر هەژموونی خۆی. ئێران هاوکات خەریکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانییەتی لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە. ئەمەش دەرفەتی زیاتر بە ئێران دەبەخشێ کە لەم دۆخە قورسە ئابوورییەی کە بەڕێی دەکات تا ڕادەیەک هەناسەیەک هەڵمژێ و هەم لە داهاتووی ئابووری ناوچەکە شەریک و بەشدارێکی ڕاستەقینە بێت و هەم لە پرۆسەی ئاشتی و ئەمنی ناوچەکە کارا بیت. پرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل دوای نزیکەی سەد ساڵ لە ململانێی قورس هەموو ناوچەکە و جیهانیشی شەکەت کردوە. ئاسۆی سعودیە بۆ داهاتووی ناوچەکە تا ساڵی ٢٠٣٠ لەسەر بنەمای ئاشتی لە گەڵ ئێران و ئیسرائیل خۆی نمایش دەکات. هەم ئێران چیدی ناتوانی بە سیاسەتی (نیگا بۆ شەرق) پارێزگاری لە هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات و نە سعودیەش دەتوانێت لە سەردەمی شازادەی نوێ پابەندی هاوپەیمانی درێژخایەنی خۆی لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بێت. خەونی سعودییەکان بۆ داهاتووی ناوچەکە شێوازێکە لە یەکگرتنی بنەڕەتی وڵاتانی ناوچەکە هاوشێوەی یەکیەتی ئەوروپا. چیدی ئارامکرنەوەی بارۆدۆخ و تەتبیعی سیاسی کارساز نابێت، بەڵکو کاری پێکەوەیی و پرۆژەی ئابووری هاوبەش لە سەرهەموو ئاستەکان خەونی شازادیە. عێراق وەک بەشێکی سەرەکی ئەم گۆڕانکارییانە چاوەڕێی داهاتوویەکی تاریک ناکات. بەڵکو شێوازێک لە سەقامگیری سیاسی و ئابووری دابینکەری ئاستێکی نوێی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکەی و هاوکات نزیکبنەوە و ڕاگرتنی بالانس لە گەڵ جیهانی عەرەبی و ئێرانی دەرفەتی وەرگرتنی ڕۆڵی ناوبژیوان لە ناوچەکە ئومێدی گەڕانەوەی ڕۆڵی لە ناوچەکە زۆرە. دروشمی «کوا نیشتمانم» چیدی چەکێکی بەهێزنابێت بە دەست نەیارەکانییەوە. کوردیش بە هەمان شێوە ئەگەر ئاڕاستەی پەیوەندی هەرێم و بەغدا بە شیوازی ئاشتیانە بەڕێ بکرێت ئەوا ئاسۆیەکی ئابووری ڕوون چاوەڕوانی خەڵکەکەیەتی. کات بڕیارلە سەرهەموو گۆڕانکارییەکان دەدات.



# توێژینەوە

ئێرانناسی



# گێتۆکانی مێژوو: پەراوێزخستنی کورد لە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی ئێراندا

توێژەر : یونس قوربانی فەر



## بەرایی

بندەستەکان لە کوێی مێژوو ڕاوەستاون؟ چەوساوەکان لە کوێی مێژوو جێگیرکراون؟ ستەملێکراوەکان بۆ کام شوێن لە مێژوو ڕاگوێزراون؟ پەراوێزخراوەکان چۆن بۆ پەراوێزەکانی مێژوو دوورخراون؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری تر بە دوای بیستنی دەنگی بێدەنگکراوەکان، بە شوێن دۆزینەوەی بندەستەکان و چەوساوەکان و ستەملێکراوەکانن لە تونێڵەکانی زەمان، لە سەدە و هەزارە ونبووەکان و لە مێژووی سەراسەرداگیرکراوییان. هەڵەیە ئەگەر بیربکەینەوە ئەوە تەنیا سەردەمی مۆدێرن و ئایدۆلۆژییە مۆدێرنەکانن کە بوون بە هۆکاری دروستبوونی دۆخی بندەستی، چەوساوەیی، ستەملێکراوی لە مێژووی پەراوێزخراوەکان. لە ڕاستیدا «ڕابردوو»[١] بۆ مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە، لە پێش مێژووە[٢]، ئۆبژەییک[٣] بووە بۆ ناسین و لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە. بابەتێک بووە کە مرۆڤ لە سەر گێڕانەوەی، چۆنبوون و چۆنێتی ناکۆکی، بیروڕای جیاواز و ڕوانینی جۆراوجۆری بووە. دەتوانیین بڵێین هەر لە سەرەتاوە مێژوو سەرمایەیەک بووە کە مرۆڤەکان بۆ بەدەست خستن، زەوتکردن، داگیرکردن و پاراستنی لە ململانێیەکی نەرم یان سەخت دابوون. لە ڕوانگەیەکەوە دەکرێ بڵێین ململانێ لە سەر ڕابردوو بەردەوام دوو جۆر مێژووی بەرهەم هێناوە؛ مێژووی سەردەستەکان و مێژووی بندەستەکان؛ مێژووی ستەمکاران و ستەملێکراوان؛ مێژووی زاڵبووەکان و مێژووی پەراوێزخراوان. ئەم ململانێیە لە هەر چاخێک فۆرمی خۆی گرتووە، لە چوارچێوەی دیسکۆرسەکان و ئایدۆلۆژیاکانی هەر سەردەم بیچمی گرتووە. لە مێژووی مێزۆپۆتامیا هەتاکوو مێژووی یۆنان و ڕۆم، لە مێژووی مەسیحیەت هەتاکوو مێژووی ئیسلام، لە سەدەکانی ناوەڕاست هەتاکوو سەدەکانی هاوچەرخ ئەو ململانێیە لە سەر ڕابردوو و دروستکردن و سازدانی مێژوو دەبینرێت.

مۆدێرنبوون و نوێبوونەوەی مێژوونووسی لە سەردەمی هاوچەرخدا پێش هەرشتێک زاڵبوونی دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی پێوەدیار بوو. لە ڕاستیدا هەژموونی دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی بوو بە هۆی ئەوە کە لە زۆربەی لە وڵاتان و جوگرافیا سیاسییەکان مێژوونووسی مۆدێرن هاوتای مێژوونووسی ناسیۆنالیستی فەرز بکرێت. لە ئێران بە هەمان شێوە. ئەو جوگرافیایەی کە لە سەردەمی هاوچەرخدا بە هۆی ڕکابەرییەکانی ڕووسیا و بەریتانیا توانی خۆی لە مەترسی لێکهەڵوەشان دەرباز بکات، ڕەنگە ئەوەش قەدەری مێژوو بووبێت! کەسانی نوێخواز لە سەردەمی قاجارەکان پێشەنگ بوون لە گێڕانەوەی نووسینی

مۆدێرنی مێژووی ئێران، لە ڕاستیدا لە گێڕانەوەی ناسیۆنالسیتی ڕابردووی ئەوجوگرافیایە. ئەوانە دامەزرێنەرانی دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی ئێرانیش بوون، ئەودیسکۆرسەی بە هۆی فارس تەوەری، ڕابردووی جوگرافیای ئێران وناوچەیی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیکی تایبەت داڕشتەوە. داڕشتنێک لە سەربنەمای باوەڕبە زاڵبوونی نەتەوەیەک وپەراوێزخستنی نەتەوە وکەمینەکانی تر؛ داڕشتنێک بۆپەراوێزخستن، بۆسڕینەوەی ڕەنگەکان، بۆگێتۆسازی[٤].

گێتۆکانی مێژوو چین و چۆن درووست دەبن؟ ئەم وتارە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە سەر هەندێک بابەتی پەیوەندیداربە مێژوونووسی ناسیۆنالیستییە وباسێکە لە سەرگێتۆکانی مێژوو وپەراوێزخستنی کورد لە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی ئێراندا.

## ڕابردوو و مێژوو

مێژوو چییە؟ پرسیارێکە بە درێژایی مێژوو کراوە، پرسیارێکی پڕ وەڵامە؛ بەشێک لەو وەڵامانە لە تێکستەکانی فەلسەفی وهزرییدا نین، بەڵکولە کولتوور، ڕوانگە وڕوانینی هەر یەک لە گەلان ونەتەوەکاندا بەدی دەکرێت. بەڵام بەشی گرنگی وەڵامەکان لە بیروبۆچوونی بیرمەندان وفەیلەسوفان ومێژوونووساندا هەیە. بۆنموونە ئەرستوو[٥] مێژوووەکوزانست دەستنیشان ناکات؛ ڕانکە[٦] مێژووەکوزانستێک دەبینێت کە ئاوێنەی باڵانوێنی ڕابردووە؛ پرۆفیسۆر کار[٧] لە کتێبە بەناوبانگەکەی مێژوو چییە؟[٨] دەڵێت مێژوولە دیالتیکی نێوان واقع وتەفسیر ئەنجام پەیدا دەبێت؛[٩] هایدن وایت[١٠]، مانسلۆ[١١] وجێنکینز[١٢] لە چەند دەیەی ڕابردوودا گومانی جیددییان خستۆتە سەربنەما وئەستوونە سەرەکییەکانی مەعریفەناسی مێژوو.[١٣] لێرەدا ئامانج ڕۆچوون بۆ قووڵایی ئەو باسە نییە، بەڵکو جەختکردن لە سەر ئاڵۆزی و بەربڵاوی وەڵامەکان لە سەر پرسیاری چییەتی مێژوو مەبەستمانە. کام پێناسە سەبارەت بە مێژووڕاستە؟ ئایا دەکرێت لە ناوئەم جیهانە تیۆریکە بەربڵاوە دەست بخەینە سەرڕوانگەیەکی تایبەت وبە نیسبەت ئەوانی تربە درووستتری بزانین؟ وەڵامی ئەوپرسیارە وەڵامێکی سەرڕاست نییە، ڕەنگە لە ڕێگەی باسکردنی ڕوانگەی جێنکینزبتوانیین وەڵامی ئەوپرسیارە زیاترشی بکەینەوە.[١٤]

لە ڕوانگەی جێنکینزمێژوووەکو دیسکۆرس[١٥] پێناسە دەکرێت. جێنکینزلە سەرئەو باوەڕەیە کە مێژوو دیسکۆرسێکە لە زنجیرەی دیسکۆرسەکان لە بارەی جیهانەوە. ئەم دیسکۆرسانە لە کاری ئافراندن وخوڵقاندنی جیهاندا نین، بەڵکوجیهان داگیردەکەن ومانای پێ دەبەخشن. دیارە ئەوبەشە لە جیهان کە بۆتە بابەتی مێژوو، ڕابردووە: هەربۆیە مێژوو

وەکو دیسکۆرس چەمکێکی جیاوازە لەگەڵ ئەو بابەتەی باسی لە سەردەکات: بە واتاییکی تر «ڕابردوو»[١٦] و «مێژوو»[١٧] جیاواز لە یەکترن. هەروەها ڕابردوو و مێژوو وەها گرێدراوی یەکترنین کە تەنیا ڕێگە بە یەک خوێندنەوەی مێژوویی لە ڕابردوو بدرێت. ڕوانگەی جێنکینز لەم بارەوە جێگەی سەرنجە، بەڵام خۆی لەو سۆنگەوە ڕوانگەی پۆزیتیڤیستی زۆربەی مێژوونووسان ڕەتدەکاتەوە. نووسەرێکی ئێرانی لەسەربنەمای ئەو جیاکارییەی کە جێنکینز کردوویەتی باس لە دوو مانا کایەی چەمکی مێژوو دەکات؛ مانایەکی ئۆنتۆلۆژیک[١٨] و مانایەکی مەعریفەناسانە.[١٩] مێژوو بە مانای ئۆنتۆلۆژیکی خۆی پرۆسەیەکی سەربەخۆ لە هزر و واقعێکە بوونی هەیە پێش ئەوەی کە ببێت بە ئۆبژەی ناسین، لێوردبوونەوە و لێکۆلینەوەی ئێمە هەروەکو سرووشت. بەڵام هەرکات ئەو ئۆبژەیە ببێت بە بابەتێک بۆ تێفکرین، ناسین و لێکۆڵینەوە، لێرەدا مێژوو بە مانای مەعریفەناسانە سازدەبێ.[٢٠] جیاوازی ڕابردوو و مێژوو لەم لێکدانەوەیە بە باشی دەردەکەوێ. ئێستا دەکرێ باس لەوە بکەین کە چۆن «رابردوو» لە چوارچێوەی دیسکۆرسەکان و ئایدۆلۆژییەکان دەبێت بە «مێژوو».

## لە ڕابردووی جوگرافیایەک بۆ مێژووی نیشتیمانێک

لە سەردەمی هاوچەرخدا، هاوکات لە گەڵ گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوەکان[٢١]، دیسکۆرسی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی هەژموونی پەیدا کرد. هەروەک ئاماژەمان پێدا، نوێ بوونەوەی مێژوونووسی پێش هەر شتێک زاڵبوونی دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی پێوەدیار بوو. دیارە ئەورووپا لە سەرەتا دا ناوەندی سەرەکی بیچمگرتن و سازبوونی ئەو دیسکۆرسە لە مێژوونووسی بوو، بەڵام دواترلە هەموو جوگرافیا سیاسییەکان مێژوونووسی ناسیۆنالیستی بوو بە دیسکۆرسی زاڵ لە نووسین و گێڕانەوەی مێژوو. لە ڕاستیدا لە هەرجێگایەک تۆوی ناسیۆنالیسم چێندرا، لەو جێگایە مێژوونووسی ناسیونالیستی ڕەگ و ڕیشەی دادەکووتێت. بە واتایەکی تر دووانەی ناسیۆنالیسم و مێژووی نەتەوە تەوەر( مێژووی نەتەوەیی)، دووانەی لێکدانەبڕاون. دیارە لێرەدا مەجاڵ و دەرفەتی ئەوە نییە باس لەو هەموو ئەزموونەی مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی لە ئاستی جیهاندا بکەین، هەربۆیە لە سەر ئەزموونی ئێران هەڵوەستەیەک دەکەین.

بەشێک لە نووسەرانی ناسیۆنالیست لە ئێران وەکو جەواد تەباتەبایی پەیدابوونی ئەندیشەی مێژوویی لە سەربنەمای هۆشیاری نەتەوەیی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی سێهەم هەتا شەشەمی کۆچی.[٢٢] لە پشت ئیدعای ئەو نووسەرانە هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو

و جێگەی متمانە نابینرێت، تەنیا لە ڕووی ئایدۆلۆژیک و باوەڕمەندی بە ئەزەلیی بوونی[٢٣] نەتەوەی ئێرانی وەها ئیدعایەک دێننە ئاراوە. بەڵام لێکۆڵینەوەی تر دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە پێشینەی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی لە سەردەمی قاجارەکان دایە. هەندێک لێکۆڵەری وەکو مستەفا وەزیری[٢٤] و ڕەزا ئیبراهیمی[٢٥] لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیان زۆر بە باشی ئەو ڕاستییەمان پێشان دەدەن. ئەو نووسەرانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە مێژووی نەتەوەیی دروستکراوی سەردەمی نوێیە و مێژووی نەتەوەیی لە چوارچێوەی گووتاری ناسیۆنالیستیدا بەرهەم هاتووە. تەوەکولی[٢٦] وەکو وەزیری و ئیبراهیمی لە سەر ئەو باوەڕەیە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداوە، بەڵام ڕیشەی ئەو گۆڕانگارییە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی هەژدە. هەرچەند ئەرگۆمێنت و فاکتەکانی لەم بارەوە لاوازن و ناکرێت وەکو ڕاستییەکی مێژوویی بیسەلمێنین.

ئەندیشەی نەتەوەخوازی و بیری نەتەوەیی لە سەردەمی قاجارەکان هاتە ناو دیسکۆرسی ڕەوشنبیری ئێران: کەسانی وەکو ئاخوندزادە، ئاقاخان کرمانی[٢٧]، جەلالەدین میرزای قاجار لە دیسکۆرسی کۆن دادەبڕێن و لە ژێر کاریگەری ئەندیشە و بیری مۆدێرن هەوڵ دەدەن ئێران؛ پرسەکانی ئێران: کێشەکانی ئێران: دواکەوتوویی ئێران و ڕابردووی ئێران لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی، ئەندیشە و بیری نوێ بخوێننەوە. ئەو نووسەرانە ئەگەرچی نەیانتوانی تێکستی ئەندیشەیی و مێژوویی لە ئاستێکی بەرز بەرهەم بێنن، بەڵام کاریگەری زۆریان بوو لە بنیاتنان و سازکردنی مێژووی نەتەوەیی بۆ ئێران. لە ڕاستیدا ئەوان پێشەنگ بوون لە گۆڕینی ڕابردووی جوگرافیایەک بۆ مێژووی نیشتمانێک.

### مێژووی پڕشکۆ[٢٨] و گێڕانەوەیەکی فارس تەوەر

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم قاجارەکان توانییان دەسەڵاتی خۆیان بە سەر دەسەڵاتە ناوچەییەکان بسەپێنن و دەوڵەت- قەبیلەیەکی تر لە جوگرافیای ئێران دابمەزرێنن. قاجارەکان لە دونیای کۆنەوە هاتبوون و بە پێی سیستەمی دەوڵەت- قەبیلەیی کۆن حوکمڕانیان دەکرد. هەربۆیە لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی جیهانی نوێ بێجگە لە تەسلیم و شکست هەڵوێست و کاردانەوەی تریان نەبوو. ئەوان نوێنەری سیاسی جوگرافیایەک بوون کە بە حەزی ڕووسەکان و بەریتانیاییەکان ئیدارە دەکرا و لە هەر بارێک لە خراپترین دۆخدا بوو. ئێرانی قاجارەکان سیمبوولێک بوو لە دواکەوتوویی و ڕەمزێک بوو لە مانەوەی سەدەکانی ناوەڕاست. ڕۆشنبیران و نووسەران بە هۆی ئاگاداری لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوا،

هەروەها ئاشنابوونیان لەگەڵ بیری نەتەوەخوازی لە بەرامبەر ئەو دۆخە ڕاوەستان. دەستیانکرد بە ڕەخنەگرتن لە قاجارەکان و دۆخی ئێرانی بندەستی قاجار. بەڵام ئەوان لەبەر نەبوونی دەرفەتێک بۆ گۆڕانکاری لە ئێران و نەدیتنی ئاسۆیەکی ڕوون پەنایان برد بۆ ڕابردوو. ئەوە ڕابردوویەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکان خەریکی ساخکردنەوەی بوون. لە ڕاستیدا ئەوان بوون کە وێنەیەکی نوێیان لە ڕابردووی جوگرافیای ئێران پێشاندا. وێنەیەک لە شکۆداری، مەزنایەتی و درەوشانەوەی شارستانیی و کلتووری. بۆ نموونە ئاقاخان کرمانی ڕێز لە ئێرانی پێش ئیسلام دەگرێت، کوروش بە دامەزرێنەری ئێران دەزانێ؛ کوروش کە لە نەتەوەی فارس بوو وە لە سەردەمی ئەودا ئێرانییەکان ئازادییان بوو. بەڵام ئەو سەردەمە زێڕینە بە هێرشی عەرەبەکان کۆتایی هات. ئەوە بە پێچەوانەی گێرانەوەی مێژوونووسانی ئیسلامی بوو کە سەردەمی پێش ئیسڵام وەکو دەورەی تاریکی و جەهالەت پێناسە دەکەن. جەلالەدین میرزا لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی «نامەی خۆسرەوان» بە زمانێکی پەتیی فارسی دەنووسی و بە بەکارنەهێنانی وشەی عەرەبی وەکو شانازییەک دەبینێت. بە بووچوونی ئەو نووسەرە شایەکانی ئێرانی پێش ئیسلام لە ڕیزی پێغەمبەران دان و هاوکات هەم شا بوون و هەمیش پێغەمبەر. لەو نووسراوانە ئێران لە سەردەمی پیش ئیسلام بە واتایەکی تر ئێرانی باستان سەردەمی زێرن بوو، سەردەمی شکۆ. ئەو شکۆیەی کە فارس درووستی کردووە و شایەکانی فارس سیمبولی بوون. فارس، زمانی فارس، نەتەوەی فارس دامەزرینەر و خاوەنی ئێران بوون و هەن. ئەوانەی کە تێکدەری ئەو شکۆیە بوون و کۆتاییان بەو شکۆیە هێناوە، دوژمنی ئێرانن. ئا لێرەدا بوو کە مێژوونووسان و نووسەرانی ناسیونالیست پرۆسەی بە ئەویترکردنی نەتەوەکانی تریان دەست پێکردن.

## بە ئەویترکردنی[٢٩] کورد لە گێتۆکانی[٣٠] مێژوودا

مێژوونووسی ناسیۆنالیستی ئێران هەر لە سەرەتاوە لە پرۆسەی (Self-otherization)) لە لایەک خەریکی سازکردنی پێناسەیەکی نوێ بۆ فارس بوو، لە لایەکی دی سەرقاڵی بە ئەویترکردنی نەتەوەکانی دیکە. هەموو نووسراوەکانی سەردەمی قاجارپڕە لە دژایەتی لەگەڵ دوو نەتەوەی عەرەب و تورک. دیارە لەو دوو نەتەوەیەش زیاترین دژایەتی لەگەڵ عەرەب بووە. بەڵام لە سەردەمی پەهلەوی پرۆسەی (Self-otherization)) فۆرم و ناوەڕۆکیی تر بە خۆیەوە دەگرێ، ئەمجار کورد بە ئەویتر دەکرێت.

مێژوونووسی ناسیۆنالسیتی لە سەردەمی قاجارەکان وەکو ڕوانگەیەکی نوێ لە بەرامبەر

ڕوانگە و ڕوانینی کۆن و کلاسیک هاتە مەیدان. هاوکات بەها و ئەرزشەکانی ناسیۆنالیزم لە ناو چینی ئێلیت زیاتر پەرەی دەستاند و لە سەردەمی دوای مەشرووتە بە تەواوی داسەپا.[٣١] بەڵام ئەو ناسیۆنالیزمە بە هۆی فارس تەوەری و ڕەگەزتەوەری نە تەنیا نەیتوانی لە ناو نەتەوەکانی تر ڕەخنە بکات، بەڵکو تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی توند بووە. کورد هەروەکو نەتەوەکانی تری ڕۆژئاوای ئاسیا زۆرزوو لەگەڵ ئەندیشەی مۆدێرن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنیتە ئاشنا بوو. بە هۆی تایبەت بوونی دۆخی مێژوویی کورد بەریەککەوتنی کورد لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکان بە زوویی دەرکەوت. ئێلیتی کورد خوازیاری دەربازبوون و ڕزگاربوون لە دۆخی بندەستی بوو، بەڵام ئیلیتی فارس بە هۆی فارسیزەکردنی مێژوو و بەفارسیکردنی ڕابردوو ئەوەی بە یاخیبوون لە قەڵەم دەدا. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری وەکو یەکەم شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە ئێران پێناسەیەکی نوێی بۆ کورد درووستکرد. لەو پێناسە نوێیەدا کورد خۆی وەکو بەشێک لە مێژووی بەفارسیکراو نەدەدیت. لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆ و لە ڕوانگەی حکومەتی ناوەند و ئیلیتی ناوەند سمکۆ و شۆڕشەکەی یاخیبوونێک بوو کە دەبوایە بە زوویی و بێڕەحمانە سەرکووت بکرێت.[٣٢] لێرەدا بوو کە بێدەنگ کردن، بندەستکردن، پەراوێزخستنی کورد و کەمینەکانی تر بوو بە بەشێک لە بەهاکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی.

لە ڕاستیدا لەو سەردەمەوە کورد خرایە ناو گێتۆکانی مێژوو. ئەو گیتۆیانەی کە درووستکراوی سوژەی فارسی بوو. کورد لە گێتۆکانی مێژوو جوداییخواز بوو؛ یاخیی و ئاژاوەگێڕ بوو. کورد لە گێتوکاندا ئەگەرچی وەکو بەشێک لە ئێران سەیر دەکرا[٣٣]، بەڵام ئەوە بەشێک لە سیاسەتی نەتەوەسازی و تواندنەوەی نەتەوەکان بوو. چونکە گێتۆکانی مێژوو جۆرێک لە سیاسەتی ئیزۆلەکردن بوو.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. past
2 . Prehistory
3 .object

٤ . گێتۆ ئەو گەڕەک و ناوچانەن کە کەمینەیەکی نەتەوەیی یا ئایینی تێدا نیشتەجێن. لە باری مێژوویی لە ئەرووپا گێتۆ شوێنی نیشتەجێبوونی جووەکان بوو. شوێنیکی ئیزۆلەکراو و نیشتەجێ بوونێکی داسەپاو. گێتۆ بە مانای پەروایزخراوی بە کاردێت.

5 . Aristotle
6 . Leopold von Ranke
7 . E. H. Carr
8 . What Is History?

٩ . اي. اچکار، تاریخ چیست؟ ترجمەي حسن کامشاد، انتشارات خوارزمي، صص ٧-٤٥.

10. Hayden White
11 . Alun Munslow
12 . Jenkins
13 . Alun Munslow)2006 ، (Deconstructing History، Taylor & Francis. London.

١٤ . هەرچەند ڕوانگەی جێنکینز ،وەکو نووسەرێکی پۆست مۆدێرن، لەم بارەوە ڕەخنەی زۆری لە سەر گیراوە، بەڵام هەڵگری هەندێک ڕوانین و بۆچوونی نوێ و بەکارهاتووە.

15 . discourse
16 .Past
17 . History
18 . ontological
19 . epistemological

٢٠ . هاشم آغاجري و ديگران، تأملاني درعلم تاريخ، انتشارات نقش جهان، تهران، ١٣٨٠، صص ١٣، ١٤، ٥٠، ٥١، ٦٦، ٧١

٢١ . لە بارەی ئەزموونە مێژووییەکانی ناسیۆنالیزم بڕوانن: الکساندر ماتیل ،دایرەالمعارف ناسیونالیسم (٣ جلدی)، ترجمەی محبوبە مهاجر، کامران فانی، دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی، تهران. ١٣٨٥

٢٢ . جواد طباطبايي، ديباچەاي بر نظريە انحطاط ايران، نگاه معاصر، تهران، چاپ چهارم ١٣٨٤، صص ٢٨٠و٢٨١.

23 . Eternalism
24 . Mostafa Vaziri, Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity (New York: Paragon House, 1993)

٢٥ . رضا ضیاءابراهیمی، پیدایش ناسیونالیسم ایرانی: نژاد و سیاست بی‌جاسازی، مترجم: حسن افشار، تهران، نشر مرکز. ١٣٩٥.

٢٦ . محمد توكلي طرقي، تجدد بومي و بازانديشي تاريخ، نشرتاريخ ايران، تهران، ١٣٨٢، صص ٤٢، ١١ و ١٠.

٢٧ . بڕوانن: فريدون آدميت، انديشەهاي ميرزاآقاخان كرماني، انتشارات پيام، ١٣٥٧، تهران.

٢٨ . مێژووی شکۆدار ناوی ووتارێکە لە عەلیرەزا مەنافزادە: علیرضا منافزادە، تاریخ پرافتخار، نشریەي نگاه نو، ش ٣٦

29 . othering
30 . ghetto

٣١ . بروانن: یونس قربانی فر، تاریخ نگاری ناسیونالیستی در عصر پهلوی اول. پایان نامه کارشناسی ارشد. تهران. دانشگاه تربیت مدرس.

٣٢ . بڕوانن: شرف الدین قهرمانی، ختم غائله سمیتکو، به تصحیح میرهاشم محدث، تهران، پردیس دانش، شیرازه. ١٣٩٢

٣٣ . بۆ نموونە لەو سەرچاوەیە: ڕشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او. امیرکبیر. تهران ١٣٦٣



# هەڵوێستی سەرکردەکانی نزیك لە ئێران
# لەبارەی حەشدی شەعبی

توێژەر: فەرید دڵشاد محەمەد



## بەرایی:

یەکێك لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای سەرهەڵدانی داعش لە عێراق دروستبوو، بەهێزبوونی چەند گرووپێکی چەکداری بوو، کە دواتر لەناو گرووپەکانی حەشدی شەعبیدا کۆکرانەوە و ڕەوایەتیی ئاینی و یاساییان وەرگرت، بەڵام هەڵەیەکی مێژوویيە سەرەتایی دروستبوون و سەرهەڵدانی گرووپەکانی حەشدی شەعبی ببەستینەوە بەهاتنی داعش بۆ ناو خاکی عێراق، چونکە پێشتر چەندین گرووپی چەکداریی شیعە بە پشتیوانی ئێران لە عێراق دروستبوو، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆڵێ بەرچاویان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی عیراقدا هەبوو، ئاشنابوون بەهەڵوێستی سەرکردەکانی نزیك لە ئێران لەبارەی حەشدی شەعبی، دوای باسکردنی ڕۆڵی ئێران لە دروستبوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی و وەلائیان بۆ مەرجەعییەتی قوم پاڵنەری سەرکی بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە.

## ڕۆڵی ئێران لە دروستبوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی

بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو، گۆڕەپانی سیاسی و ئاسایشی عێراق چەندین گرووپی چەکداری نارێکخراو و (میلیشیا)ی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەریەکەیان سەربە مەزهەبێك یان لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوبوون، بەهۆکاری جیاوازولە ژێرناوی جۆراوجۆردا دروستبوون، هەربۆیە هەڵەیە سەرەتای دروستبوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی ببەستینەوە بە سەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق، چونکە پێش دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی، چەندین گرووپی چەکداری تایبەت بە مەزهەبی شیعە لە ناو خاکی عێراق و دەرەوە هەبوون، لەهەرقۆناغێکدا ئێران ڕۆڵی لە دروستبوون و پاڵپشتیکردنی ئەم گرووپانەدا هەبووە.

**قۆناغی یەکەم:** سەرەتای دەرکەوتنی گرووپە چەکدارەکانی سەربە مەزهەبی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، لەوکاتەدا حکومەتی عێراق بە سەرۆکاتی (سەدام حسێن) سەرۆککۆماری عێراق، هەڵمەتێکی بۆ سەرکوتکردنی لایەن ئۆپۆزسیۆنە شیعەکان دەستپێکرد، بەتایبەت (حزبی دەعوەی ئیسلامی)، ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە ڕووبەڕووی گرتن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بوونەوە، لە

(١٩٨٠/٣/٣١) سەدام حسێن بڕیارێکی دەرکرد هەرکەسێك ئەندام ولایەنگری حزبی دەعوە بێت لەسێدارە بدرێت، بۆ نموونە: لە (١٩٨٠/٤/٩)، ( محەمەد باقر سەدر) یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی ئەو حزبە لە سێدارەدرا، ئیترلەوکاتەوە ئەندامانی حزبی دەعوە بەرەو ئێران و سووریا هەڵاتن. لە ساڵی (١٩٨٠ ) بە هاوکاری ئێران ئەندامە هەڵاتووەکانی حزبی دەعوە و ئەو سەربازانەی عێراق، کە لە جەنگەکەدا بەدیل گیرابوون هێزکیان دروستکرد بەناوی (هێزی شەهید سەدر) لەنزیك شاری (ئەهوازی) ئێران، ژمارەیان (٧٠٠٠) چەکدار دەبوو، لەو ساڵە بەدواوە چەندین سەربازگەی دیکەیان لە ناوچەکانی (دهلران، ئیلام و باختەران) لە نزیك سنوورەکانی ئێران و عێراق، کردەوە. ئەم هێزە هاوشانی سوپای ئێران لە جەنگی عێراق-ئێران بەشداریانکرد و بەسەدان کەسیان لێ کوژران و برینداربوون.(١)

هەرلەماوەیەدا، بەهاوکاری ئێران (لیوای ٩ی بەدر) درووست دەبێت، کە باڵی سەربازیی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق) بووە، بە سەرۆکایەتی (محەمەد باقر حەکیم)، (لیوای ٩ی بەدر) یەکەم هێزی چەکداری شیعەکان بوو، کە جۆرێك لە سەربەخۆیی هەبوو، لەلایەن ئێران بەچەکی قوورس پڕچەك کرابوون، تانك، تۆپ و زرێپۆشیان هەبووە، ئەم لیوایە لە ناوچەکانی باکوور و باشووری عێراق ئۆپەراسیۆنی سەربازییان دەکرد، بەتایبەت لە (هۆڕەکانی عێراق، ناوچە سنوورییەکانی بەسرە، حاجی ئۆمەران و باختەران، (لیوای٩ی بەدر) ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە شەڕی ئێران –عێراق.(٢) لەم قۆناغەدا ئێران ڕۆڵی سەرەکی بینی لە درووستبوون، پڕچەککردن، ڕاهێنانکردن و بەهێزکردنی گرووپە چەکدارە شیعەکان، بەتایبەت دامەزراندنی لیوای بەدر، ئێران سوودی لەم گرووپانە وەردەگرت بۆ جەنگ لەگەڵ عێراق، هاوکات دەیەویست لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی ئەم گرووپە چەکداریانەوە بوونی لە عێراق هەبێت، لەبەرامبەردا ئەم گرووپانە ئێرانیان وەك پەناگەیەك بەکاردەهێنا لە ترسی ئەو هەڕەشانەی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە دەکرایە سەریان، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ درووستبوونی چەند گرووپێکی چەکداری شیعە لەوکاتەدا، سەرەڕای ئەوە هاوکاری ئێران بۆ درووستکردنی گرووپی چەکداری شیعەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ هاومەزهەبی نێوانیان کە سەربە مەزهەبی شیعە بوون و یەك دووژمنی هاوبەشیان هەبوو لەوکاتەدا، کە حکومەتێکی سوننە مەزهەب بوو لە عێراق.(٣)دیارە درووستبوونی لیوای بەدرلەم قۆناغەدا سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی شیعەکانی عێراق ببنە خاوەنی گرووپی چەکداری بۆپارێزگاریکردن لەخۆیان لە داهاتووشدا هەرئەم گرووپە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی.

**قۆناغی دووەم:** دوای ڕووخاندنی حکومەتی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، ژمارەیەك گرووپی چەکداریی جیاجیا دەرکەوتن، ئەم گرووپانە وەك کۆمەڵێك گرووپی جیهادی دژی داگیرکاری هاوپەیمانان شەڕیان دەکرد، کە خۆیان دەبینییەوە لە (سوپای مەهدی، عەسائیبی ئەهلی حەق، سرایا یوم الموعود، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی حزبوڵلا-عێراق، کەتائیبی ئەبولفەزڵ عەباس، سەرایا سەلام، عەسائیبی ئەهلی حەق و بزوتنەوەی نوجەبا.[٤] لەم قۆناغەشدا ئێران ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دروستکردنی گرووپە چەکدارە شیعەکان لە عێراق، ئێران لەلایەك دەیویست لەڕێگەی دروستکردن و پاڵپشتیکردنی گرووپی چەکداریی شیعە لە عێراق بەربەست بۆ هەژموونی وڵاتانی خۆرئاوا دابنێت لە ناوچەکە، کە وەك هەڕەشەیەکی مەترسیداری داهاتوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان لێی دەڕوانی، لەلایەکی دیکەوە مەبەستی بوو لە ڕێگەی ئەو گرووپە چەکدارانەوە جارێکی دیکە پرۆژەی (هەناردەکردنی شۆڕش) بۆ دەرەوە زیندوو بکاتەوە.[٦] بەسوودوەرگرتن لەو پەیوەندییە مێژوویی و قووڵەی لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی شیعە هەیبوو، ئێران ئەودەرفەتەی قۆستەوە، ئەوە بوو لە (٢٠٠٤/٤/٢)، (موقتەدا سەدر) ڕێبەری ڕەوتی سەدرلە وتاری نوێژی هەینی دامەزراندنی (سوپای مەهدی) بە فەرمی ڕاگەیاند، کە ئامانج لێی شەڕکردن بوو دژی داگیرکاری هێزەکانی هاوپەیمانان.[٧]

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٨) لایەنگرانی موقتەدا سەدر چەندین خۆپیشاندانیان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجامدا و داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانیان کرد، هەرلەو میانەیەدا شەڕی (سوپای مەهدی) دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراق لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو، لەهەمان کاتدا (فەیلەقی قودس)ی سەر بە ئێران سەرەڕای پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و سەربازیی، مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی بەسوپا مەهدی وگرووپە چەکدارەکانی دیکەی شیعە دەکرد.[٨] لە ساڵی (٢٠٠٦) گرووپێکی چەکداری شیعە بەناوی (عەسائیبی ئەهلی حەق) بەسەرکردایەتی (قەیس خەزعەلی) بەهۆی بوونی ناکۆییەوە لە دیدگا و چۆنییەتی کارکردن و کێشەی ئیدارەدان و ...هتد، جیابوونەوەی خۆیان لە (سوپای مەهدی) ڕاگەیاند، ئەم گرووپە لایەنگری ئێران بوون ، لەوکاتەدا چەندین هێرشیان لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجام دەدا[٩]. لە ساڵی (٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١٠) گرووپە چەکدارە شیعەکان چالاکییەکانیان لاوازبوو، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠١٠ ) ئێران ژمارەیەك گرووپی چەکداری شیعەی زیندووکردەوە، هەندێك گرووپی دیکەی نوێی دروستکرد، خۆیان دەبینییەوە لە ( ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی

حەق، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی حزبوڵڵا، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، کەتائبی ئیمام عەلی، کەتائیبی جوندولئیمام).[١٠] ئامانج لە درووستبوونی ئەوگرووپە چەکدارە شیعانە بۆ سەرکوتکردنی ئەو ناڕەزایی و خۆپیشاندانانە بوو لە ساڵی (٢٠١٣) لە ناوچە سووننەکان دژی حکومەتەکەی مالکی سەریهەڵدابوو. لەوکاتەدا سەدربەهۆی ناکۆکی لەگەڵ مالکی پاڵپشتی لە داواکاری سووننەکان دەکرد. لە هەمان کاتدا بەهۆی لاوازی سوپای عێراق، نووری مالکی پشتی بەوگرووپە چەکدارە شیعانە بەستبوو بۆ شەڕدژبە شانەی نوستووی ڕێکخراوی (قاعیدە) و داعش لە عێراق.[١١]

لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمینجار لەسەر داواکاری ئێران ئەو گرووپە چەکدارە شیعانە ئەرکیان لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق پێ سپێردرا، هەندێك لەو گرووپانە، کە زۆر نزیکبوون لە ئێران لەکاتی سەرهەڵدانی (جەنگی ناوخۆی سووریا) لە ساڵی (٢٠١١) نێردران بۆ سووریا بۆ پاراستنی مەزارگە پیرۆزەکانی شیعە لەو وڵاتە و پاڵپشتیکردن لە سوپای (بەشار ئەسەد) سەرۆکی سووریا.[١٢] ئەوگرووپانە بە تایبەت کە (تائیبی سەیدولشوهەدا) لە پارێزگاکانی سووریا هاوشانی سوپای بەشار ئەسەد شەڕیان دەکرد لە دژی چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا و بەرەی نوسرەو داعش.[١٣] درووستبوونی بۆشایی ئەمنی لەدوای ڕووخانی بەعس وبە ئامانجگرتنی شیعەکان لەلایەن گرووپە جیهادییە سووننەکان وایکرد شیعەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، بیر لە دروستکردنی گرووپی چەکداری بکەنەوە، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی عێراق، بیانویەکی ئاینی و نیشتمانی دایە دەست هەندێك لە کەسایەتی شیعە بۆئەوەی گرووپی چەکداری تایبەت بەخۆیان دروستبکەن، تاکو ڕووبەڕووی هێزەکانی هاوپەیمانان ببنەوە.[١٤] لەکۆتایدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە (٢٠١١/١٠/٣١) بە بڕیاری (باراك ئۆما)ی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا هەلێکی گەورەی ڕەخساند بۆ گرووپە چەکدارە شیعەکان تاکو بەشێوەیەك لە شێوەکان بەهاوکاری و پشتیوانی ئێران خۆیان زیاتر ڕێکبخەنەوە و پێگەی خۆیان قایمتر بکەن.[١٥] حکومەتە یەك لەدواییەکانی عێراق هێندە بەهێز و دامەزراوەیی نەبوون، کە عێراق لە قۆناغێکی ناسەقامگیریی بەرەو کەناری ئارامی ببەن، شکستهێنانی سوپایەکی تۆکمە و دوور لە کاریگەری مەزهەبی و ئائیفی دابمەزرێنێت، بەڵکو ئەو هێزانەیان گۆڕان بۆ هێزگەلێکی تائیفی وباڵادەستبوونی لایەنێکی دیاریکراو بە پشتیوانی ئێران، هەموو ئەوانە هۆکاربوون بۆ درووستبوون و بەهێزبوونی گرووپەکانی شیعە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣).[١٦] ئەم گرووپانە لەم قۆناغەشدا ئێران هاوکارییان بووە دواتر دەچنە ناو ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە.

**قۆناغی سێیەم:** دوای ئەوەی داعش لە (١٠/٦/ ٢٠١٤) لە سنوورەکانی سووریاوە هێرشێکی فراوانی کردەسەر شاری (موسڵ) و بەتەواوەتی کۆنترۆڵیانکرد.[١٧] لەو هێرشەدا (٢ فرقە)ی سوپای عێراق بەتەواوی شکستیخوارد، هەڵوەشانەوە، ژمارەیان (٢٥) هەزار سەرباز دەبوو، جگە لەوە (١٠) هەزارپۆلیسی فیدراڵی عێراق تێکشکان وپاشەکشەیان کرد.[١٨] بەهۆی بەردەوامی مەترسییەکانی داعش، (نووری مالکی) کە ئەوکات سەرۆك وەزیران بوو و لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا کۆمەڵێك ڕێوشوێنی خێرای گرتەبەر و هێزی پشتیوانی درووستکرد بۆ پاڵپشتیکردن لە سوپای عێراق، ئەنجومەنی وەزیران لە (١١/٦/٢٠١٤) بڕیاری ژمارە (٣٠١) دەرکرد دەسەڵاتی زیاتریدا بە سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ڕێکخستنی خۆبەخشەکان و پاڵپشتیکردنی لۆجستی و داراییان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش ئەوە بەسەرەتایەك بۆ درووستبوونی (حەشدی شەعبی) دادەنرێت.[١٩] لەماوەی دوو ڕۆژدا داعش توانی دوای کۆنترۆڵکردنی موسڵ بەرەو ناوچەکانی دیکەی عێراق پێشڕەوی بکەن.[٢٠] خێرا داڕووخانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و درووستبوونی مەترسی لەسەر بەغدادی پایتەخت، وایکرد (عەلی سیستانی) بێتەسەرخەت و لە (١٣/٦/٢٠١٤) فەتوانی (جیهادی کیفائی)دەرکرد، تیایدا داوایکرد ئەو هاووڵاتیانەی توانای چەك هەڵگرتیان هەیە بچنە ڕیزەکانی سوپاوە بۆ شەڕکردن دژی داعش، فەتواکەی سیستانی پشتیوانییەکی مەعنەوی گەورە بوو هەم ڕیزەکانی حەشدی شەعبی زیاتر کرد لەهەمانکاتدا بەرگێکی شەرعی پێدان.[٢١] دوای پێنج ڕۆژلە فەتواکەی (عەلی سیستانی) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە (١٨/٦/٢٠١٤) فەرمانی دیوانی ژمارەی(٤٧)ی دەرکرد و (دەستەی حەشدی شەعبی) پێکهێنا بۆ بە ڕێوەبردنی خۆبەخشەکان.[٢٢]

لەم قۆناغەدا گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە سێ بەشدا خۆیان دەبینییەوە، بەشی یەکەمی ئەم گرووپانە پێشتر لە عێراق بوونیان هەبوو و سەرکردەکانیان لە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق بەشداربوون سەربەئێران بوون و هاوکاری دارایی و لۆجستیان لێ وەردەگرت، بەڵام بە بڕیارەکەی مالکی و فەتواکەی سیستانی لەناوگرووپەکانی حەشدی شەعبی خۆیان ڕێکخستەوە و شەرعیەتی سیاسی و ئایینییان بۆخۆیان مسۆگەرکرد، کە پێکهاتبوون لە (کەتائیبی حزبوڵڵا، سەرایا سەلام، ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی سەیدولشوهەدا،...هتد)، هەچەندە پەیامەکەی سیستانی بۆ ئەوەبوو، کە خۆبەخشەکان بچنە ناو ڕیزی سوپا، بەڵام مالکی، هادی عامری و قەیس خەزعلی ئەو هەلەیان قۆستەوە توانیان سەدان گەنجی خۆبەخش بێننە ناو ئەو گرووپە چەکدارانەی سەرپەرشتیان دەکرد باڵادەستی ئەو سەرکردانەی نزیك لە ئێران وایکرد گرووپەکانی حەشدی

شـەعبی زیاتـر مۆرکی ئێرانی بـوون وەربگرن هاوشـێوەی سـوپای پاسـداران جموجـوڵ بکـەن.[٢٣] بەشی دووەمی گرووپەکانی حەشدی شـەعبی خۆی دەبینییەوە لەوگرووپە خۆبەخشـانەی کە بەدەم فەتواکەی سیستانییەوە چوون وڕاستەوخۆ دوای فەتواکە درووستبوون، کە زۆربەیان شـارەزای شـەڕکردن نەبـوون و هیـچ ئەزموونێکی سـەربازییان نەبـووە.[٢٤] لـە نموونـەی ئـەو گرووپانەی ڕاستەوخۆی دوای فەتواکەی سیستانی درووستبوون (لیوای ئەنساری مەرجەعی، لیـوای عەلی ئەکبـەر، فرقـەی عەباسی قیتالی، فرقـەی ئیمـام عـەلی قیتالی...هتـد) هەمـوو ئـەم گرووپانـە شـیعە بـوون لەلایـەن ئـەو گرووپـەی حەشـدی شـەعبییەوە کۆنتڕۆڵ کرابـوون، کـە پێش هاتنی داعش لـە عێراق بوونیان هەبوو.[٢٥]بەشی سێیەمی گرووپەکانی حەشـدی شـەعبی ئەوگرووپانـە بـوون بەدرێژایی ماوەی شـەڕی داعـش پێکهاتن، یەکێك لـە سیما دیارەکانی ئـەم قۆناغە ئەوەبوو کە ئەندامەکانیان تەنیا شیعە نەبوو، بەڵکو سوونە، مەسیحی و شـەبەك، لە هەندێك ناوچە کوردیان تێدابوو، بۆ نموونە، لەوگرووپانەی لەم قۆناغەدا درووستبوون وەك (لیـوای زولفەقـار، حشـدی شـەبك، کەتائیبی بابلیـون،... هتـد) کە داوتـر ئەم گرووپانە بـوون بە پاشکۆی ئەوگرووپانەی نزیك لـە ئێرانن لەناوگرووپەکانی حەشـدی شـەعبیدا.[٢٦]

لـەم قۆناغـەدا ئێران ڕۆڵی بەرچـاو و کاریگـەری گێڕا لـە درووسـتبوون و بەهێزبوونی گرووپەکانی حەشـدی شـەعبی وگرێدانەوەی بەشـێکی زۆریان بە ئەجێندای خۆیەوە، ئەگەر تاکو هاتنی داعش بۆعێراق، دەستوەردانی ئێران لە عێراق تاڕادەیەك شـاراوە بووبێت، ئەوا لە دوای سـاڵی (٢٠١٤) بە ئاشکرا بەڕوونی دەبینرا، هەرلەسەرەتای هاتنی داعش بۆعێراق، ئێران بەزوویی پاڵپشتی ئەوگرووپانەی حەشـدی شـەعبی کرد کە ئامادەییان هەبوو، بەپێی زانیارییەکانی لێپرسـراوانی ئەمریکا لـە کۆی (١٠٠) هـەزار چەکـداری حەشـدی شـەعبی، کـە شـەڕی داعشـیان دەکرد (٦٠) هەزارچەکداریان لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشـتی دارایی و لۆجسـتی دەکران.[٢٧] لەکۆتاییدا دەگەینەوە ئەوئەنجامەی، کە بەشـێکی زۆرئەم گرووپانەی حەشـدی شـەعبی بە قۆنـاغ بەندیی وبەپشـتیوانی ئێران درووسـتبوون وڕۆڵ وپێگەیان بەئاشکرا وەك کارتێکی بەهێزی ئێران لەسـەرگۆڕەپانی سیاسی- سـەربازیی عێراق دژبە ڕکابەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خـۆی بەکاریـان بهێنێت، هێرشـەکانی داعـش بۆسـەر عێراق و گرتنی موسـڵ بووە هۆی زۆربوونی ژمارە وئەندامانی ئەم گرووپانە، بە تایبەت لەدوای فەتوای سیستانی. لەمیانەی شـەڕی ئـەم گرووپانـە بـۆ پاڵپشـتی سـوپای عێراق دژی داعـش بـۆ سـەر ناوچە جیاوازەکانی عێراق ڕۆڵی ئێران بە ئاشکرا لە جووڵەی ئەم هێزانەدا لەسەرگۆڕەپانەکە ڕەنگی دەدایـەوە لەبەرگێکی تائیفی و مەزهەبیـدا.

## وەلائی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بۆ ئێران

دیاریکردنی ئاراستەی فیکریی و وەلائی گرووپەکانی حەشدی شەعبی یەکێکە لەو کایە لێڵ و نادیارانەی لەبارەی حەشدی شەعبی و دابەشبوونیان بەپێی مەرجەعە دیارو خاوەن نفوزکان باسوخواسی جۆراوجۆری لەبارەوە دەکرێت، حەشدی شەعبی بەشێوەیەکی گشتی وەلائیان بۆ مەرجەعەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق هەیە، کاریگەرن بە فەتوای مەرجەعەکانیان نەك بڕیای حکومەت. بەجۆرێك لە کۆی (٦٧) گرووپی شیعەی ناو حەشدی شەعبی (٤٤) گرووپیان پێڕەوی لە ئایەتوڵڵا (عەلی خامنەیی) ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکەن، وژمارەیان(٧٠) هەزار چەکدار دەبێت.[٢٨]

ئەو گرووپانە بەهێزترین گرووپەکانی ناو حەشدی شەعبین، دڵسۆزیی وەلائی خۆیان بە ئاشکرا بۆ خودی عەلی خامنەیی دەربڕیوە، دیارترین گرووپەکانی لە (ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیبی سەید شوهەدا، کەتائیبی حزبوڵڵا[٢٩]، کەتائیبی ئەبوفەزڵ عەباس، بزووتنەوەی نوجەبا و سرایا خۆراسانی) پێکدێن، ئەم گرووپانە پەیوەندییەکی مێژوویی، سیاسیی و سەربازیی تووندوتۆڵ و هەماهەنگییەکی بەهێزیان لەگەڵ تاران هەیە، بەتایبەت لەگەڵ (فەیلەقی قودس)ی سەربە سوپای پاسدارانی ئێران. جگەلەوەی هاوکاری دارایی و سەربازیی لە حکومەتی عێراق وەردەگرن، لەهەمانکاتدا لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری لۆجستیان بۆ ڕەوانە دەکرێت و بەچەکی جۆراوجۆر پڕچەککراون[٣٠]. جگە لەوە ئێران لە ڕێگەی ئەم گرووپانەوە ڕێگەیەکی لە شارۆچکەی (قائیم)ی سەربە پارێزگای (ئەنبار)، کە ئێرانی بە ڕێگەی وشکانی گەیاند بە (دیمەشق) و لەوێوە بۆ لوبنان و دەریای ناوەڕاست، ئەمەش بەدیهێنانی بەشێك لە ستراتیژ و پلانی درێژخایەنی ئێران بوو بۆ گەیشتن بە ئاوی دەریای ناوەڕاست بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ستراتیجی (هیلالی شیعی) لە وڵاتانی عێراق و سووریا و لوبنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا و ئەورووپا و بلۆکی سوننە بەسەرۆکایەتی سعودیە.[٣١]

ئەم گرووپانە کاربۆپاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکەن لە سووریا، لە پارێزگای (بەسرە)وە واتە لە باشووری عێراق بۆ پارێزگای (دیالە) لە باکووری عێراق چەکدارانی ئەم گرووپانە بڵاوبوونەتەوە وەك پاسەوانی پاراستنی سنوورەکانی ئێران کاردەکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەترسیانەی هەڕەشەن بۆ سەر ئێران، هەروەها ئێستا بەشێك لەم گرووپانە وەك (ڕێکخراوی بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق) تەنیا لە چوارچێوەی گرووپی چەکدار خۆیان نابیننەوە، بەڵکو بەشداری پرۆسەی سیاسیان کردووە و فراکسیۆنیان

لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە[٣٢]. لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەران (٤٧) کورسییان بەدەستهێنا.[٣٣] لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١) کورسییەکانیان بەڕێژەی بەرچاوکەمیکرد و (١٧) کورسییان بەدەستێنا[٣٤]

لەبەرڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوە کە خراونەتەڕوو دەتوانین بڵێین گرووپەکانی حەشدی شەعبی زۆربەیان وەلائیان بۆ عەلی خامنەیی هەیە و فەرمان، هاوکاریی دارایی و لۆجستی لە تارانەوە وەردەگرن، هەژموونیان بەسەرگۆڕەپانی سیاسیی و ئەمنیی عێراقدا هەیە و بەرژەوەندییەکانی ئێران لەناوچەکە دەپارێزن. لەبەرامبەردا گرووپەکانی سەربەئێران لەڕووی ژمارەی کورسی و دەسەڵاتی سیاسی و پاشەکشەیان کردووە، ئەمەش لەداهاتوودا کاریگەری دەبێت لەسەرکەمبوونەوەی دەستوەردان و باڵادەستی ئێران لە عێراق و ناوچەکە.

## حەشدی شەعبی لە تێڕوانینی گرووپەکانی نزیك لە ئێران

سەبارەت بە هەڵوێستی سەرکردە دیارەکانی ئەو گرووپانەی نزیکن لە ئێران لەگەڵ سەربەخۆ بوون و بەهێزبوونی حەشدی شەعبیدان، دژی ئەوەن حەشدی شەعبی بکرێتە بەشێك لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق. بە پاڵپشتی ئێران هەوڵی ئەوە دەدەن حەشدی شەعبی ببێتە هێزێکی هاوتەریب و شانبەشان لەگەڵ سوپای عێراق و هاوشێوەی (سوپای پاسداران)ی ئێران.[٣٥] هەرلەوبارەوە (فالح فەیاز) سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە سەردانێکیدا بۆ تاران لە کۆبوونەوەی لەگەڵ (حسێن سەلامی) فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران خواستی وڵاتەکەی بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سوپای پاسداران لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ڕاگەیاند بە ئامانجی ئەوەی لەداهاتوودا گرووپەکانی حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێنەوە یان چالاکییەکانیان سنووردار بکرێن، تاکو لەسەرهەمان ئایدۆلۆژیای ئێران، دژایەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کاربکەن لە ناوچەکەدا.[٣٦] تەنانەت خودی (عەلی خامنەیی) داوای لە سەرکردەکانی عێراق کردووە حەشدی شەعبی نەخەنە نێو سوپای عێراقەوە و هەڵینەوەشێننەوە.[٣٧]

سەرکردەکانی (حەشدی وەلائی) بە ئاشکرا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکەن و (جەنگی بریکاری) بۆ دەکەن و لەتارانەوە ئاڕاستە دەکرێن. دیارترین کەسایەتی (ئەبو مەهدی موهەندیس)بوو، کە بە جێگری (قاسم سولەیمانی) لە عێراق دادەنرا، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: «بەشانازییەوە من سەربازێکی حاجی قاسمم و ئەو

نیعمەتێکی خوایە»[٣٨]. (ئەبو مەهدی موهەندیس) بە ئەندازیاری دامەزراندنی زۆربەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی دادەنرێت، جگە لەوە خۆی سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی (کەتائیبی حزبوڵڵا) بوو، هاوکات بەهۆی ئەوەی لەلایەن (قاسم سولەیمانی)ەوە پاڵپشتی دەکرا، هەژموونی تەواوی بەسەرزۆربەی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا هەبوو، بڕیارەکانی نەك بەسەر (کەتائیبی حزبوڵڵا)، بەڵکو بەسەر زۆربەی گرووپەکانی حەشدی شەعبیدا دەسەپێنرا، (ئەبو مەهدی موهەندیس) پێیوابوو دەبێت حەشدی شەعبی بکرێت بە چەند یەکەیەکی بچوکتر و بەهێزتر، هەندێك گرووپی لەناویاندا جێبکرێنەوە، تاوەکو خەریکی چالاکییە نێودەوڵەتییەکان بن بۆ ئەوەی پاڵپشتی پرۆژەی (بەرەی خۆڕاگری) بکەن.[٣٩]

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی (ئەبو مەهدی موهەندیس) دەڵێت:» ئێمە بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی ڕازینابین و هەرکەسێك بیر لەوە بکاتەوە یان بیەوێت حەشدی شەعبی لاواز بکات تاوانێکی گەورەیە»[٤٠] هەروەها لە وتارێکیدا (ئەبو مەهدی موهەندیس) پێچەوانەی (علی سیستانی)، کە بانگەوازی کردبوو خۆبەخشەکان بچنە ناو هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەڵێت: «ئەگەر (دەستەی حەشدی شەعبی)یان دروستنەکردایە و خۆبەخشەکان بچوونایەتە ناو سوپا و پۆلیس، نەیان دەزانی چارەنووسیان بەکوێ دەگەیشت، چونکە کۆگاکانی چەك لە ناوخۆی عێراق بەتاڵبوون. باسی لە وەشکردووە، تەنها بانگەوازی مەرجەعییەت هۆکاری درووستبوونی حەشدی شەعبی نەبووە، بەڵکو پاڵپشتی لۆجستی و دارایی ئێران هۆکاربوون بۆ درووستبوونی حەشدی شەعبی.[٤١]

بەهۆی ناکۆییەکانەوە (ئەبو مەهدی موهەندیس) بەردەوام هەوڵیداوە گرووپەکانی حەشدی شەعبی سەربە مەرجەعیەتی نەجەف پەراوێزبخات زۆربەی پارە وهاوکاری لۆجستی بۆحەشدی وەلائی خەرج دەکرد وکەمترین بڕی بەسەرگرووپەکانی حەشدی مەرجەعییەت و هێزەکانی سەربە (موقتەدا سەدر)دابەش دەکرد،[٤٢] جگە لەوە چەندین بڕیاری ئیداری و دارایی دەرکردووە بۆ فشارخستنەسەریان تاکو بیانهێنێتە ژێرڕکێفی خۆیەوە وداوایلێکردوون پەیوەندیان لەگەڵ مەرجەعیەتی ئاینی بپچڕێنن هاوشێوەی ئەوگرووپانەی، کە پەیوەندییان لەگەڵ حزب و ڕەوتە سیاسییەکانیان بڕیوە، بەڵام حەشدی مەرجەعییەت بەتەواوی ئەو داوایەیان ڕەتکردووەتەوە و ڕایانگەیاندووە، بەوپێیەی (حەشدی مەرجەعییەت) پارتی سیاسی نین، کە هەوڵ بۆ دەسەڵات و بەشداری لە هەڵبژاردندا بدەن، بەڵکو دامەزراوەی سەربەدەوڵەتن.[٤٣] لە وتەیەکیدا (ئەبو مەهدی موهەندیس) باسی لەوەکردووە، حەشدی

شـەعبی ئاسایشی دەوڵەتە، شـوورای نیشتمانە، ناسنامەی عێراقە، دەستبەرداری حەشدی شەعبی نابێت تاکو ئەوکاتەی شەهید دەبێت».[٤٤] تەنانەت داوایکردبوو لەسەربەڵگەنامەی مردنەکەی بنوسرێت «خۆبەخش لە حەشد» دوای مردنیشی ڕاسپاردەکەی جێبەجێکرا.[٤٥] دەتوانین بڵێین (ئەبو مەهدی موهەندیس) جگە لەوەی ڕێگریکردووە لە هەڵوەشانەوەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی هاوکات هەوڵی بەهێزکردنی داون، بەتایبەت حەشدی وەلائی، تاکو نەبنە بەشێك لە هێزە ئەمنییەکان، بەردەوام لەبەرژەوەندی ئێران و بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا بەکاریانبهێنێت و بیانکات بە لقێکی سوپای پاسداران لە عێراق. جگە لەوە (ئەبو مەهدی موهەندیس) هەوڵیداوە ئەوگرووپانەی سەربە ئێران نین فشاریان لێبکات، تاکو بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، خۆ ئەگەرنەهاتن هەوڵی پەراوێزخستن و بێبەشبوونیانی داوە لە هاوکاری لۆجستی و دارایی، بۆ ئەوەی بەهێز نەبن و لەداهاتوودا ڕکابەری حەشدی وەلائی بکەن.

سەبارەت بە هەڵوێست و تێڕوانینی (هادی عامری) سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، لەگەڵ مانەوەی حەشدی شەعبییە و لەکاتی هەڵمەتی بانگەشە بۆ لیستی فەتح لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، کە لە (٢٠٢١/١٠/١٠) بەڕێوەچوو، حەشدی شەعبی بە پارێزەری عێراقییەکان لە قەڵەمدا و بەتووندی ڕەتیکردەوە، تێکەڵ بەسوپای عێراق بکرێن.[٤٦] جگە لەوە لە ڕێوڕەسمی یادی کوژرانی (قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس)دا (هادی عامری) لە وتارێکیدا لەبەردەم لایەنگرانی حەشدی شەعبی ڕەتیکردەوە بەهیچ نرخێك سازش لەسەرحەشدی شەعبی بکەن و بە هێزێکی هەمیشەیی و خۆشەویست لەقەڵەمی دان.[٤٧] کەواتە (هادی عامری) هاوشێوەی (ئەبو مەهدی موهەندیس) کاری بۆ هێڵە ئێرانییەکە کردووە، کە مانەوەی حەشدی شەعبییە وەك خۆی.

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو سەرکردانەی حەشدی شەعبی نزیك لە ئێران، ( قەیس خەزعەلی) بەئاشکرا ئەوەی دەربڕیوە، کە ئامانجی حەشدی شەعبی پاراستنی فەرمانڕەوایی شیعەیە لە عێراق لە پاڵ ئەوەدا دژایەتی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی و تێکەڵکردنی حەشدی شەعبی لەگەڵ سوپای عێراق ڕاگەیاندووە و ئاشکرایکردووە :»بە تێکەڵکردنەوەیان حەشدی شەعبی تواناکانی لەدەستدەدات» پێیوایە زۆرینەی شیعەکان لەگەڵ مانەوەی حەشدی شەعبین، بەڵام کە هەندێکیان داوای تێکەڵکردنەوەیان دەکەن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بۆ ئەوەیە لەڕووی سیاسییەوە لە ململانێکاندا بەسەر حەشدی شەعبی سەربکەون و جەماوەری نەمێنێت.[٤٨] (قەیس خەزعەلی) بنەڕەتی درووستبوونی هاوپەیمانی

فەتح وەك باڵێکی سیاسی حەشدی شەعبی بۆپاراستنی حەشدی شەعبی خۆی ناوبردووە و ئەگەرئەو هاوپەیمانییە نەبێت ڕەنگە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی بدرێت».[٤٩] لەلایەکی دیکەوە (قەیس خەزعەلی) باس لە بیروباوەڕی حەشدی شەعبی دەکات لە وتەیەکیدا دەڵێت «حەشدی شەعبی هەڵگری مافی خوێنی ئیمام حوسێنە وبەوبیروباوەڕەوە لە موسڵ جەنگاون».[٥٠] بەپێی ئەوتێڕوانینەی (قەیس خەزعەلی ) بێت مانەوەی حەشدی شەعبی بۆپاراستنی مەزهەبی شیعە و دژایەتی سوونەکان بەکاردەهێنن.

سەرەڕای دەرچوونی یاسای حەشدی شەعبی و بڕیارەکان بۆڕێکخستنەوە و تێکەڵکردنی گرووپەکانی حەشدی شەعبی لەگەڵ سوپای عێراق، بەڵام سەرکردەی گرووپەکانی نزیك لە ئێران دەیانەوێت حەشدی شەعبی زیاتربەهێزبکەن وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆبمێنێتەوە، چونکە چارەنوسیان بەندە بە مانەوەی حەشدی شەعبی وەك هێز. لە دواین هەوڵیاندا ئەو گرووپانەی باڵی سیاسییان هەیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١) هاوپەیمانێتییەکان بەناوی (هاوپەیمانی چوارچێوەی هەماهەنگی) پێکهێنا و لە دانوستانەکاندا لەگەڵ (موقتەدا سەدر) داوایانکردووە بەهیچ شێوەیەك حکومەتی داهاتووی عێراق کاربۆ ئەوە نەکات حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە و لە چەك داماڵدرێن[٥١]

## ئەنجام

گرووپەکانی حەشدی شەعبی بە قۆناغبەندی درووستبوون و لەسەرجەم قۆناغە مێژووییەکاندا ئێران ڕۆڵی هەبووە لە درووستبوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەردەوام پاڵپشتی لۆجستی و دارایی کردوون و لە ململانێکاندا دژی نەیارەکانی بەکاری هێناون و لەسەرو ئەوانەشەوە هاوکاری لۆجستی کردوون و بە ئاشکرا چەکی بۆ ڕەوانەکردوون

گرووپەکانی حەشدی شەعبی سەربە ئێران لەڕووی ژمارەی کورسی و دەسەڵاتی سیاسی و پاشەکشەیان کردووە، ئەمەش لەداهاتوودا کاریگەری دەبێت لەسەرکەمبوونەوەی دەستوەردان و باڵادەستی ئێران لە عێراق و ناوچەکە، سەرەڕای پاشەکشەیان لەڕووی جەماوەرەوە، بەڵام ئەوان ئامادە نین دەستبەرداری دەسەڵات بن.

گرووپەکانی حەشدی شەعبی بەسەر مەرجەع و لایەنەکاندا دابەش بوون، زۆربەیان وەلائیان بۆ ئێران و خودی (عەلی خامنییەی) ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەیە، بەشێکی دیکەیان سەر بە مەرجەعە ناوخۆییەکانی عیراقن، کە هەژموون و دەسەڵاتیان لەناو حەشدی شەعبیدا زۆر کەمە

گرووپەکانی نزیک لە ئێران دەیانەوێت حەشدی شەعبی وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە و نایانەوێت ئەم هێزە تێکەڵ بە سوپای عیراق بکرێتەوە و هەڵبوەشێنەوە، چونکە مانەوەیان لە دەسەڵات بەندە بە مانەوەی حەشدی شەعبی لەسەر گۆڕەپانەکە.

گرووپەکانی نزیك لەئێران دەیانەوێت حەشدی شەعبی هاوشێوەی سوپای پاسداران لێبکەن و پاڵپشتی پرۆژەی بەرەی خۆراگری بکات، چونکە هەندێکیان پێیان وایە تەنها فەتواکەی سیستانی نەبووە بۆ درووستبوونی حەشدی شەعبی، بەڵکو ئێران لەپشت درووستبوونی ئەم گرووپانەوەیە

## پەراوێزو سەرچاوەکان

١. صلاح عبد الرزاق، العراق و الاسلام السياسي و دوور الإسلام الشيعي و السني في العراق المعاصر، دار القناديل للنشر و التوزيع، بغداد، بدون السنة، ص٣٧٣-٣٧٤.
٢. محمد العراقي، ايران ومستقبل الميليشيات المسلحة في عراق مابعد داعش، مجلة الدراسات الدراسات الارانية، الرياض، العدد٣، ٢٠١٧، ص١١٧.
٣. على المؤمن، سنوات الجمر، مسيره الحركه الإسلاميه فى العراق ١٩٥٧-١٩٨٦، ط٥، مركز دراسات المشرق العربي، ٢٠٢٠، ص٢٣١-٢٣٨.
٤. محمد العراقي، المصدر السابق، ص١١٧-١١٨.
٥. رائد حامد، الحشد الشعبي خلفيات التشكيل....الدوور والمستقبل، مركز الفكر الأستراتيجي للدراسات، اسطنبول، ٢٠١٩، ص٥.
٦. رائد حامد، الحشد الشعبي خلفيات التشكيل....الدوور والمستقبل، مركز الفكر الأستراتيجي للدراسات، اسطنبول، ٢٠١٩، ص٥.
٧. يوسف محسن، موسوعة الحرب الأهلية الطائفية في العراق، مجلد٢، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٢٠، ص٨١-٨٦.
8. Frederick W. K. 2012. Iranian influence: in the Levant, Egypt, Iraq and Afghanistan. American enterprise institute. Pp.15-18.
9. Sam, W. 2012. The Resurgence of Asai'b Ahl Al-Haq. Institute for the Study of War. Pp.12.
١٠. منى علمي، أى مستقبل للحشد الشعبي في العراق، مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الإسلامية، سعودية، ٢٠١٨، ص٩-١٠.
١١. فيبى مارو إبراهيم المراشي، العراق في عهد المالكى والعبادي، ت:مصطفى نعمان أحمد، دار ميزوبوتاميا للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٨٥-٨٨.
١٢. المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، مستقبل الحشد الشعبي في العراق: بين سيادة الدولة وصراع المحاوور، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات (سلسلة:تقدير الموقف)، قطر، ٢٠١٩، ص٢.
١٣. عباس الزيدي، آيات النزل، دار الصادق، بيروت، ٢٠٢١، ص١٢٥-١٥١.
14. Alaaldin, R. 2017. Containing Shiite Militias: The Battle for Stability in Iraq. Brooking Doha Center. Brookings Institution. Doha, Qatar. PP: 3-5.
15. Khalil, L. (2011). Iraq: what happens next? Australian Strategic Policy Institute. PP: 3.
١٦. جوين داريان، الفوضى التي نضموها الشرق الأوسط بعد العراق، ترجمة بسام شيحا، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٨، ص٣١.
١٧. فواز جرجيس، داعش إلى أين؟ جهاديو مابعد القاعدة، مركز درسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠١٦، ص ١٧٨.

١٨. زينب شعيب، الحشد الشعبي الإستراتيجية الأمريكية و الحشد الشعبي في العراق، دار الحلاج للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٩، ص٦٠.
١٩. حسنين توفيق إبراهيم،»الحشد الولائى» والدولة في العراق تحديات ممارسة السياسة ضغط السلاح المنفلت، تريندز للبحوس والأستشارات، الأمارات، ٢٠٢١، ص٢٢.
٢٠. غلاء رزاك فاضل، الموقف الإيراني من سقزط الموصل بيد داعش ٢٠١٤، مجلة خليج العربي، مركز دراسات البصرة و الخليج العربي، جامعة البصرة، العدد(١-٢)،٢٠١٩، ص٤.
٢١. فاطمة محمد رضا علي الجابري، الأبعاد الإستراتيجية لثوورة الإمام الحسين وتأثيرها في قوة الحشد الشعبي لمحاربة تنظيم (داعش) الإرهابي، مركز العراق للدراسات، بغداد، ٢٠١٩، ص١١٩.
٢٢. حسنين توفيق إبراهيم، المصدر السابق، ص٢٤.
23. Mansour, Renad & Jabar Faleh A. “The Popular Mobilization Forces and Iraq’s Future”. Carneige Middle East Center. 2017. PP..5-8
٢٤. يوسف محسن، موسوعة الحرب ال الأهلية الطائفية في العراق، مجلد٣، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٢٠، ص٩١-٩٢.
٢٥. حسين احمد فرحان، حشد المرجعية هو الأساس،دراسات سيساية، مركز الفرات للتنمية للدراسات الأستراتيجية، النجف، ٢٠١٩، ص٣٣.
٢٦. محمد العراقي، المصدر السابق، ص١١٨-١٢٠.
٢٧. رائد حامد، خلفيات التشكيل....الدوورولمستقبل، المصدر السابق، ص٣٧-٣٨.
٢٨. هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، مركز صنع السياسات للدراسات الدولية والأستراتيجية، أسطنبول، ٢٠٢٠-ص٤.
٢٩. بێستوون حسێن عارف، گرووپە چەکدارەکان لە عێراق فاکتەرێك بۆ ناسەقامگیری، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠.
٣٠. منى علمي، المصدر السابق، ص١٧.
٣١. یاسین تەها، نفوزی ئێرانی لە عێراق و کارتەکانی تاران لە نەجەف و بەغداد، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٢٠)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٧٦-٧٧.
32. Mansour, Renad & Jabar Faleh A. Op. Cit.p1.
٣٣. بەختیار ئەحمەد ساڵح، پێگەی ئێران لە عێراق دوای هەڵبژاردن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٦.
٣٤. الموقع الرسمي المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، النتائج النهائية لانتخابات مجلس النواب العراقي ٢٠٢١، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٢/٧، متاح علي الرابط الاتي:
https://bit.ly/3oueavr.
٣٥. رانج علاء الدين، إحتواء الميليشيات الشيعية: المعركة من أجل الاستقرار في العراق، مركز بروكنجز، قطر، ٢٠١٧، ص٢-٣.
٣٦. رئيس الحشد الشعبي: يجب إيجاد نسخة عراقية من الحرس الثووري، موقع العربية،٢٠٢١/٨/٨ تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/١متاح على الرابط الاتي:
https://bit.ly/3PycDQP .

37. Mamouri, A and Khalaji, M. (2019). Sudden Succession: Examining the Impact of Abrupt Change in the Middle East, Shia leaders after Sistani (Policy Note 67). Retrieved: May 14, 2022. Available at: https://bit.ly/3wh4AQY .

٣٨. ابو مهدي المهندس مفتخرا: أنا أحد جنود قاسم سليماني، وكالة إسلام تايمز،٢٠٢٠/٢/٣، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/١متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/37b8Nvu.

39. Knights, Micheal. 2020. Back into the Shadows? The Future of Kata'ib Hezbollah and Iran's Other Proxies in Iraq. The CTC Sentinel.Vol: 13, No: 10. P: 2-4.

٤٠. كلمة أبو مهدي المهندس حول حل الحشد الشعبي، قناة الأتجاه الفضائية، ٢٠٢١/١٠/١٢، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/١، متاح على الرابط الاتي:

https//:bit.ly3/qTEKiT.

٤١. كلمة ابو مهدي المهندس - نائب رئيس هيئة الحشد الشعبي في قناة العراقية، ٢٠١٩/٤/٢٤، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/٢، متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/3wUI15a.

42. Morris, Loveday. (2015). 'Iraqi offensive for Tkrit stalls as casualties mount.' The Washington Post. Available at: https://wapo.st/3L0ktzj.

٤٣. هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي،المصدر السابق، ص٦.

٤٤. زهراء الطائي، مهندس الانتصارات - قبسات من حياة الشهيد جمال جعفر(المهندس)، الحقوق للكتاب، بغداد، ٢٠٢١، ص٥٨-٥٩.

٤٥. الحشد الشعبي ينفذ وصية أبو مهدي المهندس ويكشف عن شهادة وفاته، اليوم السابع، ٢٠٢١/١٠/١٢، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/١متاح على الرابط الاتي:

46. https://bit.ly/36KRIbC.

٤٧. العامري يعلق بشأن دمج أو حل الحشد الشعبي..ويوجه طلبا يخص الجيش، وكالة حمووراِبي الإخبارية،٢٠٢١/٩/١٧، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٣/٢٨متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/36tis0s.

٤٨. العامري: لن نساوم على الحشد الشعبي أبداً مهما كلفنا ذلك، وكالة تسنيم الدولية للأنباء، ٢٠٢٠/١/١، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٣/٢٨متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/3LjnPhl.

٤٩. ليث هادى سيد، مؤسسة الحشد السعبي والنظام السياسي العراقي(دراسة في جدليات الاستقلال والاندماج والحل، رسالة ماجستيرتقدم الى معهد العلمين للدراسات العليا/قسم العلوم السياسية، النجف،٢٠١٩،

ص٩٠-٩١.

٥٠. الخزعلي للميادين: تحالف الفتح أُسس للمحافظة علي «الحشد».. والعراق أمام مفترق طرق، قناة الميادن، ٢٠٢١/١٠/٦، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/١ متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/3NKspHE.

٥١. الخزعلي: الحشد الشعبي هوولي دم الحسين، موقع جزيرة نت، ٢٠١٦/١٠/٢٨، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٤/١ متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/3qTVMNy.

٥٢. ڕاپۆرت: محاولات مستمرة:أبعاد زيارة قاآني للعراق ولقائه الصدروالإطار التنسيقي، تقديرات المستقبل، العدد (١٤٤٦)، ٢٠٢٠/١/١٨، المركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، أبوظبي ، ٢٠٢٢، متاح على الرابط الاتي:

https://bit.ly/3UjS4Jo .



# هۆکار و ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنی ئێران ـ سعودیە بە نێوەندگیریی چین

توێژەر: هەڤاڵ ئازاد محی الدین



## بەرایی

هەریەک لە ئێران و سعودییە بە دوو لە گرنگترین دەوڵەتەکانی ناوچەکە دادەنرێن، کە ئێران ڕابەرایەتی جیهانی شیعە و سعودییەش جیهانی سووننەی ناوچەکە دەکەن. کاتێک کە لە پەیوەدنییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە دەکۆڵینەوە دەبین بە چەندین قۆناغی مێژوویی گرنگدا گوزەردەکەن، کە هەندێک جارپەیوەندی دۆستانەیان هەبووە، هەندێک جاریش ئاستەنگ بۆپەیوەندییەکان دروستبووە وتەنانەت نزیکبوونەوە لە ئاستی جەنگی ڕاستەوخۆ و جەنگی بەوەکالەت. سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لەو پێشهاتانەن کە کاریگەریان هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات و پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوانیان. بەڵام لە ئازاری ٢٠٢٣ دا بە نیوەندگیری چین هەر دوو وڵات پەیماننامەیەکیان واژۆ کرد بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان کە پێدەچێت ئەو پەیماننامەیە کاریگەری لەسەر کۆمەڵێک پرسی و وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی بەحرێن، سووریا، عێراق، لوبنان، یەمەن هەبێت. لەم باسەدا هەوڵ دەدرێت تیشک بخرێتە سەر مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات و پەیماننامەی پەکینی ٢٠٢٣ و هۆکار و لێکەوتەکانی ئەو پەیماننامەیە لەسەر ناوچەکە.

### کورتەیەک لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران - سعودیە

بێگومان کاتێک بمانەوێت باسی پەیماننامەی ئاشتی و لێکنزیکبوونەوەی دوو وڵاتی ئیسلامی مەزهەب جیاوازی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئێران-عەرەبستانی سعودیە) بکەین ئەوا سەرەتا پێویستە گەشتێکی کورتی مێژووی بەناو پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا بکەین کە تاڕادەیەکی باش یارمەتی دەردەبێت بۆ تێگەشتن لە پەیوەندییەکان، ئاڵۆزییەکان، لێکنزیکبوون و ڕێککەوتنەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودییە. وەک زانراوە لە ڕووی مێژوویەوە ئێران خاوەنی قووڵاییەکی مێژوویە، بەڵام ئەو خاکەی کە پێی دەوترێت عەرەبستانی سعودیە مێژووەکەی سەد ساڵ تێناپەڕێت و ئێستا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەشێکبوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەو ئیمپراتۆریەتەوە بەڕێوەدەبرا. بەڵام بەهۆکاری لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی لە دوای شکستهێنانی لە جەنگی جیهانی یەکەم لە هەناوی ئەم ئیمپراتۆریەتەدا چەندین دەوڵەتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست دروستبوون، کە بێگومان عەرەبستانی سعودیە یەکێک بوو لەو دەوڵەتانە. ئەگەرچی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم خێزانی بن سعود ڕاستەوخۆ نەیانتوانی دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام لە دوای جەندین ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شەریفی مەککە حوسەین لە کۆتاییەکانی ١٩٢٥ توانیان سەرکەون بەسەر شەریفی مەککەدا و عبدالعزیز بن سعود بوو بە پاشای حیجاز و سوڵتانی نەجد و لە ساڵی ١٩٣٢ دا دەوڵەتەکەیان ناونا عەرەبستانی سعودیە.[١]

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودییە لە سەروبەندی دامەزرانی دەوڵەتی نوێی سعودییەدا، ئەگەرچی بە هۆکاری جیاوازی مەزهەبی هەندێک جار لە ململانێدابوون، بەڵام ئەم ململانێیە هیچ کاتێک نەگەیشتووەتە ئاستی جەنگ، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات پەیوەندییەکی ئاسایی بووە، بۆ یەکەمجار ڕەزا شای ئێران بە مەبەستی نییەت پاکی و درووستکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی و سیاسی لەگەڵ کاربەدەستانی سعودییە هەستا بە دامەزرانی حەبیبوڵڵا خان کوڤەیدا وەک نوێنەری دیبلۆماسی ئێران لە حیجاز و نەجد، دوابەدوا ئەم دەستپێشخەرییەی ئێران یەکەمین پەیماننامەی دۆستایەتی لە ئابی ١٩٢٩ لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە تارانی پایتەختی ئێران واژۆ کرا. کە ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ بەرەوپێشەوە چوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسی بازرگانییەوە. پەیوەندی نێوان ئێران و سعودیە بەم شێوەیە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٩٤٣ کاتێک کە حکومەتی سعودییە حاجییەکی ئێرانی بە تۆمەتی بێڕێزی کردن بە شوێنە پیرۆزەکانی سعودیە دەستگیر کرد و دواتر ڕووبەڕووی سزای لە سێدارەدانی کردەوە، دوا بەدوای ئەم ڕووداوە ئێران هەستا بە پچڕاندنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سعودییەدا.[٢] بەڵام دوای دوو ساڵ بە دەستپێشخەری سعودیە و ناردنی نامەیەکی فەرمی بۆ محەمەد ڕەزا شا جارێکی تر پەیوەندییەکانی نیوان ئێران و سعودییە ئاسایی بوونەوە. ئەگەرچی دامەزراندنی پاکتی بەغداد تا ڕادەیەک گرژی خستە نێوان پەیوەندییەکانی نیوان هەر دوو وڵات، بەڵام گۆڕانکارییەکان و پێشهاتەکانی ئەو سەردەمە وەک دامەزرانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکارانی نەوت (OPEC) لە ١٤ ئەیلولی ١٩٦٠ و هەڵکشانی هەستی نەتەوەخوازیی عەرەبی بەتایبەت ناسرچێتی لە جیهانی عەرەبیدا هۆکارێکی تەواو قایل کەربوون بۆ ئەوەی ئێران و عەرەبستانی سعودییە پەیوەندییەکانیان زیاتر گەشەپێبدەن.[٣] چونکە لە لایەک وەک نیۆ لیبراڵەکان پێیان وایە ڕکخراوە نێودەوڵەتییەکان کارئاسانی دەکەن بۆ ڕێککەوتنی وڵاتان و دەکرێت ڕێککەوتن لە بوارێک بگوازرێتەوە بۆ بوارێکی تر و ببێتە هۆکار بۆ بەرەو پێشچوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان کە بێگومان ڕێکخراوی ئۆپێکیش تاڕادەیەک ئەم کارەی کردووە،[٤] هەروەها هەستی نەتەوایەتی

عەرەبی ناسرچێتی مەترسییەکی گەورەبوو بۆسەرهەردوو وڵات. چونکە وەک دەزانرێت جەمال عبدالناسر چاوی لەوە بوو چەند وڵاتی عەرەبی یەک بگرن و کۆمارێکی بەهێزدروست بکات بۆ ئەم مەبەستەش ڕژێمە پاشاییەتییەکانی ناوچەکەی کردبووە ئامانج.[٥] بێگومان بەدیهێنانی ئامانجەکانی جەمال عبدالناسر دەبووە هۆکاری تێکشکاندنی هاوسەنگی هێزلە ناوچەکەدا وەک ڕیالیستەکان پێیان وایە کە هاوسەنگی هێز تێکشکا ئاسایشی ناوچەکە دەکەوێتە مەترسییە و وڵاتانی ناوچەکە لە جەنگێکی حەتمی نزیک دەبنەوە کە بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی عەرەبستانی سعودیە و ئێران نییە بە تایبەت ئەگەربیربکەینەوە کە فارس یەکێکە لەو نەتەوانەی غەیرە عەرەبن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[٦] یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵی هەبوو لە درووستکردن و بەرەوپێشەوە بردنی پەیوەندییەکانی ئێران و عەرەبستانی سعودییەدا بێگومان فاکتەری ئایدۆلۆژیا بوو کە ئەویش لە ئاستی هەرێمی وەستانەوە دژبە ئایدۆلۆژیای بەعس لە عێراق و سۆسیالیستی لە یەمەن، لە ئاستی نێودەوڵەتیش ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە هەم ئێران هەمیش سعودیە دژی ئەو ئایدۆلۆژیایە بوون و ناچاربوون بخزێنە نێو بلۆکی ڕۆژئاواوە و ببن بە دوو هاوپەیمانی گرنگی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.[٧] لەگەڵ ئەمانەش گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە لەگەڵ دۆزینەوەی یەدەکی نەوتی لە کەنداوی عەرەبی بەتایبەتی لە کەنداوی بەسرە سەرەتایەک دەبێت بۆ ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و سعودییە.[٨] بەڵام لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە ڕوو لە داکشان دەکات و کاریگەری ئەو داکشانە بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا. چونکە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران جارێکی تر کێشە و ناکۆکی نێوان شیعە و سوونەی لە ناوجەکەدا زیندوو دەکردەوە و عەرەبستانی سعودیە پێیوابوو کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەبێتە هۆکارێک بۆ تێکدانی سیستەمی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[٩] بە تایبەتی کاتیک کە ئێران سیستەمی سیاسی و بەڕیوەبردنی وڵاتی بە تەواوی گۆڕی و پێکهاتە و دید و بۆچوونی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی خۆی جارێکی تر لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیی شیعەگەرایدا دارشتەوە. لە هەمووی مەترسیدار تر بۆ جیهانی ئیسلامیی بە گشتی و بۆ عەرەبستانی سعودیە بەتایبەتی بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی هەبوو بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کە ئەمەش مایەی نیگەرانی وڵاتانی تر بوون بەتایبەت ئەووڵاتانەی کە بەشێک لە دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەب بوون کە بێگومان عەرەبستانی سعودیە یەکێک بوو لەو وڵاتانە. ئێران ئامانجی بوو لە ڕێگەی هەنارەکردنی شۆڕشەوە خودی خومەینی وەک ڕابەری باڵای هەموو جیهانی ئیسلامیی بناسێنێت.[١٠] لە

هەمانکاتدا ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران داوای لە هاووڵاتیانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیی دەکرد کە دژی دەسەڵاتی زۆرداری وڵاتەکانیان بین و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بکەن بە نموونە بۆ خۆیان بۆ ڕوخانی حوکمی زۆرداری وڵاتەکانیان، بێگومان سعودییە ئەم بانگەشانەی ئێرانی بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان دەبینی و پێیوابوو کە ئێران لە ڕیگەی هاندانی کەمینە شیعەکانەوە دەیەوێت کە ڕاپەڕین لە وڵاتانی ناوچەکەدا درووست بکات هەربۆیە بە توندی لە دژی دەوەستایەوە.[11] هەربۆیە ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کێشە کەوتە نێوان ئێران و عێراق و جەنگی هەشت ساڵەی نێوانیان توانی کۆتایی بە بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش تاڕادەیەک بهێنێت. جیگەی باسە لەم جەنگەدا لەبەر مەترسییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و بیرۆکەی هەناردەکرندی شۆڕش زۆرێک لە وڵاتانی تری عەرەبی بەتایبەت عەرەبستانی سعودییە هاوکاری عێراق بوون بە مەبەستی خامۆشکردنی بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ ناوچەکانی تر.[12] لە لایەکی ترەوە عەرەبستانی سعودییە دەیویست لە ڕیگەی هاوکاریکردنی عێراقەوە گەمارۆی ئێران بدات، هەروەها بە زیادکردنی ڕیژەی هەناردەکردنی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان و دابەزاندنی نرخی نەوت دەیویست پێگەی ئابووری ئێران لاواز بکات.[13] هەروەها بیردۆزی (ویلایەتی فەقیە) حوکمی فەقیهیش یەکێکی تربوو لەو بنەمایانەی کە شۆڕشی ئسلامیی ئێران لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە ڕەوایەتی دەدا بە شۆڕش، جێگای نیگەرانی وڵاتانی تر بوو بە تایبەت عەرەبستانی سعودییە.[14] هەروەها دەستوری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو مافەیشی دابوو بە دەوڵەت کە پارێزگاری لە تەواوی جیهانی ئیسلامیی بکات. کە ئەمەش ڕەوایەتی دەدات بە ئێران تاکو بتوانێت لەژێر ناونیشانی پارێزگاریکردن لە جیهانی ئیسلامیی هاووڵاتیانی شیعەی وڵاتانی تر بەکاربێنێت تاکو پێگە و نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا فراوانتر بکات.[(15)] هەربۆیە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی لەم جۆرە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە جێگەی نیگەرانی عەرەبستانی سعودییە، چونکە وەک دەزانرێت لە ١٠٪ دانیشتوانی سعودییە شیعە مەزهەبن کە کە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانی سعودییە و ناوچەیەکی ستراتیجی نزیک لە ئێرانە گرنگی ئەم ناوچەیە بەتەنها کورت نابێتەوە لە لایەنی ستراتیجی و ئاسایش بەڵکو ناوچەیەکی دەوڵەمەندیشە بە نەوت. بۆیە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی شا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیوەندییەکانی نیوان ئێران و عەرەبستانی سعودییە توشی قەیران دەبێت. بەڵام لەبەرئەوەی عەرەبستانی سعودییە وڵاتێکی عەرەبییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرفەتی دۆزینەوەی هاوپەیمانی زیاترە وەک لە

کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەپێچەوانەوە ئێران لەبەرئەوەی یەکێکە لەو دوو وڵاتە غەیرعەرەبەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوا بۆ هاوسەنگکردنی هێزی سعودییە هەمیشە دوچاری گرفت بۆتەوە لە دۆزینەوەی هاوپەیمانی هەرێمی بەتایبەت ئەگەربیرلەوە بکەینەوە کە لەگەڵ ئەوەی ئێران وڵاتێکی نا عەرەبی ناوچەکەیە لەهەمان کاتدا ئاینزاکەیشی هۆکارێکە بۆ ئاڵنگارییەکانی ئێران لە دۆزینەوەی هاوپەیمانیدا. هەربۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچارە لە ڕێگەی شیعەگەراییەوە بیرلە بەکارهێنانی شیعەکانی وڵاتانی تر و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماس بکاتەوە بۆزیاترکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆی وتا ڕادەیەک هاوسەنگ کردنی هێزی عەرەبستانی سعودییە بە تایبەتی شیعەکانی سووریا، عێراق، لوبنان، یەمەن و بەحرێن.[١٦] بێگومان هەوڵدانی ئێران بۆ نزیکبوونەوە و بەکارهێنانی گرووپە شیعەکانی وڵاتانی ناوچەکە و هەولەکانی سعودییە بۆزیادکردنی هاوپەیمانی تر و دامەزراندنی کۆمکاری یەکێتی وڵاتانی کەنداو لە ساڵی ١٩٨١[١٧] و بەکارهێنانی کۆمکاری عەرەبی لە دژی هەوڵەکانی ئێران یەکێکن لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی قووڵبوونەوەی جەنگی ناوخۆی سووریا و جەنگی ناوخۆی یەمەن و قەیرانی قەتەر، کە بەڕوونی کاریگەری ململانێی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودیە دەبینرێت لە هەریەک لەو قەیرانانەدا.[١٨] بێگومان ئەم ململانێیەی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودییە و جەنگە وەکالەتەکانیان دەگاتە ئاستی ئەوەی کە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانیاندا بپچڕێت و تەنانەت باڵوێزخانەکانیان لە وڵاتانی یەکتر دابخەن. بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕی بەهاری عەرەبی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودییە سیاسەتی دژبەیەک بەرامبەرئەم ڕاپەڕینانە پەیڕەو دەکەن و ئێران لە لایەن هاوکاری حکومەتی بەشارئەسەد دەکات و لە لایەک هاوکاری گرووپەکانی سەربە ئێرانی دەکرد لە یەمەن هەرچی عەرەبستانی سعودییەیە بە پێچەوانەی ئێرانەوە لە سووریا پشتیوانی گرووپەکانی دژبە بەشارئەسەدی دەکرد و لە لایەکی تریشەو هاوکاری حکومەتی یەمەنی دەکرد لە دژی گرووپەکانی سەربە ئێران،[١٩] هەربۆیە لە قەیرانی یەمەندا هەموو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان ئێران سعودییە کۆتایی دێت و تەنانەت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ حکومەتی سعودییە بە تۆمەتی تیرۆرهەڵدەستێت بە لە سێدارەدانی کەسایەتی دیاری شیعە شێخ نەمر ئەلنەمر وەک ناڕەزایەتی و کاردانەوەیەک بەرامبەربەم کارەی سعودییە لە ئێران دەست دەکرێت بە خۆپیشاندان و خۆپیشاندەران هەڵدەکوتنە سەرکۆنسۆڵخانەی سعودیە لە تاران و مەشهەد و ئاگری تێبەردەدەن.[٢٠]

## ڕێککەوتنی نێوان ئێران و چین

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عەرەبستانی سعودییە بەچەندین قۆناغی هەڵبەزو دابەزدا تێپەڕیوە و بێگومان کۆمەڵێک فاکتەری هەرێمی ونیودەوڵەتیش هۆکاربوون هەم لە نزیکبوونەوەی ئەم دوو وڵاتە وهەمیش لەیەک دوورکەوتنەوەیان. ئەگەر ئێمە بمانەوێت باسێکی درووست سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عەرەبستانی سعودییە بکەین ئەوا باشتروایە کە ئاماژە بدەین بەو ڕێککەوتنەی ساڵی ١٩٩٨ی نێوان ئێران و سعودیە کە زیاترلە بواری بازرگانی و پەروەردە و کولتووردا بوو، گرنگە ئاماژە بدرێت بە ڕێککەوتنی ئاسایشی ساڵی ٢٠٠١ی نێوان ئێران و سعودییە. وەک زانراوە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانییەوە بۆ یەکەمجار وەک یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران محەمەد خاتەمی لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ یەکەمجار وەک سەردانێکی فەرمی گەیشتە سعودییە کە ئەمەش دەستپێکێکی باش بوو بۆ دووبارە بوونیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، دواتر ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی ئاسایش لە نیسانی ٢٠٠١ دا. جێگەی ئاماژەیە لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ٢٠٠١ دا هەردوو وڵات ڕایانگەیاند کە لە کێشە نێوخۆییەکان و قاچاخچێتی مادەی هۆشبەرو چاودێری کردنی سنوورەکان و بەڕێوەبردنی ئاو و مەسەلە هەرێمییەکان هاوکاری یەکتردەبن. هەروەها دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە و تا ڕادەیەک ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نیوان عەرەبستانی سعودییەو ئەمریکا و نزیکبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە ئێران، وای کرد کە هەریەک لە کۆماری ئیسلامی ئێران و عەرەبستانی سعودییە زیاترلێک نزیک ببنەوە گەشە بە پەیوەندییەکانی نێوانیان بدەن. دوابەدوای ئەم پێشهاتانە سەرۆککۆماری ئەو کاتی ئێران ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠٠٧ بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە سعودییەو لە گەڵ شای سعودییە شا عبداللەدا کۆبوویەوە، بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە جێگری مایەوە هەتا سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی. وەک لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عەرەبستانی سعودییە. بەهۆکاری جیاوازی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات و قووڵبوونەوەی جیاوازی مەزهەبی جارێکی تر پەیوەندییەکانی ئێران و سعودییە ڕووی لەئاڵۆزبوون کردەوە.[٢١] بەم شێوەیە گرژی و ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران سعودییە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ٢٠٢١ کاتێک کە سەرۆک وەزیرانی عێراق مستەفا کازمی ڕایگەیاند

عێران و سعودییە دوو هاوبەشی گرنگی ئابوورین، ئەم دەربڕینەی کازمی هاندەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت عێراق و عومان ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕن لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نیوان ئێران و سعودییە. هەربۆیە دوا بە دوای لێدوانەکەی کازمی کاربەدەستانی باڵای ئێران و سعودییە بە هاوکاری عێراق دەستیان کرد بە کۆبوونەوە و بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی یەمەن. دوا بە دوای ئەم کۆبوونەوانە و هەوڵەکانی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت عێراق و عومان هەردوو وەزیری دەرەوەی ئێران و سعودییە بۆ یەکەم جار لە دووەم کۆنفرانسی یەکێتی و هاوبەشێتی بەغداد لە کانونی یەکەمی ٢٠٢٢ دا لە ئوردن کۆبوونەوە.[٢٢] لەگەڵ هەموو ئەم پێشهاتانەو دوای نزیکەی دوو ساڵ کۆبوونەوەی کاربەدەستانی باڵای ئێران و سعودییە لە ١٠ ئازاری ٢٠١٣ دا بە نیوەندگیری وڵاتی چین کاربەدەستانی باڵای ئێران و سعودییە لە پەکین کۆبوونەوە و ڕێککەوتننامەیەکی گرنگیان واژۆ کرد.[٢٣] بەپێی ڕێککەتننامەکە هەردوو وڵات لە کورتترین زەمەندا دووبارە کۆنسوڵخانەکانیان دەکەنەوە لە وڵاتی بەرامبەردا، هەردوو وڵات ڕێز لەسەروەری یەکتری دەگرن و دەست ناخەنە ناو کاروباری ناوخۆی یەکترییەوە، خستنەوە کاری ڕێککەوتننامەی ئاسایشی ساڵی ٢٠٠١ی نێوان هەردوو وڵات.

هەردوو وڵات هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ زامنکردنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە، چالاککردنەوەی ڕیککەتننامەی ساڵی ١٩٩٨.[٢٤] ئەم ڕێککەوتننامەیەی نێوان ئێران و سعودییە بە یەکێک لە ڕودواوە هەرە گرنگەکانی سەرەتاکانی ساڵ دێتە ئەژماروزۆرینەی وڵاتان وتەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئەو نیوەندگیرییە سەرکەوتووەی چین کە گێڕاویەتی بۆلێکنزیکبوونەوەی ئێران سعودییە. چونکە ئەم ڕێکەوتننامەیە لە کاتێکدا واژۆ کرا کە ئەم دوو وڵاتە حەوت ساڵ بوو کە پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسییان بەتەواوی پچڕابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژبەڕۆژ لە جەنگ نزیکتر دەبوونەوە، هۆکاری ئەنجامدانی ڕێککەوتننامە و لێکنزیکبوونەوەی ئێران و سعودیە هەرشتێک بێت ناکرێت لە بەهای هەوڵەکانی چین کەم بکرێنەوە.[٢٥] دوابەدوای ڕێکەتننامەکە شازادەی جێنشینی سعودییە محەمەد بن سەلمان بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی ڕەئیسی کرد بۆ سعودییە. محەمەد جەمشیدی یاریدەدەری سەرۆککۆماری ئێران لە تویتێکدا ڕایگەیاند کە ڕەئیسی بانگهێشتەکەی سعودییەی پەسەند کردووە، بەڵام لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەک نەدراوە سەبارەت بە کاتی سەردانەکەی ڕەئیسی بۆ سعودییە.[٢٦] بەڵام پێدەچێت لە سەروبەندی کردنەوەی کۆنسوڵخانەکاندا ڕەئیسی سەردانی ڕیازبکات کە بێگومان سەردانی کردنی ڕەئیسی بۆ ڕیاز

کاریگەری ڕێکەوتننامەکە لەسەرناوچەکە زیاتر دەبێت.

سەبارەت بە هۆکاری لێکنزیکبوونەوەی ئێران-سعودییە دەکرێت چەندین هۆکارهەبن بۆ دووبارە درووستکردنەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان. وەک زانراوە بە هۆکاری سزا ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا بۆ سەرئێران و کەم بوونەوەی توانای ئێران بۆ خۆڕاگرتن بەرامبەربەو سزایانە ئێران ناچاربووە کە چاو بە پەیوەندییەکانی بخشێنێتەوە لەگەڵ وڵاتاندا.[٢٧] یەکێکی ترلەو قەیرانانەی کە بەرۆکی ئێرانی گرتووە لە سەردەمی حوکمی ڕەئیسیدا خۆپیشاندانەکانی هاووڵاتیانی ئێران بووە بۆ مەرگی ژینا ئەمینی کە بیگومان کاریگەری خراپی هەبووە لەسەربەهای سیاسی ئێران لەسەرئاستی نێودەوڵەتی، هاوتەریب ئاستەنگ بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی ڕەئیسی درووست دەکات، دەکرێت ئێران بییەوێت لەڕێگەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودییە، لە لایەک ئەم ڕێککەوتنە وەک دەستکەوتێکی گەورە بەرامبەرئیسرائیل وئەمریکا نیشان بدات ولە لایەکی ترەوە دەکرێت بۆ دوبارە هەڵبژاردنەوەی ڕەئیسی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی داهاتوو بەکاربهێنرێت.[٢٨] هەروەها دوای دەستپێکردنی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بڵاوبوونەوەی دەنگۆی فرۆشتنی درۆنی ئێران بە ڕووسیا جارێکی تر ئێران کەوتەوە بەرشاڵاوی سزای ئابووری بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە بیگومان ئەم قەیران و سزایانە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەرسایەسەتی دەرەوەی ئێران و ئاستەنگی دیبلۆماسی بۆ درووستکردووە بۆیە ئێران دەیەوێت لەڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودییەدا دەریچەیەک بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکان و سزا ئابوورییەکان و گەڕانەوەی بەهای سیاسی و پەیوەندی دیبلۆماسی خۆی بدۆزێتەوە.

سەبارەت بە سعودییە وەک دەزانرێت بە هاتنی جۆبایدن سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگی بەخۆیەوە بینی، کە گرنگترینیان کشانەوەی ئەو وڵاتەبوو لە ئەفغانستان، هەروەها سعودییە نەیتوانیوە وەک پێشترلە سەردەمی جۆبایدندا پشتیوانی سەربازیی ئەمریکا فەراهەم بکات کە ئەمەش هۆکارگەلێکن بۆ ئەوەی هاوپەیمانە لە مێژینەکانی ئەمریکا بەدوای هاوپەیمانی نوێدا بگەڕێن.[٢٩]لەلایەکی ترەوە پێدەچێت سعودییە بییەوێت لەڕێگەی دووبارە بوونیادنانەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێران، کۆتایی بەو جەنگە وەکالەتەی بهێنێت کە لەناوچەکەدا بەڕێوەدەچێت کە یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری ناوچەکە بەتایبەت بۆ خودی سعودییە خۆی.[٣٠] وەک دەزانین سعودییە دەیەوێت لە داهاتوودا وڵاتەکەی دوربکەوێتەوە لە

ئابووری نەوت و سەرچاوەکانی داهاتی خۆی فراوان بکات و جگە کەرتی نەوت گرنگیش بدات بەلایەنی وەبەرهێنانی بیانی و کەرتی گەشتیاری، کە ئەم پلانەی سعودییە پێویستی بە کەشێکی سەقامگیرو ئاشتیانە هەیە کە بوونیادنانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران تارادەیەکی باش زامنی ئەو ئاشتی و سەقامگیرییەی بۆ دەکات.[31] ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئێران–سعودییە دەنگۆگی فرانبوونی هەژموونی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەمبوونەوەی هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی شارەزایانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەجۆرێک زۆرێک لە چاودێران باس لە لاوازبوونی هەژموونی ئەمریکا و درووستبوونی بۆشایی دەکەن لە ناوچەکەدا. لەم بارەیەوە جۆنازان پانیکۆف کە کاربەدەستێکی باڵای پێشووی هەواڵگیری ئەمریکایە پێیوایە کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران سعودییەودووبارە بوومژانەوە وفراوانکردنی ڕیککەوتنی ڕێکەوتنە ئەمنییەکەی ساڵی ٢٠٠١ بە نێوەندگیری چین بەمانای زیادبوونی هەژموونی چین دێت لە ناوچەکەدا، بێگومان ئەو هەژموونەی چین لە درێژمەودادا جگە لە لایەنی ئابووری دەگوازرێتەوە بۆ بوارەکانی دیبلۆماسی و ئاسایش و هەواڵگیری، لە هەمانکاتدا پڕکردنەوەی هەموو ئەو بۆشایانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەجێی دەهێڵێت. بەڵام لە هەمانکاتدا سەرۆکی ئەمریکا جۆبایدن لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیزهیچ بۆشاییەک لە ناوچەکەدا بەجێ ناهێڵت و هەرگیز ناکشێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[32] بەڵام ئەم ڕاگەیاندنەی سەرۆکی ئەمریکا ناتوانێت ئەو ڕاستییە پەردە پۆش بکات، کە چیتر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە هێزی ناوچەکە نییە و لە ئێستا ئەکتەرانی تری نێودەوڵەتی وەک چین و ڕووسیا یاریکەرێکی چالاکی ناوچەکەن.

### لێکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران–سعودییە لەسەرڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بێگومان ڕێککەوتن یاخود ناکۆکی نێوان دوو وڵاتی گەورەی و بەهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئێران-سعودییە) کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەرئاستی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، وەک چۆن ناکۆکی نێوان ئێران و سعودییە فاکتەرێکە بۆ ناسەقامگیریی لە ناوچەکەدا بە پێچەوانەشەو ئاشتی و ڕێککەوتنی نێوان ئەم دوو هێزە هەرێمییە هۆکاردەبێت بۆ فەراهەمکردنی ئاشتییەکی ڕێژەی بۆناوچەیەکی ئامادەباش بۆ ناسەقامگیری. هەروەک نیۆلیبڕالیزمەکان پێیانوایە دەکرێت لە دوای ڕێککەوتنی نێوان ئێران

و سعودیەو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان ئەم پەیوەندییە پەل بهاوێت بۆ ئەنجامدانی چەندین پەیوەندی تری گرنگ لە نێوانیان و پەیوەندییەکە بگوازرێتەوە بۆ ئاستی بازرگانی، تەندروستی، ئاسایش ... هتد.[٣٣] دەکرێت ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان ئێران و سعودییە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر بارودۆخی لوبنان و سەرەتایەک بێت بۆ دەرچوونی لوبنان لەو دۆخەی تێی کەوتووە و کۆتایی بێنێت بەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییەی کە دامێنی لوبنانی گرتووە. چونکە وەک دەزانرێت هەریەک لە ئێران و سعودییە ڕۆڵی کارایان هەیە لە سەرهەڵدانی ئەو قەیرانانەدا، تەنانەت خودی لایەنە سیاسییەکانی لوبنان ئاماژەیان بە گرنگی ڕیککەوتنەکەی نێوان ئێران و سعودییە کردووە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە هیواخوازن کە ئەم ڕێککەوتنە کاریگەری باشی هەبێت لەسەر لوبنان.[٣٤]

بێگومان وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد بە سەردانی کردنی ڕەئیسی بۆ سعودییە کاریگەری ڕێکەوتننامەکە لەسەر ناوچەکە زیاتر دەبێت و پێدەچیت دوای ئەو سەردانە ئێران پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ بەحرێنیش ئاسایی بکاتەوە، چونکە وەک زانراوە هۆکاری بچڕانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بەحرێن و ئێران دەگەڕێتەوە بۆ هەڵویستی بەحرێن سەبارەت بە هێرش کردنە سەر کۆنسوڵخانەکانی سعودییە لە لایەن هاووڵاتیانی ئێرانەوە، کە ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودییە ئاسایی کردەوە بێگومان دەکرێت دوای سعودییە بەهەمان شێوەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەحرێن ئاسای بکاتەوە.[٣٥]

هەرچی یەمەنیشە بێگومان نزیکبوونەوەی ئێران و سعودییە زۆرترین کاریگەری لەسەر یەمەن دەبێت، بەو پێیەی ململانی هەر دوو وڵات لە یەمەن گەیشتۆتە لوتکە دەکرێت بە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان تا ڕادەیەک کاری ئاگربەست و گەیشتن بە چارەسەری سیاسی بۆ دۆخی یەمەن ئاسانتر بێت و هاوکاری مرۆیی پێویست بگاتە هاووڵاتیانی یەمەن. هەرلەم بارەیەوە نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە گرنگی ڕێکەوتننامەی نێوان ئێران و سعودییە کردووە گەشبین بووە بەوەی کە دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ درووستکردنی حکومەتێکی فرەلایەنی گشتگیر لە یەمەندا.

سەبارەت بە کاریگەری ڕێکەوتنی نێوان ئێران–سعودییە لەسەر دۆخی سیاسی سووریا، دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەکە وەزارەتی دەرەوەی سووریا لە ڕاگەیاندنێکدا ئاماژەی بەگرنگی ڕێکەوتنەکە کرد و ڕایگەیاند کە بێگومان نزیکبوونەوەی ئێران و سعودییە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە.[٣٦] دوابەدوای ڕێکەوتنی نێوان

ئێران و سعودییە بەپێی چەند هەواڵێکی تەلەفزیۆنی فەرمی سعودییە چەند هەوڵێک هەیە لە نێوان سعودییە و سووریا بۆ دووبارەکردنەوەی کۆنسوڵخانەکانیان. هاوتەریب هەریەک لە ڕووسیا و ئێران نیوەنگیری دەکەن لە نێوان سووریا و سعودیە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵات، ئەمە جگە لەوە چەندین وڵاتی تری عەرەبی دەخوازن سعودیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا ئاسایی بکاتەوە ڕاگرتنی سووریا لە کۆمکاری عەرەبی کۆتای پێبهێنرێت و سووریا بگەڕێتەوە ناو یەکێتییەکە.[٣٧] هەربۆیە لە لوتکەی کۆمکاری عەرەبی ١٩ ی ئایاری ٢٠٢٣ کە لە سعودیە ئەنجامدرا بەشار ئەسەد دوای ١٢ ساڵ بۆ یەکەمجار بەشداری کۆبوونەوەکەی کرد.[٣٨] کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دووبارە دروستبوونەوەی پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان سووریا و سعودیە و گەڕانەوەی سووریا بۆ کۆمکاری عەرەبی. بێگومان دوای ئەم پێشهاتانە دەکرێت چارەسەری قەیرانەکانی سووریا ئاسانتر بێت، هاوتەریب کاتێک کە تورکیاش دەیەوێت لە سووریا نزیک ببێتەوە و چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی سووریا بدۆزرێتەوە.

سەبارەت بە عێراق بێگومان ڕێکەوتنی نێوان ئێران و سعودیە هەمیشە لەبەرژەوەندی عێراق دەبێت. چونکە ئێران خاوەنی نفوزێکی فراوانە لە عێراق و هەمیشە عێراقی وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بە سعودیە بەکارهێناوە و ئەو دەرفەتەی لە عێراق دوورخستۆتەوە کە پەیوەندی ئاشتیانەی لەگەڵ سعودییەدا هەبێت و سوود لە وەبەرهێنانی سعودییە ببینێت. ئیحسان ئەل شەماری مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی بەغداد پێیوایە کە ڕێکەوتنی ئێران-سعودییە کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر عێراق و تاڕادەیەک کێشەی نێوان گرووپە شیعە و سوونەکانی عێراق چارەسەر دەکات و یارمەتیدەر دەبێت لە زامنکردنی ئاشتی و سەقامگیری عێراقدا.[٣٩]

## سەرچاوەکان


1. ŞAHİN, Türel YILMAZ, 2016,Uluslararası Politikada Ortadoğu, Ankara, Bariş Kitap, 4. Baskı, s. 27-29. And William L. Cleveland, 2008, Modern Ortadoğu Tarihi, Mehmet Harmancı, İstanbul, Agora Kitaplığı, s. 257-260.
2. Muwafaq Adil OMAR, 2018, Suudi Arabistan – İran İlişkileri Bağlamında Ortadoğu'nun Güncel Sorunları, ANKASAM, 2 (1), 204, S. 206-207.
3. ULUSLARARASI

٤. کارێن آ. مینگست ، ئیڤان م. ئارێگوین، ٢٠٢٢، بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، عمر علی غەفوور، تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ل ١٢٠-١٢٢.

5. Şahin, Türel YILMAZ, a.g.e., s. 27-29.

٦. کارێن آ. مینگست ، ئیڤان م. ئارێگوین، سەرچاوەی پێشوو، ل. ١١٦-١١٧.

7. ÖZEV, Muharrem Hilmi, 2016, İran Suudi Arabistan İlişkileri 1932-2014, iktisat Fakültesi Mecmuası, 66 (1), s 86.

(1) BİLGEHAN ALAGÖZ, ٢٠٢٣/٣/١٣, İran-Suudi Arabistan Anlaşmasına Giden Süreç, https://iramcenter.org/iran-suudi-arabistan-anlasmasina-giden-surec-٢٣٣٦ بەرواری سەردان ٢٠٢٣\٥\٢٥

8. ÖZEV, Muharrem Hilmi, a.g.m., s.87.
9. Muwafaq Adil OMAR, a.g.m., s. 218.
10. Mehdi MATINJAVID, ٢٠١٩, İran ve Suudi Arabistan ilişkilerinde Uyuşmazlık Nedenleri, Doktora tezi, İstanbul Üniversitesi, s.١٧٢.
11. Mehmet Şahin, 2019, Ortadoğu Aktörler, Unsurlar, Sistemler, İstanbul, Kopernik kitap Yayınları, s.482. ve William L. Cleveland, a.g.e., s.482.
12. ÖZEV, Muharrem Hilmi, a.g.m., s.89.

١٣. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، ٢٠٠٩، مێژووی هاوچەرخی ئێران، سلێمانی، چاپخانەی سایە، چاپی دووەم، ل ٢٩٠-٢٩١.

14. Taha Kılınç, 2018, Ortadoğu'ya Dair Yirmi Tez, İstanbul, Ketebe Yayınları, s.137.
15. Cem Yılmaz, 2011, İran ve Suudi Arabistan'ın Bitmeyen Rekabeti, ORSAM, Cilt3, sayı 26, s. 54.
16. Haydar Çakmak, 2017, İran – Suudi Arabistan Rekabeti ve Bölgesel Barışa etkisi, (Uluslararası İran Türkleri Düşünce Platformu), Ankara, Gazi Üniversitesi, s. 90-95.

17. ÖZEV, Muharrem Hilmi, a.g.m., s.89.
18. Mehmet Şahin, a.g.e., s. ١٧٨-١٧٧.
19. ÖZEV, Muharrem Hilmi, a.g.m., s.٨٩.
20. BBC NEWS TÜRKÇE, 10/3/2023, İran ve Suudi Arabistan 7 Yıl Sonra Yeniden Diplomatik İlişki Kuruyor. https://www.bbc.com/turkce/articles/c51kyd982wjo
21. Esra Çomarlı, Sayim Türkman, 2020, İran ve Suudi Arabistan'ın Dış Politikası Anlayışları ve Güç Mücadelesine Genel Bir Bakış, Aydın Adnan Menderes Üniversitesi Sosyal Bilimler Enistitüsü Dergisi, Cilt 7, Sayı 1, s193-194.
22. Bilgehan Alagöz, 13/3/2023, İran – Suudi Arabistan Anlaşmasına Giden Süreç, https://iramcenter.org/iran-suudi-arabistan-anlasmasina-giden-surec-2336 بەرواری سەردان ٢٠٢٣\٥\٢٥
23. İsmail Sarı, 2023, İran-Suudi Arabistan Anlaşmasının Ortadoğu'ya Etkileri: Yeni Bir Bölgesel Normalleşme Dalgası mı?, Ortadoğu Araştırmalar Merkezi, Ankara, Sayı 312, s.3.
24. Riad Domazeti, 24/3/2023, Çin Arabuluculuğunda Suudi Arabistan – İran Anlaşması: İçeriği Bölgesel ve Küresel jeopolitiğie Etkileri ve Çıkmazları, İNSAMER Analizi, s. 1-2.
25. Nazmul İslam, 2023, İran ve Suudi Arabistan Müzakereleri: Çin'in Ortadoğu'daki Konumu, Ankara Yıldırm Bayezıt üniveristesi ULISA Yayını, Sayı 13, s. 1-2.
٢٦. بی بی سی عربی، ٩ مارس ٢٠٢٣، السعودیه وایران: العاهل السعودی یدعو الرئیس الایرانی لزیارە الریاض،
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-٦٥٠٠٦٠٨٤
27. Muharrem Hilmi, a.g.m., s. 100.
28. HAKKI UYGUR, 17/3/2023, İRAN ARAŞTIRMA MERKEZİ, İran ve Suudi Arabistan Anlaşması İran İçin Ne Anlama Geliyor. https://iramcenter.org/iran-ve-suudi-arabistan-anlasmasi-iran-icin-ne-anlama-geliyor-2342\ بەرواری سەردان ٢٠٢٣\٥\٢٥
29. Mustafa Caner, Nisan 2023, İran- Suudi Arabistan Normalleşme Anlaşması Sebepleri ve Sonuçları, SETA Dergisi, sayı 365, s. 1-5.
30. Mustafa Caner, Nisan 2023, İran- Suudi Arabistan Normalleşme Anlaşması Sebepleri ve Sonuçları, SETA Dergisi, sayı 365, s. 1-5.
31. Haydar çakmak, a.g.e., s. 90.

32. Euronews, 13/3/2023, İran ile Suudi Arabistan arasındaki ilişkilerin normalleşmesi için varılan anlaşmada Çin'in üstlendiği rol ABD'de nasıl yorumlandı? https://tr.euronews.com/2023/03/13/suudi-arabistan-ve-iranin-cinin-arabuluculugunda-anlasmasi-abdde-nasil-yorumlandi

٣٣. کارێن آ. مینگست ، ئیڤان م. ئارێگوین، سەرچاوەی پێشوو تر، ل ١٢٢.

34. Riad Domazeti, a.g.m., s. 3.

35. Mustafa Caner, a.g.m., s. 1-5.

٣٦. الشرق الاوسط، ١١ ازار٢٠٢٣، سووريا تعلن موقفها من اتفاق السعودية وإيران على استئناف العلاقات، https://arabic.cnn.com/middle-east/article/2023/03/11/syria-agreement-of-saudi-arabia-and-iran-resume-relations.

37. İsmail Sarı, a.g.m., s. 10.


٣٨. الجزيره، ٢٠٢٣\٥\١٩\ بينهم بشار الآسد.. القادة العرب يتوافدون على جدة للمشاركة فى القمة العربية، https://www.aljazeera.net/news/2023/5/18/%D8%A8%D9%8A%D9%86%D9%87%D9%85-%D8%A8%D8%B4%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%A7%D8%AF%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8

39. İsmail Sarı, a.g.m., s. 10.



# دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار؛
# ئێران وەك نموونە


تویژەر: محەمەد فاتح

## بەرایی

لە توێژینەوە سیاسییە هاوچەرخەکاندا، چەمکی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار(The Deep State) زۆر بەکارهێنراوە، نووسەرانی عەرەبیش زاراوەی (الدولة العميقة) بەکاردەهێنن. زۆرێک لەتوێژەران سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بۆ چەند قۆناغێکی کۆن دەگەڕێننەوە و داکۆکیش لەسەربەستنەوەی زاراوەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە چەند شێوە پەیوەندی و کارلێکردنێکی سیاسی کۆن دەکەن.

واتە زاراوەکە لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنەکان لەمیانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە تازەکان و لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشە جەماوەری و بارودۆخە سەردەمییەکان لەنێو کۆمەڵگەکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە. چەمکەکە چەند ئاڵۆزی و ناڕوونییەکی پێوە دیارە لەپەیوەندییە سیاسییەکان، ئەگەر ناوخۆیی بن، یاخود دەرەکی، ئەوەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی زاراوەیەکی ئاڵۆز و بەپەڕو باڵە، بەڵکو تا ئاستێکی گەورەش لەگەڵ چەمکەکانی (دەوڵەتی هاوتەریب) و (حکومەتی سێبەر) لەیەک دەچن. دیاردەکە لەبارودۆخی وڵاتێکدا ڕوودەدات و بەکاردەهێنرێت کە بەدەستی گەندەڵی و ناشەفافییەت دەناڵێنێت، سەرەڕای قووڵبوونەوەی حاڵەتی بیروکراسییەت و ڕێگریگرتن لەچارەسەرییە دیموکراسییەکان بۆ کاروبارە جیاوازەکانی دەوڵەت. چەند توێژەرێک بۆچوونیان وایە کەچەمکی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی ساڵی ١٩٢٣ دەرکەوتووە، لەگەڵ دەرکەوتنی مستەفا کەمال سەرۆکی تورکیا، ئەگەرچی بیروڕای جیاوازیش هەیە و دیاردەکە بۆسەردەمێکی زۆرکۆنترلەو مێژووە دەگەڕێنێتەوە[1]. ئەم چەمکە گفتوگۆو بیروڕای زۆر دەربارەی پێناسە کردنی دەورووژێنێت، ڕێککەوتنی دیاریکراو لەسەری نییە، هەروەها دەربارەی بنەما و دیاردە ورەهەندەکانی هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەربابەتی چەمکەکە، لەگەڵ گرنگترین خەسڵەت و ئامرازەکانی، پاشان باس لەبارودۆخی ئێران دەکەین، وەک نموونەیەکی زەق بۆ ئەم چەمکە.

### دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار:

دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار تەنیا دەوڵەتێک نییە لەنێو دەوڵەتدا، بەڵکو بەخۆی دەوڵەتە بە هەموو پێکهاتەکانی لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی، لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانەوە بۆ سیخوڕی وڕاگەیاندن و هەندێ لایەنی ئایینیش دەگرێتەوە، کە هەموویان کاردەکەن بۆ بونیادنان و بەدەسهێنانی شەرعییەت، بۆ ئەوەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان پێ بڕازێننەوە.

بەو پێیە، دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار بە چەمکە نەریتگەرییەکەی گوزارشت لەبوونی کۆمەڵێک دەکات کە بەشاراوەیی و نهێنی لەقوڵایی دامەزراوەکانی دەوڵەت کار دەکەن. ئەوانە دەسەڵاتیان بەسەرتواناکانی حوکمڕانی هەیە وزاڵن بەسەرڕووە دیارەکانی سیاسەت لەوڵاتدا، ئەوەی ئەوتوانایەشی پێداون، بوونی هێزی ناچارپێکردن وزۆرداریە کەدەتوانێت هەڵوێست و هێزی کارا بەکاربهێنێت لەکاتی پێویستدا دژی کەسە یەکەمەکانی سیاسەت کەحوکمڕانی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە. شارەزا وتوێژەران لەبواری پێناسەکردنی زاراوەکە، چەندین پێناسەی جیاوازیان خستۆتەڕوو بەپێی جیاوازی بیروباوەڕەکانیان. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێک لەو پێناسانە بخەینەڕوو:

١- کۆمەڵە هێزێکی شاراوەی نادیار بەدوورلەهێزی یاسا و شەرعییەت کاردەکەن[٢].

٢- هەردوو توێژەر (دانا پریست) و (ولیام ئەرکن) بۆچوونیان وایە کەدەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار بریتییە لەدەوڵەتێکی نەبینراوی نهێنی و هاوتەریب لەگەڵ حکومەتی ئاشکرای شەرعی[٣].

٣- دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار هاوپەیمانیەتییەکی قووڵ دەگرێتە خۆی، لەچوارچێوەی پێکهاتە جیاوازەکانی دەوڵەت، لەبوارەکانی: کارگێڕی، سیاسی، ڕاگەیاندن، دامەزراوە سەربازییەکان، ئاسایش و هەواڵگری، دادوەری، پیاوانی ئایینی و سەرمایەداران. هەموو ئەوانە پەیوەستییەک بەیەکیان دەگەیەنێت، ئەویش پاراستنی بەرژەوەندی و دەسکەوتە تایبەتەکانیانە، هەروەها دوورخستنەوەیانە لەهەر جۆرە لێپرسینەوەیەک[٤].

٥- بریتییە لەکۆمەڵە بەرژەوەندییەک: سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کۆمەڵە کەسانێک و چەند لۆبییەک، یاخود دامەزراوەیەک دەستیان بەسەریدا گرتووە. لە پێناو پارێزگاری و بەرگریکردن لەو بەرژەوەندییانەی بەدەستیان هێناوە، بە ڕێگە و شێوازی نایاسایی، لەهەموویان مەترسیدارتر ئەوانەی ڕەهەندی سیاسییان هەیە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی تێکدانی کاری سیاسی[٥].

### خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار:

١- شاراوەیی و نهێنی، زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە دوو[٦] خەسڵەتی سەرەکی ئەو چەمکەن. ئامرازەکانی ئەو حاڵەتە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئاشکرا و بینراو نین (هەروەکو لەکاری حکومەتی ڕەسمی) بەڵام ئەوکاروکردەوانەی کەپێی هەڵدەستن جێگەی سەرنجدانە و هەست بەئەنجامەکانی دەکرێت.

٢- قەوارەیەکی نایاسایی، ئەو دەسەڵاتە نهێنییە لەدەرەوەی یاسا کارەکانی خۆی ئەنجام

دەدات، هەڵسوکەوتەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرچوونە لەیاسا، بەهۆی دیاردەکانی گەندەڵی و ساختەکاری و بەرتیل وەرگرتن.

٣- بوونی دۆخی دەوڵەت لەباری ئیدارییەکی کۆنی باو، ناکرێت بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا بێت و ڕووبەڕووی لەپەرەسەندن بکات.

٤- ئاڵۆزی و تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندییەکان، چونکە دەستەبەرکردنی بەردەوامیان خۆی لەوتۆڕە ڕێکخراوەییە دەبینێتەوە. واتە پشت بەستنی هەرلایەک بەسەرلایەکی دیکە لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان.

٥- لەهەر سیستەمێکی سیاسی کەدۆخی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەداری تیادا بەدی بکرێت، سێ گرووپ (ئاراستە) دەردەکەون، ئەوانیش لەنێوان خۆیاندا لە ململانێی بەردەوام دەبن، ئەوگرووپانەش بریتین[٧]:

أ- سیستمی سیاسی ڕەسمی، دەسەڵاتەکانی: جێبەجێکردن، تەشریعی دادوەری.

ب- ئۆپۆزسیۆن، حزبە سیاسییەکان، کۆمەڵە و گرووپەکانی فشار، ئەو کەس و لایەنانەی زەرەرمەند بوون.

ج- ئەوانی لایەنگرن و سوودمەندن لەبوونی ئەو سیستەمە یان ئەو دۆخە.

٦- هاوپەیمانییەتیەکان: بوونی هاوپەیمانی سنوور فراوان، سەرەڕای ئەو هاوپەیمانییەتیانەی لەناو دامەزراوە بیرۆکراسییە ڕەسمیەکەی دەوڵەت هەیە، ئەوا هاوپەیمانیەتی کەس و لایەنەکان درووست دەبێت لەناو هێزە چەکدارەکان (سوپا، پۆلیس، ئاسایش) هەروەها لەناو دەزگای دادوەری و ڕاگەیاندن، ڕەنگە ئەو هاوپەیمانیەتییە کەسانی دیکەش لەدەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بگرێتە خۆی، وەک سەرۆک عەشیرەت، هێزو حزبە سیاسییەکان، کەسایەتی ئایینی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## ئامرازەکانی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار:

١- سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکان:

ئەوانەی پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن، چەند بیانوویەک دەخەنەڕوو، دەربارەی دەستڕۆیی و زاڵبوونی دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان بەسەر ژیانی سیاسی لەهەر وڵاتێکدا، لەو بیانووانە[٨]:

أ- بە بۆچوونی چەند توێژەرێک ئەووڵاتانەی بەرەوڕووی دیاردەی دەوڵەتی ڕەگ وڕیشەدار بوونەتەوە، ئەو دەوڵەتانە لەسەر بنچینەی میراتی و تاکڕەوی درووستبوونە لەحوکمڕانیدا،

لەبنچینەدا ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی سوپا و دامەزراوە ئەمنیەکانی تێدا بووە.

ب- بەشێکی دیکە باوەڕیان وایە ئەو وڵاتەی ئامادە و لەبارە بۆ ڕوودانی دیاردەی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار، ئەو دەوڵەتە بەردەوام هەڕەشەی لەسەر بووە، ئەگەر ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، بۆیە لەم بارەدا پشت بەستن بەحکومەتی مەدەنی لاواز دەبێت، ڕوو لەدامەزراوە سەربازی و ئەمنیەکان دەکرێت کەڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

ج- بیروبۆچوونێکی دیکە هەیە باوەڕی وایە کەدەستڕۆیی دامەزراوە ئەمنییەکان بەسەر کاروباری سیاسی، لەو بوارە ناوەستێت تەنیا بەرگری بێت لەبەرژەوەندییە گشتییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا، بەڵکو پارێزگاریکردن لەدەستکەوتی ئەندامانی بەشێک دەبێت لەئەرکەکانی.

د- بۆچوونی چوارەم دەڵێت، بەردەوامی باڵادەستی دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی لەبواری سیاسی و کاروباری دەوڵەت لەووڵاتانە، هۆیەکەی بۆ پاڵپشتی و هاوکاری دەرەکی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندییان هەیە لەووڵاتانەدا. بۆیە دەکرێ بوترێت، کەدامەزراوەی سەربازی و ئەمنی بەبنچینەی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار دادەنرێت.

٢- دادوەری، لەو جۆرە دەوڵەتانە سەربەخۆیی و پاکی تەواوی نییە[٩]، بەزۆری وەکو ئامرازێک بەدەستی دەسەڵاتی تاکڕەوی دەمینێتەوە، ئەوە جگە لەدیاردەکانی بەرتیل و گەندەڵی و پەیوەندی خزمایەتی لەناو دەزگاکە.

٣- توێژی پیاوانی کاروبارو بازرگانی و پرۆژەکان و سەرمایەداران.

٤- ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن هێزێکە هاوتای هێزی چەکدار، دەتوانێت پشتگیرییەکی فراوانی جەماوەری کۆبکاتەوە.

٥- بوونی سەرکردەی کاریزما، دەرکەوتنی ئەستێرەیەک لەنێو پیاوانی دەسەڵات و بەرزکردنەوەی پێگە و تواناکانی بەهۆی ڕاگەیاندن، وەک قارەمانێکی نیشتمانی.

٦- ئاژاوە و بێ یاسایی، بەشێک لە وڵاتانی جیهان بەدۆخێکی پڕ ئاژاوە و ململانێ و شۆڕش تێپەڕدەبن (یان) تێپەڕبوونە، ڕەنگە ئەو دۆخە دەرفەت خۆش بکات بۆ گەیشتن بەناوەندی دەسەڵات. بۆ ئەو ئامانجەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بەخڵافاندن و خەریککردنی جەماوەر بەچەند بابەت و کێشەیەکی لاوەکی ناهەستیار و بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار و لەبیرکردنی کێشە گرنگەکە.

٧- دامەزراوە ئایینییەکان، بەکارهێنانی وتاری ئایینی لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و پشتگیری دەسەڵاتی ناوەندی لە ڕێگەی فەتوا و وتاری ئایینی.

## دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار- ئێران- وەک نموونە:

ساڵی ١٩٢٥ لەسەروبەندی دارمانی دەسەڵاتی قاجارییەکان، ڕەزا[١٠] شای پەهلەوی فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتە دەست، ناوی دەوڵەتیشی گۆڕی لەقاجارییەوە بۆ ئێران. ئەورژێمە تا ساڵی (١٩٧٩) بەردەوام بوو، کەبەهۆی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕووخا. ڕەزاشا لە ١٩٤١ لەژێر فشاری دەرەکی ناچارکرا دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت، محەمەدی کوڕی شوێنی گرتەوە.

ڕەزا شا لەسەردەمی حوکمڕانی خۆی، چەند کارێکی ئەنجامداوە، لەوانە: دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز، سەپاندنی سەقامگیری لە وڵات، دوای ماوەیەک لە گرژی و ململانێی توند، بایەخدان بە کاروباری پەروەردە وفێربوون و دادوەری بەدوورلەدەستێوەردانی پیاوانی ئایینی و سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە، سەرەڕای چەند چاکسازییەکی دیکە لەبواری ئابووری و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ژن لەناو کۆمەڵگە.

لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شا، ڕێبازی سیاسی دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هات، ئێران وەک دەوڵەت لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا تەبا بوون، لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شا هەردوو حکومەتی کوردستان و ئازەربیجان دارمان، هەروەها شا دەزگایەکی هەواڵگری بەهێزی دامەزراند لەژێرناوی- ساواک- هەرلەسەردەمی محەمەد ڕەزا شا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەهێزدەرکەوت، ئەوئۆپۆزسیۆنە چەند ئاڕاستەیەکی هەبووە، ئاڕاستەی چەپ، ئاڕاستەی دیموکراسی مەدەنی کە محەمەد موسەدەق ڕابەری بوو، سەرەڕای ئاڕاستەی ئایینی کە ڕووی لە بەهێزبوون بوو.

## سیستەمی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩:

زۆربەی سیستەمە سیاسییەکانی جیهان، لەسێ دەسەڵات پێکدێن، ئەوانیش[١١] (جێبەجێکردن، ئەنجومەنی نوێنەران، دامەزراوەی دادوەری)یە، بەڵام ئەوبارەی لەئێراندا هەیە، هەندێ جیاوازی لەچەند جومگەیەکدا بەدی دەکرێت. هەرچەندە ئەوسێ دەسەڵاتە دەستوورین، بەڵام بەتەنها کاربەڕێوە نابەن، بەڵکو دامەزراوەی دیکە پێکهاتووە بۆڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارلەوڵاتە و بەشێوەیەکی چالاکیش بەشداری لەبڕیاری سیاسی دەکەن. ئەودامەزراوانەی مەبەستمانە، هەندێکیان لە دەرەوەی سێ دەسەڵاتە بنچینەییەکەن، دەسەڵاتەکانیانیش تێکەڵ دەبن لەگەڵ هەریەکە لەوسێ دەسەڵاتە ڕەسمییەی هەیە، هەرسێ دەسەڵاتە ڕەسمییەکە کارەکانیان لە ژێر چاودێری کەسی ڕابەر- وەلی ئەلفەقیە- بەڕێوەدەبەن بەسەرۆکی کۆماریشەوە.

### تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار لە ئێران:

سیستەمی سیاسی لەئێران لەم سەردەمە هەموو تایبەتمەندییەکانی[١٢] دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەداری هەڵگرتووە، وەک: بوونی سەرخانێکی ئەمنی و هەواڵگری لەگەڵ پێکهاتەیەکی ئابووری ئاڵۆز، ئامانجیان پارێزگاریکردنی ئەو بنچینە و بیروبۆچوونە شۆڕشگێڕییەیە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانی.

دەربارەی ڕۆڵی پەرەسەندووی پاسەوانانی شۆڕش (سوپای پاسداران) لەناو بوارە ئابوورییەکانی وڵات، لە ڕاستیدا گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری لەناو توێژەرانی زانستی سیاسی خولقاندووە. ئەو دیاردەیەی باسی دەکەین (دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار) تەنها پاسەوانانی شۆڕش ناگرێتەوە، بەڵکو چەند دامەزراوەیەکی دیکەی دەوڵەتیش هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەیان لەدیاردەکە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە:

ئەنجومەنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئیمام.

ڕێکخراوی ئابووری مەزاری ئیمام ڕەزا.

دامەزراوەی هەرەوەزی سوپای پاسداران (شرکت تعاونی سپاه).

ئەو ئەنجومەن و دامەزراوانە کە پێکهاتەی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدارن، کار بۆ پارێزگاری ئەمنییەت و سەقامگیری کۆماری ئیسلامیی دەکەن.

هەروەک ئاشکراشە دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار تەنها هێز و دەسەڵات پاوان ناکات، بەڵکو سامان و دارایش پاوان دەکات. بەپێی بیروبۆچوونی مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان (ڕوبەرت سبرینگورگ): تێگەیشتن لەسروشتی دەوڵەتی ئێرانی ڕەگ و ڕیشەدار، بەوردی لەمیانەی ئەو زانیاریانە دێتە دێ، کەلەپەیوەندییە ڕەسمی و نارەسمیەکان پێکدێن، ئەوانەی ئەو دەوڵەتە ڕەگ و ڕیشەدارە لەناوخۆوە بەدامەزراوە ڕەسمیەکان دەبەستێتەوە، هەروەها لە ڕووی دەرەوەش بەدامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکان، تا دەگاتە ئابووریەکانیش.

گەیشتن بەپارە و دەرامەتەکان کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوتۆڕانەی بەرژەوەندییان بەیەکەوە بەستراوە (کەبەشێکن لەو دیاردەیە)، بەکارهێنانی ئەو پارە و دەرامەتانەش بۆ بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی و ملکەچیە لەلایەکەوە، لەگەڵ توانای مانەوە و درێژەپێدان لەلایەکی دیکەوە، ئەو خاڵانەش لەخەسڵەتە جیاکارەکانی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدارە لە ئێران.

بۆیە دیاریکردنی دەرامەتەکانی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار پێویستن، بۆ ئەوەی تێگەیشتن پەیدا بێت دەربارەی فراوانی و ڕادەی دەستڕۆیی، هەروەها درک بەوڕێگری و کۆسپانە بکرێت ئەگەر مەبەست هەڵوەشاندنەوەی بێت.

**دامەزراوەکانی سیستەمی ئێرانی[١٣]:**

فەلسەفەی سیاسی و حوکمڕانی لە ئێران سەرچاوەکەی شەرعییەتێکی ئایینی کۆمەڵایەتییە، دیارە ئەوەش بەهۆی ڕۆڵە مێژووییەکەی پیاوانی شیعەوە دێت، لەکاری سیاسی و لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە.

دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە ئێران لە چوارچێوەی ئەو ئاڕاستە سیاسییەوە، کۆمەڵە دامەزراوەیەکی ئاڵۆز وتێکەڵاون لە ڕووی دەسەڵات و ئەرکەکانەوە. بەم شێوەیە پێکهاتەی دامەزراوەی سیستەمی حوکمڕانی لە ئێران دابەش دەبنە سەر چەندین ئەنجومەن و دامەزراوەی جیاواز، هەریەکێکیان ڕۆڵی دیاریکراوی هەیە، بەڵام لەچەندین بوار تێکەڵ و هاوبەشن.

**یەکەم: دامەزراوە سیاسییەکان، چوار دەسەڵات دەگرێتە خۆی:**

**١- دامەزراوەی (ڕابەر) وەلی ئەلفقیە:**

ڕابەر بەرزترین دەسەڵات و پێگەیە لەدەوڵەت، خاوەن بڕیاری فعلیە بەپێی دەستوور لە بەشی پێنجەم. دەسەڵاتی بڕیاری یەکلاکەرەوەی هەیە لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت، سیاسی، سەربازی، ئابووری، لەسیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ.

ئەم دامەزراوەیە چەند ئەنجومەنێکی پێوە بەستراوە:

أ- ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان).

ب- ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور (شورای نگهبان).

ج- ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم (مجمع تشخیص مصلحت نظام).

**٢- دامەزراوەی جێبەجێکردن، بریتییە لە:**

أ- سەرۆککۆمار، بەپێی بەندی (١٣) لە دەستووری وڵات، بەرزترین دەسەڵاتە لە دەوڵەت پاش پێگەی ڕابەر، لە زۆربەی دەسەڵاتەکانی پابەندی ڕابەر دەبێت، هەروەها توانای دەستڕۆیی سنووردارە لەنێوان چەند دامەزراوەیەک کە پیاوانی ئایینی زاڵن بەسەریدا.

ب- سەرۆکایەتی وەزیران.

ج- وەزیرەکان.

**٣- دامەزراوەی تەشریعی، ئەنجومەنەکانی:**

أ- ئەنجومەنی شوورا (پەرلەمان).

ب- ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور.

**٤- دامەزراوەی دادوەری:**

بەپێی سرووشتی سیستەمی سیاسی ئێرانی، هەروەها بەپێی ناوەڕۆکی دەستوور، ئەوا ڕابەر(وەلی ئەلفەقیە) دەسەڵاتی بەسەردامەزراوەی دادوەریش هەیە لە ڕێگای دیاریکردنی دادوەرانەوە.

**ئەم دامەزراوەیە بریتییە لە:**

أ- سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری.

ب- دادگای باڵا.

ج- دادوەری گشتی.

د- دادوەری تایبەت.

هـ- دادگا شۆڕشگێڕەکان (دادگاکانی شۆڕش).

**دووەم:** دامەزراوە سەربازییەکان، بریتین لە:

١- ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی (شورای امنیت ملی).

٢- سوپای ڕەسمی وڵات.

٣- پاسەوانانی شۆڕش (سوپای پاسداران) + بەسیج + فەیلەقی قودس.

٤- هێزەکانی ئامادە.

٥- وەزارەتی هەواڵگری و ئاسایشی نەتەوەیی (وزارت اطلاعات).

**سێیەم:** دامەزراوە ئابوورییەکان کەژمارەیەکی جیاوازی جۆراوجۆرن.

**چوارەم:** دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، وەک:

١- دامەزراوە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- دامەزراوەی شەهید (بنیاد شهید).

٣- دامەزراوەی هەژاران و نەداران (بنیاد مستضعفان).

٤- دامەزراوە ئایینییەکان (حەوزە عیلمیەکان)

٥- ناوەندە ئایینییەکان.

**ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی لە داڕشتنی سیاسەتی ئێران:**

دامەزراوەی ئایینی لە ئێران، بریتییە لەچەند حەوزەیەکی عیلمی، ئەو حەوزانە، ئەو شوێنانەن کەخوێندکارانی بابەتی ئایینی ڕووی تێدەکەن[١٤] و فێری زانستی ئایین دەبن لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەکی ئایینی.

ئەو دامەزراوەیە سەرەڕای مۆرکە ئایینیەکەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیشە لەچوارچێوەی سیستەم و چەند ڕێ و شوێنێک زانا ئایینییەکانی، ئەرکی خۆیان هەڵدەسوڕێنن.

پیاوانی ئایین لە ئێران چالاکییەکی سیاسی گرنگ دەگێڕن، ئەو دامەزراوەیە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکان سەردەمێکی زێڕینیان بووە لەمێژووی ئەو حەوزانە، دۆخەکە درێژەی کێشا تا سەردەمی قاجارییەکان، لەماوەی ئەو دوو سەردەمە حەوزەی عیلمی هەڵوێستەکانی لەئاست دەسەڵات لەنێوان دژ و نەرم و ئاشتیانە بووە[١٥]. بەڵام لەسەردەمی پەهلەوی، هەڵوێستی حەوزەی عیلمی بەرامبەر ڕژێم هەڵوێستێکی دژ و توند بووە، لە هەمانکاتدا ڕژێمیش هەر هەڵوێستی توند بووە بەرامبەر پیاوانی ئایینی سەر بەو حەوزەیە.

دوای ساڵی ١٩٧٩، پیاوانی ئایینی ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕن لە ژیانی سیاسی ئێران ولەناو کۆمەڵگەی ئێرانی، ئەو ڕۆڵە دەستپێدەکات لە کەسی (ڕابەر)ەوە، هەروەها دامەزراوەکانی وەک: ئەنجومەنی شارەزایان، ئەو ئەنجومەنە ساڵی ١٩٨٢ پێکهاتووە لە (٢٨) ئەندام. ڕابەر هەڵدەبژێرێت و دەتوانێت دووریشی بخاتەوە.

ئەنجومەنی پارێزگاری دەستوور، لە (١٢) ئەندام پێکهاتووە، یاساکان پەسند دەکات، بڕیاریش دەدات لەسەر ئەوانەی خۆیان کاندید دەکەن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و ئەندامییەتی ئەنجومەنی شوورا (پەرلەمان).

ئەوە سەرەڕای بوونی پیاوانی ئایینی لەجومگە باڵاکانی دەسەڵات، وەک: سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان، ئەنجومەنی شوورا. هەروەها بوونیان لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەنجومەنی پارێزگاری دەستوور. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ ناوی (٥) گەورە پیاوانی ئایینی بکەین کە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەداڕشتنی ڕێبازی سیاسی و دەرکردنی بڕیارە گرنگەکان، شان بەشانی- ڕابەر- وەلی ئەلفەقیە، ئەوانیش[١٦]:

١- ئایەتوڵڵا ئەحمەد جەننەتی.

٢- ئایەتوڵڵا محەمەد تەقی مسباح یەزدی.

٣- ئیبراهیم ڕەئیسی.

٤- عەلی ئەکەرویلایەتی.

٥- وەحید حەقانی.

## ڕۆڵی پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیی (سوپای پاسداران):

ئەم هێزە سەربازییە لەساڵی (١٩٧٩) بەفەرمانێکی ئیمام خومەینی دامەزراوە، لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران[١٧] بەسەر ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا، هێزەکە سەرەتای دامەزراندنی پێکهاتبوو لەچەندین گرووپ و دەستە و شانەی ڕێکخراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دەربڕینی نارەزایی بەرامبەرڕژێمەکەی پەهلەوی، وەک خۆپیشاندان و چالاکی جۆراوجۆری ناو شەقام و شارەکان، پاشترلەدەستووری کۆماری ئیسلامیش بەندی (١٥٠) ئاماژەی بۆ کراوە. ژمارەیان لەدەوروبەری (١٢٥) هەزارئەفسەرو سەربازدەبێت، جگە لەهێزی بەسیج کە لقێکی سەرەکی ئەو سوپایەیە.

## ئەرکەکانی لەکاتی دامەزراندنی لە (٨) خاڵدا کورتکراوەتەوە:

١- یارمەتیدانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان.

٢- بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە چەکدارەکانی دژی کۆماری ئیسلامیی.

٣- ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

٤- ڕێکخستن و هاوکاری چالاکییەکانی لەگەڵ سوپای وڵات.

٥- ڕاهێنان و ئامادەکردنی ئەندامانی لەسەرئاستی ئاینی و سیاسی

٦- پاڵپشتی کردنی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی.

٧- پشتگیریکردنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی جیهانی، بەدیهێنانی دادوەری بۆکۆمەڵانی موستەزعفین.

٨- بەکارهێنانی هێزە تایبەتیەکانی سەربەسوپای پاسداران لە ڕووداوی وەک بوومەلەرزە، لافاو، پرۆژە ئابووریەکان.

ئەم سوپایە بەشێکی سەربەخۆی هەواڵگری تایبەتی هەیە. هەروەها هێزەکانی بەسەر چەند بەش و یەکەیەک دابەش دەبن وەک: هێزی وشکانی، هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانی.

## سوپاسی پاسداران وکاری ئابووری[١٨]:

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی نێوان عێراق- ئێران، بەبڕیارێکی سەرۆککۆمار هاشمی ڕەفسەنجانی، ڕێگە کرایەوە بۆ ئەم دامەزراوە سەربازییە بەئیش وکاری ئابووری هەڵسێت. لەو دامەزراوە ئابووریانەی سەربەسوپای پاسداران:

١- دامەزراوەی خاتم ئەلئەنبیاء: (قرارگاه خاتم الانبیاء)

ساڵی ١٩٩١ دامەزرا، دامەزراوەیەکی ئابووری گرنگە لە ئێران، لە چەندین بوارکار دەکات، وەک: غاز، نەوت، پترۆکیمیاوی، خانوبەرە، ڕێگاوبان، کشتوکاڵ، زیاترلە (٨٠) کۆمپانیای هەیە.

٢- ئەو دامەزراوانەی هاوکارن لەگەڵ سوپای پاسداران:

ئەم دامەزراوە سەربازییە لەگەڵ چەندین دامەزراوەی دیکەی سەربە (ڕابەر)ی باڵا هاوکارن و بەیەکەوە پرۆژەی ئابووری جێبەجێ دەکەن، بەشێک لەوانە مۆرکی ئایینی هەیە، وەک: دامەزراوەی (ئاستان قودس ڕەزەوی) لەشاری مەشهەد، دامەزراوەی شەهید، دامەزراوەی موستەزعفین.

٣- دامەزراوەی هەرەوەزی سوپاسی پاسداران (شرکت تعاونی سپاه):

ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە، لە چەند بوارێکی جیاوازکاردەکات، ژمارەیەکی گەورەی لق هەیە، زیاترلە (٣٠) لق کۆمپانیا دەبن.

٤- بانکی پاسارگارد:


بانکێکی تایبەتی پاسەوانانی شۆڕشە، بە گەورەترین بانک دادەنرێت لە ئێران، ژمارەیەکی زۆری لق هەیە، سەرپەرشتی دەیان کۆمپانیا و پرۆژە دەکات.

## ئەنجام:

دامەزراوەی سوپای پاسداران ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لەسیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. وەک هێزێکی سەربازی و سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژی ڕۆڵی کارای هەیە لە بەرگری کردن لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، دژبە هەرمەترسیەکی ناوخۆیی و دەرەکی. شانبەشانی سوپای فەرمی وڵات کە بە ئەرتەش ناسراوە. بەڵام لە پاش شۆڕش ڕۆڵی ئەرتەش کەم کرایەوە بۆ پارێزگاری کردن لە سنوورەکانی ئێران. پاسەوانانی شۆڕش وەک دەزگایەکی ئایدۆلۆژی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ئاڕاستە کردن و ڕێکخستنی جەماوەری. ڕۆڵی پاسەوانانی شۆڕش فراوانتر دەبێت، بە شێوەیەکی نیمچە ئاشکرا ڕۆڵی لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی وڵاتدا هەیە. کارو چالاکییەکانی ئەم دامەزراوەیە کاروباری ئابووریش لە خۆ دەگرێت. کە بەشێکی گرنگی ئابووری وڵات لە لایەن پاسەوانانی شۆڕش داگیرکراوە و کاروباری ئابووری هەڵدەسوڕێنن، چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. هەر ئەمەش وایکردوە کە پاسەوانانی شۆڕش هەم سوود لە داهاتەکانی حکومەت ببینن و هەم خۆیان دابینکەری سەرچاوەی داهاتن بۆ خۆیان. ئەم دامەزراوەیە وەک دڵی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و هێمای پارێزگاری کردن لە شۆڕش و دامەزراوەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەژمار دەکرێت.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- علي الجرباوي- الدولة العميقة- محاولة لضبط المفهوم- مجلة دراسات سياسية عربية- العدد/ ٢٤- أيلول- ٢٠١٨، ص٧.
٢- مقال پەیجی س.ئین.ئین- ١١/ ئازار/ ٢٠١٧ د. اكرام لمعي www.arabic.vom
٣- ريم عبدالمجيد- نحو تأصيل نظري لمفهوم الدولة العميقة- المركز العربي للدراسات والبحوث- بحث عن شبكة الانترنيت. ٢٠١٨/١٢/٢٨ ص٢.
٤- عباس شريفة- الثورة والدولة العميقة- بحث- مركز البحوث والدراسات ٢٠١٧، ص٦.
٥- د. عبدالحميد رمضان- مجلة الناقد- للدراسات السياسية المجلد/٤ العدد/١ ٢٠٢٠ ص١٠٨.
٦- باتريك اونيل- الدولة العميقة- المفهوم الناشئ في علم السياسة المقارن- ترجمة حسن مصباح- مجلة سياسة عربية/ العدد/ ٣٦/ كانون ثاني/ ٢٠١٨ ص٨٣.
٧- مصطفى شفيق- الدولة العميقة- المفهوم والتجليات- المركز العربي للدراسات الإنسانية- القاهرة- مجلة البيان ٢٠١٥، ص٥٨.
٨- عبدالله الاشعل- خرافة الدولة العميقة في مصر- مقال ٢٠١٧/٩/٢٤ www.alhayat.com
٩- علي الجرباوي- مصدر سابق ص١٢.
١٠- محمد فاغ- ژیانی سیاسی لەئێران- سەدەی بیستەم- چاپی/ ٢٠١٨- هەولێر دەزگای نارین ل٥٥.
١١- نصيب عتيقة، نموشى نسرين- النظام السياسي في ايران- رسالة ماجستير ٢٠٠٧/٢٠٠٨- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- الجزائر- ص١١-١٤.
١٢- مصطفى شلس- دولة ايران العميقة، سمة أصيلة للجمهورية الإسلامية- مقال، عن شبكة الانترنيت ٢٦/ تشرين الأول- ٢٠٢٠ www.m.facebook.com
١٣- *نصيب عتيقة- المصدر السابق، ص١٠.
* د. علي محافظة- ايران بين القومية الفارسية والثورة الإسلامية- ط/١- ٢٠١٣- بيروت- ص١٩٧-٢٠٠٥.
١٤- د. ميثم مزاحم- الدين والدولة في ايران- أثر ولاية الفقيه على السياسات الداخلية والخارجية- مجلة الدراسات الإيرانية- مركز الخليج العربي- العدد/ ٥ السنة الثانية/ ديسمبر ٢٠١٧. ص٩.
١٥- شيماء محمد- أهم-٥- رجال يصنعون السياسات الإيرانية حول المرشد بحث- البيت الخليجي للدراسات والنشر. www.gulf house.org
١٦- شيماء محمد مصدر سابق.
رائد أرحيم محمد- أثر المؤسسة الدينية في النظام السياسي الإيراني- مجلة حمورابي للدراسات/ العدد/ ٢٧-٢٨- السنة السادسة- خريف ٢٠١٨- ص ١٢٠ www.lasj.net
دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵی ١٩٧٩.
١٧- *كينيث كاتزمان، الحرس الثوري الإيراني- نشأته وتكوينه ودوره. مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية- ط/١ ١٩٩٦- ص٢.
* أنثوني هـ. كوردسمان- الحرس الثوري الإيراني- ترجمة رشا حاتم مركز الجزيرة الدراسات- مارس ٢٠٠٩ (بحث).
١٨- حسن راضي- الحرس الثوري الإيراني والهيمنة الاقتصادية- مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الامية- ص٥.




ڕاپۆرت

ئێرانناسی

# قەیرانی ئۆتۆمبیل لە ئێران؛
## بەریەککەوتنی حکومەت و پەڕلەمان

توێژەر: یاسین عزەم- توێژەر



## بەرایی

ناڕەزایەتی خەڵك لە گرانی نرخی ئۆتۆمبیل، پەڕلەمانی ئێرانی ناچارکرد، بۆ جاری دووەم بانگهێشتی وەزیری پیشەسازی و کانزاکان و بازرگانی بکات بۆ لێپرسینەوە، ئەوە بۆ جاری دووەم بوو کە لەماوەی کەمترلە ساڵێکدا وەزیری ناوبراو بۆلێپرسینەوە بانگهێشتی پەڕلەمان بکرێت. ڕەنگە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بۆ جاری یەکەم بێت کە وەزیرێك لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دوو جارلێپرسینەوەی لێبکرێت و متمانەی لێبسەندرێتەوە، هەرچەندە گرانی نرخی ئۆتۆمبیل بەشێکی پەیوەندیدارە بەو سزا ئابوورییانەی کە لە لایەن ئەمریکاوە بەسەر ئێراندا سەپێندراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆرلە پەڕلەمانتاران پێیان وابوو، وەزیری پیشەسازی و باندەکانی مافیای ئۆتۆمبیل بەرپرسن لە گرانی نرخی ئۆتۆمبیل، بەجۆرێك ئەو باندانە دەستیان گرتووە بەسەربازاڕەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و بە ئارەزووی خۆیان نرخی لەسەر دادەنێن، لەو نێوانەشدا وەزیری پیشەسازی نەیتوانیوە هیچ ڕێکارێکی گونجاو بگرێتەبەر بۆ کۆتایی هێنان بەو دۆخەی کە لە وڵاتدا دروست بووە، ئەوە جگە لە تۆمەتبارکردنی وەزیر بە گەندەڵی و کەمتوانایی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی وەزارەتدا.

### قەیرانی ئۆتۆمبیل

بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی ئۆتۆمبیل، لەپێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و بازاڕی ڕەش، بووەتە مایەی ناڕەزایەتی هاونیشتیمانیانی ئێرانی، گرانبوونی ئۆتۆمبیل لەماوەیەکی کەم بەڕێژەیەکی زۆر، وای لە کاربەدەستانی دەوڵەت کرد بێدەنگی بشکێنن. ئەوە لەکاتێکدایە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل لەو بەرزبوونەوەی نرخە هیچ سوودێك نابینن، بەڵکو ئەو زیادەیە لە نرخ دەچێتە گیرفانی ئەو لایەنانەی کە مامەڵەی پێوە دەکەن لە بازەڕەکانی فرۆشتندا. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل لە ئێستادا بەشێوەی تیروپشك ئۆتۆمبیلەکانیان دەفرۆشن بە بەکاربەر، لە ڕێگەی تۆمارکردنی ناوی ئەو هاووڵاتیانەی کە دەیانەوێت ئۆتۆمبیل بکڕن، بۆ ئەو مەبەستەش کارتی نیشتیمانی بەکاردەهێنن، هاووڵاتیش دەتوانێت تەنها داوای کڕینی یەك ئۆتۆمبیل بکات لەڕێگەی کارتی نیشتیمانییەکەیەوە، ئەوەش هۆکارێکە بۆئەوەی ئەو هاووڵاتییانەی کە خۆیان توانای کڕینیان نییە، کارتەکانیان بفرۆشن بەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە تیروپشکدا بەشداری بکەن، بە ئومێدی ئەوەی ئۆتۆمبیلێکیان بۆ دەربچێت، تا لە بازاڕەکانی فرۆشتن بە گرانتر بیفرۆشنەوە.

جیاوازی گەورەی نرخی ئۆتۆمبیل لە کارگەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕی ڕەشی فرۆشتن،

بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر ڕوو لەو بازاڕانە بکەن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج، ئەوەش جارێکی دیکە کاریگەری کردۆتە سەر گرانبوونی نرخی ئۆتۆمبیل لەو وڵاتە.

دیاریکردنی نرخی ئۆتۆمبیلی بەرهەمهێنراو لە لایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانەوە لە ئێران، لە لایەن دەوڵەتەوە دەستنیشان دەکرێت، بەڵام بڕیاردرا گۆڕانکاری لەوەدا بکرێت و کۆمپانیاکان سەرپشك بکرێن لە بەرهەمهێنان و دیاریکردنی نرخی فرۆشتنی لە بازاڕەکانی ئۆتۆمبیل، هەرچەندە بڕیارەکە دەرکرا، بەڵام نەك نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵکو کۆمپانیاکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە نرخێکی نوێیان بۆ دیاری بکرێت تا بە ڕێژەیەکی بەرزتر ئۆتۆمبیلەکانیان بە بەکاربەران بفرۆشن، ئەوەش وای کردووە لە ئێستادا بڕی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە و ئەوەشی کە بەرهەمیان هێناوە نەیخەنە بازاڕەوە. ئەو دۆخەی کە دروست بووە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر نرخی ئۆتۆمبیل و زۆری خواست و کەمی خستەنەڕوو داناوە، جارێکی دیکە نرخەکەی بەرزتر بووەتەوە.

لەڕاستیدا هۆکارەکانی گرانی نرخی ئۆتۆمبیل لە ئێران، جۆراوجۆرن، بەشێك لە شارەزایان هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ داخستنی سنوورەکانی وڵات بەڕووی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بیانی و بەشێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە بێتوانایی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی ئێران لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل و ئەو نرخەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆی دەستنیشان دەکرێت، ئەوە سەرباری سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا کە بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندوویەتی، بەتەواوی ئابووری ئەو وڵاتەی توشی ئیفلیجی کردووە.

لە م ساڵانەی دواییدا، بازاڕی ئۆتۆمبیل بەتەواوی تێکچوو، ئەوەش بوو بە مایەی ئەوەی بەرهەمهێنانی لە لایەن کۆمپانیاکانەوە کەمبکرێتەوە، جگە لەوەش بۆ ئەوەی بتوانن ئەوەی بەرهەمی دەهێنن بیگەیەننە دەست بەکاربەرەکانی، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل لە ئێران بۆ یەکەمینجار لەسەرئاستی جیهان سیستەمی تیروپشکیان داهێنا، بەجۆرێك ئەوانەی کە دەیانویست ئۆتۆمبیل لە دەستی یەکەم بکڕن، دەبوایە لەڕێگەی کارتی نیشتیمانییەوە ناوی خۆیان بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل لای کۆمپانیای بەرهەمهێن تۆمار بکردایە، بەو شێوەیش ناوی دەچووە تیروپشکەکەوە، بۆ ئەوەی لە قۆناغی دواتردا دوای ڕاکێشانی تیروپشکەکە بتوانێت ببێت بە خاوەن ئۆتۆمبیلی خۆی، هاوکات دەبوایە ڕاستەوخۆ دوای ناوتۆمارکردن، پارەی پێشوەختە بدات بە کۆمپانیا.

ئەوە لەکاتێکدایە کە زۆربەی کۆمپانیا جیهانییەکان، ئەگەر کەسێك بیەوێت ئۆتۆمبیلیان لێبکڕێت، سەرباری ئەوەی نرخی لەسەرکەمدەکەنەوە، دەتوانیت دوای ئەوەی

ئۆتۆمبیلەکەت وەرگرت، پارەکەی بەشێوەی قیست بدەیتەوە بە کۆمپانیا.

بەهۆکاری ئەوەی کە بەشێك لە هاووڵاتییانی ئێرانیی خۆیان توانای کڕینی ئۆتۆمبیلیان نەبوو، کارتی نیشتیمانی خۆیان لەبەرامبەر بە پارەیەکی ڕەمزی دەدا بەو کەسانەی کە لەبازاڕەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل کاریان دەکرد، ئەوانیش لە ڕێگەی ئەو کارتانەوە ئۆتۆمبیلەکانیان دەکڕی و بە پارەیەکی زۆرتر لە بازاڕی ڕەش دەیانفرۆشتەوە، بەو شێوەیەش جارێکی دیکە نرخی ئۆتۆمبیل بەرزبووەوە.

لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتییانی ئێرانی لە ئێستادا بەدەست گرانی نرخی ئۆتۆمبیلەوە دەناڵێنن، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلیش گازەندەی ئەوە دەکەن کە ئەو نرخەی بۆیان دیاری کراوە زۆر کەمە لە چاو تێچووەکەی، بۆیە لە بەرهەمهێنانی هەر ئۆتۆمبێلێکدا زیانێکی گەورە دەکەن، دوو کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل باس لەوە دەکەن کە زیانەکانیان نزیك بووەتەوە لە ٨٠ هەزار ملیار تمەن. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە چیتر نەتوانن بەو نرخەی کە لە ئێستادا هەیە ئۆتۆمبیلەکانیان بفرۆشن، چونکە ئەو زیانەی لێیان دەکەوێت بەجۆرێکە کە لە داهاتوودا ناچاریان دەکات کۆتایی بە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل بهێنن.

دیاریکردنی نرخی ئۆتۆمبیل لە لایەن ئەنجومەنی کێبڕکێ لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەرچەندە ئەو ئەنجومەنە بەنیازبوو لەو ڕێگەیەوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ جیاوازی نرخی ئۆتۆمبیل لای کۆمپانیای بەرهەمهێن و بازاڕی ڕەش کەمبکاتەوە، بەڵام چارەسەرەکانی ئەو ئەنجومەنەش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەو نرخەی کە لەلایەن ئەنجومەنی کێبڕکێوە دیاریدەکرا، بوو بە جێگەی ڕەخنەی هاونیشتیمانیای ئێرانیی، بابەتی پێدانی ئۆتۆمبیل بە شێوازی تیروپشک یەکێك بوو لە پێشنیارەکانی ئەنجومەنی کێبڕکێ کە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، دواتریش دیاریکردنی نرخی ئۆتۆمبیل هەرچوار مانگ جارێك، تا گەشتە دیاریکردنی نرخەکەی هەرشەش مانگ جارێك.

وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان و بازرگانی ئێران دەستبەکاربوو، بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو دۆخە نالەبارە بدۆزێتەوە، یەکێك لە پێشنیارەکانیان هەڵگرتنی ڕێکاری پێدانی ئۆتۆمبیل لە شێوازی تیروپشک بوو، جگە لەوەش جەختیان لەوە کردەوە کە لە زووترین کاتدا نرخی نوێی ئۆتۆمبیل ڕادەگەیەنن، ئەو ڕاڕاییە کەلە ڕاگەیاندنی نرخی نوێی ئۆتۆمبیل دروستبوو، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر گرانبوونی نرخی ئۆتۆمبیل، ئەوە لەکاتێدا

بوو کە ئەنجومەنی کێبڕکێ ڕایگەیاند نازانرێت نرخی نوێی ئۆتۆمبیل بە چ شێوازێك و لەسەر بنەمای چی دیاری دەکرێت، ئەوەشی دووپات کردەوە، تا ئێستا بڕیار نەدراوە لەسەر نرخی کۆن دەفرۆشرێت، یان نرخێکی نوێی لەسەر دادەنرێت.

ڕێکارێکی دیکەی ئەنجومەنی کێبڕکێ بۆ ڕێگری کردن لە گرانبوونی نرخی ئۆتۆمبیل بریتی بوو لە ناچارکردنی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان، بەوەی کە دەبێت لە کاتی دیاریکراو و بە هەمان ئەو نرخەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتوون ئۆتۆمبیل بدرێت بە بەکاربەران، هۆشداری ئەوەی بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان دا، کە پێویستە تەواوی ئەو ڕێکارانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی کێبڕکێوە دانراوە وەك خۆی جێبەجێبکرێن. هەموو ئەو دەنگۆیانەشی ڕەتکردەوە کە گوایە نرخی ئۆتۆمبیل لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانەوە زیاد دەکرێت، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەش نەیانتوانی ڕێگری بکەن لە بەرزبوونەوەی نرخی ئۆتۆمبیل.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێکارەکانی وەزارەتی پیشەسازی و ئەنجومەنی کێبڕکێ نەیانتوانی کۆتایی بە جیاوازی گەورەی نرخ بهێنن، کە لە نێوان فرۆشی یەکەمی کۆمپانیای بەرهەمهێن و بازاڕی ڕەشدا هەیە، بەجۆرێك بەشێك لە چاودێران باس لەوە دەکەن بەنزیکەی ٥٠ هەزار ملیار تمەن سوودی ئەو کەسانەیە کە لەو بازاڕانەدا کاردەکەن، ئەوە لەکاتێکدایە کۆمپانیای بەرهەمهێن باس لەوە دەکات لە فرۆشتنی ئۆتۆمبیل زیان دەکەن. وەزیری پێشووی پیشەسازی ئێران ڕەزا فاتمی ئەمین، پێشنیارێکی نوێی کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە گرانفرۆشی ئۆتۆمبیل بهێندرێت، بەوەی کە هەوڵبدرێت ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل بە جۆرێك بەرزبکرێتەوە پێداویستییەکانی بازاڕپربکاتەوە و هاونیشتیمانیان بتوانن ڕاستەوخۆ ئۆتۆمبیل لە کۆمپانیای بەرهەمهێن بکڕن، بەو شێوەیەش دەتوانین کۆتایی بەجیاوازی گەورەی نرخی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بهێنین لە نێوان کۆمپانیای بەرهەمهێن و بازاڕی ڕەشدا هەیە.

## سەندنەوەی متمانە لە وەزیری پیشەسازی لە لایەن پەرلەمانەوە

لە ڕۆژی ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٣ پەرلەمانی ئێران بە سەرۆکایەتی محەمەد باقر قالیباف بانگهێشتی وەزری پیشەسازی وکانزاکان وبازرگانی وڵاتەکەی کرد بۆلێپرسینەوە. لەسەرەتای بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەدا ئەندامانی پەرلەمان بۆچوونی خۆیان دەربارەی وەزیری ناوبراو و کارەکانی دەربڕی، سەید ئەحمەد ڕەسوڵی نەژاد نوێنەری خەڵکی شاری دەماوەند لە پەرلەمانی ئێران، ئاماژەی بەوە کرد، کە بەرهەمی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سایپا لەساڵی ڕابردوو ٣٥١ هەزاریەکە بووە، ئەوە لە کاتێکدایە بڕی فرۆشی ئەو ئۆتۆمبیلە ٣٨١ هەزار

یەکە بووە، هەموو بەرهەمی ئێران خودرو و سایپا لە ساڵی ڕابردوو ٩٠١ هەزاریەکە بووە، بەڵام ئەوەی کە فرۆشراوە ٩٩٤ هەزاریەکە بووە. کاتێك وەزیر لە ڕابردوو بەڵێنیدا ئەو ڕێژەیە بگەیەنێتە یەك ملیۆن و شەش سەدهەزاریەکە، ئەو ئەندامەی پەڕلەمان وەزیری بەوە تۆمەتبارکرد کە تەنها بەڵێن دەدات بە بێ ئەوەی جێبەجێی بکات.

ئەندامێکی دیکەی پەڕلەمان بەناوی موسەوی لارگانی، ئاماژەی بەوە کرد لە لێپرسینەوەی ساڵی ڕابردوو وەزیر بەڵێنی ئەوەیدا ڕێگە بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی دەرەکی بدات، بەڵام بەڵێنەکەی جیبەجی نەکرد، ئاماژەی بەوەش کرد باشترە بیانوو نەهێنیتەوە، چونکە گوێمانپڕە لەو بەهانانە، ئێوە بارودۆخی وڵاتتان بە جێگەیەك گەیاندووە، کە ئۆتۆمبیلی جۆری پراید نرخەکەی لە ١٠٠ ملیۆنەوە بووەتە ٣٠٠ ملیۆن. لە درێژەی وتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، ئێوە باس لە فرۆشتنی ئۆتۆمبیل دەکەن بە شێوەی قیست، بەڵام پارەی پیشوەختە لە خەڵکی ئێران وەردەگرن و بەڵێنی ئەوەی پێدەدەن لە داهاتوو ئۆتۆمبیلی پێبدەن، هەندێ کات بەکاربەردوو ساڵ چاوەڕێ دەکات. داوای لە وەزیر کرد پێیان ڕابگەیەنێت کام کۆمپانیا ئامادەیە ئۆتۆمبیل بە قیست بدات بە هاونیشتیمانیان، ئێوە ئۆتۆمبیلەکانتان فرۆشتووە و دوو ساڵی دیکە دەیدەنە دەست بەکاربەر، لە کۆتایی وتەکەیدا وەزیری بەوە تۆمەتبارکرد کە جگە لە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلی بەرهەمهێندراوی ئایندە هیچی دیکەتان نەکردووە.

لارگانی ڕووبەڕووی وەزیر ئاماژەی بەوە کرد من هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە گومانم لە توانای فاتمی هەبوو، کە وەك وەزیر بتوانێت ئەرکی سەرشانی ڕاپەڕێنێت، ئەوەشی دووپات کردەوە کە فاتمی لەسەرەتای بەدەستهێنانی متمانەی پەڕلەمان کۆمەڵێك بەڵێنی گەورەیدا، بەڵام هیچانی جێبەجێ نەکرد.

ئەندامێکی دیکەی پەڕلەمان بەناوی ئەلهویردی دەهقانی، یەکێك لەوانەی کە واژۆی لەسەر لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی کردبوو، بە وەزیری ڕاگەیاند، ئاماری دروستی ئۆتۆمبیل لە ئێران نزیکەی ٢٠٩ ملیۆنە، ئەگەرتەمەنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل بۆبەکارهێنان بەشێوەیەکی دروست حەوت ساڵ بێت، ئەوا نزیکیە ٢٣ ملیۆن ئۆتۆمبیل لە ئێستادا کە لەسەر شەقامەکانی ئێرانن، بەکەڵکی لێخوڕین نایەن. سەبارەت بە نرخی ئۆتۆمبیل ئەو ئەندامەی پەڕلەمان ئاماژەی بەوە کرد، کە لەسەرەتای هاتنە سەرکاری فاتمی، تا ئێستا نرخی ئۆتۆمبیل سێ بەرامبەربووە، بۆ نمونە نرخی ئۆتۆمبیلی جۆری پراید لە ١٠٩ ملیۆنەوە بووەتە ٣٣٠ ملیۆن، پژو پارس لە ١٢٧ ملیۆنەوە بووەتە ٦١٥ ملیۆن، ئەوەشی بە کارەسات ناوبرد. سەبارەت بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل باسی لەوە کرد وەزیر پیشتر بەڵێنیدا ساڵانە

ملیۆن و نیوێك تا دوو ملیۆن ئۆتۆمبیل بەرهەم دەهێنین، بەڵام ئەو بەڵێنەی جێبەجێ نەکرد. بەڵێنیدا سیستەمی تیروپشک هەڵبگرێت و کاری پێنەکرێت، بەڵام ئەوەشی نەبردە سەر.

هاجەر چنارانی، سەبارەت بە لێپرسینەوە لە فاتمی ئاماژەی بەوە کرد، ئێمە دوای پانزە مانگ لە حکومەتی ئیبراهیم ڕەئیسی، بانگهێشتی وەزیری پیشەسازیمان کرد، بەڵام هیچی لێنەکەوتەوە، ئێمە دەبێت لە ئێستادا ئەوە بپرسین لەو کاتەوە تا ئێستا چی ڕوویداوە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل، نرخەکان بۆچی بەو شێوەیە بەرز دەبنەوە؟ لەگەڵ ئەوەی پشتگیری لە دەوڵەتی ڕەئیسی دووپات کردەوە، بەڵام هاوکات ئەوەی ڕاگەیاند کە گرانی نرخی ئۆتۆمبیل ئێسکی خەڵکی شکاندووە، لەوە زیاتر بەرگەناگرێت.

لە درێژەی لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی، ڕوحوڵا حەزرەت پور، ئاماژەی بەوە کرد ڕووبەڕووی وەزیرێك قسە دەکەم کە نیازی خێزانی ئێرانییەکان لە کڕینی ئۆتۆمبیل کردووە بە خەیاڵێکی بەدەست نەهاتوو.

ئەو ئەندامەی پەرلەمان وتەبێژی وەزیری بەوە تۆمەتبار کرد، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە، کە گوایە وەزیر ڕەشوەی نەداوە بە ئەندامانی پەرلەمان بۆیە لێپرسینەوەی لێدەکرێت، داوای لە وەزیر کرد کێن ئەوانەی داوای بەرتیلیان لە تۆ کردووە هەر ئەمڕۆ بیخەڕوو بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بزانێت. هاوکات ئەوەشی خستەڕوو، ئەگەر ئێوە وەزیری خەڵکن بۆچی چەند حەفتەیەکە باندەکانی مافیای ئۆتۆمبیل پشتگیری لە تۆ دەکەن، لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی چەندین سیناریۆ دژ بە ئەندامانی پەرلەمان دروستکراوە بۆ ئەوەی دەستبەرداری لێپرسینەوەکە بن.

حەزرەت پور ئاماژەی بەوەش کرد تا بەر لە دەستپێکردنی دانیشتنی لێپرسینەوە لە فاتمی نرخی ئۆتۆمبیل بەردەوام لە بەرزبوونەوە بوو، بەڵام دوای دەستپێکی لێپرسینەوە نرخی ئۆتۆمبیل دابەزی، ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە خەڵکی ئومێدیان بە لێپرسینەوەی وەزیر هەیە، چاوەڕێی ئایندەیەکی باشتر دەکەن.

سەبارەت بە هەڵوێستی توندی بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان و ئاراستەکردنی ڕەخنەکانیان بەزمانێکی زبر، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، ڕووی دەمی کردە ئەو پەرلەمانتارانە و ڕایگەیاند ڕەخنە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بەشێك لە پەرلەمانتاران لە وتەکانیاندا ڕەچاوی ئەوە ناکەن بەرامبەر بە وەزیرێکی حکومەت قسە دەکەن. قالیباف ئاماژەی بەوە کرد، کە بەشێك لە دۆستەکانمان لە پەرلەمان تیشکیان خستەسەر هەندێك بابەت سەبارە

بە لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی، کە ئەوە زۆرباش ناکەوێتەوە، جەختی لەوەش کردەوە بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشە کە شایەنی ئەوە نییە لە لایەن پەرلەمانتارانەوە بەکاربهێندرێن، ئاخر چۆن دەبێت پەرلەمانتار بە کەسێك بڵێت درۆزن. یان نەفرەت لە کەسێك بکات، بۆیە من داوا لە هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم لە وتەکانیاندا ڕەچاوی ئەوە بکەن کە چۆن ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی وەزیر دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە داوای لێپرسینەوەیان لە وەزیر کرد زۆر بوون، بەڵام بەشێکی دیکەش لە پەرلەمانتاران، دژی ئەوە وەستانەوە کە وەزیر لێپرسینەوەی لێبکرێت و متمانەی لێبسەندرێتەوە، ئەو ئەندامانەی پەرلەمان پێیان وابوو ئەوەی کە ڕووبەڕووی وەزیر دەکرێتەوە زۆربەیان تۆمەتن و بەدرۆ خراونەتەوە.

سەید جەلیل میرمحەمەدی، یەکێك لەو پەرلەمانتارانەی دژبوو بە بڕیاری لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی، ڕایگەیاند بەشێك لە پەرلەمانتاران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باس لەوە دەکەن کە لە ڕابردوودا وەزیر، ٧٥ ئۆتۆمبیلی تایبەتی بەرزی داوە بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی لێپرسینەوەی لێ نەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو بابەتە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیشەوە بەدرۆ خراوەتەوە. میرمحەمەدی ئاماژەی بەوەش کرد کە چۆن دەبێت بە بێ بەڵگە کەسێك تۆمەتبار بکەین.

میرمحەمەدی بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزڕووی لە پەرلەمانتارانی ناڕازی کرد، وتی بڕیارە سەلاجە و موجەمیدە هەرزان بێت ئەگەر متمانە لە وەزیری پیشەسازی بسەندرێتەوە؟ محەمەدی ئاماژەی بەوە کرد کە وەزیر بە کۆمەڵێك بەڵگە و ئامارڕاستییەکانی خستەڕوو، بەڵام ئێمە دەڵێین نەخێروەزیردرۆ دەکات، ئێوە ئەگەرکێشەتان لەگەڵ خودی وەزیر هەیە، بۆچی ڕژێمی حوکم دەخەنە ژێرپرسیارەوە؟، محەمەدی داوای لە پەرلەمانتاران کرد با بە دەستی خۆیان پەرلەمان و پەرلەمانتاران نەخنە ژێرپرسیارەوە.

پەرلەمانتارێکی دیکە بەناوی میرتاجەدینی، پشتگیری لە وەزیری پیشەسازی کرد، ئەو لە وتەیەکیدا لەبەردەم پەرلەمانتارانی ناڕازی لە کارەکانی فاتمی ئاماژەی بەوە کرد، کە بۆچی لەماوەی کەمترلە شەش مانگ لێپرسینەوەی لێدەکرێت، ئەگەربە نۆرەش بێت، ئیترنۆرەی ئەوانی دیکەیە. بۆچی دەبێت پەرلەمانتاران بەو جۆرە ڕەفتارلەگەڵ دەوڵەتی شۆڕشگێڕدا بکەن (مەبەستی کابینەی ڕەئیسی بوو)، ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمەی پەرلەمانتاران واژۆمان کرد بۆ ئەوەی ڕەئیسی بێت و کابینەی حکومەتەکەی پێکبهێنێت. ئێمە هەموومان لە یەك کەشتیداین، جارێکی دیکە جەختی لە دەستپاکی وەزیری ناوبراو کردەوە، وتی هیچ کەسێك

گومانی لە دەستپاکی وەزیر نییە، ئیتر بۆ دەبێت بەو جۆرە تۆمەتباری بکەین.

سەید ڕەزا فاتمی ئەمین وەزیری پیشەسازی و کانزاکان و بازرگانی لە وەڵامی ئەو پەرلەمانتارانەی کە ڕەخنەیان لە کاروبارەکانی گرت، سەرنجی خستەسەر کۆمەڵێك دۆسیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کاری وەزارەتەکەی ئەووەوە هەبوو. سەبارەت بە گرانبوونی نرخی ئۆتۆمبیل ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئەویش ناڕازییە لە گرانی نرخی ئۆتۆمبیل، بەڵام هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لە چوارساڵی ڕابردوو بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل وەستابوو، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەربازاڕ، بەجۆرێك ئاستی خستنەڕووکەمتربوو لە خواست، بۆیە خەڵکانێك، توانیان سوود لەو جیاوازییە وەربگرن تا لە ڕێگەیەوە سوودێك بۆ خۆیان بەدەست بهێنن.

وەزیری پیشەسازی لەسەرەتای وەڵامی پەرلەمانتاراندا ئەوەی دووپاتکردەوە کە لێپرسینەوە لە وەزیرەکانی حکومەت مافێکی شەرعی پەرلەمانتارانە، بەڵام تیشکی خستەسەر ئەوەی کە کێن ئەوانەی کە سوود دەبینن لە لێپرسینەوە، دەبێت ئەندامانی پەرلەمان لە خۆیان بپرسن بۆچی کەسانێك هەن لە دەرەوەی پەرلەمان خۆشحاڵن بە لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی، دەبێت ئەندامانی پەرلەمان ئەوە لە خۆیان بپرسن بۆچی بەشێك لە پەرلەمانتاران بڕیاری دوولایەنە دەدەن، ئەوانەی بەو جۆرە کاردەکەن خیانەتکارن و دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. جارێکی دیکە جەختی لەوە کردەوە بەشێك لە پەرلەمانتاران پێیان وایە لێپرسینەوە لە وەزیر پەیوەندیدارە بە کێبڕکێی نێوان حکومەت و پەرلەمان، بەجۆرێك ئەوە وێنا دەکەن کە ئەگەروەزیر لێپرسینەوەی لێبکرێت، ئەوە پەرلەمان بردویەتییەوە و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەوە نەکرێت ئەوا حکومەت بردویەتییەوە، ئەوەشی بەکارێکی هەڵە ناوبرد.

فاتمی جەختی لەوە کردەوە کە ئەو چەندین جارئەوەی وتووە، کە پیشەسازی ئۆتۆمبیل لە ئێران لە بارودۆخێکی خراپدایە، ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوو هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل ڕانەگیرایە و بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل نەوەستایە، ئەوا ئێستا دووچاری ئەم کێشەیە نەدەبووین. بەشێکی دیکە لە کێشەی گرانی ئۆتۆمبیلی بەستەوە بە سزا ئابوورییەکانی سەر وڵاتەکەی کە ڕۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل.

سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل ئاماژەی بەوە کرد، لە ساڵی ٢٠٢١ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل لە سەدا سێ زیادی کرد، ئەوە لەکاتێکدایە لەساڵی ٢٠٢٢ ئەورێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ لەسەدا هەشت، ئەوە سەربای ئەو کێشە ئابوورییەی کە بەرۆکی وڵاتی گرتووە.

سەرۆککۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ پشتگیری کردن لە وەزیری پیشەسازی حکومەتەکەی سەردانی بینای پەرلەمانی وڵاتەکەی لە بەهارستان کرد، ڕەئیسی دوای ئەوەی گوێ بیستی دەنگی یارو نەیاری وەزیری پیشەسازی بوو، لە میانی بەشداریکردنی لە گفتووگۆکانی تایبەت بە لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی و کانزاکان و بازرگانی، سوپاسی ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتەکەی کرد، کە شێلگیرانە دەیانەوێت پارێزگاری لە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات بکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا پشتگیری لە فاتمی وەزیرپیشەسازی حکومەتەکەی کرد و ئاماژەی بەوە کرد، کە فاتمی یەکێکە لە وەزیرە هەرەباشەکانی کابینەکەی، کە زۆر دژی گەندەڵییە، ئەوەش یەکێکە لەو سیفەتانەی کە وەزیری پیشەسازی پێ دەناسرێتەوە. ئەو باسی لە ڕێکارەکانی وەزیر کرد سەبارەت بە شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و کاری مافیایی و قاچاخچێتی، سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆمبێلی بەرز بە ئەندامانی پەرلەمان وەك بەرتیل ڕەئیس ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە و ئاماژەی بەوە کرد لیژنەی لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان.

دوای مشتومڕێکی زۆری پەرلەمانتاران و وەڵامی وەزیر بۆ ئەو تۆمەتانەی کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی کران، لەکۆتایی دانیشتنەکەدا، مانەوەی وەزیر یان لێسەندنەوەی متمانە لێی، خرایە دەنگدانەوە، لە کۆی ٢٧٢ ئەندام پەرلەمان، ١٦٢ ئەندام دەنگیاندا بە لیسەندنەوەی متمانە، لە بەرامبەریشدا ١٠٢ ئەندام لەگەڵ مانەوەی بوون لە پۆستی وەزیری پیشەسازی، شایەنی باسە دوو ئەندام بەشداریان لە دەنگدانەکەدا نەکردوو شەش ئەندامیش کارتەکەیان پووچەڵ کردەوە. بەو شێوەیەش وەزیری پیشەسازی لە لایەن ئەندامانی دەورەی یانزەیەمینی پەرلەمانی ئێرانەوە متمانەی لێسەندرایەوە.

عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆرشی ئیسلامیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ئایاری ٢٠٢٣, لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتەکەی، سەرباری هاندانیان بە ئاڕاستەی کارکردن لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی ئێران و دەستخۆشی لێکردنیان لەسەر ئەو کارانەی کە لە کۆتا ساڵی تەمەنی پەرلەمانیان ئەنجامی دەدەن. هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە نابێت کارەکانیان بەو ئاڕاستەیە بێت کە بیانەوێت تەنها دڵی هاونیشتیمانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەنگیان پێبدەنەوە و بیانکەنەوە بە ئەندامی پەرلەمان. ئەووتانەی خامنەیی لەکاتێکدایە بەشێك لە ئاژانسەکانی هەواڵ دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ئەندامانی پەرلەمانی ئێران ئەوکارانەی کە لە ئێستادا ئەنجامی دەدەن، بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە دەنگی دەنگدەرەکانیان بەدەست بهێننەوە، سەبارەت بە سەندنەوەی

متمانە لە وەزیری پیشەسازی، لایەنگرانی وەزیر جەختیان لەوە کردەوە کە ئەو ئەندامانەی دەنگیانداوە بە سەندنەوەی متمانە لە وەزیر، بۆ خۆ دەرخستن بووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە متمانەی دەنگدەرەکانیان بەدەست بهێننەوە، چونکە بە هۆکاری گرانی نرخی ئۆتۆمبیل و کەمتوانایی هاووڵاتیان بۆ کڕین، دەیانەوێت ئەو هەلە بقۆزنەوە تا لەڕێگەیەوە جارێکی دیکە بینەوە بە ئەندامی پەرلەمان، چونکە ماوەیەکی کەمی ماوە دەورەی یازدەهەمی پەرلەمان کۆتایی پێدێت، ئێران دەچێتە قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، بۆیە ئەو ئەندامانەی پەرلەمان لە ئێستاوە لە هەولی ئەوەدان جارێکی دیکە کورسییەکانیان بەدەست بهێننەوە.

## سەرچاوەکان


– دلایل گران شدن محصولات ایران خودرو و سایپا، لەماڵپەڕی https://z٤car.com/iran-news.
– خامنەای در دیدار با نمایندگان مجلی: علاقە مندی و ڕای مردم ڕا از ذهنتان دور کنید، لەماڵپەڕی www.independentpersian.com.
– مسؤولیت فاطمی‌امین در وزارت صمت بە پایان ڕسید/ مخالفان و موافقان استیضاح وزیر چە گفتند؟، لەماڵپەڕی https://www.farsnews.ir/news.
– مخالفان و موافقان وزیر صمت در صحن علنی مجلس چە گفتند؟، لە ماڵپەڕی https://www.pana.ir/news.
– فرشتە فریادرس، شکست لابی‌ها، موافقان ومخالفان استیضاح چە گفتند؟، لە ماڵپەڕی https://www.taadolnewspaper.ir/.
– پایان کار فاطمی‌امین در وزارت صمت استیضاح وزیر رأی آورد، لەماڵپەڕی https://kayhan.ir/fa/news.
– موافقان استیضاح وزیر صمت چە گفتند؟، لەماڵپەڕی https://www.irna.ir/news.
– پایان کار فاطمی امین در وزارت صمت/ نمایندگان مجلس بە وزیر صمت ڕای اعتماد ندادند، لەماڵپەڕی https://www.rokna.net/.
– مسؤولیت فاطمی‌امین در وزارت صمت بە پایان ڕسید/ مخالفان و موافقان استیضاح وزیر چە گفتند؟، لەماڵپەڕی https://www.ghatreh.com/news .
– فاطمی امین ازوزارت صمت ڕفت / نمایندگان با استیضاح موافقت کردند، لەماڵپەڕی https://www.iscanews.ir/news.
– کارت قرمز مجلس بە فاطمی امین/ صمت در انتظار وزیر بعدی، لەماڵپەڕی https://www.mehrnews.com/news.
– «مجلس» تعارف با «دولت» ڕا کنار گذاشت!، لەماڵپەڕی https://aftabeyazd.ir/.
– آلودگی و فساد خودرویی در وزارت صمت و تلاش‌های آخر وزیر برای ماندن | فاطمی امین دست بە افشاگری زد + تصاویر و ویدئو، لەماڵپەڕی https://www.arshehonline.com/.

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# هەژموونگەرایی ئێران و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان[١]

شێرکۆ کرمانج - سەردار عەزیز
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی



1. Iran's regional hegemony and Kurdish independence, BySardar Aziz, Sherko Kirmanj , Book Federalism, Secession, and International Recognition Regime Edition1st Edition First Published2018 Imprint, Routledge Pages18 eBook ISBN9780429448423 (Iran's regional hegemony and Kurdish independence | 9 | Federalism, Se (taylorfrancis.com) : ناونیشـانی توێژینەوەکە بـە زمانی ئینگلیزی

## بەرایی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو پێشهات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوون، ئەوانیش دەرکەوتنی ئێران وەک زلهێزێک لە ناوچەکە بوو لەگەڵ هەوڵە سەربەخۆیخوازییەکانی کوردانی عێراق، کە هەردووکیان فرەڕەهەند و ئاڵۆزن. لە زۆر ئاستدا پەیوەندییان پێکەوە هەیە. ئەم بابەتە باس لە گرنگی و کاریگەرییەکانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) لەسەر خواستە هەژموونگەراییەکانی ئێران دەکات، بە پێچەوانەشەوە. هەروەها تاوتوێی هۆکارە سەرەکییەکانی پێکدادانی پلانی سەربەخۆیی کورد لەگەڵ هەڵوێستی هەژموونگەرایی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. لە پاڵ ئەمانە، هەوڵدەدرێت بە وردی سەرنج بدرێتە پاڵنەرەکانی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا.

سەرهەڵدانی هێزێکی هەرێمی یەکێکە لە نۆرمەکانی دوای شەڕی سارد. ئەم دیاردە نوێیە زیاتر کاتێک دەردەکەوێت کە «تواناکانی ئەمریکا [وردە وردە] سنووردار دەبن»(Beck 2014: 1). هەژموون یان دەسەڵاتی هەرێمایەتی ئێران هێشتا بەتەواوی جێگیر نەبووە، بەهەمانشێوە هێشتا سەربەخۆیی کورد بەدی نەهاتووە. بەمجۆرە هەژموونی ئێران و هەوڵی سەربەخۆیی کورد لە باشووری کوردستان، کوردستانی عێراق (لێرە بەدواوە کوردستان)، هەردووکیان لە پرۆسەی گەشە و نەشونمادان. وەک ڕیچارد هاس (Hass 2013: 66) دەڵێت سیستەمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە نامێنێت، بەڵام گواستنەوەش هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دایە. لە قۆناغی گواستنەوە، ژینگەیەک و بۆشاییەک بۆ ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان هاتۆتە ئاراوە کە لە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیاندان بەسەر ناوچەکەدا . لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە ماهیەتی هێزی هەرێمی دیاری بکرێت، چونکە زەحمەتە هێزە هەرێمییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا لە ژێر یەک پۆلێندا دابنرێن یان هەمان پێناسە بیانگرێتەوە. وەک دێتلێف نۆڵت (بڕوانە: Beck 2014: 1) دەڵێت: کەیسەکە ئەوەیە کە «هێزە هەرێمییەکان بەچڕی پشت بە تواناکانی هێزی نەرم دەبەستن»، لەبەرئەو ئەمە دۆخێکی پەیڕەوکراو نەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوچەکە شاهیدی بەرجەستەبوونی ئەو قۆناغەیە، ئەویش لە دۆخی ئێراندا دەردەکەوێت کە بە ڕوونی لە کردنەوەی «لقەکانی زانکۆی ئازادی ئیسلامیی لە چەند وڵاتێک، لەوانە سووریا و عێراق و لوبنان» دا دیارە (Majidyar 2018).

ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە هەڵوێستی مێژوویی ئیمپریالی ئێران و دژایەتیکردنی و ڕکابەری لەگەڵ زلهێزە هەرێمیی و جیهانییەکان، هێندەی دیکە بەنزین بە خواستە هەژموونگەراییەکانی ئێراندا دەکات و لەگەڵ خواستە سەربەخۆییخوازییەکانی کوردیش بەریەک دەکەون. ئەم هەڵوێستەی ئێران، کاتێک دێتەسەر باسی مامەڵە لەگەڵ کورد، بەهۆی بوونی ملیۆنان کورد لە ئێراندا لەلایەک و ڕاستەوخۆ پەیوەستبوونیان بە کوردەکانی عێراقەوە لەلایەکی دیکەوە نەک تەنها لە ڕووی جوگرافییەوە بەڵکو لە ڕووی کلتووری و مێژوویی و یادەوەری هاوبەشەوە لەلایەکی دیکەوە، هەمووی بەسەریەکەوە ترسێکی پان-کوردیان لە ئێران و ناوچەکەدا خولقاندووە. جگە لەوەش، کردەوە سەربەخۆیخوازییەکانی کوردەکان لە گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکان و هەڵسوکەوتە کلتوری و سیاسییەکانی کوردەکان بەگشتی وەک هەڕەشەی ئەمنی لەلایەن ئێرانەوە سەیردەکرێن. خۆگیفکردنەوەی هەژموونگەراییانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوانی دیکە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەوروبەری هەژموونگەرەکە دان، پێویستە زاڵبوونی دەسەڵاتی هەژموونگەرەکە قبووڵ بکەن و بەرژەوەندی ئاغاکەیان پێش بەرژەوەندی خۆیان بخەن و بپارێزن. بۆنموونە، ئەگەرئێران پێی خۆش نەبێت پەیوەندیەکی باش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا هەبێت، ئەوا لە تێگەیشتنی ئێرانی هەژموونگەردا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی لەو شێوەیە خۆی بەدوور بگرێت.

بەدەر لە کار و کردارەکانیان، هەردوو لایەن، ئێران و کوردستان، لێکچوونی زۆر هەیە لە پاڵنەرەکانی پشت ڕەفتارەکانیاندا، ئەوەی لە پشت هەوڵەکانی ئێرانەوەیە ئەو بەرجەستەکردنی هەژموونگەراییە، ئەوەش لە پشت هەوڵەکانی کوردەکانەوەیە ئەوە گەیشتنە بە سەربەخۆیی. هاوکات، نیگەرانی هەردوولایەن لە گۆڕانکارییە ئەمنیی و سنوورییەکانە. لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩وە، ئێران گۆشەگیر کراوە، کەچی هێشتا خۆی بە هێزێکی هەرێمایەتیی دەزانێت و دەیەوێت ڕۆڵێکی بڕیاردەر ببینێت لە دارشتنی سیاسەت و ئابووری ناوچەکەدا و لەلایەن هێزە هەرێمییەکانی دیکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبووڵ بکرێت. ئامانجی ئێران لە بوون بە زلهێزێکی هەرێمیی و هەبوونی کورسییەک لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ناوچەکە، بۆ ئێرانییەکان «پێویستییەکی ستراتیجییە» (Parsi 2007: 4)، نەک تەنیا خەونێکی ڕژێمەکەی ئێستا. دوایین شای ئێران، محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی (١٩٤١-١٩٧٩) «هەوڵی سەروەریی لە کەنداوی فارس و بەشێک لە ناوچەکانی زەریای هیندی دا، بە هیوای ئەوەی ئێران بکاتە ژاپۆنی ڕۆژئاوای ئاسیا، کەچی حکومەتی خومەینی

لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا بەدوای سەرکردایەتیدا دەگەڕێت» (Parsi 2007: 4).

بەهەرحاڵ، لە کاتێکدا خەونی مەزن بوون هەمیشەییە، شێوازو ئامرازەکانی جیاوازن. بۆ نموونە، سوپایەکی بەهێزو هاوپەیمانی ستراتیجی لەگەڵ ئەمریکا ئامرازگەلی سەرەکی بوون بۆبەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمایەتی لەسەردەمی شادا. لەبەرامبەردا ئایەتوڵڵاکان زۆر پشتیان بە «ئیسلامیی سیاسی و پەرۆشی ئایدۆلۆژی بۆ زاڵبوون بەسەر دابەشبوونی عەرەب و فارس و لاوازکردنی ئەو حکومەتە عەرەبیانەی کە دژی خواستەکانی ئێران بوون» دەبەست (Parsi 2007: 4). ئێرانییەکان پێیانوایە کە وڵاتەکەیان هەموو پێکهاتەکانی هێزێکی هەرێمیی هەیە کەچی تەواوی جیهان دوژمنایەتی بەدیهێنانی ئەم خەونەیان دەکات. لە ڕاستیدا هەوڵدان بۆ «سەروەریی هەرێمیی بۆ ئێران بە درێژایی مێژووی سێ هەزارساڵەیان نۆرم بووە نەک حاڵەت یان دۆخێکی کاتیی» (Parsi 2007: 39). نەتوانین یان ڕێگریکردن لە گێڕانی ئەو ڕۆڵە، ناوەڕۆکی گوتاری خۆبەمەزڵومزانینی ئێرانییەکانە.

بەهەمان شێوە بۆکوردەکانیش، سەربەخۆیی وەک دانپێدانان و خۆبەڕێوەبەریی و توانای چێژوەرگرتن و بەرەوپێشبردنی شوناسی کورد و گەیشتن بە سەروەریی دەبینرێت. بۆ هەموو کوردێک سەربەخۆیی پرسێکی ئاڵۆزە. لە ناوەڕۆکدا، پرسی بوونە لە جیهاندا وەک کوردێک، وەک مرۆڤێک. لێرەوە هەم ئێران و هەم کوردستان هەوڵدەدەن بەشێک بن لە ناوچەیەک و ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە لە کردارو بڕیارەکانیاندا سەروەربن. بەڵام ئەم ئامانجانە بە توندی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دژایەتی دەکرێت. نەزمی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنوورەکانی دەڤەرەکە بەشێوەیەک داڕێژراون کە نابێت، باشتربڵێین ناهێڵن، کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ ببینرێت. لەم دیدەوە، دوای دابەشکردنی کوردەکان بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازدا (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا) لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، کوردەکان دەبوو خۆیان لە ناوئەووڵاتانەدا نقوم بکەن وون بن.

ئەوپرسیارەی لەم بابەتەدا ورووژێنراوە ئەوەیە، داخۆئەم چارەنووسە هاوبەشە، بۆئێران و کوردستان ناکاتە هاوپەیمان؟ یان بۆچی ئێران دژی هەمان ئامانجی کوردەکانە؟ ئامانجی ئەم بابەتە هەڵسەنگاندنی هەوڵەکانی کوردەکان و ئێرانییەکان نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە بۆچی ئێران و کوردستان، لە کاتێکدا ئاڵنگاری هاوشێوەیان هەیە، کەچی دژی یەکدین. لەئاکامدا، هەم ئێران و هەم کوردستان نوقمی هەستی نائارامی و گۆشەگیری لە ناوچەکەدا بوون و ناتوانن بەو شێوەیەی کە خوازیارن پەیوەندی بە دەوروبەری خۆیان و جیهانەوە بکەن.

بەسەیرکردن لە چاویلکەکانی تیۆری ئاڵۆزیی ئاسایشی هەرێمیی (Regional Security Complex Theory (RSCT))، وادەردەکەوێت کە هەم ئێران هەم کوردستان لە ئاستی هەرێمیی و نێوەدەوڵەتیدا ڕەتکراونەتەوە، ئەم نکوڵیکردنە بە توندی ڕەفتاری هەردوولایان دادەڕێژێت. لەبەرئەوە، ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر «ئاستی هەرێمیی وەک ئاستێکی گونجاو بۆ شیکاری ئاسایشی پراکتیکی» نەک دوو ئاستە باوەکەی شیکاریی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە شیکاری ئاسایش لەسەر ئاستی نیشتیمانی و جیهانیدایە (Buzan and Weaver 2003: 43). ئامرازێکی دیکە کە دەتوانرێت لە تیۆری ئاڵۆزیی ئاسایشی هەرێمییدا بەکاربهێنرێت سروشتی ئاسایشی «پەیوەندیدارە»، چونکە وەک بۆزان و ویڤە دەڵێن «ئاسایشی هیچ دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک تەنیا بەخۆی دابین ناکرێت. پەیوەندییە وابەستەییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئەم دەڤەرە و جیهان هاوکات وابەستەیی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لەبەرچاوگیراون. لەپاڵ ئەمانەوە، تیۆری ئاڵۆزیی ئاسایشی هەرێمیی (RSCT) لە تیۆرەکانی دیکە واقیعیترە لە بەستنەوەی نیگەرانییەکانی ئاسایشی هەرێمیی و جیهانی. بە واتایەکی دیکە، «ئاستی هەرێمیی ئەو شوێنەیە کە ئاسایشی نیشتیمانیی و جیهانیی کارلێک دەکەن و زۆربەی کردارەکانیش لەوێ ڕوودەدەن» (Buzan and Weaver 2003: 43).

لە کەیسی ئێران و کوردستاندا، بواری ناوچەیی فەزایەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دەرکەوتن و کاریگەری دانان لەسەر جیهان. ئێران ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیە، بەڵام ئێران پێیوایە کە کوردەکان لەڕێی هەڵوێست و کردارەکانیانەوە دەیانەوێت ناوچەکە بگۆڕن. ئەم گۆڕانکارییە لەلایەن زلهێزە هەرێمایەتیی و جیهانییەکانەوە بەشێوەی جیاواز دەبینرێن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. لێرەدا پێویستە جەخت لەوە بکرێت کە کوردەکان بە پێچەوانەی ئێرانییەکانەوە، لەڕێی گوتار و کردارەکانیانەوە، هیچ خواستێکیان بۆ گۆڕینی ناوچەکە نییە. ئەم سەرنجنەدانەی کوردەکان لەسەر دەرەنجامی کارەکانیان وایلێکردوون بە هەڵەدا بچن لەسەر کاردانەوەی ئەوانی دیکە بەتایبەتی زلهێزە هەرێمایەتییەکان بەرامبەر کارەکانیان، بەتایبەتی ئێران و تورکیا.

ئێران وەک کیانێک کێشەی بوون بە دەوڵەت-نەتەوەی هەیە؛ ئەمە خۆی هۆکارێکە، ڕێک وەک ئەوەی کە وەک دۆخە کیسنجەرییەکە ناسراوە (Graubard 2008). ئەم دۆزە چەندین ڕووی هەیە: مەزهەبیی و نەتەوەیی و ئیمپریالی. بەڵام کوردستان نەک کێشەی بوون بە دەوڵەت-نەتەوەی هەیە بەڵکو نەتەوەیەکە کە کێشەی نەبوونی دەوڵەتی هەیە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، هەستی نائەمنیەتی ئێرانی و نائەمنیەتی کوردی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی

هەیە، کە هەریەکێکیان بە پێی توانا و تێگەیشتنی خۆی هەوڵدەدات ڕووبەڕووی بێتەوە. بە واتایەکی دیکە، نە ئێران و نە کوردستان بە دۆخی ئێستایان ڕازی نین و دڵخۆش نین. هەر هەوڵێک لەلایەن ئێرانەوە بۆ بوون بە شتێکی گەورەتر لە دەوڵەت-نەتەوە (بۆ نموونە: هێزێکی هەرێمیی) یان لەلایەن کوردستانەوە بۆ بوون بە دەوڵەت-نەتەوە، پەیوەندییەکانی نێوانیان دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر جیۆپۆلەتیکی هەرێمایەتی دەبێت. هەوڵەکانی ئێران لەلایەن لایەنەکانی دیکەوە وەک هەوڵێک بۆ هەژموونگەرایی لێکدەدرێتەوە. ئەوە لەکاتێکدایە، ئێران ئامانجەکەی وەک «هەوڵی دروستکردنی «ناوچەیەکی بەهێز» وێنا دەکات، نەک بەدوای هەژموونگەراییدا بێت» (Zarif 2018).

بەپێی ئەم لۆژیکە و تێگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەگەر وەک دەوڵەت بەهێز نەبیت، ئەوا سەلامەت و پارێزراو نابێت. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ لاوازکردنی پێگەی دەوڵەتی ئێران لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەرەنگاری دەکرێت. بەکورتی، ئێران هەست بە نائەمنیەتی و لاوازی و قبوڵ نەکراوی خۆی دەکات. بەهەمانشێوەش، کورد، لە بێدەوڵەتیدا، هەست بە نائەمنی و لاوازی خۆی دەکات. لێرەوە، بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، ئێران هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا دەدات، چ بە ئاشتی چ بە هێز. لەبەرئەمانە، کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن ئێرانەوە وەک تەحەددایەک بۆ هەژموونی خۆی دەبینێت کە دروستبوونی ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا. ئەمەش وادەکات کوردستان و ئێران، تەنانەت ئیسرائیلیش، جۆرە قەوارەیەک بن، دەوڵەتگەلێک بن، کە نەتوانن ببنە بەشێک لە سیستەمی ئاڵۆزی ئاسایشی هەرێمیی دەوروبەریان (RSCs) بەڵکو وەک دابڕاو ماونەتەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کوردستان و ئیسرائیل وەک دوو دابڕاو «پشتیوانی» یەکدی دەکەن، لانیکەم دژی یەکدی ناوەستن، لەکاتێکدا ئێران جیایە. ئێران بە پێچەوانەی ئیسرائیلەوە خۆی وەک دابڕاو و جیاکەرەوە نابینێت، ئەمەش بەهۆی پەیوەندییە چڕوپڕەکانیەتی بە خەڵکان و دەوڵەتانی ناوچەکەوە کە بە پلەی یەکەم لەڕێگەی هاومەزهەبیی شیعەیەوەیە. لەم ڕووەوە، ئێران پێچەوانەی ئیسرائیل، لە بری ئەوەی بچێتە پەڕگە و پەراوێز لە دڵی ناوچەکە نزیکدەبێتەوە تاوەکو دووبارە بەو شێوەیە دابڕێژێتەوە کە خۆی دەیەوێت و خواستیەتی (Alpher 2015).

لێرەدا پرسی کات دێتەگۆڕێ، ئەگەر ڕیفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لەلایەک و سەپاندنی هەژموونی ئێران لەلایەکی دیکە دوو هەوڵ بوون بۆ گۆڕینی ناوچەکە، ئەوا

هەڵکەوتی، واتە کاتی، ئەم دوو خەون و ئامانجە تەواو دژبە یەکدی بوون، زیاتریش لە هەرسات و قۆناغێکی دیکە. ڕیفراندۆم لەکاتێکدا ئەنجامدرا کە ئێران ئاهەنگی گەیشتن بە ئامانجەکەی دەگێڕا، کە هەژموونگەرایی بوو بە سەرشام و میزۆپۆتامیا و یەمەن، ئەویش لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی حکومەتە شیعە باڵادەستەکان لە عێراق و سووریا و یەمەن، هەروەها بریکارەکانی لە لوبناندا. لەبەرامبەردا، بۆ کورد، سەربەخۆیی تەنیا کاتێک گونجاو دەبێت کە درزێك لە ڕێکخستنی دۆخی ناوچەکەدا هەبێت، کە ئێران خۆی بە پارێزەری دەزانێت، لانیکەم دوای شکستی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) لە عێراق و سووریا، ئەمەش هێندەی دیکە بەریەکەوتنی ئەم دوو دید و کردارەی لێکەوتەوە

بەم پێیە، ئەوەی بەدیدەکرێت پەیوەندییەکی تراژیدییە لە نێوان هەوڵە هەژموونگەراییەکانی ئێران و هەوڵەکانی سەربەخۆیی کوردستان. کاتی گونجاو بۆ جیابوونەوەی کورد لە عێراقی فیدراڵ کاتێکە کە ئەوانی دیکە بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز بن یان لە قەیراندا بن. بەپێچەوانەوە پرۆسەی هەژموونگەرایی ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە شێوازی کۆنی کۆڵۆنیالیزم دەبەستێت کە خۆی لە گردکردنەوە و دانانی نوخبەگەلێکی دڵسۆز بۆ ئێران لە ناوخۆ دەبینێتەوە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ حوکم بەدەستن. لەم جەرەیانەدا سەربەخۆیی کوردستان لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە بەربەستێک بۆ پرۆژە هەژموونگەراییەکەی ئێران دروستدەکات. پرۆژەی ئێران و هەوڵی سەربەخۆیی کوردستان هاوکات بوون لەگەڵ ساتێکی دیاریکراو لە دۆخی سیاسی عێراق کە دەکرێت وەک ساتەوەختی پچڕان لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا ناوزەد بکرێت، کە پچڕان بوو لە حوکمی سوونەوە بۆ حوکمی شیعە. حوکمی شیعە بەردی بناغەی سەرەکی پرۆژەی هەژموونگەرایی ئێرانە. بۆیە ڕیفراندۆمی کوردستان، بە ئیزافەی ڕەهەندە نەتەوەیی و جیۆسیاسییەکەی ڕەهەندێکی مەزهەبیشی هەبوو بۆ ئێرانییەکان.

لەگەڵ دەسپێکی قۆناغی باڵادەستی شیعە لە عێراق، سوونەکانی عێراق هەم دابەشبوون هەمیش پەراوێزخران، بەپێچەوانەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی باڵادەستی شیعەکان لە عێراقدا کورد یەکگرتوو و بەهێزبوو. ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ لاوازیی حکومەتی ناوەند و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کوردەکانی عێراق دەگەڕایەوە. پەیوەندی نێوان ناوەند (حکومەتی فیدراڵ) و هەرێم (حکومەتی هەرێمی کوردستان) سەرەڕای بنەمای دەستوریی، لەسەر بنەمای یاسای هێزبوو نەک هێزی یاسا، ئەمەش بە زەقی لە ڕووداوەکانی دەیەی ڕابردووی مێژووی عێراق دەردەکەوێت. ئەم پەیوەندییە ئاشوبییە (anarchic)، هاوشێوەی پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکان، ناوەند و پاشکۆکەی بەوە پێناسە دەکات کە وا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وەک ئەوەی هاوسەنگی لە پەیوەندی هێزەوەیە نەک پەیوەندییەکی دەستوریی ڕێکخراو لەنێوان ناوەند و قەراغەکانی. ئەمەش بە دەقیقی لە ساتەوەختی ڕیفراندۆمدا دەرکەوت کە ناوەند گەڕایەوە بۆگوتاری ناوەندگەرایی نەک فیدراڵی. ئەمەش بە وردی لە هەموو ئەو بودجانە دەردەکەوێت کە لە دوای ڕیفراندۆمەوە پەسەندکراون کە بڕە بەشە بودجەی هەرێم پەڕوباڵی دەکرێت.

بەپشتبەستن بە تیۆری RSCT، ئێران هەنگاوەکانی سەربەخۆیی کوردستانی وەک هەوڵێک بۆبە ئاشووبکردنی زیاتری ناوچەکە دەبینێت، ئەویش بە زیادکردنی قەوارەیەکی سیاسی دیکە و لەم ڕێگەیەشەوە، یەکەم: دابەشکردنی عێراق کە کایە و بەردەبازێکی سەرەکی هەژموونی ئێرانە؛ دووەم: دروستکردنی جەمسەری زیاتر لە ناو کایە و قەڵەمڕەوی ئێراندا؛ سێیەم: چونکە کوردستانێکی سەربەخۆبۆ ئێران نەک تەنیا هەڵگری ناوی وڵاتێکی دراوسێیە بەڵکو ئەگەری ئەوەی هەیە کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی ئێران لە ڕووی مەزهەبی و نەتەوەییە دەبێت، لەوەش ترسناکتر، لە ڕووی کولتوورییەوە، جگە لەوەی دەکرێت ببێتە بەشێک، یان پێگەیەک، بۆ دەسەڵاتی ڕکابەرە هەرێمایەتییەکانی ئێران کە ئەمریکا و ئیسرائیلن (بڕوانە بڕگەکانی دواتر).

هەوڵی ڕیفراندۆم دیمەنەکەی گۆڕی و زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی عێراقێکی بەهێز و کوردستانێکی لاواز ئامادەکرد. ڕیفراندۆم بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی تێگەیشتنەکانی هێزە هەرێمایەتییەکان (وەک، ئێران و تورکیا) بکەن لەبەرامبەر کورد بەتایبەتی لە پەیوەند بە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق. نوخبە سیاسییەکانی کورد بە ڕوونی لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەدا هۆشداریان لەلایەن زۆرکەس و لایەنەوە پێدرا، بەڵام سیاسەتی کەلەڕەقی و تاکڕەویانەی بەشێکی بچوک، بەڵام کاریگەر، لە نوخبەی سیاسی کورد، شکستی هێنا لە هەڵسەنگاندنی مەترسییەکاندا.

سەرەڕای ڕەوایی و پاساوە مێژوویی و ئەخلاقی و ئەمنییەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەوڵی ڕیفراندۆم بەرهەمی پێچەوانەی هەبوو و لە ئەنجامدا ئامانجی سەربەخۆیی نەک بەدینەهێنا بەڵکو دواتری خست. ئەمەش بەشێکی بەهۆی دژایەتی توندی ئێران بوو بۆ خواستەکانی کورد. وەک داڕێژەرانی سیاسەتی هەرێمایەتی ئێران بە نهێنی ڕایانگەیاندووە، هەرێمێکی کوردستانی بەهێز لەناو عێراقدا بەبێ ڕیفراندۆم و بە گڵۆپی سەوزی ئێران مومکین بوو، مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ئەمەی لە

بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لە ٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ دا ئاشکرا کرد.

زانیاری و تێگەیشتنەکانمان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێرانییەکان دژایەتی کوردستانێکی بەهێزیان بەهێزتریان لەناوخۆی عێراقدا نەدەکرد، بەڵام وەک هۆشدارییان دا، لەبەرئەوەی نیگەرانییەکانیان لەبەرچاو نەگیران بۆیە بە پێچەوانەوە مامەڵەیان کرد. ئۆفەری ئێران و ڕەتکردنەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە پێشینەی لە مێژووی ناوچەکەدا هەیە و دەبوایە سەرکردایەتی کورد هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەوە کردبا کە کاردانەوەی ئێرانی بەدوادا دێت. لە ڕۆژانی سەرەتای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣ دا، ئێران هەستی بە مەترسی کرد و پێشنیاری دانووستانی لەگەڵ ئەمریکا کرد. بە گوێرەی پارسی (Parsi 2017: 49) پێشنیارەکە ناماقووڵ بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئێرانییەکان ترسیان لێنیشتبوو ئامادەبوون بۆ ئەوەی هەموو شتێک بخەنە سەر مێزی دانووستان. ئەمریکییەکان ئەو پێشنیارەیان ڕەتکردەوە، ئێرانییەکانیش هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لە هەوڵدان بۆڕاستکردنەوەی باڵانسی هێز، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە ئەمریکا ناچاربوو بەبێ هیچ دەستکەوتێک و دوای زیانێکی زۆری سیاسی و ئابووری و سەربازی عێراق بەجێبهێڵێت. بەهەمان شێوە نوخبەی سیاسی کورد لە عێراق پێشنیاری ئێرانیان بە جددی وەرنەگرت و هەڕەشەکانی ئێرانیان پشتگوێ خست، لەمەشدا تواناکانی ئێرانیان بەهەڵە خەمڵاند.

ڕەنگە هەندێک وایببینن کە ئێران پەیڕەولە عەقیدە وڕێبازێکی ئاسایشی بەرگریی بکات (Tabatabai 2017) کەچی لەڕاستیدا ئێران بە پلەی یەکەم بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی «پەیڕەوی سیاسەتی کاردانەوە و خۆگونجاندن دەکات نەک دروستکردن و داڕشتنی» سیاسەتی نوێ (Tabatabai 2017). بەوردی بڵێین، بەرهەمەکانی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێران هەوڵدانە بۆ لەدەستنەدانی هەڵەکانی ئەوانی دیکە. لە ڕیفراندۆمدا، ئێران هەلی هەڵەی سەرکردایەتی کوردستانی باش قۆستەوە وکوردستانی کرد بە پاشکۆیەکی لاواز و عێراقیشی بەهێز و سێنتراڵ کرد.

بۆ لێکدانەوەی جووڵە و خواستەکانی ئێران، پێویستە بیر لە چەند فاکتەرێک بکرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم چەند گریمانەیە ڕوونتربکەینەوە کە تا ئێستا خراونەتەڕوو. لەم فاکتەرانە:

یەکەم: ئێران ڕۆڵ و کاریگەرییەکی کەم و سنووورداری لە ئاستی جیهاندا هەیە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە، ئێران تەرکیزی خستۆتەسەر سیاسەت و هەوڵەکانی لە ناوچەکەدا. ئەمەش، وەک ئاماژەی پێکرا، بۆ ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی و قورسایی لە سیاسەتی جیهانیدا هەبێت. ئەمەش وادەکات کە سیاسەتی هەرێمایەتی لە ئەولەویاتی کار و ئامانجەکانی ئێراندا بێت.

دووەم: دارمانی یەکێتیی سۆڤیەت و هاتنی ئەمریکییەکان بۆ ناوچەکە، هەم هەڕەشە و هەم دەرفەتی بە ئێرانییەکان بەخشی کە ببنە یاریزانێکی هەرێمایەتی لە پێناو بەرگریکردن لە ڕژێمەکەیان.

**سێیەم**: مەعریفە و مرونەت لەلای ئێرانییەکانەوە و نەشارەزایی و نەزانی و بێئۆقرەیی لەلایەن زلهێزە ڕۆژئاواییەکانەوە، بە سوودی ئێرانییەکان گەڕایەوە کە لە قانجی خۆیان لە گەمە سیاسییەکانیان بەکاریانهێنا. بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی ڕوون و ئاشکراتر بیخەینەڕوو، بەشێوازێکی دیکە دەریدەبڕین. بەکورتی، ئێرانی ئیسلامی، لەگەڵ هاتنەسەر حوکمی بەگشتی ولەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام لە عێراق بەتایبەتی، وا هەستی دەکرد کە ئەو هیچ پێگە و شوێنێکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نییە، یان نەماوە. لێرە مەبەستمان جیهانی پاش شەڕی سارد و پاش داگیرکردنی عێراقە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەتایبەتی، جیهانێک کە نیزام و گەمە جیهانیی و هەرێمییەکان بە قازانجی ئەمریکا گۆڕان و ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدوای خۆیدا هێنا. ئێران سەرەتا ترس دایگرتبوو بەڵام دواتر هەوڵی بەدەستهێنانی زەمینەی دەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی هەم هێزی نەرم هەم هێزی ڕەق. وڵاتێک لەو نێوەدا ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی لە بەدیهێنانی ئەم حەزو ئامانج و خواستە گەورەیەی ئێران، ئەوی عێراق بوو، بەڵام عێراق ئەو خاکەیە، ئەو جوگرافیایەیە، کە لە ٢٠٠٣وە کورد هەوڵی تێکشکاندن و هەڵوەشانەوەی دەدات. ئێرانییەکان چۆن ئەم خواستەی کورد دەبینن لە بەرامبەر خواستەکانیاندا ئەوا لە بڕگەکانی خوارەوەدا تاوتوێ دەکرێن.

## خواستەکانی سەروەریی کوردستان

عێراق لە ١٩٢١دا لەلایەن بەریتانییەکانەوە دروستکرا. لە ١٩٢٦، بەهاوکاری بەریتانییەکان، عێراق بەفەرمی ویلایەتی موسڵی عوسمانی کە زۆرینە کورد بوو خستە سەرخۆی. گەلی کورد ئەم لکاندنەی بە دەوڵەتی عێراقی تازە-دامەزراو بەخیانەتی زلهێزەکان لەقەڵەمدا، چونکە پەیماننامەی سیڤەر لە ١٩٢٠، کە شەش ساڵ پێشتر واژۆکرابوو، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کردبوو. هەستی خیانەت و سیاسەتی پەراوێزخستن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بووە هۆی ڕاپەڕینی بەردەوام لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە. چیرۆکی پشت لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراق چیرۆکێکە کە هەندێک پێیانوایە پەیوەندی بە هاوسەنگکردنی قورسایی سوونەو شیعەکانە لەو دەوڵەتە نوێیەدا هەیە. هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ ترس لە هاتنەخوارەوەی سۆڤیەت و دروستکردنی

هەڕەشە لەسەرعێراق، بەواتایەکی دیکە، کوردستان وەک بەربەستێک لە پێش سۆڤیەت دانراوە بۆ پاراستنی عێراق. زۆریشن ئەوانەی لکاندنەکە دەبەستنەوە بە کێشە داراییەکانی بەریتانیا لەو ئانوساتەدا. هەشن نەوت وەک فاکتەری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەبینن (Kirmanj 2013: 44; Fattah 2009: 170). سەرکردایەتی کورد لە عێراق لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەکانی سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویلسن، لەمەڕ مافی چارەنووس لەلایەک ولەلایەکی دیکە وەک چاولێکەری لە عەرەبەکانی ناوچەکە کە کرابوون بە خاوەن چەند دەوڵەتێک، هەروەها کاریگەریی بانگەوازی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەستەنبوڵ و ئەوروپا، هیوای سەربەخۆیی و دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو و دەخواست.

یەکەم هەوڵی سەربەخۆیی کوردەکانی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق. ڕاپەڕین بە ڕێبەرایەتی شێخ مەحمود لە ١٩١٩ دا دەستی پێکرد کە چەند مانگێکی خایاند (Al-Bayatti 2005). لاوازیی لە ڕووی دیپلۆماسی و دەوڵەتسازی لەلایەک و شکستهێنانی شێخ لە کۆکردنەوەی خەڵکانێکی پێویست لە هۆزەکانی دیکەی کورد لەلایەکی دیکەوە تاوەکو هێرشێکی یەکلاکەرەوە بۆ سەربەریتانییەکان ئەنجامبدەن، هەموویان بوونە هۆکاری شکستی ئەو هەوڵەی کوردەکان. سەرەڕای شکستەکەی، یاخیبوونی شێخ مەحمود و حکومەتە کورتخایەنەکەی بوون بە «ئەفسانەگەلی چەکەرەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی»(Kirmanj 2013: 23-31).

پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ دا پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی نەتەوەیی بۆ کورد هاتەئاراوە. کاتێک لە ١٩٦١ شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی ناوەندی عێراق هەڵگیرسا، بزووتنەوەیەکی تا ڕادەیەک بەهێزی نەتەوەیی کورد سەریهەڵدا (Bengio 2012: 13). لە ١٩٧٠دا، حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی کورد بەیەننامەی ١١ ی ئازاریان واژۆ کرد، کە لانیکەم لەسەرکاغەزگەرەنتی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستانی عێراق دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، دیاریکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دواخرا تا ئەوکاتەی سەرژمێرییەک ئەنجامدەدرێت، کە هەرگیز ئەنجام نەدرا. جگە لەوەش، دەسەڵاتدارانی عێراق سیاسەتی بەعەرەبکردنیان دەستپێکرد کە بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی ناوچە کوردنشینەکان داڕێژرابوو. سەرەڕای ئەوە، بەغدا تاکلایەنە پرۆگرامێکی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان دەرکرد و جێبەجێی کرد، بەڵام شوێنە ستراتیجییەکانی وەک کەرکوک و خانەقین و ئاکرێ و شەنگالی لە دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکە دوورخستەوە. لە مانگی ئازاری ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێکردەوە کە ساڵێکی خایاند، حکومەتی ناوەندی سەرکەوت. بەڵام هەرزوو یاخیبوونێکی

دیکە لە کوردستان سەریهەڵدا و لەوێدا یاریزانێکی سیاسی نوێ دەرکەوت، ئەویش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو. پرۆسەی پاکتاوی نەژادی و بەعەرەبکردن بەردەوام بوو و لە ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ دا گەیشتە لوتکە، کاتێک حکومەتی عێراق زیاتر لە ١٠٠ هەزار هاوڵاتی کوردی کۆمەڵکوژ کرد و نزیکەی یەک ملیۆن و نیو کوردی بە زۆرەملێ ڕاگواست بۆ ئۆردوگاکان (Human Rights Watch 1995: 5).

لەشکرکیشی عێراق بۆ سەر کوێت و فراوانخوازییەکانی بووە هۆی ڕاپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١. چەند ڕۆژێک دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی شیعەکان لە باشوور، لە ٥ ی ئازاری ١٩٩١ ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە کوردستانیش ڕوویدا. شکستی کورد لە وەستانەوە لە دژی سوپای عێراق بووە هۆی کۆچکردنی نزیکەی دوو ملیۆن کورد. بەمجۆرە، سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین و دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە ناوچە کوردییەکان لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە حکومەتی عێراقی ناچارکرد کە دامودەزگا مەدەنی و ئەمنییەکانی لە ناوچە کوردییەکان بکشێنێتەوە. هەرزوو کوردەکان ئەو بۆشاییەیان پڕکردەوە، ئەویش بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی لە ئایاری ١٩٩٢ کە ئەنجامەکەی دروستبوونی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانی لێکەوتەوە. ئەم پێشهاتە بووە هۆی ئەوەی لە تشرینی دووەمی ١٩٩٢ دا کۆبوونەوەی سێ قۆڵی تورکیا-سووریا-ئێران ئەنجامبدرێت، کە ئامانج لێی سنووردارکردنی خواستەکان و جووڵەکانی کورد بوو لە خۆبەڕێوەبەریدا (Bengio 2012: 219).

ئەو ناوچەیەی کە سوودی لەو خۆ بەڕێوەبەرییە وەرگرتبوو لە ١٩٩٤دا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە غەرقی کاولکاری بوو و بەسەر دوو ناوچەی نفوزی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا دابەشبوو. لە کۆتایی ١٩٩٨دا، بە هەوڵی ئەمریکییەکان، شەڕی ناوخۆی کوردی-کوردی کۆتاییهات. کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ کەشێکی هێنایە ئاراوە کە کورد هێواش هێواش دەستیکرد بە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا (Kirmanj 2013: 185; 2014: 367-384). ڕاستە کە پرۆژەی نەتەوەسازی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ خەمڵی، بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتنەکەی بەرهەمی کەڵەکەبووی نزیک سەدەیەک خەباتی نەپساوە بوو (Bengio 2012: 315). لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیماکانی نیمچە-دەوڵەتی لەخۆیدا گەشەپێدابوو، بەڵام لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی عێراقی لە ٢٠٠٣ دا توانا و پێگەی زۆر بەهێزتر بوون (Rafaat 2018; Natali 2010: 127-131). سیماکانی

نیمچە-دەوڵەتی تۆکمەتر بوون کە خۆیان لەمانەدا دەبینیەوە: دروستبوونی پەرلەمان و حکومەت و هێزەکانی ئاسایش و بەرگری، کە هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان ببوون بە سیمبوڵی دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەغدا. بەفەرمیکردنی سروودی نیشتیمانی کورد و چاپکردنی پوڵ و بنیاتنانی مۆنۆمێنت و پەیکەری یادگاری و مۆزەخانە وەک نیشانەکانی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی لە دەرەوەی عێراق دەبینران. بەگەیشتن بە ٢٠٠٥، دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دروستکران کە بیانییەکان بەگەیشتنیان دەیانتوانی ڤیزا لە ئەفسەرە کوردەکان وەربگرن. تاوەکو ٢٠١٦، هەرێم دە زانکۆی حکومی و دە زانکۆی ئەهلیشی هەبوو، لەنێویاندا دوو زانکۆی ئەمریکی. بەگشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە حکومەتی ناوەند سەرکەوتووتر بوو، چونکە هەرێم تا ٢٠١٧ جێگیرترین و ئەمینترین و لاشەڕترین ناوچەی عێراق بوو.

لە حوزەیرانی ٢٠١٧ دا، سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆژی ٢٥ ی ئەیلولی ٢٠١٧ یان وەک ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیاریکرد. زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان، ٩٢٪، دەنگیان بە سەربەخۆیی دا (The Guardian 2017). هۆکارەکانی پشت ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و شکستهێنانی لە دەرەوەی بازنەی ئەم توێژینەوەیەن، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەنجامەکان دەریانخست کە زۆرینەی زۆری کورد لە عێراق پشتیوانی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دەکەن و ئامانجی کۆتایی کوردەکان سەربەخۆییە. ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە لەگەڵ سەربەخۆیی، پەیوەندییەکی ئاڵۆزی لە نێوان کوردەکان و عێراقییەکان، هەروەها کورد و هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان، دروستکردووە. پەیوەندی کورد بە سەربەخۆییەوە هەر شتێک بێت ڕاستەوخۆ نییە. کوردەکان هەست دەکەن لەبەرچاونین لە جیهاندا، بە واتایەکی دیکە دیارێکی ونن، لە دەرەوەی مێژوودان. کوردەکان نە نوێنەرایەتی دەکرێن و نە بەرگرییان لێدەکرێت، تەنانەت ئەوکاتانەش کە مەترسی پاکتاوی ڕەگەزیی و جینۆسایدیشیان لەسەرە. لەوەش زیاتر، نەبوونی دەوڵەت بووەتە هۆی هەستی خۆبەکەمزانی و خود نەفرەتی لەلای کوردەکان، بەتایبەتی کاتێک وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت وەسفدەکرێن (Chaliand 1993; Brendan et al. 2006). ئەم دیدە کوردییە وجودیی و سیاسیی و ئەخلاقییەی نەبوونی دەوڵەت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ هەستی ئێرانییەکان لەنەبوون بە زلهێزێک لە ناوچەکەدا بەریەکدەکەون.

## خواستی هەژموونگەرایی هەرێمایەتیی ئێران

ئێران (لە مێژووودا بە وڵاتی فارس، پێرژیا ناسراوە)، بە پێچەوانەی دەوڵەتانی دیکەی دراوسێیەوە، مێژوویەکی دوورو درێژو بەهێزی دەوڵەتداری و ناوەندگەرایی سەربەخۆی هەیە. بۆ چەندین سەدە خاکی چەندین ئیمپراتۆر بووە لەژێر ناوی جیاوازدا. بۆ ماوەی ١٢٠٠ ساڵ، فارسەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەیەکدا هەبوو کە لە دەریای ڕەشەوە درێژ دەبوویەوە تا کەنداوی فارس و لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستەوە تا بەشەکانی باکووری هیندستان و ئاسیای ناوەڕاست. بە درێژایی مێژوو، دەوڵەتی فارس پەیوەندی بازرگانی و ئابووری و سیاسی دروستکردووە و زۆرجاریش شەڕی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتەکانی دەوروبەری لە ڕابردوودا کردووە. قەڵەمڕەویەکانی فارس لە ناوەندی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا و چیاکانی زاگرۆس بووە. لە زێدی خۆیانەوە، فارسەکان شانشینە جۆراوجۆرەکانی میزۆپۆتامیایان بەزاندوە و داگیریان کردووە و حوکمڕنییان کردون، واتە لەو شوێنەی کە ئێستا بە عێراق ناسراوە (Burgan 2010: 7). ئەم مێژووە هەوڵی ئێرانییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی بەدوای باڵادەستیدا لێکەوتۆتەوە. لە ڕاستیدا، زاڵیی و باڵادەستی نۆرمی ئێران بووە بە درێژایی مێژووە دوور و درێژەکەی (Parsi 2007: 41).

ئێرانییەکان پێگەی خۆیان لە سەرووی پێگەی هەموو دراوسێکانیانەوە دادەنێن. ڕاست بێت یان هەڵە، ئەم خۆبەزلزانییەی ئێرانییەکان وایکردووە کە خۆیان وەک یەکەمی نێوان یەکسانەکان (primus inter pares) لە ناوچەکەدا ببینن (Ramazani, 1988). لەوانەیە ئەمە هۆکاری پشت سەختییەکانی هاوسەنگکردنی ئایدۆلۆژیا و پراگماتیزم بێت لە دروستکردنی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا (Ramazani 2004: 551). ئەم هەڵوێست و هەڵسوکەوتە قووڵایی لە مێژووی فارسدا هەیە، کە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی یەکەم دەوڵەتی فارس (پێرژیا) لەدایکبوو، کە لە دیدگای ئێرانییەکان تا ئێستاش هەربەردەوامە. ئەم تێگەشتنانە، ئەفسانە بن یان ڕاستیی، شا لێیان دەربازنەبوو، کە خەونی بە زیندووکردنەوەی ئێرانە گەورەکەی ڕابردوو دەبینی، ئەویش بە گۆڕینی ئێرانی ئێستا بۆ ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێزکە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسەڵاتدار بوو. شرۆڤەکردنی گوتارە سیاسی و مێژووی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و پاڵنەر و هەوڵە سیاسییەکانی ئەمڕۆی ئێران ئەوهاوبەشە لە دیدی ئەمڕۆ و دوێنێی ئێران پشتڕاست دەکاتەوە. شا پێیوابوو «تەنها لە ژێر باڵادەستی ئێراندا، ناوچەکە دەتوانێت گەشەبکات و دەرئاسایەک بۆ شەڕو خوێنڕشتن بدۆزرێتەوە» (Parsi 2007: 41). لە سەروبەندی مردنی، شا وتبووی

کە ئێران «تاکە نەتەوەیە توانای پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە». لە زهنییەتی ئێرانییەکاندا، وڵاتەکەیان هەژموونێکی سروشتی هەبووە لە کەنداوی فارسدا؛ لاوازی دراوسێکانی ئێران ئەوانی بێبەشکرد لە وەرگرتنی ئەو شانازییە بەشێوەیەکی یاسایی. غوڵامڕەزا ئەفخەمی، ڕاوێژکاری پێشووی شا ڕاشکاوانە ئەم تێگەیشتنە دەردەبڕێت و دەڵێت: «کەس ناتوانێت هاوتای دەسەڵاتی ئێران، کولتووری ئێران، یان مێژووی ئێران بێت» (Parsi 2007: 39).

بە درێژایی مێژوو ئەم پاشخانە سەرچاوەی خواستی ئیمپریالییانەیە لە نێو ئێرانییەکاندا. هەروەها ئەو باوەڕەی کە نەخشەی ئەسڵی و مێژوویی قەڵمڕەوەیەکەیان زۆر فراوانترە لەوەی ئێستا و بواری کاریگەرییان کاتیخۆی لە سنووری چینەوە بۆ جەزیرەی عەرەبی درێژ دەبۆوە کەچی ئێستا زۆر بەرتەسکتر بۆتەوە، بۆتە مایەی دروستبوونی هەستی نائەمنی و ناسەقامگیری. ئەو قەڵەمڕەوییەی کە ئێران خۆی تێدا دەبینێتەوە، بە گوتەی کێمپ و هەرکاف (Kemp and Harkav 1997: 15-17)، «چوارگۆشەیەکی بەرفراوانە» کە ئەورووپا و ڕووسیا و ئەفریقا لەگەڵ دەریای ناوەڕاست و بیابانی سەحارادا بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ دەریای ڕەش و قەوقاز و دەریای خەزەر و بەرزە-بیابانەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە باکوور لەگەڵ هیندۆکوش و نیمچە کیشوەری هیندستان لە ڕۆژهەڵات و زەریای هیندی لە باشوور. کاپلان (Kaplan 2012: 145) چاک ڕوونی دەکاتەوە، کە دەڵێت:

«نە وەک چین یان ڕووسیا، ئەم چوارگۆشەیە [ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست] یەک دەوڵەتی بەرین و فراوان نییە؛ وەک نیمچە کیشوەری هیندیش یەک دەوڵەت سەرسەختانە زاڵ نییە بەسەرئەوانی دیکەدا، کە لانیکەم ڕواڵەتیش بێت یەکگرتووییەکی پێوەدیاربێت. هاوکات، وەک ئەورووپاش نییە کە لە کۆمەڵێک دەوڵەت پێکهاتبێت و لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکی تۆکمە ڕێکخراو بن (وەک، ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا). بەپێچەوانەوەی ئەمانە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاراکتەرێکی ناڕێک و سەرلێشێواوی هەیە کە لە کۆمەڵێک شانشین و سەڵتەنەت و تیۆکراسی و دیموکراسی و ئۆتۆکراتی-عەسکەرتار پێکهاتووە کە سنوورە هاوبەشەکانیان وەک چەقۆیەکی ناجێگیر لە لاشەیەکدا دەردەکەون.»

لەم ناوچە شلۆق و ناجێگیرەدا، کێشەی ئەمنی و تەماحی مەزن لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵ دەبن و بەریەکدەکەون. لەکاتێکدا ئەگەری بردنەوە هەیە، مەترسی لەدەستدانیش هەیە. ئەم دۆخە بە درێژایی مێژوو، بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، سیاسەتی ئێرانیی نەخشکردووە. کۆتاییهاتنی شەڕی سارد «کاریگەریی لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دانا و

ئێرانییەکان هەستیان بەوەکرد کە بارودۆخیان باشتر بووە» (Aminzadeh 1999: 6). ئەمەش لە زۆر ڕووەوە دەرکەوت، بۆ نموونە، چیتر یەکێتیی سۆڤیەت وەک هێزێکی جیهانی گەورە لەو دەوروبەرە بوونی نەما، هاوکات بوونی ژمارەیەک وڵاتی بچووک و مامناوەند کە ئێران دەتوانێت کاریگەریان لەسەر بکات و سوود لە ناکۆکییەکانیان وەربگرێت و کراوە بێت بۆ ناسنامەی نوێ، لەوانە ئایینیی و کولتووری و مەزهەبی لە پێکهێنانی سیاسەتی هەرێمایەتییدا. بۆ ئێران نەخشێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست هاتەگۆڕێ. لەوێوە وانەی ئەوە فێربوو کە چۆن مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکاندا. ئەگەر ئاسیای ناوەڕاست باخچەی پشتەوەی ڕووسیا بێت، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هی ئەمریکییەکانە. بێگومان لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر لایەنی خواستی هەرێمایەتی ئێران و وێنەی دیکەمان بۆ ڕۆشندەکاتەوە.

هەروەک سباستیان (Sebastien 2014) دەڵێت، هەر لە سەرەتاوە «دوای ڕووخانی سۆڤیەت، ئێران هیچ هەوڵێکی دوانەخست بۆ سەپاندنی خۆی بەسەر گۆڕەپانی ناوچەکە [ناوەڕاستی ئاسیا] دا». مرۆڤ دەتوانێت هەمان شێواز، تەنانەت بەهێزتر، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت، ئەویش بەهۆی تێکەڵەیەک لە لاوازی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و گرنگی ناوچەکە بۆ ئێران. لە پاڵ دۆخی بونیادی ئێران و ناوچەکە، ڕەهەندێکی کولتووریش لە دیاردەکانی گۆشەگیریی ستراتیجی ئێراندا هەیە، ئەویش ڕەهەندە کولتوورییەکە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەزلزانی ئێران، ئەمەش لە هەستی ئێرانسەنتریزمەوە دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت بە یورۆسەنتەریزم بەراورد بکرێت (Juneau 2014: 92).

بەتێگەیشتن لە ڕەفتاری ئێران دەتوانین پێشبینی هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی ناوەندێک کە چەقی لەسەر ئێران بەستبێت و چەندین ناوچەی پەراوێز و نیمچە-پەراوێز لە جیهانی ئیسلامیدا لەخۆبگرێت، بکەین. لەم دابەشبوونەدا، ململانێ و کێشە ئەمنییەکان لە ئەولەویاتی هەوڵەکانی ئێرانن، کە ئاژاوە لە ناوچە پەراوێز و نیمچە-پەراوێزەکاندا بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئاسایش لە «ناوەند»دا، واتە لەناو ئێران. بە دەربڕینێکی دیکە، ئاسایشی ناوەوە و سنوورەکانی ئێران بە هۆی ڕۆڵ و بوونی ئێران لە ناوچە پەراوێز و نیمچە-پەراوێزەکانەوە دیاری دەکرێت. ئەوە ئاسایشی «ناوەند»ە کە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ئێران سەیری تێچوونە مرۆیی و ئابوورییەکانی بوونی سەربازیی دەرەکی دەکات، کە ئێران بە ناوەندی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دادەنێت. لە ٢٩ کانوونی

دووەمی ٢٠١٤، لەکاتی پرسەی ژەنەراڵ حەمید تەقاوی، فەرماندەی سوپای پاسداران، عەلی شەمخانی سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانیی ئێران ڕایگەیاند کە «تەقاوی [بۆیە] گیانی خۆی بەختکردووە بۆ ئەوەی ئێمە لە تاران [ئەوە] نەکەین. ئەگەر [لایەنگرانی تەقاوی] لە سامەڕا گیانیان بەختنەکردبا، ئێمە لە سیستان، ئازەربایجان، شیراز و ئەسفەهان گیانمان پێشکەش دەکرد» (Mehr News Agency, 2017). پێویستە هەوڵبدەین شۆڕشەکەمان هەناردەی جیهان بکەین. پێویستە ئەو بیرۆکەیە وەلانێین کە شۆڕشەکەمان هەناردە نەکەین، چونکە ئیسلام بە شێوەی جیا سەیری وڵاتە ئیسلامییە جیاوازەکان ناکات و پشتیوانی هەموو گەلانی ستەملێکراوی جیهانە. لەلایەکی دیکەوە، هەموو زلهێزەکان بۆ لەناوبردنی ئێمە هەستاونەتە سەرپێ. ئەگەر ئێمە لە قاوغێکی داخراودا بمێنینەوە، بە دڵنیاییەوە ڕووبەڕووی شکست دەبینەوە.( Radio Tehran 1980).

دەیان ساڵە ئێران هێزێکی هەرێمایەتیی بووە وەک هەر بکەرێکی دیکەی هەرێمایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام لەسەرکارلادانی دوو ڕژێمی سوونەگەرا، تاڵیبان لە ئەفغانستان لە ٢٠٠١ دا و سەددام حوسێنی عێراق لە ٢٠٠٣ دا، وەک دەرئەنجامێکی «شەڕی دژەتیرۆر»، ئێرانی کردە بکەر و یاریزانێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا. لە ڕاستیدا، جەنگی ئەمریکا دژ بە تیرۆر دوو وڵاتی ژێردەسەڵاتی حوکمی سوونەکانی وێرانکرد کە بۆ چەندین ساڵ ئێرانیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە سنووردار کردبوو. بە واتایەکی دیکە، ئێران سوودمەندی سەرەکی کردەوەکانی ئەمریکا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاش ١١ ی سێپتەمبەر (Sayah 2011; Nuruzzaman 2017). سەرەڕای ئەوەش، هەڕەشە بەردەوامەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و جۆرج بوش دژی ئێران پاڵیان بە ڕژێمی ئێرانەوە نا کە بەتوندی دەست بە پەرەپێدانی پیشەسازی سەربازیی ناخۆیی بدات. ئێران ئێستا بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری چەکە. بەسەرکەوتوویی مووشەکی بالستیکی دوور مەودای بەرهەمهێناوە و تاقیکردۆتەوە. ئێران تانکی شەڕ و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) وژێردەریایی و بەلەمی هێرشبەر دروستدەکات (The Iran Project 2017; Roblin 2017).

ئەو مەترسییەی کە داعش بۆ سەرئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستی کرد، ئێرانی کردە هاوپەیمانی نافەرمی بۆ هاوپەیمانیی جیهانی دژبە داعش کە لە ئەیلولی ٢٠١٤ پێکهێنرا. ئەمەش پێگەی ئێرانی لە ناوچەکە و دەرەوە بەهێزتر کرد. جگە لەوە، ئێران کاردەکات لەسەر «بنیاتنانی توانا ناوخۆییەکانی لەگەڵ پەرەپێدانی ئابوورییەک کە بنەمای لەسەر زانیاری و تەکنۆلۆجیا دانابێت، هاوکات لە هەوڵی باشترکردنی بەرهەمهێنانی پیسەسازی دایە لەگەڵ

توانای کێبڕکێی تەکنەلۆژی» (UNESCO 2017; Nuruzzaman 2017). ئەمانە هەمووی هەنگاوی پێشکەوتوو و یەکلاکەرەوە بوون لە بەهێزکردن و تۆکمەکردنی پێگە و هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ئێران. ئەمەش وایکرد ئێران هێندەی دیکە پرۆژە هەژموونگەراییەکەی خۆی بباتەپێش، کە لەگەڵ خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی بەریەککەوتن.

## بەریەککەوتنی ستراتیجی هەرێمایەتی ئێران و هەوڵەکانی سەربەخۆیی کوردستان

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کوردەکانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ کاتێک شای ئێران، محەمەد ڕەزا، دەستی کرد بە دابینکردنی تەقەمەنی سووک و پاڵپشتی دارایی بۆ یاخیبوونی کوردەکان دژی حکومەتی عێراق. پشتگیریی دارایی ساڵانە و ناردنی چەک لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیادی کرد و لە ١٩٧٤ دا گەیشتە لوتکە و لە ٧٥ ملیۆن دۆلاری تێپەڕاند (Rashid 2017: 306; Milani 2011: 359). شا دەیویست عێراق لاوازبکات بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ عێراق لەسەر شەتولعەرەب بباتەوە، کە ڕووبارێکە لەسەر سنووری هەردوو وڵات. شا عێراقێکی بەهێزی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ستراتیجی خۆی بۆ فراوانکردنی هەژموونی ئێران لە کەنداو دەبینی (Tabatabai 2017). لە نیسانی ١٩٧٢دا عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت پەیماننامەیەکی دۆستایەتی و هاوکارییان واژۆکرد. لە ئەنجامدا ترسی شا زیاتر بوو و لە ئەمریکاش دەنگدانەوەی هەبوو، چونکە هەردوو وڵات دەیانویست ڕێگری لە فراوانخوازی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم بکەن. لە ئەنجامدا، ئەمریکا و ئیسرائیل پەیوەستبوون بە پلانەکەی شا بۆ پشتیوانی لە کوردەکانی عێراق (Milani 2011: 359-360; Bengio 2012: 51). لە ئازاری ١٩٧٥دا، عێراق سەروەریی ئێرانی بەسەر شەتولعەرەب و چەند ناوچەیەکی دیکەی کێشەلەسەردا قبووڵکرد، کە بە ڕێککەوتنی جەزائیر ناسراوە. لە ئەنجامدا ئێران پشتی لە یاخیبوونی کوردەکان کرد کە بووە هۆی دارمانی ڕاپەڕینەکەیان.

پاش ڕێککەوتنی جەزائیر، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئێران تێکچوو هەتا لادانی شا لە دەسەڵات لە ١٩٧٩ دا، کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەدا. هەڵوێستی دژبەرانەی ڕژێمی نوێ بەرامبەر عێراق و سەددام حوسێنی سەرکردەی، دەستوەردانی ئێران لە سیاسەتی عێراق و هەروەها خواستی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، هەمووی پێکەوە شەڕێکی هەشت ساڵەی لەنێوان هەردوو وڵاتی لێکەوتەوە. ئەم شەڕە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و گرووپە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی لێدروستبووەوە، لەوانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

بەدرێژایی ماوەی جەنگەکە، ئێران چەک و ڕاوێژکاری بۆ گرووپە کوردییە یاخیبووە جیاوازەکان دابیندەکرد. لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، سیخوڕەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی و دامودەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران لە عێراق دەبینران کە زانیاری ورد و دروستیان بەدەستدەهێنا لەسەر لایەنە کوردییەکان، لەوانە گرووپە کوردییەکانی ئێران کە وەک ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان جێگیربووبوون (Gunter 1996: 18 ).

لە ساڵی ١٩٨٨ و لە کۆتایی شەڕەکەدا، عێراق بە چەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجەی کوردنشین. ئێران هاوکاری بریندارانی کرد و درندەییەکەی دەوڵەتی عێراقی دۆکیۆمێنت کرد، لەهەمان ساڵیشدا سنوورەکانی بە ڕووی پەنابەران و پێشمەرگە کوردەکاندا کردەوە بۆ دەربازبوون لە هەڵمەتی جینۆسایدی ناسراو بە ئەنفال (Berman 2016). لە ١٩٩١ یش، ئێران دووبارە بەخشندەیی خۆی نیشاندا بە کردنەوەی سنوورەکانی بۆ زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارەی کورد کە لە هێرشەکانی سوپای عێراق دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی ئەو ساڵەیان هەڵدەهاتن. بەڵام کاتێک شەڕی ناوخۆی کوردی-کوردی لە ١٩٩٤ دەستی پێکرد، ئێران لایەنگری یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانی کرد لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن عێراق و تورکیاوە پشتیوانی دەکرا. پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئێران بە شێوەیەکی قووڵ تێوەگلا لە سیاسەتی کورد و هێرشی ئاسمانی و ئۆپەراسیۆنی زەمینی و تیرۆری کوردەکانی ئێران، ئەوانەی هەرێم ببووە پەناگەیان (New York Times 1994; US State Department 1998).

لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ ماوەی چەند ساڵێک، پێگەی ئێران لە هەرێمی کوردستان لاوازبوو بەهۆی ئەوەی ئەمریکا پتر هاتبووە نێوەندەکە و نێوانگیریی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتیی دەکرد. پاش لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣دا، پێگەی ئێران هێندەی دیکە لاوازبوو. کوردەکان لە ٢٠٠٥ حکومەتێکی یەکگرتوویان پێکهێنا و پێگەیان بە بەراورد بە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لەبەرچاوی بکەرە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان بەرزبووەوە چونکە هەرێمی کوردستان سەقامگیرترین و ئارامترین ناوچەی عێراق بوو. هاوکات، هەرێم ببووە ناوەندێک بۆ وەبەرهێنانی بیانیی و ناوخۆیی. کوردەکان وەک لایەنگری ئەمریکا خۆیان نیشان دەدا و دەبینران. ئێران لە دۆخێکدا نەبوو کە ناڕەزایی خۆی لەم دۆخە نیشان بدات. بەوپێیەی کە ئامانجی سەرەکی پاراستنی خۆی بوو لە ئەمریکایەکی سەرکەوتوو و خاوەن نفوز لە عێراقێکی دراوسێ بەتایبەتی لە چەند ساڵی یەکەمی لەشکرکێشی و دەسەڵات بەدەستبوونیان لەو وڵاتە. بەڵام لە ئەنجامی شەڕێکی ناوخۆیی

درێژخایەن لەنێوان سوونننەکان و شیعەکان و یاخیبوون و بەرهەڵستکارییەکی زۆر لەلایەن عێراقییەکانەوە و زیادبوونی قوربانییەکانی هێزە ئەمریکییەکان، ئیدی پشتیوانی خەڵکی ئەمریکا بۆ شەڕەکە کەمبووەوە و پێگەی ئەمریکاش ڕۆژدوای ڕۆژ بەرەو لاوازی دەڕۆیشت. لەئەنجامدا، ئەمریکا بە کۆتایی ٢٠١١ دوایین هێزی شەڕکەری خۆی لە عێراق کشاندەوە. ئەم هەنگاوە هاوسەنگی هێزی لەنێوان یاریزانە سیاسییە ناوخۆییەکان لەبەرژەوەندی لایەنگرانی ئێران گۆڕی، بەتایبەتی کە ئێران دەڵاڵی ڕێککەوتنێک بوو کە بووە هۆی زاڵبوونی هەژموونی شیعە و دەستبەکاربوونی نوری مالیکی وەک ئاکامێکی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠.

لەوکاتەی ئێران شلۆقی بۆ ئەمریکاییەکان لە عێراقدا دروستدەکرد، کوردەکان لە ئێران نزیک دەبوونەوە. لە ٢٠١١دا، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٥-٢٠١٧) سەردانی ئێرانی کرد و چاوی بە مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆکی ئەوکاتی ئێران کەوت. دواتریش، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی تارانی کرد بۆبەشداری لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆک حەسەن ڕۆحانی (The Guardian 2013). زۆری نەخایاند پەیوەندی بازرگانی ئێران لەگەڵ حکومەتی هەرێم پەرەیسەند. قەبارەی بازرگانی دوولایەنە لە ١٠٠ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٤ ملیار دۆلار لە ٢٠١٤ بەرزبووەوە (Berman 2016). لەپاڵ ئەمانە، ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە ڕۆژانە نزیکەی سی هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە کوردستانی عێراقەوە بە قاچاخ بۆ ئێران دەبرا (Re-uters 2013). سەرەڕای ئەوە، لەگەڵ گوزەری کات، گرژیی و خاویی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردسان لەگەڵ ئێران بەردەوامبوو کەچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرەوپێشچوون.

لە ٢٠١٤ دا، ئێران دەستبەجێ وەڵامی داواکاری کوردەکانی دایەوە بۆ یارمەتیدانیان کاتێک داعش ڕووبەرێکی زۆری خاکی باکووری ڕۆژئاوای عێراقی داگیرکرد و هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی کوردەکان. ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، ڕایگەیاند «ئێران هەولێرو بەغداد دەپارێزێت بەوشێوەیەی کە کوردستانی ئێران دەپارێزێت» (Rudaw 2015). لە ڕاستیدا، هێزەکانی ئێران شانبەشانی پێشمەرگەکانی یەکێتیی، لانیکەم، لە جەلەولا شارێکی کوردی نزیک لە سنووری ئێران شەڕیان کرد (Natali 2015). بارزانی دانی بەوەدا نا کە «ئێران یەکەم دەوڵەت بوو کە هاوکاری کردین بە دابینکردنی چەک و کەلوپەل» (Time 2014). لە سەرەتای ٢٠١٤ دا، ئێران و حکومەتی هەرێم نزیکبوون لە واژۆکردنی ڕێککەوتنێک سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی ئێرانەوە (Aljazeera 2016). بەڵام هەرزوو ئەم

بیرۆکەیە لە گۆڕنرا کاتێک سەرکردایەتی کورد پرۆسەی ڕیفراندۆمی کوردستانی خستەڕوو. دەنگدان لەسەر سەربەخۆیی و هەڵوێستی ئێران، ڕێککەوتن و پەیوەندییە دوو لایەنییەکانی هێندە لاوازکرد هەردوو لایەنی خستەسەر ڕێڕەوی پێکدادان.

وادیارە زیاتر لە نیو سەدە لە بەرژەوەندی هاوبەش لەلایەک و هەڕەشە لەلایەکی دیکە لەنێوان کوردەکانی عێراق وئێرانییەکان ناوەناوە بەیەکی بەستوونەتەوە وجارجاریش دایبڕیوون. قەیرانی سیاسی وئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٥ بەدواوە، ڕێخۆشکەربوو بۆ ئێران کە زیاتر دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکات. لە کاتێکدا ماوەی سەرۆکایەتیی پێشووتر درێژکراوەی مەسعود بارزانی کۆتاییهات و حکومەتەکەشی بۆ چەندین مانگ نەیدەتوانی موچەی فەرمانبەرانی دابینبکات، ئیدی خۆپیشاندان و مانگرتن لە شارە گەورەکانی هەرێم دەستی پێکرد. دابەزینی نرخی نەوت لە کۆتاییەکانی ٢٠١٤ هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی بەردەوام لەدژی داعش، ئەمانە بەسەریەکەوە، پێگەی حکومەتی هەرێمیان لەبەرامبەرنەیارەکانی، لە نێویاندا ئێران، زیاترلاوازکرد. لەوئانوساتانەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کۆنترۆڵکرابوو، لە تورکیا نزیک دەبووەوە، بەتایبەتی پاش واژۆکردنی ئەوەی بە ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەی نەوت ناسراوە (Jones 2014)، هەندێک توێژی ناو یەکێتیی بانگهێشتی ئێرانیان دەکرد بۆزیاتر تێوەگلان لە کاروباری کورد بەمەبەستی هاوسەنگکردنی کاریگەری تورکیا. ئەم جۆرە بانگهێشتکردنانە وزیادبوونی کاریگەریی بەردەوامی تورکیا لە هەرێمی کوردستان وای لە ئێران کرد بە هێزێکی زۆرەوە هەنگاو بنێتە ناوەوە بەتایبەتی کە ڕیفراندۆم نزیک دەبووەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆچی ئێران بە توندی دژی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق وەستایەوە؟

کاتێک سەرکردایەتی سیاسی کورد خواستی خۆی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧ ڕاگەیاند، ئێران بە ئاشکرا دژایەتییەکی توندی ڕاگەیاند. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بەهرام قاسمی، گوتی یەکپارچەیی عێراق «گفتوگۆی لەسەر ناکرێت». بەهەمانشێوە، عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی ئێران هۆشداریدا کە «ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، کوردستان گۆشەگیر و لاواز دەکات» (Rudaw 2017). تێگەیشتن لە ئامانجە ستراتیجییەکانی ئێران لە ناوخۆ و دەرەوە زەمینەسازی بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە خواستی دەوڵەتبوونی کورد دەکات. داڵتن(Dalton 2016) بەدروستی ستراتیج و ئامانجەکانی ئێرانی لەم چوارچێوەیەدا کورت کردۆتەوە: یەکەم: دەستەبەرکردنی مانەوەی ناوخۆیی لەڕێگەی پاراستنی سەروەریی

و باڵادەستکردنی کۆماری ئیسلامی؛ دووەم: بەهێزکردنی دەسەڵات و هەژموونی ئێران لە دەڤەرەکەدا؛ سێیەم: پاراستنی شوێن و پێگەی سیاسی و ئابووری لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا؛ هەروەها، پارێزگاریکردن لە تواناکانی بۆ ڕێگریکردن لە زلهێزە ڕکابەرەکان لە سەپاندنی هەر هەڕەشەیەکی وجودی لەسەر ئێران.

ئێران سەربەخۆیی کوردەکان وەک کردنەوەی سندوقی پاندۆرا دەبینێ. ئێران زیاتر لە دە ملیۆن کوردی دراوسێی کوردەکانی عێراقی لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی هەیە. لەبەرئەوە، ئێران وایدەبینێت کە کوردستانێکی سەربەخۆ ئەکرێ هەڕەشە بێت بۆ سەر یەکپارچەیی خاکەکەی. ئەوان نیگەرانی ئەوەن کە ئەم جۆرە هەنگاوە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و سووریا و تورکیا بە دروستکردنی دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکەدا. مرۆڤ ناتوانێت درک بە ترسی ئێران بکات تەنیا کاتێک نەبێت کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کە لەلایەن سۆڤییەت پاڵپشتی لێکرا لە ١٩٤٦و تەنیا ساڵێکی خایاند، وەبیربهێنێتەوە، لەگەڵ لەبیرنەکردنی ئەوەی کە دەیان ساڵە، لە ١٩٧٩ وە تا ئێستا، ئێران لە شەڕێکی بێوچانە لەگەڵ گرووپە سیاسییە کوردەکان، چ ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ. هاوکات، ترسی ئێران لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق دەتوانێت ئیلهام بە کوردەکانی ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ببەخشێت بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی. بەواتایەکی دیکە، دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانی عێراق لە دیدی ئێرانییەکانەوە وەک پێشینەیەک دەبینرێت کە نابێت ڕووبدات.

ئێران سنوورێکی مێژوویی شلوخاو وکونکونی زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمەتری لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هەیە کە ئەگەری بازدان و پەڕینەوەی کاریگەرییە سیاسییەکان گەلێک زۆردەکات. لەڕاستیدا ترسی ئێران بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراقدا وەدیهات، کاتێک هەزاران کوردی ئێران لە شارە کوردنشینەکانی بانە و سنە و مەهاباد خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و دروشمی پشتیوانیان لە براکانیان لە کوردستانی عێراق دەچڕی و بەرزکردبۆوە. ئەوان هیوایان دەخواست کە ئازادی ڕوو لەوێش بکات لە نزیکترین کاتدا (Washington Post 2017). جگە لەوانە، پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردانی ئێران داوایان لە کوردەکانی کوردستانی ئێران کرد کە پشتیوانی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشوور بکەن (PDKI 2017; Baghdad Post 2017).

تاران هەر مافێک، خواستێک یان داوایەکی نەتەوەیی یان ئایینی وەک بنکۆڵکردنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و پێکەوەگرێدانی ناوخۆیی خۆی چاولێدەکات. لەو باوەڕەدایە کە

سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی عێراق و ئەمەش کاریگەرییەکی دۆمینۆیی لەسەر وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، لەوانە ئێران، لەسەر هێڵە نەتەوەیی و دینییەکان دروستدەکات. لە تێڕوانینی ئێرانەوە، هەڵوەشاندنەوەی عێراق دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی عەرەبی-سوونە لە بەشەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای عێراق، کە ڕەنگە هاوپەیمانی سعودیە بێت، ئەمەش ئەو پەیوەندییە هەرێمایەتییە دەبڕێت کە تاران لە دەیەی ڕابردوودا کاری لەسەر پێکهێنانی کردووە، کە ڕێڕەوێکە ئێران بە هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانییەوە لە سووریا و لوبنان لە ڕێگەی خاکی عێراقەوە دەبەستێتەوە (Saleem 2017). ئەمەش بە شێوەیەکی دراماتیکی گۆڕانکاری لە دینامیکییەتی سیاسی و هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگۆڕێت، کە وەک ئێستا لە بەرژەوەندی ئێران نابێت. بەواتایەکی دیکە، ئێران باوەڕی وایە کە دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ ڕێگری لە دروستبوونی هیلالی شیعە دەکات لە کەنداوی فارسەوە بۆ دەریای ناوەڕاست.

بەئیزافەی ئەمانە، ئەگەر هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەبێت ئێران لە چوارچێوەی نۆرم و یاسا نێودەوڵەتییەکاند مامەڵە لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆدا بکات. لە ئێستادا ئێران دەتوانێت تواناکانی حکومەتی هەرێم و چالاکییە ناهاوتاکانی بەکاربهێنێت بەبێ ئەوەی پابەند بێت بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە، بۆ نموونە: دەستوەردان لە کاروباری سیاسیی و سەربازیی کوردستان بەوشێوەیەی کە خۆی دەیەوێت بکات. کوردستانێکی سەربەخۆ یاساکانی یارییەکە لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و زەرەری ئێران دەگۆڕێت.

لە هەمووان گرنگتر، ئێران پێیوایە کە کوردستانێکی سەربەخۆوەک بنکەیەکی ئەمریکا و ئیسرائیل کاردەکات بۆ سنووردارکردنی ئێران، یان لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە هاوپەیمانێکی تورکیا، کە هەموو ڕکابەری ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێرانن. عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی وەک پیلانی ئەمریکا و هێزە بیانییەکان «بۆ دروستکردنی ئیسرائیلێکی دیکە لە ناوچەکەدا» وەسفکرد (Office of the Supreme Lead-er 2017). لە دیدی ئیسرائیلەوە، کوردستان هاوبەشێکە کە دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت، دۆستێکی ڕۆژئاوایە کە ڕووبەڕووی دوژمنە هاوبەشەکەیان ،ئێران، دەبێتەوە. ئەولێدوانە ڕاشکاوانەی بۆ پشتیوانی لە بەدەوڵەتبوونی کوردەکان ڕاگەیەندرا لەلایەن بەرپرسانی باڵای ئیسرائیلەوە، لەوانە شیمۆن پێرێز، سەرۆک کۆماری پێشوو، بنیامین نەتانیاهو، سەرۆک وەزیران و ئەڤیگدۆر لیبەرمان، وەزیری دەرەوە (Bengio 2017) دڵەڕاوکێی ئێرانی زیاترکرد

سەبارەت بە خواستەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی.

ئێران نیگەرانە لە زیادبوونی پەیوەندییە سیاسیی و هەواڵگریی و بازرگانییەکانی نێوان ئیسرائیل و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیسرائیل سێ چارەکی نەوتی خۆی لە هەرێمی کوردستان هاوردە دەکات، کە زیاتر لە یەک لەسەر سێی سەرجەمی هەناردەکردنی هەرێمی کوردستان بووە (Financial Times 2015). ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٣ وە پەیوەندی بازرگانی شاراوەی سنووردایان پەرەپێداوە. ئیسرائیل بە وریاییەوە کەرەستەی جەنگی بۆ حکومەتی هەرێم گواستۆتەوە و زانیاری هەواڵگری پێشکەشکردووە (Huffington Post 2017). نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە سنوورە شاخاوییە پێنج سەد کیلۆمەترییەکەی کوردستانێکی سەربەخۆ، دەتوانێت دەستڕاگەیشتنێکی گرنگ و گونجاو بێت بۆ هێزە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئیسرئیل لە ئێران. هەروەها ئێران ئاگاداری ئەوەیە کە «لەکاتێکدا [ئیسرائیل و ئەمریکا] بە ئاشکرا بانگەشەی دیپلۆماسییەت دەکەن بۆ ڕێگەگرتن لە ئێران لە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی، کەچی چالاکییە نهێنییەکانیان لە ناو ئێراندا زیادکردووە و ئەگەری هێرشێکی ئاسمانی گەورە چڕتر کراوەتەوە» (Hersh 2016). دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا (2017-2021) ڕەتیکردەوە گەواهی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییە بدات کە لە ٢٠١٥ لەگەڵ ئێران واژۆکرابوو (The Telegraph 2017). لێرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەڕای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ترسی ئەمریکا و ئیسرئیل لە ئێرانی ئەتۆمی بە زیندوویی ماوەتەوە. ئەمەش وادەکات ئێران بە توندی دژایەتی هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی بکات لە پێناو ڕێگریکردن لە «بنکەیەکی» ئەمریکا و ئیسرائیل ڕاست لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، وەک ئەوەی ئێرانییەکان پێیانوایە کە لە ئاکامی ڕیفراندۆمدا ڕوودەدات. بەکورتی، ئێران کوردساتنێکی سەربەخۆ وەک هەوڵدانێک بۆ گۆڕینی ڕژێم لە تاران چاولێدەکات.

بەوپێیەی زۆرینەی کوردەکانی عێراق مسوڵمانی سوننەن، ئەمە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕێگریی لە ئێرانییەکان کردووە لە دروستکردنی هاوپەیمانییەتێکی ئایدۆلۆژی و عەقیدەیی لەگەڵیاندا، ڕێک پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی عێراق. بۆیە ئێران ترسی ئەوەی هەیە کە لە ئەگەری سەربەخۆبوونی کوردستان ئەوە بکەرێکی ناوچەیی لەدەست بچێت و بکەوێتە دەستی یاریزانە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، وەک ئەمریکا و ئیسرائیل یان تورکیا، وەک لەسەرەوە باسمان کرد.

ئیسرئیل و وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتی سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، گومانیان هەیە کە ئەمریکا چالاکی دەستوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی عەرەبیدا بەهەند وەرگرتبێت. بۆیە دەوڵەتانی کەنداو هەوڵیان داوە کارتی کوردەکانی عێراق و ئێران لە دژی ئێران و هەژموونی شیعە لە عێراق بەکاربهێنن. پەیوەندی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ کورد لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن لە ٢٠٠٣ دا دەستیپێکرد، کە ڕێخۆشکەربوو بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی زۆرینە شیعە. خۆدوورگرتنی وڵاتانی کەنداو لە مامەڵەکردن و پشتیوانیکردنی حکومەتی ناوەندی وای لێکردن پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە لۆکاڵییەکان درووستبکەن، لەوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان. پاڵنەرەکە هەم سیاسی هەم ئابووری بوو، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان تاکە بەشی عێراق بوو کە بە ڕووی وەبەرهێنەرانی کەنداودا کراوە بوو، لانیکەم لەسەرەتادا. وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە هەوڵی زیندووکردنەوەی یاخیبوونی کوردەکانی لە ئێران دەدا، ئەویش بە دابینکردنی پارە بۆ چەند گرووپێکی چەکداریی کوردی بەمەبەستی بەکارهێنانیان وەک چەکێک دژی ئێران. پێدەچێت ئێران ئاگاداری نیازو چالاکییەکانی سعودیە بێت، بۆیەش چەند جارێک داوای لە حکومەتی هەرێم کرد ڕێگە بە سعودیە نەدات پێشمەرگە کوردەکانی ئێران چەکداربکات (e-Kurd Daily 2017; ARA News 2016; Reuters 2016). ئەوەی کە نیگەرانی ئێرانی زیاترکردبوو، زیادبوونی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ئێران بوو لەناو ئێران کە بنکەکانیان لە هەرێمی کوردستانە، بەڵام لە ناوەڕاستی ٢٠١٦ وە هەندێکیان خشکەیان کردبوو بۆ ناو ئێران (Al-Monitor 2017; KDPI 2016).

بەکورتی، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ڕەنگە ئاسانکاری زیاتر بکات بۆ خواستی سعودیە بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران. لە ١٩٧٩وە ئێران شەڕی هەڕەشە دەرەکییەکانی بە بەکارهێنانی ئەو میلیشیایانە کردووە کە لەلایەن هێزەکانی قودسەوە پشتگیری و مەشقیان پێکراوە بەڵام ئێستا نیگەرانە لەوەی کە ئیسرائیل و ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە هەمان تاکتیک لەدژی ئەو بەکاربهێنن.

## ئەنجام

لەم بابەتەدا هەوڵدراوە بۆڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی ئێران هەوڵدەدات هەژموونی خۆی بەسەرناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت. کوردستانی عێراق دەکەوێتە ناوجەرگەی ئەو ناوچەیەی کە ئێران هەوڵدەدات هەژموونی بەسەریدا زاڵ بکات. لەڕێی هەڵسەنگاندنی ئارگومێنتە سەرەکییەکانمانەوە، ئەم بابەتە دەریخست کە ئێران بەهۆی پێگە جیۆپۆلەتیکی

وکولتووری و ئابوورییەکەیەوە بەرەو هەژموونگەرایی دەڕوات بەمەبەستی ئەوەی بلۆکێکی هەرێمایەتی درووست بکات و ویستی خۆی بەسەر هێزو لایەنەکانیدا بسەپێنێت. هۆکاری سەرەکی پشت ئەوهەنگاوەی ئێران ئەوەیە کە پێگە و شوێنێکی هەبێت لە جیهاندا کە بتوانێت خۆی بپارێزێت. ڕەگوڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە مێژوویی و کولتوورییەی کە فارسەکان بۆ ماوەی هەزاران ساڵ گێڕاویانە لە پرۆسەی هەستی باڵابوونی ئێرانییەکاندا. ئێران بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هێزی ڕەق و نەرمی خۆی بۆ فشارخستنە سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرووپە نەتەوەیی و دینییەکان بەکارهێناوە.

هەرێمی کوردستانی عێراق دراوسێی ئێرانە و لە زۆر کایەی فەرهەنگی و نەژادی و دینییەکان لەگەڵ ئێران هاوبەشە. ئەم شوێنە جوگرافییە تایبەتییەی هەرێمی کوردستان، کە ڕەهەندی نەتەوەیی بەنرختری کردووە، وای لە ئێران کردووە لە هەر گۆڕانکارییەک لە کوردستانی عێراق ڕابچڵەکێت. ئەم بابەتە باس لەوە دەکات کە دەکرێت لە ڕوانگەی ئەمنییەوە کردەوە و ڕەفتارەکانی ئێران و کوردستان ڕوونبکرێتەوە. لە دڵی هەوڵەکانی هەژموونگەرایی ئێران و خواستەکانی سەربەخۆیی کورددەکاندا، کێشەی ئەمنی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەم بەشە سوودمەند بووە لە تیۆری ئاڵۆزیی ئاسایشی هەرێمیی (RSCT) و گرنگیی سروشتی پەیوەندییەکانی بلۆکی هەرێمایەتیی. لە دیدی ئێرانەوە، کورددەکان وەک جیاکەرەوەیەک یان قەوارەیەک کە سەرەڕای بچووکییان لەوانەیە ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە سنووردارکردنی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش ئەگەر کورددەکان سەروەرییان هەبێت و بەشێوەیەکی سەربەخۆ پەیوەندییان بە بەشەکانی دیکەی جیهانەوە هەبێت. لێرەوە، لەخۆگرتنی کورد لەناو عێراقدا بۆ جووڵە هەرێمایەتییەکانی ئێران زۆر گرنگە. ئەمە گرنگتر دەبێت ئەگەر عێراق هەروەک ئێستای بە دڵسۆزیی بۆ ئێران بمێنێتەوە.

ئاسایش وکات وقەیران سیما سەرەکییەکانی کورد وئێرانن لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و هەژموونگەرایی، چونکە هەردوو لایان وەک پێش مەرجی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەیبینن. ئەم لێکچوونانە ئاستێکی دیکەی بەیەکدادان لە نێوان هەردوولادا درووستدەکات. بۆ کورد، سەردەمی قەیران لە عێراق و ناوچەکە، سەردەمی سەربەخۆییە. بەهەمانشێوە بۆ ئێرانییەکان کاتی قەیرانەکان کاتی دامەزراندنی هەژموونگەراییە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی هێزی ڕەقەوە. بەم پێیە؛ ئێران بەربەستی سەرەکییە لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان. جگە لەوە، حیساباتی هەڵە و قوماری کورد لەسەر ڕۆڵی ئەمریکا، یارمەتی ئێرانییەکانی دا وکوردی خزاندە سوچێکەوە کە ئێرانییەکان بتوانن بیتوڵقێننەوە.

## سەرچاوەکان

Al-Bayatti, Abdul Rahman Idris. 2005. Sheikh Mahmud al-Hafid wa al-Nifuz al-Britani fi Kurdistan al-Iraq hata ‘am 1925 (Sheikh Mahmud al-Hafid and British influence in Iraqi Kurdistan up to 1925). .London: Dar al-Hikma

Aljazeera. 2016. “Iraq: Kurds and Iran eye an oil deal. ” Jun 22. https://.goo.gl/g2CcnV

Al-Monitor. 2017. “Iranian Kurdish fighters step up clashes ahead of .KRG independence vote. ” August 18. https://goo. gl/4TNzZH

Aminzadeh, Mohsen. 1999 “New Regional Geopolitics Development and the National Security. ” Center for Research and Middle .East Strategic Study. vol. 1, Summer

Alpher, Yossi. 2015. Periphery: Israel’s search for Middle East allies. .Lanham: Rowman & Littlefield Publishers

ARA News. 2016. “Iranian Kurdish parties deny being supported by .Saudi Arabia. ” November 11. https://goo. gl/4R9Ust

Baghdad Post. 2017 “Kurds inside Iran voice support for Kurdistan .independence referendum. ” September 18. https://goo. gl/SYZCsD

BBC NEWS. 2011 “Iranian troops attack Kurdish PJAK rebel bases in .Iraq. ” July 18. https://goo. gl/3vorZi

Beck, Martin. 2014. “The Concept of Regional Power as Applied to the Middle East. ” In Regional powers in the Middle East, Henner Für-.tig, ed. , 1-20. New York: Palgrave Macmillan

Bengio, Ofra. 2012. The Kurds of Iraq: building a state within a state. .Boulder, US: Lynne Rienner Publishers

Bengio, Ofra. 2017. “Has Israel’s Support for Kurdistan’s Independence Helped or Harmed the Kurds?. ” BESA Center Perspectives. no. .637. November 9. https://goo. gl/LcHSm2

Berman, Lazar. 2016. “The Iranian Penetration of Iraqi Kurdistan. ” .Jerusalem Issue Briefs 16 (13): https://goo. gl/UxuUzj

Burgan, Michael. 2010. Great Empires of the Past: Empires of Ancient

.Persia. New York: Chelsea House
Buzan, Barry and Ole Wæver. 2003. Regions and powers: the structure of international security. Cambridge: Cambridge University Press
Chaliand, Gérard. 1993. A People without a Country: The Kurds and .Kurdistan. London: Zed Books
Dalton, Melissa. 2017. "Defeating the Iranian Threat Network: Options for Countering Iranian Proxies. " Hampton Roads International .Security Quarterly 9
e-Kurd Daily. 2017. "Saudi Arabia consulate in Iraqi Kurdistan should be closed, Iranian commander warns. " January 15. https://goo. gl/ .suQPgK
Fattah, Hala. 2009. A Brief History of Iraq. New York: Infobase Pub- .lishing
Financial Times. 2015. "Israel turns to Kurds for three-quarters of its .oil supplies. " August 24. https://goo. gl/1VnLTm
Gunter, Michael M. 1996. "The KDP-PUK Conflict in Northern Iraq. " .Middle East Journal 50 (2): 224-241
Graubard, Stephan. 2008. "Lunch with FT: Henry Kissinger. " May .24. https://goo. gl/Tcc76U
Hass, Richard, N. 2013. "The Irony of American Strategy Putting the .Middle East in Proper Perspective. " Foreign Affairs 92 (3): 57-67
Hersh, Seymour. 2016. "The Iran Plans. " The New Yorker, April 17. .https://goo. gl/hqEMCz
Huffington Post. 2017. "Iran is the Big Winner. " November 2. https:// .goo.gl/rq5E6W
Human Rights Watch. 1995. Iraq's Crime of Genocide: the Anfal .Campaign against the Kurds. New Haven, US: Yale University Press
Jones, Dorian. 2014. "Turkey, Iraqi Kurdistan Seal 50-Year Energy .Deal. " Voice of America. June 5. https://goo. gl/9rqqxT
Juneau, Thomas. 2014. "Iran under Rouhani: Still Alone in the World. ." Middle East Policy 21 (4): 92-104
Kaplan, Robert D. 2012. The Revenge of Geography: What the Map

tells us about coming Conflicts and the Battle against Fate. New York: .Penguin Random House

KDPI (Kurdistan Democratic Party - Iran). 2016. "Statement on Clashes between Peshmerga Forces and IRGC." September 24. http://pdki. .org/english/?p=4453

Kemp, Geoffrey and Robert E. Harkavy. 1997. Strategic Geography and the Changing Middle East. Washington, DC: Brookings Institu- .tion Press

Kirmanj, Sherko. 2013. Identity and Nation in Iraq. Boulder, USA: .Lynne Rienner Publishers

Kirmanj, Sherko. 2014. "Kurdish History Textbooks: Building a Nation-state within a Nation-state." Middle East Journal 68 (3): 367- .384

Majidyar, Ahmad . 2018. "Iran's soft power: Islamic Azad University opening branches in major Syrian and Iraqi cities." The Middle East .Institute. Jan 17. https://goo. gl/AbQR4Q

Mehr News agency. 2014. "Sardar Taqwa dar Samarraa khun dad ta dar Tehran khun nadahim (Sardar Taqwar sacrificed in Samrraa so we don't have to give sacrifices in Tehran)." December 29. https://www. ./mehrnews. com/news/2451623

.Milani, Abbas. 2011. The Shah. New York: Palgrave Macmillan

Natali, Denise. 2010. The Kurdish Quasi-State: Development and dependency in post–Gulf War Iraq. Syracuse: Syracuse University .Press

Natali, Denise. 2015. "Counting on the Kurds: The Peshmerga's Pros- .pects against ISIS." Foreign Affairs. April 22. https://goo. gl/5Yindj

New York Times, The. 1994. "Iranian Jets Bomb Kurdish Base in Iraq, .Killing 1 and Hurting 3." November 10. https://goo. gl/vx2eV7

Nuruzzaman, Mohammed. 2017. "The rise and rise of Iran: How Tehran has become pivotal to the future of the Middle East." The Con- .versation. September 1. https://goo. gl/VUcSqc

O'Leary, Brendan, John McGarry and Khaled Salih. 2006. The Future .of Kurdistan in Iraq. Pennsylvania: University of Pennsylvania Press

Office of the Supreme Leader. 2017. "Zionist regime seeking to cre-
.ate 'new Israel' in region." October 5. https://goo. gl/jrR394
Parsi, Trita. 2007. Treacherous alliance: the secret dealings of Israel,
.Iran, and the United States. New Haven: Yale University Press
PDKI (Kurdistan Democratic Party - Iran). 2017. "PDKI calls on the
Kurdish People to support Southern Kurdistan's Independence Ref-
.erendum." September 16. http://pdki. org/english/?p=4959
Radio Tehran. 1980. "Khomeini: 'We Shall Confront the World with
Our Ideology'." Middle East Research. March 21. https://goo. gl/
.C1chC5
Rafaat, Aram. 2018. Kurdistan in Iraq: The Evolution of a Qua-
.si-State. London: Rutledge
Ramazani, R. K. 1988. Revolutionary Iran: Challenge and Response
.in the Middle East. Baltimore: Johns Hopkins University Press
Ramazani, R. K. . 2004. "Ideology and Pragmatism in Iran's Foreign
.Policy." The Middle East Journal 58 (4): 1-11
Ramazani, R. K. (2013) Independence without Freedom: Iran's For-
.eign Policy. Charlottesville: University of Virginia Press
Rashid, Salah. 2017. Mam Jalal: Didari Temen le lawetiyawa bo koshki
komari (Jalal Talabani: Life Interview from youth to the presidential pal-
.ace). Sulaimani: Karo Publishing
Reuters. 2013. "Iraqi Kurdistan opens official crude oil trade route
.via Iran-sources." August 7. https://goo. gl/EY7Dmx
Reuters. 2016. "To Iranian eyes, Kurdish unrest spells Saudi incite-
.ment." September 4. https://goo. gl/YTZMzn
Roblin, Sebastien. 2017. "Iran is Building its Own Submarines with
Torpedoes the U. S. Navy can't Match." June 9. https://goo. gl/
.7G3usG
Rudaw. 2015. "Iranian president visits Iranian Kurdistan." July 26.
.https://goo. gl/1qMb2B
Rudaw. 2017. "Iran: Independence referendum will isolate, weaken
.Kurdistan." July 17. https://goo. gl/p1FCzW
Saleem, A. Zmkan. 2017. "Iran and Iraqi Kurdistan: Heading Toward

.Confrontation." August 9. https://goo. gl/FR3KsL

Sayah, Reza. 2011. "Iran winning from war on terror, analysts say." CNN. .https://goo. gl/gb9AqK

Sebastien, Peyrouse. 2014. "Iran's Growing Role in Central Asia? Geopolitical, Economic and Political Profit and Loss Account." AlJazeera Centre for .Studies. April 6. https://goo. gl/oFVGXL

Tabatabai, Adnan. 2018. "Why Iran is not a Mideast Hegemon." Lobe Log. .https://goo.gl/bbS4R5

Tabatabai, Adnan. 2017. "The Logic Behind Iran's Regional Posture." Lobe .Log. https://goo. gl/iPDptM

Tabatabai, Ariane M. 2017. "Iran and the Kurds: What the Referendum .Means for Tehran. " September 26. https://goo. gl/RhwhJm

The Guardian. 2013. "Across the Zagros: Iranian influence in Iraqi Kurdis-.tan." November 22. https://goo. gl/SwCW8J

The Guardian. 2017. "More than 92% of voters in Iraqi Kurdistan back .independence. " September 28. https://goo. gl/pgcb5t

The Iran Project. 2017 "Tag Archives: Iran's military achievements. " .https://goo. gl/HB7Ai7

The Telegraph. 2017. "Donald Trump refuses to certify Iran nuclear deal." .October 13. https://goo. gl/mr9rvC

Time, The. 2014. "The Enemy of My Enemy: Iran Arms Kurds in Fight .Against ISIS. " August 27. https://goo. gl/wS2bXJ

Tripp, Charles. 2000. A History of Iraq. Cambridge: Cambridge University .Press

UNESCO (United Nations Organization for Education, Science and Culture). 2017 "Iran in pursuit of a knowledge economy." May 29. https://goo. .gl/L3HFu6

US State Department. 1998. "Patterns of Global Terrorism: 1997." https:// .goo. gl/yEGYks

Washington Post. 2017. "Iran's leaders opposed Kurdish independence .vote in Iraq. " September 26. https://goo. gl/kMPH87

Zarif, Muhammad. 2018. "Full transcript of FM Zarif's speech at Tehran . Security Conference. " January 8. https://goo. gl/e5wJ6v

# چاکسازیی ئایینیی لە ئێراندا..

## خوێندنەوەیەك لەسایەی ویلایەتی ڕەهای فەقیهدا[1]

د. ئەحمەد سالم
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بارام سوبحی



١. ناونیشانی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی: (الإصلاح الديني في إيران.. قراءة في ضوء الولاية المطلقة للفقيه مجلة الدراسات الإيرانية • السنة السادسة • العدد السادس عشر• أكتوبر٢٠٢٢ م).

## بەرایی

جیاوازی نێوان مسوڵمانان لەبارەی بەڕێوەبردنی کاروباری مسوڵمانان و سەرکردایەتیکردنیان لە ساتی مردنی عوسمانی کوڕی عەفانەوە، بەشداربووە لە دەرکەوتنی ڕەوت و گروپ و مەزهەبەکاندا. مسوڵمانان لە ململانێی نێوان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا لە شەڕی سەفین لە ساڵی (٤٠) کۆچی بوونە دوو بەشەوە. ئەو شەڕە سەرەتای دابەشبوونی مسوڵمانان بوو بۆ حزبی سیاسی لەسەر ئەوەی کێ مافی خەلافەتی هەیە. شیعەکان دەڵێن ئیمامەت مافی ئەهلوبەیتە لە وەچەکانی حوسێن، سوننەکان دەڵێن ئیمامەت مافی قورەیشییەکانە، خەواریجەکان دەڵێن ئیمامەت مافی هەر مسوڵمانێکە تەنانەت ئەگەر کۆیلەیەکی باشیش بێت، بە مەرجێک کەسێکی بە تەقوا و دادپەروەر بێت. شەهرستانی بەم وتەیە ئەم جیاوازییەی دەرخستووە «لە ئیسلامدا هێندە شمشێر دەرنەهێنراوە، هەروەکو لە بابەتی ئیمامەتدا دەرهێنراوە»، لێرەوە لە باسە عەقیدەییەکاندا لەلای شیعەکان، دۆزی ئیمامەت بووەتە دۆزێکی ناوەندی، چونکە لەوێوە بناغەکانی باوەڕی ئایینی تەواو دەبن، لە ئەنجامی ئەوەشدا سوننە و ئەشعەرییەکان لە پرسی ئیمامەتدا وەڵامی شیعەکان دەدەنەوە. پاشان پرسی ئیمامەت وەک پرسێکی لاوەکی بە کتێبی بیروباوەڕی سوننەکان بە گشتی و ئەشعەرییەکان بە تایبەتی لکێنرا.

کەواتە تێبینی دەکەین کە بنەمای جیاوازی نێوان مسوڵمانان سیاسی بووە، پاشان بەرەو ڕەهەندی ئایینی ڕۆیشتووە بۆ دروستبوونی مەزهەبە ئایینییە جیاوازەکان لە ئیسلامدا، بۆیە بوون بە موعتەزیلە و شیعە و خەواریج و مورجیئە و ئەشعەری و ئەهلی حەدیس و ماتریدی.

لێکۆڵینەوەکەمان باس لە سروشتی تایبەتمەندییە دامەزرێنەرەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی دەکات، هەروەها چۆن لە ڕێڕەوی مێژوودا لە چوارچێوەی کۆدە عەقیدەییەکاندا چەسپاون، چۆن ئەم مەزهەبانە لە بنیاتنانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێراندا بەکارهێنراون. چۆن هەوڵەکانی «چاکسازی ئایینی» هاوچەرخ بۆ خستنەڕووی دیدگایەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەو عەقیدەیە لە ئێراندا سەریهەڵداوە؟ چۆن ئەم هەوڵانە لەکاتی هەوڵدان بۆ شکاندنی ئەڵقەی داخراوی باوەڕی شیعەی دوانزە ئیمامی تووشی ئاستەنگی گەورە هاتن؟ ئایا ئەو هەوڵە چاکسازییانەی کە لەسەر دەستی کەسانی وەک عەلی شەریعەتی و عەبدولکەریم سروش و محەمەد موجتەهید شەبستەری و ئەوانی تر دەرکەوتن، لە شکاندنی ئەڵقەی داخراوی ئەم باوەڕەدا سەرکەوتوو بوون؟ ئەم پرسیارانە لە لێکۆڵینەوەکەماندا دەوروژێنین و هەوڵدەدەین وەڵامیان بدەینەوە.

### یەکەم: ئایا عەقیدەی شیعەی دوانزە ئیمامی کراوەیە یان داخراوە؟

سەرەڕای زوو سەرهەڵدانی شیعەگەرایی، بەڵام ئەو نووسینانەی پەیوەستن بە خستنەڕووی بنەچەی مەزهەبی شیعەوە تا قۆناغێکی درەنگ لە سەدەی چوارەمی کۆچی دواکەوتن، لەگەڵ دەرکەوتنی نووسراوە گرنگەکانی شیعە لەم سەدەیەوە تا ساتەوەختی ئێستا، ئەم نووسینانە هەوڵیانداوە ناسنامەی مەزهەبی شیعە و جیاوازییەکانی لەگەڵ تەواوی مەزهەبە ئیسلامییەکانی دیکەدا بخەنەڕوو.

مەسەلەی ئیمامەت لە فیکری شیعەدا بە گشتی پرسێکی ناوەندییە، ئەوان وەک باوەڕێکی ئایینی نەک سیاسی تەماشای دەکەن، «ئیمامەت لەلای شیعەی ئیمامی بیروباوەڕێکی ئایینییە نەوەکو کارێکی دنیایی یان بەرژەوەندخوازانە، ئەو ئیمامانەی کە بەرپرسیارێتی ئیمامەت لە ئەستۆ دەگرن تەنها لەسەر فەرمانی پێغەمبەر بەرپرسیارێتی وەردەگرن، پێغەمبەر وەسیەتنامەی بۆ عەلی کردووە، عەلی وەسیەتنامەی بۆ حەسەن کردووە، حەسەن وەسیەتنامەی بۆ حسێن کردووە، بەم شێوەیە بابەتەکە دەڕوا تا دەگاتە جەعفەر سادق، دوای ئەوە جیاوازییەکە لەنێوان دوانزەییەکان و ئیسماعیلییەکاندا دەبێت. ئەوان دەڵێن بۆ موسای کازمە، دوای موسای کازم بۆ عەلی ڕەزایە، پاشان بۆ محەمەد جەوادە، دواتر بۆ عەلی هادی، ئینجا بۆ حەسەن عەسکەری، دوای خۆی بۆ محەمەدی کوڕی، کە ئیمامی دوانزەهەمین و ئیمامی نادیارە»[١].

دوانزە ئیمامییەکان پێیانوایە ”ئیمامەت یەکێک نییە لەو بەرژەوەندییە گشتیانەی کە بە میللەت بسپێردرێت و کەسی بەرپرسیاری بۆ دابمەزرێنن، بەڵکو پایەیەکی ئایین و بنەمایەکی ئیسلامە، بۆیە دروست نییە پێغەمبەر پشتگوێی بخات یان بیخاتە دەستی میللەتەوە، بەڵکو دەبێت ئیمامیان بۆ دابنێت، ئیمام دەبێت لە تاوانە گەورە و بچووکەکان پارێزراوبێت، عەلی خودا لێی ڕازی بێت ئەوکەسەیە کە دوعاکانی خودا لەسەری دانراوە، بە دەقێک کە بەپێی عەقیدەی خۆیان دەیگوازنەوە و ئەنجامی دەدەن“[٢]. لێرەوە شیعەی دوانزە ئیمامی پێیوایە ئیمامەت بە دەق و بە دامەزراندنە، بە هەڵبژاردن نییە وەکو سوونەکان وای بۆ دەچن.

شیعەی دوانزە ئیمامی جەخت لە باشترینەکان دەکەنەوە، لەگەڵ ئیمامی پەسەندکراودا هاوڕا نین. چونکە وای دەبینن کە ”ئیمامەکانیان زانستەکانی پێغەمبەر و زانستەکانی هەموو پێغەمبەرەکانیان بە میرات وەرگرتووە، ئەم عەقیدەیەش بەڕوونی لە سەردەمی ئیمام جەعفەر سادقدا دەرکەوت. شیعەی ئیمامی ڕازی نین بە ئامادەبوونی باشترینەکان بە ئیمامەتی پەسەندکراوان سەرکردایەتی بکرێن، چونکە ئەوە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە،

ئەگەر ئیمام پێشەوای ڕەعیەتەکانی بێت لە فەرمانڕەوایی و زانست و بنەماکانی ئاییندا، ئەوا دەبێت باشترین و زاناترین بێت و زۆرترین پەرستشی هەبێت"[٣].

تێڕوانینی شیعە بۆ ناوەندگەرایی زانست لەلای زنجیرەی ئیمامەکان وایکردوە کە زانستی ئایینی داخراو بێت، تەنانەت "ئیمام لەدوای قورئان و فەرموودە پشتڕاستکراوەکان لەڕێگەی ئەهلوبەیتەوە، دەبێتە سەرچاوەی یاسادانان. شیعەکان هیچ گێڕانەوەیەک پەسەند ناکەن تەنها لەڕێگەی ئەوانەوە نەبێت، چونکە ئیمام میراتگری زانستی پێغەمبەرە، بە پەیوەندی بەردەوامی بە زانستی خوداییەوە لە مرۆڤ باڵاترە، ئەو بە بەدەستهێنان و وەرگرتنی بەڵگەکان بەم پلەیە نەگەیشتووە، بەڵکو زانستەکەی لەناو خۆیدا پاڵفتە کردووە، ئەوەش لە خۆیەوە و لە سروشت و مادەکەیدایە، کە زانستی غەیب دوای زنجیرەیەکی دوور و درێژ لە ڕۆحی ڕۆحانییەکان لە فریشتەکان و پێغەمبەران بۆی هاتووە، لە سەرەتاوە نورێک هەبووە، کە لە پێغەمبەرێکەوە بۆ پێغەمبەرێک گوازراوەتەوە تا گەیشتۆتە محەمەد و لەوەوە گەیشتووە بە عەلی و فاتیمە، نورەکەش لە ئیمامە فاتمییەکاندا کۆبووەتەوە"[٤].

ئەگەر زانستی ئیمامەکان یەکێک بێت لە سەرچاوەکانی بڕیاردان، ئەوا شیعەی دوانزە ئیمامی بە پێچەوانەی سوونەکانەوە ئەوەی بە کۆدەنگی یان پێوەر (اجماع و قیاس) ناودەبرێت ڕەتدەکەنەوە، هیچ ڕا دەربڕینێک (اجتهاد) نییە تەنها لەڕێگەی ئیمامە هەڵبژێردراوەکانەوە نەبێت، چونکە شیعەی دوانزە ئیمامی پێیوایە "ئیمام سەرچاوەی بڕیاردانە، لە هەموو ئەو بابەتانەی بە حەڵاڵ و حەرام ناودەبرێن بە تەنها خۆی کۆنترۆڵی ڕەهای بەسەرکەردنی مسوڵمانانەدا هەیە، ئەوان وەکو سوونەکان بە کۆدەنگی ڕازی نابن، زیاتر و زیاتریش لەسەر پێوەر (قیاس) ڕازی نابن، کاتێک پێوەرەکەیان لێ بشێوێت، پەنادەبەنە بەرفەرمانی ڕاستەوخۆی ئیمام، لەبەر نیگەرانی یان ئیجتیهاد، دەبێت ئیجتیهادەکەی بەدەر بێت لە کەموکووڕی، پارێزراو بێت لە هەڵە، هیچ کۆدەنگی و پێوەرێک نییە، بەڵکو دەقێکی قورئانە یان فەرمودەیەکە لە ئیمامێک لە ئیمامەکانەوە، یان ئیجتیهادێکە لە زەنگی زەنگۆڵەیەک دەچێت"[٥].

پاشان شیعەی دوانزە ئیمامی پێیانوایە ئایین بە تەواوەتی بەدینایەت بەبێ ویلایەتی ئیمام نەبێت، بۆیە وای دادەنێن "بنەمایەکە لە بنەماکانی ئایین، ئیمان تەواونابێ هەتا بڕوات پێی نەبێت، لاسایکردنەوەی باوان و کەسوکار و پەروەرشیاران هەرچەندە گەورە و مەزن بن ڕێگەی پێنادرێت، بەڵکو دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، هەروەک چۆن دەبێت یەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتی لەبەرچاو بگیرێت"[٦]. ئێمە پێمانوایە کە بابەتی ئیمامەت لە بیری شیعەی ئیمامیدا دۆگمایەکی ناوەندییە، چونکە تەنها ئەو مافی لێکدانەوەی یەکتاپەرستی و

پێغەمبەرایەتی هەیە، شارەزابوون لە ئایین تەنها لەڕێگەی ئەوەوە دەبێت، مافی ئەوەی هەیە لە بنەماکانی باوەڕو لە حوکمەکانی فیقهدا ڕێنمایی خەڵکی بکات.

شیعەی دوانزە ئیمامی جەخت لە گرنگی پاکژی ئیمامەکان لە هەڵە و نەزانین دەکەنەوە، چونکە درێژکراوەی زنجیرەی پێغەمبەرن، ئەلفەیومی دەڵێت "پێیانوایە ئیمام وەکو پێغەمبەرە، لە هەموو خراپەکارییەکی دیارو نادیار، لە منداڵییەوە تا مردن، بە ئەنقەست و بە هەڵە پارێزراون. دەبێت لە هەڵە و نەزانین و لەبیرچوونەوە پارێزراو بن، چونکە ئیمامەکان پارێزەری شەریعەتن و بەرپرسیارن لەسەری، دۆخی ئەمان لێرەدا وەکو دۆخی پێغەمبەرانە، ئەو بەڵگانەی کە پێویست دەکات ئێمە لە بێ هەڵەیی (مەعسومی) پێغەمبەراندا بیانڵێین، هەمان ئەو بەڵگانە پێویست دەکات لە بێ هەڵەیی ئیمامەکانیشدا باوەڕمان پێیان هەبێت"[٧].

لە دەرەنجامی ئەم بێ هەڵەییەدا، شیعەی دوانزە ئیمامی وایدەبینن کە دروست نییە ئیمام هەڵە بکات، واتە «بەو پێیەی دانانی ئیمام واجبە بۆ خودای گەورە، مەحاڵە تاوان ئەنجام بدات، چونکە ئەگەر تاوان لەلایەن ئەوەوە بکرێت، ئەوا ڕێگەمان پێدەدرا هەڵە بکەین لە هەموو ئەو حوکمانەی کە فەرمانمان پێدەکات، ئەوەش خراپەکارییەکی گەورەیە".

لە ئەنجامی تێڕوانینی دوانزە ئیمامییەکان بۆ ئیمامەکان بەم شێوەیە لە کامڵبوون، دەبینین باس لە ئیمامەکانیان دەکەن بە شێوەیەک کە لە کاریگەریی وێنەی پێغەمبەر«دروودی خوای لێ بێت» تێدەپەڕێت، چونکە ئیمامەکان نەوەکانی عەلی و نەوە کاریگەرو هەڵبژێردراوەکانی مێژوون، هەموو چالاکییەکانیان لەژیاندا بەوان سپاردووە. ئەوان وایدەبینن کە ئیمامەکان "بەندە ڕێزلێگیراوەکانن، خوای گەورە بەهۆی کەرامەتی خۆیەوە و بە خۆشەویستیان بۆ ئەرکەکەیان جیای کردونەتەوە، لەڕووی زانین، تەقوا، بوێری، بەخشندەیی، پاکیزەیی و هەموو ئەخلاقە پەسەندەکان، خەسڵەتە باشەکان لە باڵاترین پلەکانی کامڵبوونی شایستە بە مرۆڤدان، هیچ مرۆڤێک لەو تایبەتمەندییانەدا پێیان ناگات، بۆیە لە هەموو ئەو بڕیارو داناییانەی خەڵکی بۆیان دەگەڕێنەوە، لەهەموو ڕونکردنەوە و یاسادانانەکان کە پەیوەندییان بە ئایینەوە هەیە، لە هەموو ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە قورئان لەڕووی تەفسیرو لێکدانەوەوە شایەنی ئەوەن ببنە ئیمام و ڕێنوێنیکار، لەدوای پێغەمبەر ببنە مەرجەع"[٩].

لێرەوە دەبینین کە شیعە زانست بەسەر ئیمامەکاندا دادەخات، پاکیزەیی و هەڵەنەکردنیان پێدەبەخشێت، لەلای دوانزە ئیمامییەکان زانست بەسەر ئیمامەکاندا، پاشان بەسەر زانا هەڵبژێردراوەکاندا دادەخرێت.

پێدەچێت ڕوون بێت کە شیعەکان ڕێنماییەکانی ئیمامەکانیان پیرۆز کردوە. دوانزە ئیمامییەکان بڕوایان وایە کە «فەرمانەکانیان فەرمانی خودایە، قەدەغەکردنەکانیان قەدەغەکردنی خودایە، گوێڕایەڵی ئەوان گوێڕایەڵی خودایە، سەرپێچیکردنیان سەرپێچی خودایە، دەسەڵاتی ئەوان دەسەڵاتی خودایە، نابێت وەڵامیان بدرێتەوە، چونکە وەڵامدانەوەیان وەکو وەڵامدانەوەی پێغەمبەرە د.خ، وەڵامدانەوەی پێغەمبەریش وەکو وەڵامدانەوەی خودایە، پێویستە خۆت ڕادەستیان بکەیت، ملکەچی فەرمانەکانیان ببیت، وتەکانیان بەهەند وەربگریت. هەربۆیە پێیانوایە فەرمانە شەرعییە ئیلاهییەکان تەنها دەبێت لەوانەوە وەربگیرێت، وەرگرتنی ڕاست و دروستیش تەنها لەوانەوە دەبێت. ئەوان وەکو کەشتییەکەی نوحن، ئەوەی سواری کەشتییەکە بێت ڕزگاری دەبێت، ئەوەشی دوابکەوێت لێی لەو دەریا تاریکە سوێرە پڕ لە شەپۆلی گومان و گومڕایی و پڕوپاگەندە و ناکۆکییەدا دەخنکێت»[١٠]. لێرەوە ئیمامەکان لە ڕابردوو ئێستادا، تەنانەت لە ڕێگوزەری ئایندەشدا، دەسەڵاتێکی گەردونییان بەسەر خەڵکیدا دەبێت.

لەسایەی ئەوانەی پێشوودا، چەندین ئەفسانە لەبارەی ئیمامەکانی شیعەوە دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە بوارەکانی ناساندنیان لە عەقڵیەتی جەماوەر و لە دەرخستنی کەراماتی بێ سنووریان لە خەیاڵدانی جەماوەریی شیعەدا.

بیروباوەڕی شیعە ئیسلامییەکان لە بیروباوەڕی وڵاتی فارسی کۆندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. تەنانەت «هەندێک لە مسوڵمانان کە پەیوەندییان بەو بیروباوەڕە کۆنانەی فارسەکانەوە هەبوو، وەکو بوونەوەرێکی خودایی سەیری پادشاکانیان دەکرد کە خودا هەڵیبژاردوون و سەروەری پێ بەخشیون و بە ڕۆحێک لە خۆیەوە پشتگیری کردوون، تاوەکو لەنێو خەڵکیدا حوکمڕانی بکەن»[١١].

لەماوەی نێوان دیارنەمانی مەهدی چاوەڕوانکراو تا ساتی گەڕانەوەی، شیعەکان لە ویلایەتی ئیمامەوە بەرەو ویلایەتی فەقیهەکان دەچن، فەقیهەکان مافی ئەوەیان هەیە بڕاردەی خۆیان بەسەر خەڵکی ئاسایی مەزهەبی شیعەی ئیمامیدا بسەپێنن، «هەروەک لە ئیمامی عەسکەری وەریانگرتووە کە لە ئیمامی سادقی باپیری گێڕاوەتەوە هەرکەسێک لە فەقیهەکان بێت خۆی و دینەکەی پارێزراو دەبێت، دژایەتی ئارەزووەکانی دەکات، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوان دەبێت، بۆیە پێویستە خەڵکی ئاسایی گوێڕایەڵیان ببن، ئەوفەقیهە کە بە ئایەتوڵڵا ناسراوە، هەمان ڕێز و شکۆمەندی و ملکەچبوون و گوێڕایەڵبوونی فەرمان و ئیجتیهادەکانی وەکو ئیمامەکان هەیە. کەس مافی ئەوەی نییە بەرامبەربە ئیجتیهاد و فەرمانەکانی ناڕەزایەتی دەربڕێت، چونکە گوزارشت

لە بیروباوەڕی دوانزە ئیمامی دەکات، هەموو ئەو شتانەی خودا بۆ ئیمامی دابینکردووە، بۆ فەقیهیشی فەراهەمکردووە لەڕووی: سەرۆکایەتی بەسەرهەموو مرۆڤەکاندا، دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا، بەڕێوەبردنی کاروباری ئایین، ئیمامەتی بۆ سەرکردایەتیکردنی میللەت، تێگەیشتن لە یاسا ئایینییەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیان«[١٢].

بەو شێوەیە مەزهەبی دوانزە ئیمامی ڕۆحێکی قەشەیی لە ویلایەتی ئیمامەوە بۆ ویلایەتی فەقیە گواستۆتەوە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم مەزهەبەدا دەسەڵاتێکی گەورەی بە فەقیهەکان بەخشیوە، «دوای سەردەمی دیارنەمانی گەورە بیرۆکەی پێنج یەک بە فیکری شیعەی دوانزە ئیمامییەوە لکێنرا، ئەویش بریتیە لە تەرخانکردنی پێنج یەک لە دەستکەوت و قازانجی هەر شیعەیەک – دوانزە ئیمامی- لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ئیمامی نادیار، لەبەرئەوەی ئیمام ئامادەنییە، بەڵام ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات ئامادەیە، بۆیە پێویستە داهاتەکە ڕادەستی ئەوزانا و شارەزایانە بکرێت کە نوێنەرایەتی ئیمام دەکەن»[١٣]. پاشان دوای دیارنەمانی ئیمامی مەزن، بابەتی بەردەوامبوونی ویلایەتی ئیمامەکان لەڕێگەی فەقیهەکانەوە، تەرخانکردنی پێنج یەک لە پەیڕەوانی ئیمامی نادیار بۆ پیاوانی ئایینی بە مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامییەوە لکێنرا.

لەماوەی دیارنەمانی ئیمام وگەڕانەوەیدا، مرۆڤی باوەڕداری شیعەی دوانزە ئیمامی وەکوڕێباز و شێوازێک لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، لە دۆخێکی ئیمانیدا دەژێت کە پشت بە (تەقیە) دەبەستێت. (تەقیە) بێدەنگی شیعەکان و ڕانەگەیاندنی ناسنامەیانە لە ترسی چەوساندنەوە و گەمارۆدانیان، بۆیە حەیدەر ئەمولی پێیوایە کە «تەواوی نهێنییەکانی خودا، هەموو نهێنییە ڕووناککەرەوەکان، حیکمەتە ئیلاهییەکان، سپاردەن و بە دڵی ئەولیاکان سپێردراوە، ڕادەستی هیچ کەسێک ناکرێت کە مافی تێدا نەبێت، چونکە لەیەک کاتدا توانا و قودرەتی بەرگەگرتنی تێدەپەڕێنێت، لەبەرئەوەی ئەوە پێداویستی شەریعەت و توڕەبوونی خوداوەندە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە خودی ئیمامەکان موریدەکانیان پابەندی (تەقیە) کردووە»[١٤].

لەڕاستیدا مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی کە هەندێک تایبەتمەندی دیاریکراوی هەیە، پاکیزەیی و پیرۆزیی بە ئیمامەکان دەبەخشێت، لەدوای قورئان و فەرموودە مافی یاسادانیان پێدەبەخشێت، لەساتی دیارنەمانە گەورەکەوە، مافی ویلایەت لە ئیمامەکانەوە بۆ فەقیهەکان دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ویلایەتی فەقیهەکان وەک زنجیرەیەکی درێژکراوە لە زەمەنێکی بازنەیدا تا گەڕانەوەی مەهدی چاوەڕوانکراو جێگەی بگرێتەوە، بازنە کاتییەکە بە گەڕانەوەی دادەخرێت، کۆتایی بە سەردەمی ئاشوب دەهێنێت، بە دابەزینی مەهدی

شیعەکان واز لە (تەقیە) دێنن. ئەمەش وێناکردنێکی ڕەقە بۆ جوڵەی بازنەیی مێژوو لە مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیدا.

ئەم مەزهەبە لە وڵاتی فارسدا لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە (١٥٠١ - ١٧٣٦)و پاشان هەتا ئێستا، بە مەزهەبی فەرمی دەوڵەت ناسێنراوە. هێنری کۆربان دەڵێت «نزیکەی پێنج سەدەیە شیعەی دوانزە ئیمامی ئایینی فەرمی گەلانی ئێرانە، بەڵام هەر لە سەرەتای چاندنی ئیسلام لە ئێراندا، زۆرێک لە ژینگەکان پشتگیری لە هەڵبژاردنی ئێرانییەکان بۆ ئەم فۆرمەی ئیسلام دەکەن»[١٥]. فەیومی لە بەستنەوەی بیروباوەڕی شیعە بە بیروباوەڕە کۆنەکانی فارسەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت «ئەوەی پەیوەندی بە بیروباوەڕی ئایینی فارسەکانەوە هەبوو بۆبەشێک لە مسوڵمانان، ئەوە بوو کە ئەوان وەک بوونەوەرێکی ئیلاهی سەیری پادشاکانیان دەکرد کە خودا هەڵیبژاردون تاوەکو حوکمڕانی لەنێو خەڵکیدا بکەن، بە ڕۆحێک لەلایەن خۆیەوە پشتیوانییان دەکات»[١٦]. لەبەرئەوە شیعەگەری سەفەوی لەو ڕۆحە فارسییە عیرفانییەی کە بەسەریدا زاڵە، هەروەها لە مەیلی پاشەڕۆژیدا بۆ ئایین وەک جێگرەوەیەک بۆ ڕۆحی شارستانی دونیایی خۆی، لە شیعەگەری عەلەوی جیاوازە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو وتانەی سەرەوە، مەزهەبێکی ئایینی دوانزە ئیمامی باڵادەست لە ئێراندا هەیە، کە لەلایەن پیاوانی ئایینی بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا ڕێبەرایەتی دەکرێت، کە خاوەنی دەسەڵاتێکی مەعنەویە کە لە دەسەڵاتی سیاسی سەرۆکی دەوڵەت زیاترە، تەنانەت مافی سەرپەرشتیکردنی بەسەر خودی سەرۆکی دەوڵەتیشدا هەیە، دەسەڵاتی ئایینی بەهۆی نزیکی پەیوەندییەکانی، دەسەڵاتی سیاسی بەهێزتر کردووە، ئەمەش ئەو سیستمە داخراوەیە کە لە وڵاتی فارس دامەزراوە، چونکە لەگەڵ مەزاجی کلتوورییاندا دەگونجێت.

لێرەوە بۆمان هەیە بپرسین: ڕۆڵی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی "چاکسازی ئایینی" لە ئێراندا چییە؟ ئەو ئامانجە چییە کە ئەم بزووتنەوەیە لە هەڵوێستی خۆیدا سەبارەت بە ئایینداریی فەرمی ئارەزووی دەکات؟ ئایا بزووتنەوەی چاکسازی لە ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو بووە؟ یان مەزهەبی شیعەی ئیمامی لە دەرپەڕاندنی هەموو هەوڵەکانی چاکسازیدا سەرکەوتوو بووە؟ لە دەرەنجامی چەقبەستوویی مەزهەبەکە بە سیمبوڵ و ڕێنمایی و کەسایەتی و سیستمەکەی؟ ئەم پرسیارانە ڕۆڵی ڕاستەقینەی میدیایی بیرمەندانی «چاکسازی ئایینی» لە ڕووبەڕووبوونەوەی «سیستەمی ئاخوندەکان»دا دەورووژێنن، لەوانەیە ئەو خاڵانە بن کە هەندێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی "چاکسازی ئایینی" لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەزهەبە داخراوەدا سەرنجیان لەسەر بووە؟

## دووەم: «چاكسازیی ئایینی».. ڕەخنەكردنی دەسەڵاتی ئایینی قەشەگەری

بەهۆی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی بەسەر خەڵكی ئاسایی و بەسەر بزاڤی كۆمەڵایەتیدا لە ئێراندا هەیانە، بزووتنەوەی "چاكسازیی ئایینی" لە ئێراندا بایەخی داوە بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی قەشەیی ڕۆحانییەكانی مەزهەبی دوانزە ئیمامی.

بەبۆچوونی عەلی شەریعەتی (١٩٣٣-١٩٧٩) كە "پاش كۆتایهاتنی ماوەی پێغەمبەرە مەزنەكان كە ئایینیان بەڕوونی و ڕاستگۆیانە گەیاند، چارەنووسی ئایین كەوتە دەستی هێزە داگیركەرە دژە مرۆییەكان، بەناوی جۆراوجۆر ناونراون وەک: چینی ڕۆحانی، چینی مەعنەوی، چینی سۆفی، چینی ڕەبانییەكان، چینی قەشەكان، ئەوانیش ئایینیان وەكو ئامرازێک بۆ كەركردنی خەڵكی بەكارهێنا، كەركردنی تاكەكەسی و بەكۆمەڵ، چونكە ئایین بایەخ و گرنگی بە تاک و بەكۆمەڵیش دەدات، بەتایبەتی ئیسلامی ڕاستەقینە"[١٧].

عەلی شەریعەتی ئاستی هاوكاری نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی ئاشكرا دەكات، پێیوایە بۆ بڕیاردان لە گەردنی خەڵكی، دەسەڵاتدارە ئایینییەكان پاساو بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەهێننەوە، تەنانەت پشتیوانی لە بە كۆیلەكردن و چەوساندنەوەی خەڵكی دەكەن[١٨].

عەبدولكەریم سروش (١٩٤٥- .....) ڕەخنە لە پیاوانی ئایینی ناودامەزراوەی ئایینی ئێران دەگرێت، چونكە بە كارەكەیان پارە پەیدا دەكەن و متمانەیان لەدەستداوە، ئەو دەڵێت: "پیاوانی ئایینی ئەگەر دەیانەوێت وتەكانیان لە ژیانی خەڵكی و لە بزاڤی ژیاندا كاریگەربێت، ئەوا دەبێت بژێوی ژیانیان لە كۆگای ئایین ببڕن، چونكە قسەی ئەوكەسەی كە بە وتەكانی سوودێک بۆ خۆی بەدەست دەهێنێت، كاریگەری لەسەر ئەوكەسانە نابێت كە ئاڕاستەیان دەكات، چونكە پێگە و مەزهەب و بژێوییان لەگەڵ یەكتردا ناگونجێت"[١٩].

بەهۆی هەژموونی دەسەڵات بەسەر حەوزەدا، هەروەها هەژموونی گشتی بەسەر پیاوانی ئایینی و ئاڕاستەكردن و كۆنترۆڵكردنیاندا، "ڕیفۆرمخوازەكان" سەرەتا هەوڵدەدەن بیرۆكەیەک دابنێن بۆ سەربەخۆیی و بێلایەنی پیاوانی ئایینی، بەمەبەستی گەیشتن بە قۆناغی "شكۆمەندی"! ئەگەر لە ڕوانگەی هەندێكەوە پیاوانی ئایینی شیعە بەو سەرچاوە داراییانەی كە لە خەڵكی وەردەگرن وەكو پێنج یەک و هاوشێوەكانی، سەربەخۆ دەبن و لەلایەن خەڵكیەوە چاودێری دەكرێن، چونكە مافە شەرعییەكانیان بە پیاوانی ئایینی بەخشیووە. بەڵام لەوبارەیەوە مەرجەع بروجەردی دەڵێت: "كاتێک بۆ یەكەمجار مەرجەعیەتی گشتیم

وەرگرت، پێموابوو ئەوەی لەسەرمن پێویستە هەڵێنجانە، لەسەرخەڵکیش کارکردنە، هەر فتوایەک بدەم خەڵکی جێبەجێی دەکەن، بەڵام لەمیانی دەرکردنی هەندێک فتواوە بۆم دەرکەوت بابەتەکە بەم شێوەیە نییە"[٢٠].

سەرباری ئەودۆخە، بەڵام هێشتا بۆسەربەخۆیی پیاوانی ئایینی لە ئێران لە دەسەڵات لەلایەک و خەڵکی لەلایەکی دیکەوە، بەدیلێکی کرداری نییە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی سەربەخۆیی ڕاستەقینەی پیاوانی ئایینی قبوڵ ناکات، بەم شێوەیە دووفاقی پەیوەندی نێوان حەوزە و دەوڵەت هەر دەمێنێتەوە!

گومانی تێدانییە قەبارەی ئەو ڕەخنانەی "ریفۆرمخوازەکان" ئاڕاستەی دۆخی پیاوانی ئایینی "ئاخوندەکان"ی دەکەن زۆرگەورەیە، سروش ڕەخنە لە ویلایەتی فەقیە دەگرێت و دەڵێت: "دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەوتە دەستی پیاوانی ئایینی، ئەو تیۆرییەی کە وڵات بەڕێوەدەبات ویلایەتی فەقیهە، کە پێویستی دەکات فەقیە لە لوتکەی حکومەت و دەسەڵاتدا بێت، دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، دیارە دەبێت ئەم جۆرە فەقیهە موجتەهیدیش بێت، خوێندنی زانستی لە حەوزە تەواوکردبێت، واتە لەو قوتابخانەیەی پیاوانی ئایینی و فەقیهەکان لێی دەخوێنن"[٢١].

ڕیفۆرمخوازێکی دیکە کە موجتەهید شەبستەرییە پێیوایە ویلایەتی فەقیە ڕەوایەتی و ڕەسەنایەتی بۆبۆچوونی خەڵکی نەهێشتووە، چونکە لە دامەزراندنی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لەڕێگەی شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە ڕەوایەتی سیاسی بە دەستەی فەرمانڕەوا دەبەخشێت"[٢٢].

لێرەوە سروش بە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت لەلایەن کەمینەیەکی ئایینییەوە، قەبارەی قەیرانی ئایینی لە ئێران دەردەخات، بۆیە دەڵێت: "ئەو دۆخەی کۆمەڵگەکەمان لەدوای شۆڕش تیایدا دەژێت ئەوەیە کە کەمینەیەک سەرکەوتووە و گەیشتۆتە دەسەڵات، ستەملێکراوەکان لە تاریکی خۆیان ڕزگاریان بووە، پیاوانی ئایینی کە فیقهو ئسوڵیان بەشێوەیەکی گشتی خوێندوە بوونەتە خاوەنی پێگەیەکی فیکری و سیاسی لە کۆمەڵگەدا، هەرئەوانیش پێیانوایە تەواوی سیستەمە فیکری و سیاسیەکانی دیکە لەجیهاندا پوچن و تەنها خۆیان بە ڕاست دەزانن"[٢٣]. سروش جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆنترۆڵی پیاوانی ئایینی بەسەربواری گشتیدا لەڕێگەی بەگەڕخستنی ئەو دەسەڵاتە ئایینیەوە بووە کە هەیانە، هەروەها جەختکردنەوەیان بووە کە فیقە یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی ئیسلام، فیقهیش زۆرتایبەتە بەوان، دەڵێت: "ئەوان لە کۆماردا دروشمی ئیسلامی فیقهی ولقین

بەرەو بناژۆخوازی و دەرخستنیان بەرزکردۆتەوە"[٢٤].

سروش تەنها ڕەخنە لە پیاوانی ئایینی لە ئێران ناگرێت، بەڵکو لەلایەکی دیکەوە بەتوندی ڕەخنە لە ڕۆڵی حەوزە زانستییە ئایینیەکان لە ئێران دەگرێت، بەهۆی باڵادەستیان بەسەر فەزای گشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێراندا، "حەوزە زانستییەکان لە بابەتە سیاسییە حکومیەکاندا خاوەنی قسەی کۆتایین، چونکە حکومەتەکە ئایینییە، ئەگەر حکومەتەکە ئایینی نەبوایە ئەوا پیاوانی ئایینی خاوەنی ئەو جۆرە توانا و دەسەڵاتە نەدەبوون، حکومەتی ئایینی پێویستی بە ڕادەستکردنی دەسەڵاتە بە پیاوانی ئایینی، زانستی ئایینەکان ئەو جۆرە دەسەڵات و توانایە بەوکەسانە دەبەخشن کە مەرجەکانیان جێبەجێ دەکەن، لەئێستادا پیاوانی ئایینی سەرۆکی دادگا و دادوەرن، هێزی خۆیان لەوەوە وەردەگرن کە جێگری وەلی فەقیهن، لە دیدی ئەوانی دیکەدا خاوەنی پێشەنگی و پیرۆزی و ڕێزن، کە لە کەسانی دیکەدا نییە"[٢٥].

سروش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاوێتەکردنی زانست لەگەڵ دەسەڵاتدا کاریگەرییەکی خراپی لەسەر زانست لە حەوزە زانستییەکاندا هەبووە، دەڵێت "لە ئێستادا حەوزە بە زمانی دەسەڵات نەک بە زمانی لۆژیک قسە دەکات، بەڵگەش ئەوەیە کە حەوزە لە هەموو سەرچاوەیەکدا خۆی بە لاواز و بێتوانا لە بەڵگەی زانستی و لۆژیکی دەبینێتەوە، بۆیە ناچارە ئەم کەموکووڕییە بە میکانیزمەکانی دەسەڵات قەرەبوو بکاتەوە، لەبری ڕێنوێنیکردنی دەسەڵاتداران لە حکومەت و ڕەخنەکردنیان، کەچی بەپێی سەلیقە و قازانجی دەسەڵاتداران بۆچوون و فەتواکانی خۆیان دەخەنەڕوو"[٢٦]. هەموو ئەمانە پەیوەندی بەردەوامیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و حەوزەی زانستی ئایینی لە ئێران ئاشکرا دەکات.

سروش دەریدەخات کە حەوزە حزبێکی ئایینی بەسەرکۆمەڵگەدا سەپاندووە کە هەموو بوارەکانی کۆنترۆڵ کردوە، هەروەها ئەو پیاوە ئایینیانەی دەرچووی حەوزەکانن کۆنترۆڵی تەواویان بەسەرژیاندا هەیە، دەڵێت: "حەوزەی زانستی پێش شۆڕش ئەم پێگەیەی نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە وای لێهاتووە جیاوازە، ناڵێین دەرچووانی زانکۆکان دەرفەتی کارکردنیان بۆ ناڕەخسێت یان پۆستیان لە دەوڵەتدا دەستناکەوێت، بەڵام بارودۆخیان لەم ڕوانگەیەوە زۆرلە دۆخی پیاوانی ئایینی جیاوازە، چونکە لەژێردەستی ئەواندان و کلیلی دەسەڵات لەژێر خواستی ئەواندایە. بەکرداری دەتوانن دەستوەردان لە ورد و درشتی هەموو کاروبارەکاندا بکەن، جومگە بنەڕەتیەکانی دەسەڵات بەدەستی ئەوانەوەیە، دامەزراوەی ئایینی لە ڕابردوو ئێستاشدا وەکو حزبێکی کاریگەرماوەتەوە وگەیشتوەتە لوتکەی هێزی خۆی، کاریکردوە بۆ دوورخستنەوەی هەموو حزبەکانی تر"[٢٧].

دیاره کە مەترسیدارترین ڕەخنە کە دەکرێت ئاڕاستەی حەوزەی زانستی بکرێت بریتیە لە باڵادەستیان بەسەر هێزدا، لەڕێگەی ئەو پەیامە ئایینیەی کە پێشکەشیان دەکەن، سروش دەڵێت: "حەوزە زانستیەکان بۆ تەواوی خەڵکی دەدوێن، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و پەیوەندییان لەگەڵدا دەگرن. ئەو دڵنەواییە زانستیەی کە حەوزە پێشکەشی دەکات لەگەڵ سەلیقەی نوخبەدا ناگونجێت، کارەکانیان تەنها وتنەوەی وانە لە بوارە زانستیەکان و وەڵامدانەوەی پرسیاری شوێنکەوتوانیان نییە، بەڵکوڕووبەڕووی جەماوەردەبنەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردایەتی بابەتی ڕێنماییکردن و پەروەردەکردنیان دەکەن"[٢٨].

لەلایەکی دیکەوە حەوزەی زانستی لە خستنەڕووی پرسە ئایینییەکان و سنووردارکردنی مەعریفە و دوورخستنەوەی ئەوانی دیکەدا، ستەمکارانە ڕەفتار دەکات، سروش دەڵێت: "ئەو ڕۆحی پیرۆزییەی کە حەوزە هەیەتی، بووەتە هۆی تەمومژاویکردنی بۆچوون و پرسە زانستیەکان، بە ناڕوونی مانەوەیان و شاردنەوەیان و ڕۆنەچوونە ناو وردەکارییەکانیانەوە، کەسیش بوێری تەواوەتی نییە بۆ ڕەخنەکردن ولە بێژنگدانیان، بۆیە بۆچوون و تیۆرییە کۆنە بۆماوەییەکانیان لە کەشوهەوای فیکریدا بەزاڵی دەمێنێتەوە، تەنانەت بەدرێژایی مێژووی خۆیان پیرۆزی گەورەتر بەدەستدەهێنن. کاری زاناکانیش دەبێتە پاراستن و پاسەوانیکردنی ئەم تیۆری و بۆچوونە کۆنانە، ئەمەش جەوهەری داڕمان ولەدەستدانی فیکرییە"[٢٩].

ئەو پیرۆزییە «خەیاڵییە»ی کە مستەفا مەلەکیان هەوڵیدا پارچە پارچەی بکات و هەژموونەکەی لێ دابماڵێت، داوای گەڕان بەدوای سەرچاوەی پیرۆزی ئەو دەقانەی دەکرد کە پیاوانی ئایینی لە دژی نەیارەکانیان پێیانەوە دەلکێن، ئەوانەی پیرۆزی دەقەکە بۆ گێڕەرەوەکانی دەکێشنەوە، بۆیە لە ئاستی ڕەخنە و گفتوگۆدا هەڵدەبەزنەوە: «لەبەررۆشنایی ئەوە، یەکەم شت کە دەتوانین لێی ورد ببینەوە ئەوەیە: ئایا تێڕوانینمان بۆ ئەو کەس یان کەسانەی کە لە ئاستی ڕەخنە و مشتومڕدا هەڵدەبەزنەوە ڕاستن یان نا؟»[٣٠].

حەوزەی زانستی هەوڵی فەرامۆشکردنی هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە دەدات کە پێچەوانەی بۆچوونەکانیەتی، پیاوانی ئایینی حەوزە جەخت لە نەهێشتنی ئەو کەسانە دەکەنەوە کە دژایەتیان دەکەن، ئەمەش لەناوبردنی سەروەتی فیکرە. سروش دەڵێت: «ئەو کەسانە دەڵێن: سەرپێچیکارانمان لە بواری فیقە و باوەڕدا نەهێشتووە، ڕەنگە هەندێک پێیانوابێت ئەوە لە بەرژەوەندییانە. بەڵام من دەڵێم پاکتاوکردنی کۆمەڵگە لە بۆچوونە پێچەوانەکان، ئەگەر بەرژەوەندی خەڵکیشی تێدا بێت، ئەوا پێویستە کەسانی دەستەبژێر قبوڵی نەکەن، چونکە زیان بە هەموان دەگەیەنێت، لێکۆڵینەوە ناسەلمێنرێت و چڕتر ناکرێتەوە، تەنها بە بوونی

ململانێیەکی فیکری و مشتومڕ لەنێوان پاڵەوانەکانمان و پاڵەوانەکانی قوتابخانەکانی دیکەدا نەبێت»[٣١]. بەم پێیە سروش داوا دەکات پیاوانی ئایینی شیعە بەرامبەر بە مەزهەبە جیاوازەکان و بەڕووی کلتوورە مۆدێرنەکاندا بکرێنەوە، کە لەلایەن بیری جیهانییەوە بەرهەم دەهێنرێن.

سروش ڕەخنە لە سروشتی زانست لە حەوزەکاندا دەگرێت، چونکە بەرمەبنای گوێڕایەڵی ڕەهایە لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا، لە قاڵبی زانستێکی نەریتی ڕەقی مردوودایە، هەروەها «ئەو زانستەی کە پرسیارێکی نییە، لە گەشەکردن دەوەستێت، تەنانەت ئەگەر ئەم بەڵایە لە دامەزراوەیەکی زانستیشدا ڕوو بدات، بەجۆرێک هەڵوێستێکی نەرێنیان لەسەر پرسیارەکە هەبێت، دواتر بە گوماناوی وەسفی بکەن، ئەو کەسەشی پرسیارەکەی خستۆتەڕوو بە لادەر و وروژێنەری گومان وەسف بکرێت، ئەوا ئەو جۆرە دامەزراوەیە تووشی دابەزینی زانست و سەرلێشێواوی دەبێت، هەروەها گرفت لە عەقڵیەتی زانستی شوێنکەوتووانیدا دروستدەکات»[٣٢].

سروش جەخت لەوە دەکاتەوە کە زانستەکانی حەوزەی زانستی لەسەر بنەمای باوەڕ و ملکەچبوون دامەزراون، ئەم زانستە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن قبوڵ ناکات، بۆیە ئەو کەسانەی لە حەوزەی زانستین لە ململانێدان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زانستە هاوچەرخەکان دەخوێنن، کە لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن و پرسیارکردنن، سروش پێیوایە کە «هەردوولا دەتوانن یەکتر تۆمەتبار بکەن، مۆدێرنەکان ئەوانیتر بە دۆگما و چەقبەستوو لە ڕابردوودا تۆمەتبار دەکەن، حەوزەییەکانیش ئەوان بە ڕێژەگەرایی و نامۆ و بێباوەڕ تۆمەتبار دەکەن»[٣٣].

سروش ڕەخنە لەو ڕۆحی فەرامۆشکردنە دەگرێت کە حەوزەی زانستی لە ئێران پەیڕەوی دەکات و ئەویتر بەدەر دەکات، مامەڵەکردن لەگەڵ سیستمی فیکری مۆدێرن و سوودبینین لێی ڕەتدەکاتەوە. دەڵێت: «ئێمە لەسایەی کۆماری ئیسلامیدا دەژین، ڕۆژانەش باس لە تەکفیرکردنی بیروبۆچوونە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان دەکەین، باوەڕمان بە پووچەڵبوونەوەی کرانەوەی بیری مرۆیی هەیە، خۆمان لەسەر حەق دەبینین. ئەم جۆرە تێڕوانین و بانگەشانە وامان لێدەکات بێ ئاگا بین لە پێویستی لێکۆڵینەوە و ڕۆچوون لەم زانستانەدا، تەنها ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین زاناکانمان لەوە تێگەیشتوون کە ئەم زانستانە نادروستن، ئێمەش لەلای خۆمانەوە دەستبەرداری شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە ببین»[٣٤].

سروش پێیوایە ئێرانییەکان پێویستیان بە لێکۆڵینەوە لە سیستەمە فیکرییە جیاوازەکان هەیە، هەروەها داوای کرانەوە بەڕووی ئەویتر و پێویستی لێکۆڵینەوە لە فیکر و فەلسەفەدا دەکات، چونکە ئەمە ئاسۆکانی چەقبەستوویی ئایینی دەکاتەوە، گرنگی ئیجتیهاد و بیرکردنەوە

بە عەقڵی مرۆڤ دەبەخشێت. لەوبارەیەوە دەڵێت: «پیاوانی ئایینی بەتایبەتی لەم سەد ساڵەی دواییدا، بەشێوەیەکی پێویست وانەیان لە فەلسەفە و زانستی کەلام نەخوێندووە، زۆربەی خوێندنەکانی حەوزە تایبەت بووە بە فێربوونی فیقهو ئوسوڵ، تەواوی پیاوانی ئایینی لە حەوزە زانستییەکاندا تەمەنی خۆیان لە فێربوونی فیقهو ئوسوڵدا بەسەربردوە، بەدەگمەن کەسانێکیان ئارەزووی فەلسەفە وکەلام وتەفسیر دەکەن، فەلسەفە وکەلام وتەفسیر لە حەوزەدا بە وانەی فەرمی ناژمێردرێن»[٣٥]. کەواتە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ئایینی سیمایەکی ڕیفۆرمخوازانی شیعەی ئێرانە، چونکە ئەو دەسەڵاتە لە دیدی ئەواندا لە گرنگترین هۆکارەکانی ستەمکاری ئایینی و سیاسییە، لەڕێگەی پیاوانی ئایینیەوە کە بە هەموو دامەزراوەکاندا بڵاوبوونەتەوە، لە کۆمەڵگەولە هەموو دەزگاکاندا باڵادەستن.

### سێیەم: لە ویلایەتی داخراوەوە بەرەو کرانەوەی ئایین

لە تەفسیری ئاییندا ویلایەتی فەقیە (بەرەهایی) داخراوە، بۆیە ئەم بابەتە یەکێکە لەو ئامانجانەی کە لەلایەن کەسایەتییەکانی «چاکسازیی ئایینی» لە ئێراندا ڕەخنەی لێدەگیرێت، شکاندنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە بەسەر ئاییندا بەپێویست دەزانن. چونکە هەر ئەو سەرپەرشتیکردنەیە کە دیدگایەکی یەکلایەنەی داخراو بەسەر خوێندنەوەی فەقیهەکاندا بۆ دەقە ئایینییەکان دەخاتەڕوو، هەر ئەو دیدگایەشە بە زەبری دەسەڵاتی سیاسیی خۆی سەپاندوە وژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا کۆنترۆڵ کردووە.

سروش جەخت لە گرنگی باوەڕبوون بە فرەیی تێگەیشتنی ئایینی و پێویستی قبوڵکردنی ئەم فرەییە ئایینییە دەکاتەوە، چونکە "تێگەیشتنمان لە دەق و تێکستی ئایینی پێویستە هەمەجۆر و هەمەچەشن بن، چونکە ئەو تێگەیشتنە هەمەچەشن و فرەییە، کورتکردنەوە بۆ یەک تێگەیشتن قبوڵ ناکات. هۆکاری پێویستی بوونی تێگەیشتنی هەمەچەشن و فرەیی ئەوەیە کە دەقەکان بێدەنگن، ئێمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێشینە فیکرییەکانمانەوە، بەردەوام هەوڵدەدەین بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان، چ لە فیقە و فەرموودە یان لەقورئاندا بێت"[٣٦].

سروش ڕەخنە لە ئاخوندەکان دەگرێت کە پەیرەوی لە دیدگایەکی تاکلایەنە بۆ ئایین دەکەن، چونکە پەیڕەوانی هەرئایین و مەزهەبێک وایدەبینن تەنها خۆیان بەرەهایی ڕاستن، لە ئەنجامدا «پەیڕەوانی هەریەکێک لەم ئایینانە بۆخۆیان نیعمەتێکی تایبەت لەلای خودا دەبینن کە لەلای ئەوانی تر نییە، بەڵام ئەگەرپەیڕەوانی هەریەکێک لەم ئایینانە ئایینەکەی

خۆیان بە ڕاستی ڕەها و بە ڕاستییەکی تەواو ببینن، وایببینن کە ڕزگاربوون تەنها بۆ خۆیانە بەبێ ئەوانیتر، ئایا ئەمە مانای وانییە کە جیهان دەبێتە دۆزەخێکی بێسنوور؟»[٣٧]. بۆچوونی هەر مەزهەبێک بەرامبەرهەرمەزهەبێکی دیکە هەمان شتە، لەبەرئەوەی «هەرگروپێک پێیوایە ئەوانیتر لە خراپ تێگەیشتنیان لە ئایینی ڕاستەقینە کەمتەرخەمن، لەڕووی فیکرییەوە هەژارن، بەڵام پێویست بە سەرزەنشت و لۆمەکردنیان ناکات، چونکە ئێمە گەیشتوینەتە تێگەیشتنی دروست بۆ ئایین، بووینەتە دەستەی ڕزگاربوو، بەگوێرەی بانگەشەی خۆیان»[٣٨].

مستەفا مەلەکیان فرەیی دابەش دەکات بۆ فرەیی لە ڕاستگۆیی و لەسەرحەق بوون، هەروەها فرەیی لە ڕزگاربوون، بەدیدی ئەو جیاوازییەکی فراوان لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام دەیەوێت دەرگا لەبەردەم پیاوانی ئایینی بکاتەوە بۆ بیرکردنەوە، بۆ دەرچوون لە تاکلایەنی بۆ بەتوانایی و نەرمی نواندن و فرەیی[٣٩].

سرۆش پاساو و بیانوی جۆراوجۆر بۆ گرنگی باوەڕدەهێنێتەوە، هەروەها بۆ فرە جۆری ڕێگاکانی، پێیوایە کە «خودای جیهان، کاتێک مرۆڤی دروستکردووە و فڕێداوەتە ناو کایەی بیرکردنەوەوە، زمان و جیهانی جیاوازی بۆ دروستکردووە، هۆکار و بەڵگەکانی هەمەچەشن کردووە، سەدان گرێ و وەرچەرخانی هزری لە ڕێگای عەقڵدا دامەزراندووە، چەندین نێردراوی ناردووە، بانگەوازی چەندین ڕەنگی جیاواز و جۆراوجۆری کردووە، مرۆڤی کردووەتە نەتەوە و هۆزی جیاواز بۆ ئەوەی بجووڵێن، نەک لە پێگەی لووتبەرزییەوە، بەڵکو زیاتر لە پێگەی ئاشنابوون و خۆنەویستییەوە»[٤٠].

سرۆش فرەیی وەک جەوهەری بوون لە هەموو شتەکاندا لێکدەداتەوە، وای بۆ دەچێت «فرەیی لێکدانەوە لەڕاستیدا بریتییە لە ڕووە جیاوازەکانی حەقیقەت، بە دەربڕینێکی ناسراوی ئایینی خودا سەد ناوی هەیە، بۆیە حەقیقەت بە یەک شێوە دەرناکەوێت و ڕووخساری جۆراوجۆری هەیە، تەنانەت لە ڕوانگەی ئەوکەسانەی کە بە دیدگای جۆراوجۆر سەیری ئەم ڕاستییە دەکەن، پەیوەندی بە لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە»[٤١].

سرۆش پێیوایە کە زانایانی ئایینی لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەم فرەییەیان بەوە لێکداوەتەوە کە بەرەنجامی جیاوازی دیدگاکانە لەنێوانیاندا، بۆیە دەڵێت: زانایان و مسوڵمانان لە شیکردنەوەیان بۆ دیاردەی فرەیی لە وەحیەکاندا دەڵێن کاتێک دیدگای ئەهلی وەحی و ئەزموون جیاواز دەبێت، ئەوا دەرئەنجامی ئەو ئەزموونانە نایەکسان و جیاواز دەبێت»[٤٢].

سرۆش سروشتی ئەوفرەییە ئاشکرا دەکات کە لە فرەیی ئایینەکاندا هەیە و دەڵێت ئەوە دەرئەنجامی دەرکەوتە جیاوازەکانی خودایە، پاشان دەڵێت: «نهێنی جیاوازیی لە ئایینەکاندا

بەهۆی جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان ئەو شێواندنەوە نییە کە لە ئایینەکاندا ڕوویانداوە و بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئایینێکی دیکە، بەڵکو بەهۆی دەرکەوتنە جیاوازەکانی خودای گەورەیە لە جیهانی بووندا، هەروەک چۆن جیهانی پێکهاتن هەمەچەشنە، جیهانی یاسادانانیش هەمەچەشنە»[٤٣].

ڕیفۆرمخوازەکان وایدەبینن کە مەعریفەی ئایینی مەعریفەیەکی ڕێژەییە و ڕاست و هەڵە هەڵدەگرێت، ڕێژەگەرایش ڕێگای باوەڕبوونە بە فرەیی، ئەوەش لەبەرئەوەی کاتێک ئایین هاتۆتە ناو مێژووەوە، جلوبەرگێکی مێژوویی پۆشیوە و بەر ڕەفتار و عەقڵی مرۆڤەکان و ڕەفتارەکانیان دەکەوێت، سەرباری ئەوەی پیاوانی ئایینی مامەڵە لەگەڵ کێشە هاوچەرخەکان، گرێ و گۆڵە فەلسەفییەکان کە دەرهاویشتەی مۆدێرنەیە دەکەن، بەڵام بەجۆرێک لە ڕوکەشگەرایی و گاڵتەجاڕییەوە، ئیسلامی فیقهی بەلای ئەوانەوە زامنی چارەسەری هەموو کێشەو ئاستەنگەکانە، بەڵام ئەو بابەتانەی کە ناتوانن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئەوا پلانگێڕی دوژمنانە و پێویست بەوە ناکات ئاوڕی لێبدرێتەوە یان تەنانەت بیریشی لێ بکرێتەوە، پێویست دەکات کۆمەڵگەی لێ بپارێزرێت[٤٤].

پێشەنگەکانی چاکسازیی ئایینی دان بەوەدا دەنێن کە زیندوێتی ئایین لە واتا زۆرەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەتوانرێت لە دەقەکانی وەحییەوە لێی تێبگەین، چونکە لە خوێندنەوەی فرەیی لە لێکدانەوەی ئەم وەحییەدا بەشدارن. فرەیی لەلای سروش لە ئەنجامی «ئەگەری بوونی پلەی جیاواز بۆ یەک وتارە، بۆیە ئێمە لە جیهانی تەفسیردا هەمیشە لە دۆخێکی فرەییدا دەژین، واتە ئێمە فرەییمان لەم دۆخەدا قبوڵ کردوە، دان بەهیچ موفەسیرو شیکەرەوەیەکدا نانێین بەوەی کە کۆتا موفەسیریان کۆتا شیکەرەوەیە، ئەمەش زیندوێتی ئایین و هۆشیاری زانستیمان دەسەلمێنێت»[٤٥].

لەلایەکی دیکەوە فرەیی خوێندنەوە ئایینیەکان لە گۆڕانی بزاڤی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها کاریگەریشی لەسەر دروستدەکات، سروش پێیوایە کە «ئەزموونە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان قووڵاییەکی یەکگرتوو و هەمەلایەنە بە ئایین دەبەخشن، مسوڵمانان لەڕێگای فتوحات و ناسینی کولتووره نوێیەکانەوە لە بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی مشتومڕەکان لەبارەی کەلام و ئەخلاقەوە بەشداربوون. لەڕاستیدا ئەوان بەشدارییان لە فراوانبوونی ئایینی ئیسلامدا کرد، لە بازنەی گشتاندنەوە هێنایانە دەرەوە بۆناوبازنەی وردەکاری. بۆیە دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی تا ئێستا دەرگای ئەم ئەزموونانە کراوە و بەردەوامن، ئەوا ئایینی ئیسلام بەردەوامە لە کامڵبوون و فراوانبوون»[٤٦].

## چوارەم: ئەرکی کۆمەڵایەتی ئایین

لەڕاستیدا لەلای بزاڤی چاکسازیی ئایینی، دۆخی دینداری لە ئێران پاڵەرێکی بەهێزبووە بۆ پێویستی ڕەخنەکردنی ئەودۆخە زاڵە بەسەردۆخی کۆمەڵایەتی ئێراندا، چونکە هاوکاری نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی، باڵادەستی پیاوانی ئایینی بەسەرفەزای گشتی کۆمەڵایەتیدا فەراهەمکردوە، شێوازێک لە دینداری ڕەقی داخراوی بەرهەمهێناوە کە ئەویتر فەرامۆش دەکات، لەبری کۆمەڵایەتی جەخت لە نادیاردەکاتەوە، هەموو دەستکەوتێکی شارستانیەتی هاوچەرخ تەکفیردەکات.

ئەوجۆرە دینداریە، عەلی شەریعەتی ناچارکردوە ڕەخنەی لێ بگرێت، چونکە پیاوانی ئایینی ئەودۆخەیان دروستکردووە کە ناوی لێناوە «ئایینی کەرکردن، کە بە دینامیکی ڕۆیشتن بە دوو ئاڕاستەدا بەرێوەدەچێت، یەکەمیان نەزانییە، بە بزواندنی عەقڵ بەرەو نەزانی و بێ ئاگابوون لە پرسە چارەنووسسازەکان، دووەمیان سەرقاڵکردنە، بە سەرقاڵکردنی مرۆڤ بە مافە لاوەکییەکانەوە لەبری مافە گشتگیرەکان، ئەوەش دەکەوێتە ژێرناونیشانی فەلسەفەی »گرنگترین و گرنگ» و فیقهی کارە لەپێشینەکانەوە، بەهۆی سەرقاڵکردنی خەڵکی بە گرنگەکانەوە بەبێ گرنگترین، بە پەراوێزەکانەوە بەبێ ناوەند»[٤٧].

شەریعەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کاتێک پیاوانی ئایینی بانگەوازی پاشەڕۆژ و پەنهان دەکەن، ئەوا ئایین دەگۆڕێت بۆبە کەرکردن، چونکە بانگەشە بۆ ئارامگرتنی ڕۆح لەسەر حوکمی نادادپەروەری و زاڵبوونی لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکەن، داوات لێدەکەن دەستبەرداری دونیا ببیت لە بەرژەوەندی پاشەڕۆژدا، پیاوانی ئایینی دەڵێن: وازلە دونیا بهێنە چونکە سەرەنجامەکەی مردنە، هەموو پێداویستی و هەست و خۆزگەکانت بۆ پاشەڕۆژ هەڵبگرە، بۆ دوای مردن، چونکە ماوەیەکی زۆریان لەنێواندا نییە، سی یان چل یان پەنجا ساڵ ئەرزشێکی ئەوتۆی نییە، دواتر هەموو شتێک دەکەوێتە ژێرفەرمانی تۆوە، تۆش لەنێو کەسە نەمرەکاندا دەمێنیتەوە، ساڵانی کورتی تەمەن ئەرزشێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە وازلە دونیا بهێنە بۆ دونیاویستەکان»[٤٨].

پیاوانی ئایینی بۆکەرکردنی گەلان، ئەخلاق، عیرفان، ڕێزگرتن لە ڕابردوو، شەفاعەت و دەستڕاگەیشتن بە بەهەشت، هەروەها بۆڕەوایەتیدان بە شەرعیەتی ئەو شتانەی کە بانگەوازی بۆ دەکەن لە چەقبەستن و سەقامگیری دۆخەکە، بۆ نامۆکردنی خەڵکی بەو واقیعەی تیایدا دەژین، میراتێکی کولتووری کۆن بەکاردەهێنن.

شەریعەتی پێیوایە ئایینی شیرک و کەرکردن ئەوەیە کە پاساو بۆ مانەوەی هەلومەرجە دواکەوتووەکان دەهێنێتەوە. لەبارەی ئەم شێوازە لە دینداری شەریعەتی سوود لە وتەکانی مارکس وەردەگرێت، دەڵێت: ئایین تریاکی گەلانە، لەوەوە هات تاوەکو خەڵکی لەم دونیادا بەناوی باوەڕ و دوای مردن، لەسەرچەوسانەوە و نەهامەتی ڕابهێنێت، قەناعەتیان پێ بهێنێت کە هەموو ئەو شتانەی بەسەریان دێت لە خوداوەیە و بە ویستی ئەوە. هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە پێچەوانەی ئیرادە و ویستی خودایە، سەرپێچیکردنە لە فەرمانەکانی، ئەم قسەیە بۆ خۆی ڕاستە و ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت»[٤٩].

شەریعەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئەوگوتارە ئایینییەی ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت گوتارێکی شۆڕشگێڕانە بێت، ئایین بگۆڕێت بۆ ئایدولۆژیایەکی گۆڕانخوازانە، لەبری ئەوەی ئامرازێک بێت بۆ چەسپاندن و دۆگماتیزم، ئایینداری شیرک و کەرکردن بریتیە لە: «دینداریەکی کۆنەپەرستانە کە هەوڵی شێواندنی بنەماکانی ئایین و بیروباوەڕ دەدات، وەکو شێواندنی باوەڕبوون بە قیامەت و پیرۆزییەکان و هێزە پەنهانەکان، تاوەکو قەناعەت بە خەڵکی بهێنێت کە ئەو دۆخەی تیایدان بارودۆخێکی نموونەییەو پێویستە پێی قایل بن، چونکە دەرکەوتنی ویستی خودای گەورەیە، ئەو چارەنووسە حەتمیەیە کە خودا بۆی دیاری کردوون»[٥٠].

شەریعەتی پێیوایە ئایینی کەرکردن مرۆڤەکان دەتۆقێنێت، خوێندنەوەی عەقیدە لە فەزای میهرەبانییەوە دەگۆڕێت بۆ ئامێری ترس و تۆقاندن، سەرنجدان لە پەروەردگار تەنها لە یەک ڕووەوەیە، کە ئەویش لایەنی ترس و تۆقاندنە، بەردەوام لە ئایینە شیرکییەکاندا بە مانا ستەمکارانەکانی خۆیان، خەسڵەتە ئیلاهییەکانی وەک شکۆ و توانا وەردەگێڕن و لێکدەدەنەوە، لەکاتێکدا هەموو خەسڵەتەکان لەناو ئایینە ئیبراهیمییەکاندا کە مێژووەکەیان بۆ زیاتر لە دوو سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لە یەکێک لەو دوو بابەتەوە سەرچاوە دەگرن، یەکەمیان: خۆشەویستی و پەرستنی شکۆمەندی و جوانی ڕەهایە، دووەمیان: باوکایەتی، سەروەری، بەخشندەیی و پاراستنە[٥١].

شەریعەتی لەمیانی ڕاڤە مارکسیەکانیەوە بۆ ئایین جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرمایەداری بۆ بەردەوامبوون و سەروەرێتی یارمەتی ئایینی شیرک و کەرکردن دەدات، دەڵێت: «هۆکاری سەرەکی کە ئایینی شیرک بە درێژایی مێژوو لەسەری بنیادنراوە بریتیە لە ئابووری، کە بناغەکەی دەوڵەمەند بوونی دەستەیەکی بچوکی خەڵکی و بێبەشبوونی زۆرینەیە، خودی ئەم هۆکارەش بۆ خۆپاراستن و بەردەوامبوونیەتی، بۆ پاساو هێنانەوەیە

بۆ مانەوە و بەردەوام بوونی، بۆیە پێویستی بە ئایینە، چونکە ئایین ئەو هێزەیە کە دەتوانێت تاک ملکەچ بکات و ڕازی بکات بە سەرشۆڕی و ملکەچی»[٥٢].

ڕەخنەگرتنی شەریعەتی لە شێوازەکانی دینداری کە بەردەوامبوونی دۆخەکە و دۆگمابوونی پیاوانی ئایینی دەخوڵقێنن، بە مانای ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی ئایین لە ژیانی مرۆڤدا نایەت، بەڵکو لە خودی ئیسلامی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت. شەریعەتی جەخت لەسەر گرنگی ئایین لە ژیانی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا دەکاتەوە، بەڵام بەپێویستی دەزانێت بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکە بێت کە وەسفکردنی ئیسلامە وەکو ئایینی یەکتاپەرستی و ڕزگاری. شەریعەتی پێیوایە کە "ئایینی یەکتاپەرستی ئەو ئایینەیە کە دیدێکی ڕەخنەگرانە بە شوێنکەوتووان و لایەنگرانی دەبەخشێت، لەبارەی هەموو ئەو شتانەی کە لە ژینگەی ماددی و مەعنەوی دەوربەریدا هەن، هەروەها هەستی بەرپرسیارێتییان لە بەرامبەر دۆخی ئێستادا پێدەبەخشێت و وایان لێدەکات بیر لە گۆڕینی بکەنەوە"[٥٣].

شەریعەتی داوای پێویستی بنیاتنانی خودێکی شۆڕشگێڕانە دەکات، خودێک کە بتوانێت کۆت و بەند و قاڵبە ڕەقەکانی ئایینگەرایی زاڵ بشکێنێت، خۆی و کۆمەڵگە لە خوو و نەریت و پەرژینەکانی ڕابردوو ڕزگاربکات، بەردەوامبوونی کۆمەڵگە لە چەقبەستوویی و تێکچوون و دابەزین ڕەتبکاتەوە. پێیوایە ئەو خودە لەسەر بنەمای جەختکردنەوەیە لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی ئایین، "مەبەست لە پەرستش تەنها پەرستشی ڕووکەش و زیکرە زارەکییەکان نییە، بەڵکو پەیوەندیی وجودی بەردەوامی نێوان خودا و مرۆڤە، پاشان پەرستن لەم ڕوانگەیەوە دەبێتە لەناوبەری نەریت و چوارچێوە کۆمەڵایەتییە تەسکەکان و بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ پاڵفتە دەکات، بارودۆخە وجودییەکان زیندوو دەکاتەوە، گەنجینە شاراوەکان دەردەهێنێت، دەمانگەیەنێت بە دۆخێکی پێشکەوتووتر لەو دۆخەی کە عاریفە گەورەکان لە ڕابردودا پێی گەیشتوون، هەروەها دۆخێکی هۆشیارتری دڵ و پابەندبوونێکی قووڵتر و دڵسۆزی زیاتر و وردبینی و ڕاستگۆیی زیاتر ئاشکرادەکات. ئەمەیە پابەندبوونی ڕاستەقینە، یان بە دەربڕینە قورئانیەکە (پەیمانی غەریزەیی)"[٥٤].

شەریعەتی جەخت لە گرنگی کار و ڕۆڵی لە گۆڕانکاریدا دەکاتەوە، چونکە کارکردن بە مانا فراوانەکەی تەنها بەسەرکاری ئایینیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو کاری هزری یان کاری ئابووریش دەگرێتەوە، هەرکارێکی باش، ئیدی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان تەندروستی بێت، یان لەپێناوی خەڵکیدا بێت، جۆرێکە لە پەرستشی ئایینی، تەنانەت نووستنی مرۆڤی مسوڵمان و خواردن و پەیداکردنی بژێویش دەگرێتەوە[٥٥].

لێرەوە شەریعەتی گرنگی بە پەیڕەوکردنی ئاڕاستەیەکی خەباتی کۆمەڵایەتی دەدات، کە بۆ بنیاتنان وگەشەکردنی کۆمەڵگە لە لایەنی مەعنەوی و ئایینیەوە سەرچاوەی گرتبێت. هەروەها پەرستش و ڕێوڕەسمەکانی هەوڵی ئازادکردنی مرۆڤ بەقووڵی بدەن، دووبارە پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان خودا و مرۆڤدا سازبکەن کە لە بەرژەوەندی مرۆڤ وکۆمەڵگەدا بێت، هەربۆیە شەریعەتی ویستی ئایین لە زیندانی تێڕوانینی ڕەق و«دواکەوتووی» شیعە ڕزگار بکات، بۆ ئەوەی لاهووتێکی جددی بێت کە لە ڕێگەیەوە بەرەو ڕزگاری مرۆڤ وگەشەکردن وڕێنێسانسی واقیعی کۆمەڵگە لە «ئێرانی مەلاکان»دا بڕوات، کە لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە کۆنترۆڵ کراوە.

شەریعەتی لە کۆتایی گرنگیدان بە گرنگی کارکردی کۆمەڵایەتی ئاییندا، ئاماژە بەوە دەکات کە دووبارە گێڕانەوەی تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی ئایین ئەرکی زانا و بیرمەندانە، دەبێت ئەوان ئایینی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە زیندوو بکەنەوە و لە دڵی خەڵکدا جێگیری بکەن. ڕۆڵی ئەوان بریتییە لە چاندنی ویژدانێکی ئایینی وریا و هۆشیار کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان لە مانای یەکتاپەرستی تێبگەن، هەروەها درک بە ڕادەی دژایەتی نێوان ئایینی یەکتاپەرستی و ئایینی بتپەرستی بکەن، تاوەکو بتوانن ئایینی شیرک کە بە پەردەی یەکتاپەرستی داپۆشراوە بناسنەوە، هەروەها پەردەی دووڕوویی بە هەموو شێوەکانیەوە لە هەموو بەشەکانی دونیادا لابەرن، بۆ ئەوەی بگەنە ئایینێک کە لەدایکبووی ترس و نەزانین نەبێت[٥٦].

دەرەنجامی بایەخدانی شەریعەتی بە گرنگی ئەرکی کۆمەڵایەتی ئایین وڕۆڵی لە ڕزگارکردنی مرۆڤ وژیانی کۆمەڵگەدا، سروش گرنگی ئەم دیدە وڕۆڵی لە کاریگەری لەسەر لاوانی ئێرانی دەبینێت، سروش پێیوایە «شەریعەتی دەڵێت ئەو ئایینەی کە سودی بۆ دونیا نییە، ئەوا سودی بۆ ئەو دونیاش نابێت، ئەم دروشم یان گوتارەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناخی گەنجانی پێش شۆڕش هەبوو، ئیلهامبەخش بوو بۆ گۆڕینی واقیعی دواکەوتوو شۆڕشکردن بەسەردۆخی هەنوکەدا بۆ دامەزراندنی حوکمڕانیەکی ئایینی بە پاڵنەری ئایینی»[٥٧].

بەهەمان شێوە سروش بانگەشە بۆ گرنگی ئەرکی کۆمەڵایەتی ئایین دەکات، بەجۆرێک دینداری دەبێت پەیوەست بێت بە بارودۆخ وگوزەرانی خەڵکییەوە، دینداری ڕاستەقینە بریتیە لەوەی کە ئایین ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی دونیای خەڵکیدا هەبێت، چونکە ئایین لەپێناوی ئاوەدانکردنەوەی دونیادا هاتووە، تاوەکو ئێمە سوودی لێ ببینین. سروش دەڵێت: «ئاییندار‌ی زیندوو لەو ڕاستییەدا کورت دەکرێتەوە کە مرۆڤ ئایینی بۆ بژێوی ژیانی و بۆ خزمەتکردنی ژیانی خۆی لە جووڵەی واقیعدا دەوێت، بەو مانایەی ئەوەی کە لەم

ئاینداریيەدا بە پلەی یەکەم گرنگە بژێوییە، هەبوونی ژیانێکی باشە، مرۆڤ لە ژینگەیەکدا بژی کە شایستەی کارکردن بێت. ئەوکەسە دیندارەی کە لەڕێگەی ڕۆچوونی لە دابینکردنی بژێویدا ئایینی دەوێت، پێیوایە ژیان لەگەڵ ئایین لەوانی تر باشترە، بۆ وەستانەوە بەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکانی ئاسانترە»[٥٨].

لێرەوە سروش بانگەوازی بەستنەوەی ئایین بە کۆمەڵگەوە دەکات، لەڕێگەی ئەوەی کە ناوی دەنێت دینداری بژێوی کە بەڕووی جیهان و کۆمەڵگەدا کراوەیە. سروش پێیوایە دەتوانین دینداری بژێوی ناو بنێین «ئایینی دونیایی» لە بەرامبەر «ئایینی قیامەتی»دا، کە تاڕادەیەک لەگەڵ عەلمانیەتدا دەگونجێت، چونکە «عەلمانیەت لەگەڵ ئاییندا ناتەبا نییە، ناکەوێتە سەرئەوانی تر. دەبینین زۆرێک لە بیرمەندان و ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم جۆرە ئاینداریيەدان لەسەرزەمینەی دۆخی کۆمەڵایەتی، بەدرێژایی ژیانیان هەوڵی سەلماندنی ئەم ڕاستیە دەدەن، چونکە ئایین لە دونیا دانابڕێت، بەڵکو وەکو قفڵ و کلیل وان و هەریەکەیان ئەویتر تەواودەکات»[٥٩].

سروش جەخت لە گرنگی ئایین تەنها لە ژیانی کۆمەڵگەدا ناکات، بەڵکو جەخت لە گرنگی ڕۆڵەکەی لە ژیانی تاکەکەسیشدا دەکات، بۆیە دەڵێت: «ئەو ئەخلاقەی کە ئایین بانگەوازی بۆ دەکات یارمەتی مرۆڤ دەدات تاوەکو لەسەر هێڵی ئەدەب بجووڵێتەوە، ئارەزووەکانی سنورداربکات، لە بزاوتی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا تەقوای هەبێت، ئەمەش ئەو بابەتەیە کە ئێمە زۆر پێویستە لێی تێبگەین و لەسەرزەمینی واقیعی بەکرداری بەرجەستەی بکەین»[٦٠].

لە دەرەنجامی بایەخدانی سروش بە گرنگی ڕۆڵی ئایین لە بزاوتی کۆمەڵگەدا، بانگەشە بۆ شێوازێک لە ئایینی عەلمانی دەکات، ئەو ئایینەی کە بایەخ بە دونیا دەدات، لەوبارەیەوە دەڵێت «مانای ئایینی عەلمانی ئەو ئایینەیە کە مەبەستی دونیاییمان لێی دەوێت، بۆ ئەوەی ببێتە خزمەتکار و شوێنکەوتووی دونیا. پێوەر بۆ دروستی ئایین بریتیە لە ڕادەی خزمەتکردنی بە ژیانی دونیای مرۆڤ، ئەمەش مانای دەستەواژەی (ئایینی ئایدیۆلۆژی)یە، چونکە ئایدۆلۆژیا ئامانجێکی ئایینی هەیە، مەبەستەکەشی تەنها ئایینە»[٦١]. لەسایەی گرنگی بەستنەوەی ئایین بە کۆمەڵگەوە، سروش جەخت لە گرنگی ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنمان بۆ ئایین دەکات، هەروەها لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست، بەم جۆرە ئاشتەوایی لەنێوان دینداران و کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕوودەدات.

## پوختە

«ڕیفۆرمخوازان»ی ئێرانی، لەسەرووی هەموویانەوە عەلی شەریعەتی، سروش و شەبستەری و ئەوانی دیکە، لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە، توانیویانە لەڕووی فیکرییەوە کاریگەرییان لەسەرنەوەیەکی گەورەی لاوانی ئێرانی هەبێت. نووسینەکانی هەندێکیان وەکو شەریعەتی ئیلهامبەخش و ڕێگەخۆشکەربوو بۆ شۆڕشی ئێرانی، هاشمی ڕەفسنجانی پێیوایە دیدگاکانی شەریعەتی بۆئیسلام، هۆشیاری زۆرێک لە گەنجانی ئێرانی دروستکردووە، چونکە ئاگاداری دۆخی ڕۆحی ئەوگەنجانە بووە. محەمەد ڕەزا حەکیمی پێیوایە شەریعەتی درکی بە گرنگی پێویستی بوونی ئایینێک کردووە کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، بۆیە توانیویەتی نەوەیەکی گەنج بۆ بەرەی ئیسلام بگوازێتەوە.

هەرچەندە بەشێک لە ئێرانییەکان هەوڵەکانی شەریعەتییان بەرز نرخاندووە، بەڵام خومەینی کە ئاشنای هەموو نووسینەکانی شەریعەتی بوو کە لە تاراوگەکەی لە پاریس دەینووسی، بە بێدەنگی پێشوازی لە بەرهەمەکانی شەریعەتی کردووە و بۆچوونی خۆی لەبارەیانەوە دەرنەبڕیوە. من پێموایە کە خومەینی لە زۆربەی ڕێبازی شەریعەتی ڕازی نەبووە، هەرچەندە ڕژاوەتە خانەی دژایەتیکردنی ڕژێمی شاوە لە ئێران. بەڵگەش بۆئەوە بریتیە لەوەی کە ئێران دوای دروستکردنی ڕژێمێکی «توندڕەو» و کۆنەپەرستانە لەسەر دەستی خومەینی، تەواو جیاواز بوو لەوەی کە عەلی شەریعەتی داوای دەکرد.

بابەتەکە بە تیرۆرکردنی شەریعەتی کۆتایهات، موسا سەدر دووپاتی دەکاتەوە کە شەریعەتی لەلایەن ڕژێمی شا لە ئێران، هەروەها لەلایەن ئەو پیاوە ئایینیانەی کە ئیسلامیان بۆخۆیان قۆرخ کردبوو، پێیانوابوو میراتەکەی مافی خۆیانە و بەتەنها ئەوان لە ئایین تێدەگەن و کەسی دیکە مافی ئەوەی نییە لێی تێبگات، دژایەتی دەکرا. مستەفا قومران تیشک دەخاتە سەرئەوەی کە پیاوانی ئایینی کۆنەپەرست عەلی شەریعەتییان لەناوبرد و لە هێرشکردنە سەری و تۆمەتبارکردنیدا درێغییان نەکرد، ئەمەش بە سەرکەوتنی ڕەوتی «کۆنەپارێز» لە ئێران کۆتایی هات. بە وەرگرتنی ڕێبەریی شیعەکانیش لەلایەن خومەینیەوە پاشەکشە لە هەموو هەوڵەکانی شەریعەتی کرا، چونکە حوکمڕانی ویلایەتی فەقیهـو کۆنترۆڵی ڕژێمی ئاخوندەکان بۆ سەرژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێراندا گەڕایەوە.

شەریعەتی و سروش لە ڕەخنەکردنی فێربوونی ئایینیەوە دەستیانپێکرد، بۆیە گەشتی هەر یەکێکیان بۆ دەرەوەی وڵات و خوێندنی زانستیان لەوێ بۆپسپۆڕییەکان لە زانستە مرۆییەکانی وەکو فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا بووە، کە کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر ئاڕاستەی

«چاکسازی» لەلای ئەوان. پاشان بۆ پێشکەشکردنی دیدگایەکی «ڕیفۆرمخوازانە» کە هەوڵی شکاندنی کۆتی دیندارانەی داخراوی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی و ستەمکاری ڕەهای ویلایەتی فەقیهی بدات، مۆدێرنە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕەوتی «چاکسازی ئایینی» لە ئێران هەبووە.

بابەتەکە بە تیرۆرکردنی عەلی شەریعەتی لەلایەن پیاوانی هەواڵگری ڕژێمی شا لە لەندەن و بە دەستخۆشانەی پیاوانی دۆگمای ئایینی کۆتایی پێهات. عەبدولکەریم سروش-یش دوای ئەوەی دیدگا «ڕیفۆرمیستەکان»ی خۆی خستەڕوو، لەلایەن ڕژێمی ئاخوندەکانەوە ڕەتکرایەوە و بەرەنگاری بوونەوە، بەتایبەتی لەبارەی تیۆری وەرگرتن و بڵاوکردنەوەوە، تەنانەت گومانیان خستە سەر ئایین و بیروباوەڕیشی، بۆیە لە ڕۆژئاوا گیرسایەوە. هەروەک گەمارۆی محەمەد موجتەهید شەبستەری درا، کە کتێبەکانی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە ئاستی دۆگمایانەی دیدگای سەفەوییەکانی بۆمەزهەبی دوانزە ئیمامی لە ئێراندا دەردەخست.

«ڕەوتی ڕیفۆرمخوازان»ی ئایینی لە ئێران، بەشداربوون لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر کەرتێکی گەورە و جۆراوجۆر لەنێوان لاوان و ژنانی ئێرانیدا، تەناتەت کاریگەرییان تەواوی پێکهاتەی شیعەی گرتەوە، بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی «ئاخوندەکان» و باڵادەستیان بەسەرژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەوێ، تائێستا ڕەوتێکی کاریگەری دروستنەکردووە، ئەمەش بەهۆی ئاوێتەبوونێکی بەهێزی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینیە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ستەم و توندوتیژی بەرامبەرهەردەنگێکی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەمەش لەو خۆپیشاندانانەدا دەبینرێت کە گەلی ئێران جارێک لەدژی حیجابی ناچاری، جارێکی دیکەش لەدژی توندوتیژی و ستەمکاری و هەژاری ئەنجامی دەدەن. بەڵام لەڕاستیدا ئەو خۆپیشاندانانە لە جەوهەردا هەڵگری نیشانەکانی ڕەتکردنەوەی ڕژێم و دیدگا ئایینییەکەیەتی، کە جگە لە نیشانەکانی شکست و نشوستی سیاسی هیچی دیکەی تێدا نابینرێت. ئایا ئەم نارەزایەتیانە بەڵگەیەکی دیکەن لەسەر شکستی چاکسازیی سیاسی و ئایینی لە ئێراندا؟ کەواتە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئێران، جگە لە شۆڕش وەک تاکە چارەسەرهیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە ماوە؟!

***تێبینی: لەبەر زۆری سەرچاوەکان و جیاوازیی فۆنت سەرچاوەکان دانەنراون. خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی کە بریتییە لە (الإصلاح الديني في إيران.. قراءة في ضوء الولاية المطلقة للفقيه مجلة الدراسات الإيرانية • السنة السادسة • العدد السادس عشر • أكتوبر ٢٠٢٢ م).**

# ڕۆڵی حکومەت لە قەراخشارنشینی
# (لەبارەی شاری کرماشان) (١)

نگین نەزەری، محەمەد فەرهادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەبدوڵا ڕەسوولی



١. ناونیشانی توێژینەوەکە بە فارسی " نقش دولت درحاشیه نشین سازی (مورد شهرکرمانشاه) کە لە گۆڤاری: مجله مطالعات اجتماعی ایران، دوره شانزدهم، شماره ٢، ٧٢-٩٦، تابستان ١٤٠١ دا بڵاو کراوەتەوە.

## پوختە

پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەکردنی ڕۆڵی حکومەتە لە قەراخشارنشینی لە شاری کرماشان. لەم گۆشەنیگایەوە بەڵگە بۆ ئەوە دێنێتەوە حکومەت لە ئێران لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە ڕانت و دابەشکردنی پەرە بە قەراخشارنشینی ژمارەیەك لە گرووپەکان دەدات، کە قەراخشارکردنی هەندێ ناوچەی شاریی، تەنها یەکێك لە بەشە بینراوەکانیەتی. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە ڕەخنەگرانەیە و ئاماژە شاراوە ئارایییەکان لەژێر تیشکی تیۆری ئابووریی سیاسیدا ئاشکرا دەکات. ئەم میتۆدە لە ئاست زانیاریی هەستیار نییە و سوود لە زانیارییە ئارایییەکان، بەڵگەنامەکان و سەرچاوەکان وەردەگرێت. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە قەراخشارنشینی لە کرماشان لە سەرەتای بیچمگرتنی حکومەتی مۆدێرن لە ئێران، لە ژێر کاریگەری دەستێوەردانی حکومەت لە ڕێڕەوی پرۆگرامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە درووست و بەرفراوان بووە. پرۆگرامی حکومەتەکانی دواتریش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بنیاتی ئەم دیاردەی نەپێکاوە. گۆڕینی قەراخشارنشینی وەك دیاردەیەکی بەرهۆی ئابووریی سیاسی دروشت و شیکاری میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی، پێشنیاری ئەم وتارە بۆ چاوخشاندنەوە بە چارەسکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە.

وشە گرنگەکان: حکومەت، قەراخشارنشینی، پەرەسەندن، ئابووریی سیاسی، کرماشان.

## بەرایی

چوارچێوەی ژینگە و کۆمەڵایەتی شارهاوتایی لەگەڵ پەیوەندییە زەبەلاحە ئابووری و سیاسییەکاندا هەیە و لەبەرئەوەی لە ئێران، حکومەت جێبەجێکاری سەرەکی ئابووریی سیاسیە، خوێندنەوەی بابەتی قەراخشارنشینی[1] بەبێ لەبەرچاوگرتنی حکومەت، بابەتێکی نەلواوە. لە وڵاتانی پەراویز کە هێشتا بەپیشەسازی نەبوون و شوێنی دابینکردنی مادەی خاو بۆ وڵاتانی سەنتەرن، زەوی لە توخمە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی زێدەبایی بووە و ئاڵوگۆڕکردنی زەوی و موڵك، ڕێوشوێنی بەرهەمهێنانی بەهایە. لەم گۆشەنیگایەوە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە شارکە ناوەندی بازرگانی و ڕکابەرین، دەبێتە هۆی چڕبوونەوە لەسەر زەوی و هەنگاوەکانی حکومەت بۆ دیسان ڕازاندنەوەی ژینگەی شاری بەرزبوونەوەی

بەردەوامی نرخی زەوی لێدەکەوێتەوە. چڕبوونەوەی ڕاژەی بازرگانی و کارگێڕی لە شار، پەرە بە خواست بۆ زەوی دەدات و شار دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی سەرمایە.

گۆڕانکاری لە ژینگەی شاریی لە ئێران هاوکات لەگەڵ بنیاتنانی حکومەتی مۆدێرن دەستی پێکرد و مۆدێرنیزاسیۆن لەژێر ناوە جیاوازەکان بەتایبەت پەرەسەندن، پێشکەوتن و پێشڤەچوون، ژینگەی کۆمەڵایەتی هەتا ئەمڕۆ بیچمی بە چوارچێوە شارییەکان داوە. ئەم بارودۆخە بووە هۆی کەڵکەبوونی سەرمایە و هێزی کار لە شارکە لە پاڵ بەڕێوەبەرانی حکومەت، بە گرووپە گرنگەکانی نیشتەجێی شار دێنە ئەژمار. پێکهاتەیی لادێی کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆنی حکومەتی بە پەلە بەرەو شاریی بوون ڕۆیشت و شارەکان سیمایەکی نوێیان پەیداکرد. لەسەر ئەم بنەمایە قەراخشارنشینی وەك واقعیەتی شارەکانی ئەمڕۆ، بەشێك لە ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەت دێتە ئەژمار. ئامانجی سەرەکی ئەم وتارە شیکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت لەم دیاردە و شرۆڤەکردنی میکانیزمەکانی بە قەراخشاری کردنی هەنگاوەکانی حکومەت لە شاری کرماشانە.

کرماشان وەك شارێکی پەراوێز بە پەیوەندی کشتوکاڵی لە وڵاتێکی پەراوێز، لە زۆر لایەنەوە بابەتێکی شیاوە بۆ خوێندنەوەی ڕۆڵی حکومەت لە بیچمگرتنی ژینگەی شارەکەدا. لە ساڵی ١٣٨٥ نزیکەی لە سەدا ٣٥ی دانیشتوانی ئەم شارە لە ناوچەکانی قەراخشاریدا ژیاون (اطهاری، ١٣٩٠، ١٠)[٢] و هەتا ئەمڕۆ بەردەوام ڕێژەی دانیشتوانی لە زیادبوون دایە. لەم وتارەدا بە ئاراستەیەکی مێژوویی قۆناغە جیاوازەکانی بیچمگرتنی ناوچە قەراخشارنشینە کراوەکان لە کرماشان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت و پەیوەندییان لەگەڵ پرۆگرامی حکومەتە جیاوازەکان و کاریگەری ئەو لەسەر قەراخشارنشینی تاوتوێ دەکرێت.

## بنەمای تیۆری

لەو وڵاتانەی کە سەرمایەداری هاوردەکراو بەسەریاندا دەسەپێت «حکومەت وەك بریکاری سەرمایە، چینەکان دروست دەکات و لە پەیوەندی لە نێوان هێزە چینایەتییەکان و پرۆسەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکارهێنان، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت و لە درێژەدا خۆی دەبێتە ژێردەستەی چینە باڵادەستەکان» (نعمانی، ١٣٩٩: ٨). لەبەرئەوەی بە هۆی پاوانکاری پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا و یاسای سووڕانی سەرمایەوە لەم وڵاتانە، سەرمایەداریی پیشەسازی بیچم ناگرێت، سەرمایەداریی نەتەوەیی و دەڵاڵی زەوی و خانوو شوێنی ئەو دەگرێتەوە. لە سیانەی پیرۆزی زەوی، کار و سەرمایە کە مارکس بە نهێنی بەرهەمهێنانی

کۆمەڵایەتی ناوی دەنێت (مارکس ١٣٩٦: ٨٢٣)، زەوی لەم وڵاتانە ڕۆڵی بنەمایی دەگێڕێت.

لەم ئاڕاستەدا هاروی (١٣٩٢) زەوی لە چوارچێوەی ژینگە شیکاری دەکات و خوولی دووەمی کەڵەکەبوونی سەرمایە بەرهەمی زاڵبوونی سەرمایەداری بەسەر ژینگەی شار و بەکاڵایی کردنی ئەو دەناسێنێت. ئەو ڕوونی دەکاتەوە شاروەك هەڵگری سەرمایە خۆی بووەتە کاڵا هەتا ئەو شوێنەی کە دەتوانین بە شارییبوونی سەرمایە بە شەپۆلی دووەمی سەرمایەداری و خوولی دووەمی کەڵەکەبوون ناوبنێین (هاروی، ١٣٩٢: ٣١). ئەم بارودۆخە بەرهەمی هەوڵی سەرمایەداری بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانی متبوون لە کەڵەکەبوونی سەرەتاییە، کە بە کاڵاکردنی زەوی و ژینگە زێدەبایی پێویست بۆ مانەوەی خۆی دابین بکات. هارڤی میکانیزمی سەرمایەداری بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە شار لە دوو شێوازی زەوی (ژینگەی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنان) و ژینگە (ژینگەی دەستکرد بۆ بەکارهێنان) شیکاری دەکات. خوولی دووەمی کەڵەکەبوون واتە وەبەرهێنان لە ژینگەی دەستکرد و درووستکردنی ئاسۆیەکی فیزیایی کامڵ بۆ بەرهەمهێنان، سووڕان، ئاڵوگۆڕ و بەکارهێنان کە ڕەوتی سەرمایە بەرەو ئاراستەی داراییە نەگۆڕەکان و بەکارهێنانەوە ئاراستە دەکات. (سەرچاوەی پێشوو).

لەسەر بنەمای شیکاری هارڤی هەڵێنجانی زێدەبایی لە زەوی بە بێ بەرهەمهێنانی بەرهەمێك، جۆرێك لە بازاڕی زەوی درووست دەکات، کە قازانج لەودا نەك بەرهەمی بەرهەمهێنان کە بەرهەمی پەرەپێدان بە شێوازە جیاوازەکانی بەکارهێنانە. لەبەرئەم هۆیە، زەوی بە سەرمایەی ڕواڵەتی (سەرچاوەی پێشوو: ٣٢) ناو دەنێت. سەرمایەی ڕواڵەتی جۆرێك ڕانتە، کە خودی سەرمایەداری بەبەرهەمهێنانی ژینگەکەی لە شار درووست دەبێت و بە میکانیزمگەلێکی جیاواز بەتایبەت هەڵبژاردنی جیاوازی خانوو و لە ئەنجامدا دەستڕاگەیشتنی جیاواز بە سەرچاوە دەگمەنەکان بۆ دەستگرتن بەسەر توانایی بازاڕ، درووست دەبێت (سەرچاوەی پێشوو: ١٧٩).

ئەم بارودۆخە ڕانتێك دێنێتە ئاراوە کە بنەمای ئەودانی پارە لەبەرامبەرکەڵك وەرگرتن لە زەوی و دەستوپەیوەندەکانی ئەو لە چوارچێوەی ژینگە دایە. لەسەرئەم بنەمایە خوولی دووەمی کەڵەکەبوونی سەرمایە بە بەکاڵاییکردنی ژینگەی شاریی دەلوێت. بە کاڵاییکردن بە شێوازی جۆراوجۆر ڕەنگ دەداتەوە، کە ژینگە جیاوازەکانی بازرگانی، گەشتیاری، شوێنی کات بەسەربردن یەکێك لە نموونەکانیەتی.

حکومەت لە ئێران بە گۆڕینی بڕیاردەرانەی ژینگەی شاریی لە دایکبوو، لەوە بە دواوە شار کەوتە خزمەتی سووڕانی سەرمایەی داهاتەوە، بۆیە بەکارهێنانی زەوی، چالاکییەکان وژینگە

شارییەکان بەسترانەوە بە بەرهەمهێنانی زێدەباییەوە. ئەم پرۆسە بووە هۆی جیاکردنەوەی چینە شارییەکان و گرووپێك لە تاکەکانیش لە قەڵەمڕەویی ڕەسمی شار دوورخرانەوە. بە گشتی دوورخراوەکان زۆرتر لە ژێردەستە شارییەکان و قوربانیانی پەرەسەندنی بڕیاردەرانە و ناهاوسەنگ بوون، کە بۆ شار کۆچیان کردبوو. ئەم گرووپە لە شار بەرەو لای پیشە ڕاژەییەکان بە هەقدەستی کەمەوە ڕاکێشران و بۆیە لە بازاڕی خانووبەرەی جێگیر بەلاوە دەنرێن. ئەم گرووپە لە دانیشتوانی شار بە نازناوی قەراخشارنشینی وێنا دەکرێن، بەڵام بە هۆی ئەو پەیوەندییانەوەیە، کە ئەوانی گەیاندۆتە ڕۆژێکی وەها. لەم وتارەدا بە چەمکی «بە قەراخشارنشین کراوەکان» و ڕێوشوێنی ئەو بە چەمکی «قەراخشارنشینی» دەناسرێت. باقی ئەم دەقە بەستراوەتەوە بە پێشکەشکردنی بەڵگە مێژووییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت لە قەراخشارنشینی لە شاری کرماشاندا.

## میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانەیە. میتۆدی ڕەخنەگرانە بەستراوەتەوە بە شیکردنەوەی دۆخی ئارایی و ئاشکراکردنی ئاماژە شاراوەکانی. ئەم میتۆدە لە ئاست زانیارییەکان هەستیارنییە و سوود لە هەموو جۆرە زانیارییەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی وەردەگرێت. لەم شێوازەدا بە وێناکردنی وردی بارودۆخ، پەیوەندییەکان دەبنە درووستکەری ئاشناسڕینەوە (مونسی، ٢٠٠٦: ٥٢). ڕێنمای شیکاریی ئەم زانیارییانە، تیۆری پەیڕەوکراوی لێکۆڵینەوە واتە ئابووریی سیاسییە. لەبارەی ئەم توێژینەوەیە، پەیوەندییە دروشتەکانی ئابووری سیاسی کە بووەتە هۆی قەراخشارنشینی، ئامانجی سەرەکی شیکاری زانیارییەکانە. بایەخداربوونی ئەم شیکارییە بەستراوەتەوە بە تیۆری پەیڕەوکراوی لێکۆڵینەوە و بەهێزکردنی شرۆڤەکردنی.

## شیکاریی زانیارییەکان

زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکان و ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان دەستەبەرکراوە. بە سەرنجدان بە بابەتی لێکۆڵینەوە ڕۆڵی حکومەتەکان لە ژینگەی شاری کرماشان ڕێنیشاندەری کۆکردنەوەیی زانیارییەکان و شیکاریی ئەوانە. لەم ئاڕاستەوە لە سیمای مێژوویی ئەم وتارەدا باسی سەرەتای ڕۆڵی حکومەت لە شار و چۆنیەتی بەردەوامبوونی ئەو لە ڕێڕەوی پرۆگرامە حکومییەکان لە سیستەمە جیاوازە سیاسییەکان لە شاری کرماشان دەکرێت.

## پەهلەوی یەکەم

حکومەتی مۆدێرن لە ئێراندا لە لایەن ڕەزا خانەوە بنیات نرا، کە بەرهەمی دەستگرتن بەسەر دەسەڵات لە سەرەوە بە پشتیوانی وڵاتانی بیانی بەبێ پشتیوانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بوو. ئەو بە هەنگاوگەلێك وەکو نیشتەجێکردنی عەشایر، بنیاتنانی پیشەسازی، سوپا و خزمەتی سەربازی، چاکسازی و پەرەسەندنی تۆڕی ڕێگەکان، مۆدێرنیزاسیۆنی لە ئێران دەستپێکرد کە یەکەمین کاریگەریی ئەو لە ژینگەی شاریدا بەدەرکەوت. حکومەتی کاتی قەبارەی وەبەرهێنانی لە ٨٫٣ ملیار ڕیاڵی ساڵی ١٣٠٥ەوە بۆ زیاتر لە دوو بەرامبەرواتە ١٦٫٨ ملیار ڕیال لە ساڵی ١٣١٧ بەرزکردەوە (حسامیان، ١٣٦٣:،٢٥) و پشکی بودجەی پیشەسازی و ژێرخان لەسەدا ٤٨ی کۆی تێچوونەکانی حکومەتی پێکهێنا (نعمانی، ١٣٩٩).

ڕەزا شا بۆ پێکەوەگونجاندنی شارە نەریتییەکانی ئێران لەگەڵ زەرورەتی مۆدێرنیزاسیۆن هەندێ گۆڕانکاری لە چوارچێوەی ژینگەی شاردا ئەنجام دا، لەم قۆناغەدا دروستکردنی شەقام سەرەکیترین هۆکاری گۆڕینی ژینگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی شارەکان بوو. ئەم سیاسەتە بە پەسەندکردنی «یاسای پان وبەرین کردنی ڕێڕەوەکان» پەسەندکراوی ١٣ ئابانی (خەزەڵوەر) ساڵی ١٣١٢ (ایلرز و فلور، ١٩٩٣: ٢٥٥) تێکدانی چیندراوی کارکردی شارو لە نێوچوونی کۆمەڵە لۆکاڵییەکان و تێکدانی سامانی نەریتی شارەکانی لێکەوتەوە.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٠٠ هەتا ١٣١٠ گۆڕینی ژینگەی قاڵبی و کۆمەڵایەتی کرماشانیش بە دروستکردنی شەقامەکان دەستی پێکرد، کە لەنێو پێکهاتەی کۆنی شاردا تێپەڕدەبوو. ئەم پرۆژەیە کە لەژێر کاریگەریی ئەندازیارانی فەرەنسادا جێبەجێکرا، گرنگی بە ڕێکخراوی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەنتەری شارنەدا، بەڵام ڕۆڵی گرنگی لە گۆڕانکاری داهاتووی شاربەتایبەت گواستنەوەی ماتۆڕی، دروستکردنی خانوو، بەها کۆمەڵایەتییە نوێیەکان (پەروەردە، تەندرووستی، جووڵەی شوێن لە شارو....) و گۆڕینی سەرباشقە ئابوورییە لۆکاڵییەکان هەبوو، کە داڕمانی بازاڕی نەریتی یەکێك لەوانە بوو (کلارك و کاستلو، ١٩٧٣: ١١٥).

سیاسەتی ڕەزان خان لە هەریمی خێڵایەتی کرماشان، نیشتەجێکردنی عەشایەر و کۆچ پێکردنیان بۆ شارەکان بوو، لەبەرئەوەی وا بیری دەکردەوە لە سەدەی بیستەم پەیوەندییە خێڵایەتییەکان بابەتی نییە (کێلارك و کاستلو، ١٩٧٣: ١١٤).


دروستکردنی شەقامەکان بووە هۆی بیچمگرتنی ژینگەی بازرگانی مۆدێرن لەبەرامبەربازاڕی نەریتی کە گۆڕانکاری دیکە لە پەیوەندییە ئابووری، چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان شی دەکاتەوە. لەسەربنەمای بینینەوەی شوێنی ئەم شەقامانە لە ساڵی ١٢٩٩ هەتا ١٣٠٩ گەڕەکێکی های کلاس لە باشووری خۆرئاوای شار. شوێنێك کە شەقامەکانی شارلەوێدا کۆتایی دەهاتن. بە شێوەی باخ و باخاتی حەسارکێشراو دروست بوو، کە بووە شوێنی نیشتەجێ بوونی دەوڵەمەندانێك کە پێشترلە هەموو گەڕەکانی شاردا بڵاوبووبوونەوە (سەرچاوەی پێشوو: ١١٥). هەتا پێش ئەمە بەڵگە لەبارەی دابەشکردنی چینایەتی گەڕەکەکانی شاری کرماشان لەبەردەستدا نییە، بەڵکو خێزانە گەورەکان لەسەربنەمای گرووپبەندی ئیتنیکی و ئایینزایی لە شارێکی ناهاوچەشن لە بواری کولتوورییەوە نیشتەجێبوون (کێلارك و کاستلۆ، ١٩٧٣: وەرگیراو لە ڕابینۆ، ١٩٠٣).

ئەم سەرباشقەی گەشەکردن لە کرماشان هاوشێوەی شارەکانی دیکەی ئێران بە تایبەت تاران بە هۆی کەشوهەوای باشتری ئەم ناوچانەوە ڕوویدا. خاوەن زەوییەکان زۆرترین سوودیان لەم بابەتە وەرگرت. دروستکردنی شەقام لە شارهەم بەجەمسەرکردنی شاری توندترکرد و ئەوگەڕەکانەی گواستنەوەی ماتۆڕی دەیگرتنەوە بەهایەکی سەرترو زۆرتریان پەیدا کرد و هەرئەم جیاکردنەوەی گەڕەکەکانە پەرەی بە جیاکردنەوەیی کۆمەڵایەتی و بیچمگرتنی بەها کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دا کە کۆبوونەوە هەژارە شارییەکان لە گەڕەکە کۆنەکان یەکێک لەو بابەتانە بوو. ژمارەیەك لەم خانووانە لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە دروستکرابوون و بە فەرمانبەرانی حکومەت و ئەفسەرانی سوپا بە کرێ دەدران (سەرچاوەی پێشوو). هەژارانی شاری و کۆچبەران لە گەڕەکە کۆنەکانی شاروژمارەیەك لە کاروانسەراکاندا جێگیربوون، خانووی قوڕ و خشت، ڕێژەی زۆری وەچەخستنەوە، نەخۆشییەکان، نەبوونی ئاو و کارەبا و ڕێژەی نزمی خوێندەواری لە تایبەتمەندی ئەم گەڕەکانە بوون. پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەریتی لەم گەڕەکانەدا زۆر گەشەیان کردبوو و مزگەوتەکان، گەرماوی گشتی و چایخانە لە شوێنە کاریگەرەکانی ئەم گەڕەکانە دەهاتنە ئەژمار (سەرچاوەی پێشوو: ١١٦،١١٨).

لەم سەردەمەدا بنیاتنانی کارخانە و پیشەسازییەکان لە شارەکان دووەمین هۆکاری گۆڕینی ژینگەی شاریی بوو. پاڵاوگەی نەوتی کرماشان لە ساڵی ١٣١٥ و لە قەراخ قەرەسوو لە باکووری کرماشان بونیادنرا، کە بووە هۆی گواستنەوەی دانیشتوانی

گوندی شاترئاباد لە دەوروبەری ئەم پاڵاوگە (گلنام، ١٣٦١: ٩٥). دەرکراوەکانی ئەم گوندە ناچاربوون بگواسنەوە بۆ زەوییەك لە باشووری شارولە دەوروبەری ئابشوران و بە یەکەمین گرووپەکانی قەراخشارنشین کراولە کرماشان دێنە ئەژمار.

بە هۆی لە خاوەنداریەتی خستنی دانیشتوانی زەوی ئەم دامەزراوە پیشەسازیيانە و هەروەها درووستکردنی گەڕەك و شارۆچکە بۆ فەرمانبەرانیان، گۆڕانکاری لە ژینگەی قاڵبی وکۆمەڵایەتی شار، پەلەی زۆرتری تێدا کرا. دەرکراوەکان لە ناوچە هەرزانەکانی دەرەوەی شار بوونە قەراخشارنشین و فەرمانبەرانی پیشەسازییەکان لە خانووی ڕێکخراویی چینێکی نوێیان لە نێو شاردا پێکهێنا. یەکێك لە یەکەمین شارۆچکە حکومییەکان، کۆمەڵەیەکی نیشتەجێبوون کە لە کۆمەڵەی پاڵاوگەی نەوت لە ٤ کیلومەتری باکووری شاری کرماشان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا و فارس (ئێران) لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٠٩ درووستکرا (کلارك وکاستلو، ١٩٧٣: ١١٨). بە هۆی هەنگاوی لەم چەشنە لە شار و هەروەها شارەکانی دەوروبەری بۆ بنیادنانی تۆڕی گواستنەوە، شارنشینی لە کرماشان گەشەی کرد. لە ساڵی ١٣٢٥ دانیشتوانی کرماشان ببوە ٨٨ هەزار و ٦٢٢ کەس (سەرچاوەی پێشوو: ١١٣).




**نەخشەی ١: گۆڕانکاریی لە ڕەهەندەکانی شارلە سەردەمی ڕەزا خان**

**(سەرچاوە: کلارک وکلارک، ١٣٩٥: ٥٨)[٣]**

لەم سەردەمەدا حکومەت هۆکاری سەرەکی گۆڕینی ژینگەی شاری کرماشان بوو. پەهلەویی یەکەم جیا لە پرۆژە شارییەکان بە دوو میکانیزمی سەرەتایی، پۆلێنبەندیکردنی شارو نایەکسانی گەڕەکە جیاوازەکانی دووبارە دەکردەوە، یەکەم بە هۆی دانی هەقدەست وموووچە بە فەرمانبەرانی دەزگا کارگێڕی، پیشەسازی و ڕاژەییەکان کە پارەیەکی بەرچاویان دەخستە نێو ئابووری شارەوە و دووەم، تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی ئاوەدانکردنەوە لە بودجەی حکومەت بۆ ئابووری شار کە لە چوارچێوەی پرۆژەکانی پەرەسەندنی بینای فەرمانگەکان، پەوەردەیی، تەندرووستی و ڕاژەیی ژینگەی شاردەگۆڕن (ڕاهنمایی، ١٣٨٨: ١٥٨). لەسەر ئەم بنەمایە هەرکاتێك حکومەت لاوازدەبوو یان ڕووبەڕووی کێشەی ئابووریی دەبووەوە پەرەسەندنی ژینگەی شاریش مت دەبوو. بەم بۆنەوە بەپێچەوانەی گۆڕانکاری شارلە سەرەتای حکومەتی ڕەزا شا، لە ساڵەکانی کۆتایی بە ١٣٢٠ و سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانی، بەلاوازکردنی حکومەتی ناوەندی ئاستی وەبەرهێنان لە وڵات لە سەدا ٤٠ دابەزی و بووە ١٠ ملیارڕیال لە ساڵی ١٣٢٠.

**پەهلەویی دووەم**

لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی وداگیرکردنی ئێران لە ١٣١٩ هەتا ١٣٢٤ شاری کرماشانیش تووشی نائارامی و ناڕەزایەتی بوو وگەشەکردنی شارگۆڕانێکی هەست پێکراوی پێوە دیار نەبوو. دانیشتوانی کرماشان لە ٨٨ هەزارو ٦٢٢ کەسەوە لە ساڵی ١٣٢٠ بەرز بووەوە بۆ ١٢٥ هەزارو ٤٣٩ کەس لە ساڵی ١٣٣٥ (کلارك و کلارك، ١٣٩٥: ١٠). ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوانی کرماشان لەم ساڵانەدا ٢,٧ بووە، کە تا ڕادەیەك یەکسان بە زۆربوونی دانیشتوان لە سەرتاسەری وڵات ٢,٦٥ بووە، کە تەنها ٠,٥٣ ی ئەنجامی کۆچ کردن وئەویتر زۆرتربوونی سروشتی دانیشتوانی شارییە (حسامیان، ١٣٦٣: ١٩).

بەدرێژایی ئەم ساڵانە بەرفراوان بوونی شاری کرماشان لە ئاڕاستەی باشوورو باشووری خۆرئاوا خێراییەکی زۆرتری هەبوو، بەتایبەت تەواوکردنی شەقامی پەهلەوی (شەریعەتی) وبەستنەوەی شەقامی نەواب بە شەقامی سوپا/شاپور (موردەس/ دەبیری مەزن) تەواو بوو (کلارك وکلارك، ١٣٩٥: ٥١). بەرفراوان بوون لەم ئاڕاستەدا بە نێوانگیری پرۆگرامە حکومییەکانی پێش لە درووستکردنی شەقام و بنیاتنانی کۆمپانیای نەوت لە باشووری شارەکەدا بوو.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٣٥ و ١٣٤٥ ژمارەیەك لە گوندەکانی دەوروبەری شاربەهۆی

پەرەسەندنی شارەوە بوونە بەشێك لە شار و زەوییەك كە پێشتر بۆ كاری كشتوكاڵ بەكار دەهات، هەنووەكە ببووە بەشێك لەو ناوچانەی كە لەودا بینای تێدا دروست دەكرا و زۆربەی جووتیاران بوونە كرێكارانی هەقدەستی ڕۆژانەی ئەم بوارە. لە ساڵی ١٣٢٥ دانیشتوانی كرماشان لە ٨٨ هەزار و ٦٢٢ كەسەوە لە ساڵی ١٣٤٥ بووە ١٨٧ هەزار و ٩٣٠ كەس (كلارك و كاستلو، ١١٩٧٣: ١١٣). ڕێژەی دانیشتوانێك كە لە بەشی كشتوكاڵی شاری كرماشان كاری دەكرد لە سەدا ١٢,٥ لە ساڵی ١٣٣٥ كەم بووەوە بۆ لە سەدا ٣,٥ لە ساڵی ١٣٤٥ (كلارك و كلارك، ١٣٩٥: ١٠٥). لەم ساڵانەدا ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوانی كرماشان لە سەدا ٤,١ بووە (خسروی، بی‌تا: ١٣). لەم نێوەندەدا گەشەكردن و پەرەسەندنی شاری ئەم جۆرە پەیوەندیانەی بەرفراوان كرد، بەرفراوانبوونی «پیشەسازی» لە لقە جۆراوجۆرەكانی «ڕاژە»ی پەیوەندیداربەوانیش درووست كرد، كە شارپێویستی بە هێزی مرۆیی و كۆچكردنی گوندنشینانی زیاتر كرد (گلنام، ١٣٦١: ٣٠).

لەم ساڵانەشدا زۆربەی باخ و زەوییە كشتوكاڵییەكان بەتایبەت لە باكووری شار شوێنی خۆیان دایە پیشەسازییە جۆراوجۆرەكان و درووستكردنی خانوو، لە ئەنجامدا ئاوی ئابشوران و كارێزەكان لە جیاتی ئەوەی بۆ ئاودێری بەكاربهێنرێن، زۆرتر بۆ پرۆژە و پرۆگرامە شارییەكان و درووستكردنی بینا تەرخان دەكران. كەمبوونەوەی زەوی كشتوكاڵ و شێوازیی بەرهەمهێنانی نوێ كە دەستی پێكردبوو پێویستی بە هێزی مرۆیی بوو و ڕۆڵێكی بەرچاوی لە كەم كردنەوەی ژمارەی كرێكارانی كشتوكاڵ لە شاری كرماشاندا هەبوو (كلارك و كلارك، ١٣٩٥: ٨٤).

لەلایەكی دیكەوە كرماشان بە هۆی بارودۆخی سنووری و ستراتیژی و كێوستانی سەختەوە شوێنێكی شیاو بۆ بنیاتنانی بنكە سەربازییەكان بوو. لەسەر ئەم بنەمایە بنكە سەربازییەكان و پادگانەكانیش بوونە هۆكارێكی گرنگ لە جێگۆڕكێ كردنی دانیشتوانی لادێدا. درووستكردنی بنكە و دامەزراوە سەربازییەكان لە زەوی گوندنشینان بووە هۆی لە نێوچوونی دوو گوندی «پایەروەن» و «ناودەروەن» و گوندی «نۆكان». هەنگاوگەلێكی لەم چەشنە بووە هۆی ئاوارەبوونی لادییەكانی ئەم دوو گوندە گەورە و جووتیارانی ئەم ناوچە لە دامەزراوە سەربازیی و هێزی ئاسمانی سەر بە سوپا كە لەسەر زەوییەكانیان جێگیر ببوون و سەرقاڵی درووستكردنی بینا بوون (گلنام، ١٣٦١: ٦٥).

لەم ساڵانەدا كرماشان وەك بازاڕێك و ناوەندێكی بازرگانی بۆ ناوچەكانی دەوروبەری ڕێژەیەكی بەرفراوان ڕاژەی دەستەبەر دەكرد. لە بەشی جێبەجێكاری، ئەم بابەتە بە هۆی ڕۆڵی شار وەك شوێنی مندالدانی سەرمایەی ناوچەیی، ڕەنگ دەداتەوە. زۆربوونی

دانیشتوانی شارپەرەی بە کەرتی ڕاژەکان دا و کەسانێکی زۆرلەم بەشەدا سەرقاڵی کارکردن بوون. بەرفراوانبوونی چینی مامناوەند بەتایبەت مامۆستایان، ئەندامانی سوپا، بازرگانان و بەڕێوەبەران و کرێکارانی کۆمپانیای نەوت موشتەری کارە ڕاژەییەکانن، بەتایبەت ژمارەیەکی بەرفراوان لە خزمەتکارانی خێزانی و تایبەت کە لە زۆربەی حاڵەتەکان لەلایەن کوردەکانەوە دابین دەکرێت، کە بەهۆی سیاسەتەکانی نیشتەجێکردنی حکومەتییەوە بە ناوچەکانی دەوروبەری شارکۆچیان کردووە (کلارك و کلارك، ١٣٩٥، ٩٨).

**خشتەی ژمارە ١: دوایین کاری سەرۆکی خێزانە نموونەکان دوای کۆچکردن**

**(سەرچاوە: گوڵنام، ١٣٦١:١٦٢)**

| ژمارە | دوایین کار | ژمارەی ئەندامانی خێزان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | کرێکار | ٢١ | ١.زۆربەی کات کرێکاران چ کارێك هەبێت دەیکەن، ژمارەیەکیان چەندین کاری جیاوازیان کردووە و ئەزموونیان تێدا هەیە. زۆربەیان لە کاری بیناسازی سەرقاڵی کرێکارین. ژمارەیەکی زۆر کەمیش لە کارخانەکاندا دەستبەکاربوون وئەمە زۆرتر بە هۆی نەخوێندەوارییەوەیە کە ئەوان لە کارخانەکان قبووڵ ناکات، لەبەرئەوەی ئەوان لانیکەمی خوێندەواریشیان نییە.<br>٢.تەنها یەکێك لەوکەسانەی کە سەرقاڵی شۆفیرین، ئۆتۆمبیلی خۆی هەبوو کە ئەویش لەم کۆتاییانەدا بە هۆی گوشاریی داراییەوە فرۆشتبووی. ئەوانیتریان لە بەرامبەر شۆفیری هەقدەستیان لە خاوەنی ئۆتۆمبیل وەردەگرت.<br>٣.لە مووچەخۆرانی حکومەت یەکێك کەناس، یەکێك پلەداری سەربازیی و ئەویتریان دەرگاوانی فەرمانگەیەك و تەنها یەك کەسیان فەرمانبەری تەندرووستی بوو کە لە شارەوە بۆقەراخشار هاتبوو. |
| ٢ | کاسب و فرۆشیار | ١٩ | |
| ٣ | پشەگەرو جوانکاری بینا | ٨ | |
| ٤ | شۆفیری | ٥ | |
| ٥ | مووچەخۆری حکومەت | ٤ | |
| ٦ | تەنیا کشتوکاڵ و ئاژەڵداری | ٤ | |
| ٧ | کشتوکاڵ و ئاژەڵداری | ٥ | |
| ٨ | پیشەی دیکە (دوکانداری) | ٤ | |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | |

هەروەها لە کرماشان کۆمپانیای نەوت ١٥٠ یەکەی نیشتەجێبوونی لە یەك کیلومەتری کۆمپانیا بۆ کرێکاران درووستکرد، کە بە دیزاینێکی سەرنجڕاکێش و ئاراستەیەکی پرۆگرامتەوەریەکێك لە نموونە سەرکەوتووەکانی خانووی هەرزان لە ئێران دێتە ئەژمار. قوتابخانەگەلێکیش بۆ منداڵی فەرمانبەران درووستکران و ئەم کۆمپانیایە ڕاژەی تەندرووستی و خۆشگوزەرانی و کلینیکێك بەڕێوە دەبات و ئەگەری کڕین بە هاوبەشی پێشکەش دەکات. هەروەها کەموکووڕی خانووی شیاو بووە هۆی ئەوەی وەزارەتی نیشتەجێبوون بە دابینکردنی دارایی ڕێکخراوی بەرنامە ٤٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونی یەك نهۆمی لە ٣ کیلومەتری باکووری شاری کۆن درووست بکات (کلارك و کاستلو، ١٩٧٣: ١١٨). ئەم پرۆژەیە کە لە پاڵ تەنها ناوچەی نیشتەجێبوونی های کلاسی نوێ لە باشووری شار درووستکراوە، ناوچەیەکی سەوزی لە سنووری باکووری شار درووستکردووە. ئەمە هەوڵی حکومەتی ناوەندی بەمەبەستی خانووی سۆبسیدی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەرانی حکومەتی و پلە نێوەنجییەکان لە شار دایە. هێشتا بۆ گوتنی سەرکەوتووبوونی ئەم پرۆژە زووە، بەڵام قەبارە و ناوەڕۆکی یەکەکانی نیشتەجێ بوون و سیاسەتی تەرخانکردنی، پیشانی دەدات کە ناوچەی جیاوازی چینی نێوەنجی لە حاڵی گەشەکردن دایە. لە زۆر لایەنەوە هەرسێ گۆڕانکاری (خانوو) بەرێوەبەرانی نەوت، کرێکارانی نەوت و خانووی حکومەتی بە شێوەیەکی بەرچاو دژیەکییان لەگەڵ شاری بەرفراوان و فەرمانگەی پلاندانانندا هەیە (سەرچاوەی پێشوو).

ڕاژەی شاریی گرنگترین پێوەری جیاکردنەوەی ناوچەکان لەم ساڵانەدا بوو. ناوچە باشووریی و تازە درووستکراوی شار لە ئیمکانیاتێك وەکو کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ و ژینگەی پێویست بۆ کاتی بەتاڵییان هەبوو، کە لە ناوچەی باکووری و کۆنەکانی شار لە بەردەستدا نەبوو. پێکهاتەی کۆنی شار کە بە هۆی دەستڕانەگەیشتنی ماتۆڕی ببووە ناوچەیەکی کەلاوە، هەنووکە بە کەرتی کەمبایەخی شار دێتە ئەژمار (کلارك و کاستلو، ١٩٧٣: ١١٥). بەشی کۆنی شار بووەتە شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچبەرانی هەژار لە شارەکان و خێڵەکانی دەوروبەر. ژمارەیەك لەم کۆچبەرانەش لە کاروانسەراگەلێکدا نیشتەجێ دەبن، کە ئیدی ڕۆڵێکیان لە بازرگانیدا نییە و کەلاوەن (سەرچاوەی پێشوو: ١١٧). گەڕەکە نوێیەکان لە باشووری خۆرئاوای شار خاڵی بەرامبەری ئەم گەڕەکە کۆنانەن. لەم گەڕەکانە بەهای موڵك شوێنکەوتووی نزیکایەتی لە شەقامی سەرەکییە، چەندە دوورتر بێت هەرزانترە. لە

ساڵەکانی ١٣٤٠ نرخی زەوی کەنارشەقام لە ٥٠٠ ڕیاڵ هەتا ٣٠٠٠ ڕیاڵ لە بەرزبوونەوە و دابەزیندا بوو. زەوییەکانی ناوخۆی بلۆکە شارییەکانیش لە ٢٠٠ ڕیاڵەوە هەتا ١٠٠٠ ڕیاڵەوە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا (سەرچاوەی پێشوو: ١١٦.١١٤).

بەپێی سەرژمێری دانیشتوان لە ساڵی ١٣٤٥، ١٦٦٣٣ یەکەی نیشتەجێبوون لە کۆی گشتی ١٨٣٩٤ یەکە، کەڵکیان لە ئاوی بۆڕی شاری وەردەگرت: ١٦٠٤ حاڵەت، ئاوی بۆریان لە ناوخۆی ماڵەوە هەیە، لە کاتێکدا کە ٥٠٢٩ حاڵەت بە پۆمپ و کەلوپەلی دیکەی کۆکردنەوەی ئاو کەڵکیان لە سەرچاوەی ئاوی شاری وەردەگرت کە لە ناوخانوودا نەیانبوو (کلارك و کلارك، ١٣٩٥: ١٩٩). لە بواری ئاوەڕۆی شاریشەوە گەڕەکە کۆنەکانی شار سوودیان لەم پرۆژە وەرنەگرت و پشکی گەڕەکە تازە بنیاتنراو و دەوڵەمەندنشینەکان بوو (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠١).

کارەباش لە ژینگەی شاری وەکو بابەتە ئاماژەپێدراوەکان لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرا. بە شێوەیەکی گشتی لە خەرمانانی (شهریور) ١٣٤٥ نزیکەی ١٥٤٠٢ی بەکارهێنەر هەبوو و بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی ١٣٤٥، نزیکەی ١٢٠٧٤ یەکەی نیشتەجبوون لە ١٨٣٩٤ کۆی گشتی یەکەکانی نیشتەجێبوونی شارکارەبایان هەیە (کلارك و کلارك، ١٣٩٥: ٢٠٩).




**خشتەی ژمارە ٢: نرخی زەوی لە کرماشان. ساڵەکانی ١٣٤٠**

**(سەرچاوەی کلارك و کلارك، ١٣٩٥: ٢٣٩).**

بەرنامەی مۆدێرنیزاسیۆنی پەهلەویی دووەم دوای مەترسییەکانی گواستنەوەی دەسەڵات و کودەتای ١٣٣٢ و بە لاوەنانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕابەری موسەدیق، زۆر خێراتر و بەپەلەتر بوو. داهاتە نەوتییەکان بوونە پشتیوانەی پرۆگرامەکانی نوێسازی لەسەرەوە و بەپێچەوانەی پرۆگرامی یەکەمی پەرەسەندن کە دابیننەکردنی دارایی و کێشمەکێشە سیاسییەکانی بە نیشتمانیکردنی پیشەسازی نەوت و بڕینی داهاتی حکومەت، بە کەمترین هەنگاو کۆتایی بەو هێنا (ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە، ١٣٤٣: ٣.٢). پرۆگرامی پەرەسەندنی حەوت ساڵەی دووەم لە ڕەشەمەی ١٣٣٤ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە پەسەند کرا. بودجەی سەرەتایی بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی پرۆگرامی یەکەم و جێبەجێ کردنیان، لە پرۆگرامی دووەمدا ٧٠ ملیار ڕیاڵ لەبەرچاو گیرا، کە بە هەموارکردنەوەی بۆ ٨٤ ملیار ڕیال بەرز کرایەوە (سەرچاوەی:٣). پشتیوانەی ئەم پرۆگرامە داهاتی زۆربووی حکومەت لە نەوت بوو. پاشەکەوتی دراوی حکومەتی ئێران لە ٥,٦ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٣٣٤ بۆ ٥٣ ملیۆن دۆلارر لە ساڵی ١٣٣٦ بەرز بووەوە (ڕێکخراوی بەرنامە، ١٣٤٣:٥). بەرخۆرگەرایی و زۆربوونی هاوردەکردنی کاڵا بەرخۆرییەکان، ئەنجامی داهاتە نەوتییەکان بوو کە بەرزەفڕانە شای هان دەدا.

بەرنامەی دووەمی پەرەسەندن بە شۆڕشی سپی و گرنگترین تەوەری ئەوواتە چاکسازیی لە خاوەنداریەتی زەوی کۆتایی هات و کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی درووست بوو، کە بە جەمسەری کردنی زۆرتری چینە کۆمەڵایەتی و بەرفراوانبوونی چینی مامناوەندی لێکەوتەوە (سوداگر ١٣٦٩: ١٧٠). کۆچکردنی گوندنشینە ڕزگاربووەکان لە پەیوەندییەکانی زەوی بۆ شار، سیمای شار و گوندی گۆڕی.


دوای چاکسازی زەوی و هەتا ساڵی ١٣٥٤، لە سەدا ٦٦ی خۆش نشین و لە سەدا ٦٠ی خێزانەکانی خاوەنی کەمتر لە ١,٥ هێکتار(٦ دۆنم) زەوی کۆچیان کرد، بەڵام لە نێوان خێزانەکانی خاوەنی زیاتر لە ٤ هێکتار زەوی تەنها لە سەدا ٢٧ کۆچیان کرد. (خسروی، بی تا: ١١٣). دامەزراندنی کۆمپانیاکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پشکداری کشتوکاڵ کە زەوییە بچوکەکانیان بە یەکتردەبەستەوە، بووە هۆی بێکاربوونی ژمارەیەك لە نەسەقدار و تازە خاوەن زەوییەکانی دوای چاکسازیی خاوەنداریەتی زەوی و شەپۆلی کۆچکردن بۆ شاری دووبارە کردەوە (سەرچاوەی پێشوو: ٣٢٠).

لەژێر کاریگەریی چاکسازیی خاوەنداریەتی زەویی لە گوند و بەرنامەی پەرەسەندنی شارنشینی دانیشتوانی کرماشان لە ١٢٥ هەزارکەس لە ساڵی ١٣٣٥ بۆ ٢٩٧ هەزارکەس

لە ساڵی ١٣٥٥ بەرز بووەوە. لە وەڵامدانەوە بە پێویستی خانووبەرە لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٤٥ هەتا ١٣٥٥ حکومەت دروستکردنی شارۆچکەکانی ئاناهیتا، ٢٢ بەهمەن، ئابادانی و مەسکەن و ئیلاهیەی دەست پێکرد. ڕووبەری زۆری پارچە زەوییەکان ٣٠٠ مەتر و سەرتر. و نرخی بەرزی زەوییەکانی ناوخۆی گەڕەک، بووە هۆی ئەوەی ژێردەستە شارییەکان و کۆچبەرانی لادێی توانای کڕینی خانوویان لەم گەڕەکانە نەبێت (قلی پور، ١٣٩٣: ٧١). لەلایەکی دیکەوە پەرەسەندنی شارۆچکەکان بووە هۆی تێکەڵبوونی گوندەکان لەگەڵ شار و کڕین و فرۆشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بووە هۆی بۆرس بازی زەوی و موڵکەکان و زۆربوونی نرخی دەرەوە لە توانایی دارایی ژێردەستەکانی شاری. چاڵە چاڵە، چەقا میرزا، چەقا کەبود و چەقا گەلان لەو گوندانەن، کە لە ساڵی ١٣٥٥ تێکەڵ بە شاربوون (ایراندوست، ١٣٨٠: ٤٥).


هێزی کاری دروستکردنی ئەم شارۆچکانە و هێزی کاری ڕاژەیی شار بەهۆی ڕۆڵی کارکردێك کە بە هێزی هەرزانی کاردەهاتنە ئەژمار لە پرۆگرامی ڕەسمی خانووبەرە کەوتنە دەرەوە و بە ناچاری لەو ناوچانەی شار کە نرخیان هەرزان بوو نیشتەجێ بوون. هەتا کۆتایی حکومەتی پەهلەویی دووەم ناوچەگەلێکی بەقەراخشارنشین کراو کە ژێردەستەکانیان لەخۆ گرتبوو، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد: شاتەرئاباد زەوی وەقفی بوو و ئەوقاف ئامادە نەبوو ئاو بە جووتیارانی ئەم ناوچەیە بدات، بۆئەوەی جووتیاران ناچاربن زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆیان تەسلیم بکەن. شاتەرئاباد بە هۆی هەرزانی زەوییەکان یەکێك لە ناوەندەکانی کۆبوونەوەی ژێردەستە شارییەکان بوو (گلنام، ١٣٦١: ٩٧-٩٩). باخی نەی یەکێك لە گوندەکانی شاری کرماشان بوو، کە زەوییەکانی ئەو لە سەردەمی چاکسازی خاوەندارییەتی زەوی بە شێوەی بێبەرامبەر لەلایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەردا گیرا. گەشەکردن و پەرەسەندنی باخی نەی بە شێوەی بەرفراوان دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی بیناکانی شارۆچکەی ٢٢ بەهمەن، کە کرێکارانی بیناسازی لەم گەڕەکەدا نیشتەجێ بوون (سەرچاوەی پێشوو: ٧٥). دەوڵەت ئاوا کە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاوارەکانی لافاوی خۆرئاوای کرماشان بوو لەلایەن حکومەتەوە تەسلیم بەو کەسانە کرا، کە زیانیان پێگەیشتبوو، بەڵام زەوییەکانی دەوروبەری بووە شوێنی بیناگەلێکی نادڵنیا و ژێردەستەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا (قلی پور، ١٣٩٣: ٨٠). جەعفەرئاواش لە ماوەی ساڵەکانی سەرەتای ١٣٥٠ بیچمی گرت و بەهۆی نرخی نزمی زەوییە وەقفییەکان بووە شوێنی سەرنجڕاکێش بۆ هەژارانی شاری (گلنام، ١٣٦١: ١١٤). قەرەچی ئاوا کە بەرهەمی کۆکردنەوەی چەند شوێنی

نیشتەجێبوونی ناجێگیر بوو لەلایەن خەڵکەوە دەستی بەسەردا گیرا و بە درووستکردنی سەرپەنا بۆ کەسانێك بە هەزاری زۆرەوە بیچمی گرت (سەرچاوەی پێشوو: ١٢١). بیچمگرتنی ئەم ناوچە پەراوێزانە هاوکات لەگەڵ بنیاتنانی شارۆچکەگەلێك بوو، کە حکومەت بۆ دابینکردنی خانووی شاری بنیاتی دەنا.




**نەخشەی ٣: گۆڕانکاریی شاری کرماشان لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٣٥ هەتا ١٣٤٥**
**(کلارك و کلارك، ١٣٩٥: ٩٧).**

دەبێت دان بەوەدا بنێین کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شاریەکێك لە ئامانجە پلان بۆ دانراوەکانی حکومەت بوو. « شا بە سەربەرزییەوە پێش بینی دەکرد لە داهاتوویەکی نەك زۆر دوور (هەتا ساڵی ١٣٦٠) دانیشتوانی گوندەکان بۆ لە سەدا ٥ هەتا ٦ی دانیشتوانی کۆی وڵات کەم بکاتەوە» (سوداگر، ١٣٦٩: ٢٧٩). بەهۆی ئەم سیاسەتانەوە بەپێی ئاماری بانکی ناوەندی پشکی کشتوکاڵ لە بەرهەمهێنانی ناپەتی ناوخۆیی لە سەدا ٣٦,٨ لە ساڵی ١٣٣٨ بۆ لە سەدا ٨,٥ لە ساڵی ١٣٥٦ کەم بووەوە (سەرچاوەی پێشوو ٢٨٧). بەرهەمهێنانی تاکەکەسی کشتوکاڵ لە بەراورد لەگەڵ لقەکانی دیکەی ئابووری نیشتمانی ڕەوتی داکشانی گرتەبەر، بە شێوەیەك کە لەبەرامبەرزۆربوونی ١٠ بەرامبەری داهاتی ساڵانەی وڵات لە ساڵی ١٣٣٨ هەتا ١٣٥٣، داهاتی بەشی کشتوکاڵ دوو بەرامبەربوو (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٨).




**نەخشەی ٤: گەڕەکەکانی بەقەراخشارنشین کراوی کرماشان و شارۆچکەسازییەکان لە ساڵەکانی ١٣٥٠**

هەژاری گوندنشینەکان کە لەبەرامبەر خۆشگوزەرانی شارزیاتر لە پێشوو پێی ئاگاداربوونەوە هۆکاری دیکەی کۆچبەرانی گوندنشینەکان بۆ شارەکان بوو. ڕێژەی نێوەندی تێچوونی بەرخۆری (خۆراکی و ناخۆراکی) مانگانەی گوندنشینەکان لە ساڵی ١٣٥٣، نزیکەی ٩٨٨ ڕیاڵ و شارنشینەکانی ٢١٩٠٩ ڕیاڵ بووە (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٨). لە هەمانکاتدا ڕێژەی نێوەندی مووچە بۆ ٥٥ کاتژمێرکاری هەفتانەی فەرمانبەرانی کارگێڕی لە ساڵی ١٣٥١، نزیکەی ١٢٤٨ ڕیاڵ و هەقدەستی کرێکارانی کشتوکاڵ بۆ ٥٩ کاتژمێرکار ٥٥٧ ڕیاڵ بوو (سەرچاوەی پێشوو: ٦٨٧).

## کۆماری ئیسلامیی

ڕووداوی شۆڕش وئەنجامە پێکەوە زیادبووەکانی لەگەڵ پرۆگرامی ئابووریی پەهلەویی دووەم، کاریگەری گرنگی لەسەرژینگەی شاری کرماشان بەجێهێشت. بەڵێنە ئۆتۆپیاییەکانی شۆڕش بۆ خانووی بێبەرامبەر، کاروگرنگی پێدان بە هەژارەکان، شەپۆلێك لە کۆچبەرانی بەرەو شار ڕێکخست، کە چاوەڕوانی سوودوەرگرتن لە بەهرەکانی شۆڕشیان لە مێشکدا بوو (بیات، ١٣٩٠: ١٥٣). شەڕی سەپاو دووەمین ڕووداوی گرنگ لە تێکەیشتنی ژینگەی شاری کرماشانی دوای

شۆڕشە. «نزیکەی ٢٥٠٠٠ کەسی کۆچبەری شەڕلە ڕۆژەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شەڕلە کرماشان نیشتەجێ کران» (تدبیر شهر، ١٣٨٢: ٢٦). لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٩ هەتا ١٣٦٢ ناوچەی قەراخشاری کرماشان لە ٦ کیلومەتری بۆ ٨٠ کیلومەتری چوارگۆشە زیاد بوو (بیات، ١٣٩٠: ١٥١). ئاوارەکانی شەڕیش زیادبوونە سەرکۆچبەران و لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٥ هەتا ١٣٦٥ دانیشتوانی کرماشان دوو بەرامبەربوو (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٣).

پاڵنەری کۆچبەرانی گوندنشین، ئابووریی بوو. لە ساڵی ١٣٦١ خێزانێکی گوندی کەمتر لە نیوە (لە سەدا ٤٤)ی خێزانێکی شاری داهاتی هەبوو. لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەك لە ساڵی ١٣٧٣ هۆکاری کۆچکردنی لە سەدا ٨٥ی لادێیەکانی ئیسفەهان و هەمەدان، داهاتی کەم و ئاووزەوی ناتەواو بووە (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٤). سامانی ئابووریی سیاسی جێگیر، توانایی وەرگرتنی هەژانی دانیشتوانی لە شارەکاندا نەبوو. لە ساڵی ١٣٥٧ لە بەرامبەرهەر ١٠٠٠ کەس بە شێوەی نێوەندی تەنها ١١٧ خانوو هەبوو (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٢) و بە لەبەرچاوگرتنی ٥ کەس بۆ خێزانێک بۆ نیوەی دانیشتوان خانوو بوونی نەبوو. بە سەرنجدان بە کۆچکردنەکانی دوای شۆڕش و ئاوارەکانی شەڕئەم بارودۆخە لە ساڵەکانی دواتر نالەبارتر بوو. ڕێژەی بێکاری لە سەدا ١٠ی ساڵی ١٣٥٥ بۆلە سەدا ١٨,٧ی ساڵی ٦٣ بەرز بووەوە و لە سەدا ٦٤ بێکارەکان لە شاردا دەژیان (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٤).

لەم قۆناغەدا شاری کرماشان زۆرکەوتە ژێرکاریگەری شۆڕش و شەڕەوە. پەرچەکرداری حکومەت لەبەرامبەربارودۆخی ئارایی ڕێوشوێنی پرۆگرامەکانی دابینکردنی خانووی شاری بوو. چالاکییەکانی حکومەت لە ساڵەکانی ١٣٦٢ هەتا ١٣٦٨ لە پەیوەندی لەگەڵ بواری خانووبەرە لە چوارچێوەی شەش بەرنامە ڕێکخرا: بەرنامە دابینکردنی خانووی کرێکاران: ٢٤٧,٥ ملیار ڕیال، دابینکردنی خانووی فەرمانبەران: ٢١٥,٦ ملیار ڕیال، درووستکردنی خانووی هەرزان: ٣٤,٨ ملیارڕیال، نۆژەنکردنەوەی ناوچە زیان لێکەوتووەکان: ٢٣,٤ ملیار ڕیال، دابینکردنی خانوو لە گوندەکان: ٢٧,٢ ملیارڕیال و بەرنامەی یارمەتیدانی ئێعتباری: ٢٤,٨ ملیارڕیال (امایش سرزمین، ١٣٩٦: ١٢٥).

لە بەرنامەی یەکەم کە سیاسەتی ئەوتەسلیمکردنی زەوی بوو، بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی خانووبەرە و شارسازی لە مورددادی (گەلاوێژی) ١٣٦٥ نزیکەی ٤٢٢,٣ هێکتار زەوی لە شاری کرماشان بەمەبەستی تەسلیمکردن بە موشتەرییەکان ئامادەبوو. دابەشکردنی زەوییەکان لە چوارگەڕەکی دەوڵەت ئاوا، ئێلاهیە، سەرخە لێژە، موراد حاسڵ و بۆلواری ژن بە پێی خشتەی ژمارە ٢ جێبەجێ کرا.

بەپێی یاسای زەوی شاری پەسەندکراوی ١٣٦٦ ڕێگە بە وەزارەتی خانووبەرە و شارسازی درا، زەوییە پێویستەکان بۆ خانووبەرە و ڕاژەی گشتی جیا لە کەڵك وەرگرتن لە زەوییە مردووەکان و حکومەتی لە زەوییە بەیارەکانی شارەوانیش کەڵك وەربگرن و کەسانی حەقیقی و یاسایی خاوەنی ئەم زەوییانە ناچار بە هاوکاری و ناچار بە تەسلیمکردنی ئەو زەوییانە کران (ایراندوست، ١٣٨٩: ١٩٠). هەتا ساڵی ١٣٦٥ کۆمپانیا هەرەوەرزییەکانی خانووبەرە چالاکییەکی سنووردرایان هەبوو و لە سنووری دابینکردنی پێویستی خانووی گشتی هەوڵیان دەدا، بەڵام ئەم کۆمپانیا هەرەوەرزیانە لە ساڵی ١٣٦٥ بوونە داواکاری سەرەکی زەوی. کۆمپانیا هەرەوەرزییەکان کەڵکیان لە لاوازکردنی ناوەندەکانی پەسەندکردن و دەسەڵاتی خۆیان وەردەگرت و زەوییە گەورە و پەراوێزەکانی شار لە دەرەوەی شار بە شێوەی یاسایی زیاد دەکردە سەر سنووری شار و بە ئامادەکردنێکی لانیکەمی دەیانفرۆشت (تدبیری شهر، ١٣٨٢: ٢٨).

**خشتەی٢: ئامادەکاری زەوی شار لە مورداد مانگی ١٣٦٥.**

**(سەرچاوە « آمایش زمین/ ١٣٩٦: ١٢٢)**


| | دەوڵەت ئاباد | ئێلاهیە | بۆلواری ژن | سورخە لێژە | موراد حاسڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر (هێکتار) | ٢٣ | ٤١,٣ | ١٩,٦ | ١٦٥,٤ | ١٧٣ |
| ژمارەی پارچەی خانووی نیشتەجێ بوون | ٤٥٥ | ٦٣١ | ٣٣٨ | ٤١٨٨ | ٣١٩٩ |
| ڕووبەری پارچەکان | ١٨٠ هەتا ٢٧٠ | ١٨٠ هەتا ٣٤٨ | ١٦٠ هەتا ٢٤٠ | ١٦٠ هەتا ٢٤٠ | ١٧٥ هەتا ٢٩٠ |

ڕووبەری زەوییە ڕادەستکراوەکان و تێچوونی دروستکردن، هەژارانی شاری ناچارکرد زەوییەکانیان بفرۆشن. ئەم زەوییانە بوونە ئامرازی وەبەرهێنانی سوودوەرگرتن و چینی مامناوەندی شاری و دەستی هەژارانی لە بوونی خانوو بەتاڵ هێشتەوە. هەتا ساڵی ١٣٦٧ کە کۆمپانیاکانی هەرەوەرزی خانووبەرە بەرپرسی چارەسەرکردنی کێشەی خانووی توێژە کەم داهاتەکان بوون، خۆیان بوونە بازرگانی زەوی. پەرەسەندنی شار بەهۆی دروستکردنی شارۆچکەکانەوە بووە هۆی تێکەڵبوونی هەندێ ناوچەی لادێی بە ناوچە شارییەکانەوە. لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٦٠ گوندەکانی چەقامیرزا و چەقاگەلان بوونە بەشێك لە شار،

بەڵام پێکهاتەیەکی گوندییان هەبوو، بەم بۆنەوە نرخی کەمی زەوییەکان و نیشتەجێبوونی کۆچبەران، بوونە قەراخشارنشینی.

سیاسەتی تەسلیمکردنی زەوی بووە هۆی بەرفراوانبوونی شارۆچکەکان لە کرماشان. هەتا ساڵی ١٣٦٥ شارۆچکەکانی فەرهەنگیان، کارمەندان و تەعاوەن لە باکووری شار و کیان شار، ڕسالەت و ئاریاشار لە خۆرهەڵاتی شار دروستکران (قلی پور، ١٣٩١). بەڵام بەرزبوونەوەی تێچوونی زەوی لە بەرهەمهێنانی خانووبەرە، نزمی ئاستی توانای دارایی خێزانەکان بە بەراورد لەگەڵ نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون، نزمی ئاستی پشکی قەرزەکانی بانك لە کۆی نرخی تەواو بوو، نەبوونی توانایی ئامادەبوونی بەرهەمهێنەرە وردەکان و توێژی کەم داهات (اطهاری، ١٣٧٤: ٦٣) ژێردەستانی شاری لە بازاڕی خانووبەرەی ڕەسمی بە لاوە نران و پەنایان بردە بەر ناوچە پەراوێزەکان.

دوای دەستپێکردنی حکومەتی سازەندەیی، لە سەرەتای ساڵەکانی ١٣٧٠ ئاڕاستەی حکومەت بەرەو گەشەکردنی ستوونی و دروستکردنی شوقە لە شارەکاندا بوو. دابینکردنی خانوو بۆ فەرمانبەرانی حکومەت و دانی قەرز بە سووی کەم بووە سیاسەتی زاڵ، بەڵام سیاسەتی کرێ بە مەرجی خاوەنداریەتیش بەهۆی قستی ڕێکوپێك و تا ڕادەیەك زۆر بە بەراورد لەگەڵ هەقدەستی کرێکاران کە ڕۆژانە هەقدەستیان وەردەگرت، هەژارانی شاری لە خۆنەدەگرت.




**نەخشەی ژمارە ٥. گەڕەکە پەراوێزنشینکراوەکان لە ساڵەکانی ١٣٦٠**

لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٦٥ هەتا ١٣٧٥ سیاسەتی دابینکردنی خانووبەرە. بەرفراوانکردنی شارۆچکە پاشکۆکان لە کرماشان بوو. لە باکووری خۆرهەڵات شارۆچکەکانی زەفەر، تەکاوەر، هەوانیرۆز، جیهاد، پەرواز، نەساجی، لە خۆرهەڵات شارۆچکەکانی سوپا، کەهریز (ئازادەگان)، بەسیج، کەرتی دووی شارۆچکەی سەجادیە، شاری سالم و شاری هێزی ئینتیزامی، لە خۆرئاوا شارۆچکەکانی گولەکان، شارۆچکەی چەقامیرزا، ئۆتۆبوسڕانی و جانبازان ولە باشوورشارۆچکەکانی ژاندارمێری، شارۆچکەی جیهاد وپەردیس دروستکران (قلی پور، ١٣٩١).


لە ساڵی ١٣٧٤ نرخی زەوی لە کرماشان لەسەربنەمای بڕیاری کۆمیسیۆنی دابەشکردنی مۆڵك لە شارۆچکەی کرماشان لە بەرواری ٧٤/٨/١٥ لە ناوچەکانی باشووری شار لە سنووری شەقامی کەسرا لە ١٧٠٠ تمەن هەتا ٦٠ هەزارتمەن بۆ هەرمەترێکی چوارگۆشە دەستنیشان کرا. لە هەمان ساڵدا نرخی زەوی لە شارۆچکەکانی کیان شار و ئاریا شار لە ٤٠٠ تمەنەوە هەتا ٣٠ هەزارتمەن بۆ هەرمەتری چوارگۆشە دەستنیشان کرا (طرح جامع، ١٣٨١: ٢٢). بە پێی یاسای کارلە ساڵی ١٣٧٤ وبە لەبەرچاوگرتنی لە سەدا ٤٩ی هەڵاوسان، لانیکەمی هەقدەستی کرێکار، مانگانە ١٦ هەزارتمەن بوون (مرکز امار، ١٣٩١).

لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٧٦ هەتا ١٣٨٤ حکومەت بە پرۆژەی گشتگیری خانوو هەنگاوی بەرفراوانی لە بەرهەمهێنانی خانووبەرەدا دەستپێکرد. بەپێی ئاماری بانکی ناوەندی ساڵانە ٣٧٠ هەزاریەکەی نیشتەجێ بوون لە بازاڕ خراونەتەڕوو، کە ئەم بڕە هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٨٤ بووە ٤٠٠ هەزار یەکە (آقایی، ١٣٩٦: ١١). بەڵام ئەم یەکەی نیشتەجێبوونانە گرێیەکیان لە کێشەی خانووبەرەی هەژارەکانی شار نەکردەوە. هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٨٤ نزیکەی لە سەدا ٥٠ی کۆی ئەو خێزانانەی کە لە ئاستی وڵات خانوویان نەبوو، ئەندامی ڕێژەی دەیی داهات لە پلەکانی ١ هەتا ٤ بوون (سەرچاوەی پێشوو).

لە ساڵەکانی ١٣٨٠ کابینەی نۆیەم بە خانووبەرەی مێهر هەنگاوێکی گەورەی بۆ دابینکردنی خانووی هەژاران نا. ئایدیای ناوەندی خانووی مێهر لادانی نرخی زەوی لە نرخی خانوو بوو، بەڵام بەهۆی کەلێنی گەورەی توانایی دارایی هەژاران و نرخی خانوو لە کۆتاییدا خانووی مێهربووە بابەتی بازرگانی چینی مامناوەند ولە ئامانجی سەرەکی خۆی دوورکەوتەوە. لە سەرەتادا ئەگەری کڕین و فرۆشتنی ئەم خانووانە نەبوو، کە بە هۆی یاساوە زۆرگرنگ بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی دواترشیاوی کڕین و فرۆشتن بوو و دوای ئەو ئەم باسە هاتە ئاراوە کە بڕیارنییە خانووی مێهر کە ڕێژە دەییەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە لە خۆبگرێت، بەڵکو بۆ


ڕێژە دەیەکانی سەرترە و کەم کەم خانووی مێهر، لە پرۆژەیەکی پشتیوانی کەسانی کەم داهاتەوە بووە خانووی توێژەکانی چینی مامناوەند (هزارجریبی و امامی غفاری، ١٣٩٨: ١١).

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی سیاسەتەکانی خانووبەرە لە کرماشان هەتا ساڵی ١٣٩٠ دەتوانین ئاماری هەندێ داشکان بە بەڵگە بێنینەوە. لەسەربنەمای لێکۆڵینەوەی ڕوستایی و هاوکاران (١٣٩١) لە سەربنەمای پێوەرە تێکەڵاوەکانی هەژاری لە ساڵی ١٣٧٥، لە سەدا ١٠ی بلوکەکانی شارزۆرهەژار، لە سەدا ١ هەژار، لە سەدا ٨٠ مامناوەند، لە سەدا ١ خۆشگوزەران و لە سەدا ٣ی بلوکەکانی شارزۆرخۆشگوزەران بوون. لە ساڵی ١٣٨٥ ئەم ژمارانە بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاون، لە سەدا ٢١ زۆرهەژار، لە سەدا ٢٢ هەژار، لە سەدا ٢٩ مامناوەند، لە سەدا ٢٠ خۆشگوزەران و لە سەدا ٨ی بلوکەکان زۆرخۆشگوزەران بوون (ڕوستایی و همکاران، ١٣٩١: ٣٠ و ٣١) کە پیشاندەری بەجەمسەری بوونی شار لە نێوان زۆرینەی هەژار و کەمایەتی خۆشگوزەرانە.




**نەخشەی ژمارە ٦: پانتایی هەژار لە بلوکەکانی شاری کرماشان بە تێکەڵاوکردنی چوارهۆکار لە ساڵ ١٣٨٥ (ڕوستایی و همکاران ١٣٩١: ٣٣)**

سیاسەتی خانووبەرەی حکومەتی ئێعتدال لەگەڵ هەوراز ونشێوی کوشەندە لە ئابووریی فراوانی وڵات لە ساڵی ١٣٩٢ هەتا ١٤٠٠، لە شەش تەوەردا شیاوی کورت کردنەوەیە: ١.تێبینی تەکنیکی و درووستکردنی خانووبەرە، ٢. باشتر درووستکردن و نوژنکردنەوەی پێکهاتەی پووکاو، ٣. سەرنجدان بە قەراخشارنشینی و شوێنە نارەسمییەکانی نیشتەجێبوون، ٤. دابینکردنی خانووبەرەی پشتیوانی و کۆمەڵایەتی. ٥. سەرنجدان بە بارودۆخی کۆچبەری، پرۆسەی قەراخشارنشینی، خانووی هەژاران، ٦.دابینکردنی خانووبەرەی کەم ئەندامانی شەڕ(مرکز تحقیقات مجلس، ١٣٩٨: ٨). لەم دەورەشدا سەرکەوتنێك لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی خانووبەرە بۆ توێژە کەم داهاتەکان دەستەبەر نەبوو. یەکێك لە بڕیارە تایبەتەکان لە پرۆگرامی شەشەمی پەرەسەندن، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و ئاسانکاری هەرزان و زەوی پێویست بۆ یارمەتی درووستکردن یان کڕینی خانووە کە ساڵانە ئامادەکردنی لانیکەم پەنجا هەزاریەکەی نیشتەجێ بوون بۆ توێژە کەم داهاتەکان بە پێش خستنی شارەکانی ژێر سەد هەزار دانیشتوو بووە، کە دەزگاکانی بەرپرس هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان لەم بوارەوە نەناوە. وەزارەتی ڕێگە و شارسازیش لە بەڵگەمەندکردنی کارکردی خۆی بۆ یەکسانکردن لەگەڵ پرۆگرامی شەشەمی پەرەسەندن، ئاماژە بە دانی سوبسیدی بە خێزانەکانی خانووبەرەی یەکەم لە چوارچێوەی سندوقی پاشەکەوتی خانووی یەکەم داوە، بەڵام لە پراکتیکدا کەسانێك سوودیان لەم ئاسانکاریانە وەرگرتووە کە زۆربەیان لە ڕێژە دەیەکانی مامناوەوند جێگە دەگرن و خێزانە کەم داهاتەکان سوودیان لەم ئاسانکارییە وەرنەگرتووە (مرکز تحقیقات مجلس، ١٣٩٩: ٢٥. ٢٦). نەخشەی ٧ گەڕەکەکانی بە قەراخشارنشین کراوی کرماشان لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٨٠ پێشان دەدات. لەبەرئەوەی کە ئەم نەخشە لە لایەن ڕێکخراوی پرۆگرامەوە ئامادەکراوە، کەڵك لە نازناوی نیشنگەی نارەسمی[٤] لە وێناکردنی ئەم ناوچانە وەرگرتووە. لەم گۆشەنیگایەوە ئەم نەخشە هەموو ناوچە بە قەراخشارنشینەکانی لەخۆ نەگرتووە و بۆ نموونە گەڕەکی فەیزئاوا نەهێنراوەتە ئەژمار و لە ناسینی گەڕەکە قەراخشارنشینەکاندا گرنگی بە پێکهاتەی نیشتەجێبوون لە جیاتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریی داوە. لەسەر بنەمای نەخشەکانی پرۆژەکە، دەتوانین بڵێین تەنها بەهایەکی بۆ ژمارەیەك لە گەڕەکە قەراخشارەکانی کرماشان هەیە و لۆژیکەکەی شیاوی بەرگری کردن نییە.




**نەخشەی٧ گەڕەکەکانی قەراخشارکراو لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٨٠**

دەبێت لەبارەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتە دروشتەکانی خانووبەرەی لە ئێران بڵێین سیستەمی دارایی و بانکەکان لە ئێران خۆی لە بازرگانانی کەرتی خانووبەرەن و ئاسانکاری ئامادەکردنی خانووبەری کەرتێکی کەمبایەخ لە نرخی خانوبووە (لە سەدا ١٨ لە ساڵی ١٣٩٨) (وزارت کار و رفاه، ١٤٠٠: ١٠). ئەمەش لە کاتێك دایە کە ئەم قەرزەش نسیبی کەسانێکی کەم دەبێت. لەسەربنەمای ڕاگەیەنراوی ئاشکراکردنی زەوی و بینای ڕێکخراوی بۆرس (١٤٠٠) بانکەکان نزیکەی ٣٧ ملیۆن مەتری چوارگۆشە زەوییان بۆ بەکارهێنانی جۆراوجۆر یان وەك موڵك هەبووە کە لە ساڵی ڕابردوو نەگۆڕاوە و مانای ئەو بازرگانی بانکەکان لە بازاڕی زەوی و بینایە. ئەمەش لە کاتێك دایە کە لە سی ساڵی ڕابردوو لە سەدا ٨٠ی ئاسانکارییە بانکییەکان بە دوو ڕێژەی دەیەی دەوڵەمەند بڕاوە (امیدی، ١٣٩٧).

لەسەرئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کێشەی خانووبەرە لە ئێران نە خستنەڕوو بەڵکو سەرمایەسالارییە. لە ساڵی ١٣٩٢ لەبەرامبەر ٢٢,١ ملیۆن خێزانی وڵات ٢٠,٩٣ ملیۆن خانووبەرە هەبووە. لە ساڵی ١٣٩٠ نزیکەی ١,٦ ملیۆن یەکەی نیشتەجێ بوونی بەتاڵ لە وڵاتدا هەبووە، کە جیا لەو یەکانەی خەڵکی تێدا نیشتەجێن، خانووی زیاتر لە وڵاتدا هەیە

(وزارت راه، ١٣٩٤: ٥-٦) بەڵام ڕێژەی خاوەنداریەتی خانووبەرە لە خێزانە شارییەکان لە سەدا ٧١,٥ لە ساڵ ١٣٨٤ بۆ لە سەدا ٦٦,٨ ی ساڵی ١٣٩١ دابەزیوە (سەرچاوەی پێشوو: ٧). ئەم ژمارە لە ساڵی ١٣٩٨ بۆ لە سەدا ٦٤,١ دابەزیوە (وزارتی کاروڕفاه، ١٤٠٠: ١٢).

ماوەی زەمەنی چاوەڕوانی بۆبوون بە خاوەن خانوو لە ساڵی ١٣٩٨ نزیکەی ٢٤,٤ ساڵ بووە، کە ڕێژەی نێوەندی جیهانی ئەو ١٠ ساڵە (سەرچاوەی پێشوو:١٠). لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی وەزارەتی ڕێگە وبان، ساڵەکانی چاوەڕوانی بۆبوون بە خاوەنی خانوو لە ساڵی ١٤٠٠ بۆ ١٧٨ ساڵ بۆ ڕێژەی دەیی یەکەم، ١٠٩ ساڵ بۆ ڕێژەی دووەم و ٧٩ ساڵ بۆ ڕێژەی دەیی سێیەم بەرز بووەتەوە (ایری، ١٤٠٠).

هەژاری خانووبەرە بریتییە لە دوو ڕەهەندی بەدخانووبەرەیی[٥] و خانووبەرەی زیانهێنەر[٦]. لە ساڵی ٩٥ لە سەدا ٣٥ی دانیشتوانی شاریی وڵات تووشی هەژاری خانووبەرە و لە سەدا ٤٥ی ئەوان خاوەنی خانوویەك نین بەکەڵك بێت (وزارت کاروڕفاه، ١٤٠٠: ٢٥.٢٤). لە سەدا ٣ی خێزانەکانی وڵات و لە سەدا ١ی خێزانە شارییەکان تووشی هەژاری زۆری خانووبەرەن.[٧] ڕێژەی خانووبەرەی بەد لە کرماشان لە سەدا ١٥,٧ە. هەروەها لە سەدا ٣٢ی خێزانە شارییەکانی پارێزگای کرماشان خاوەنی خانوویەك نین کە بە سوود بێت و لە سەدا ٢,٦ خێزانەکانی کرماشان تووشی هەژاری زۆری خانووبەرەن (وزارت کاروڕفاه، ١٤٠٠: ٢٣.٢٧).

## ئەنجام

بەقەراخشاربوون دیاردەیەکی سەرتر لە دۆخی پێکهاتەیی یان ئاستی ئابووریی خێزانە شارییەکانە. سیاسەتە دروشتەکانی ئابووریی و پەیوەندییەکانی دابەشکردن کە پەرە بە کەڵەکەکردنی سەرمایە دەدات و حکومەت لە ئێران گرنگترین بریکاری ئەوە، لە هۆکارە بنەماییەکانی قەراخشارسازییە. لە چاوخشاندنی ئەدەبیاتی وتارەکە هەوڵدراوە جەخت لە سەر هۆکارەکانی قەراخشاربوون بکرێتەوە. بە قەراخشارنشینی لە حکومەتە جیاوازەکان بەرفراوان بووە، کە پیشاندەری جێگیربوونی ئابووریی سیاسی دروشت لە سەد ساڵی ڕابردووە.

لەلایەکەوە سیاسەتەکانی پەرەسەندن بەستراوەتەوە بە شارەوە و بەم بۆنەوە هۆکاری پێویستی بە هێزی کار لە پیشەسازی و ڕاژەی بابەتی شاری بووەتە هۆی کۆبوونەوەی هێزی کاری هەرزان لە قەراخ شارەکاندا. ژینگەی پێکهاتەیی شاریش پەرەی بەم جەمسەری کردنەی شوێنی نیشتەجێ بوون داوە و ناوچەگەلێك کە بە نزیکی بە بازاڕەوە یارمەتی

ڕاکێشانی سەرمایە دەدەن بە بەرزکردنەوەی نرخی زەوییەکان و تێچوونی خانووبەرە، هێزی کاریان لە دەستڕاگەیشتن بە ناوچە بەسوودەکان دوورخستۆتەوە.

قەراخشارنشینی تەنها بەرهۆی سیاسەتەکانی خانووبەرە نییە، بەڵام خانووبەرە لەو بابەتانەیە کە توانای خوێندنەوەی بابەتی ڕۆڵی حکومەت لە پەیوەندییە دروشتەکانی ئابووریی سیاسی دەخاتەبەرباس. بۆ نموونە پشکی حکومەت لە دروستکردنی خانووبەرە لە سەدا ٢٠ لە پێش لە شۆڕش بۆلە سەدا ٤ لە ساڵەکانی دوایی دابەزیوە (مرکز تحقیقات مجلس، ١٣٩٩: ٥) تەسلیمکردنی خانووبەرە بە کەرتی تایبەت لە وڵاتێك کە زەوی تەنها ئامرازی بەرهەمهێنانی زێدەباییە لەگەڵ بۆرسە بۆ بەرهەمهێنانی ڕانتی لێدەکەوێتەوە و خانووبەرە دەکاتە کاڵایەك بۆ قەرەبووکردنەوەی شوێنی بەتاڵی سەرمایەداری پیشەسازی. حکومەت لە ڕێڕەوی پرۆگرامەکانی پەرەسەندن و یاساکانەوە، خۆی لە ڕانت خۆرەکانی زەوییە. جیا لەمە لە ساڵەکانی کۆتایی لە ئێران خانووبەرە پاڵنەری ئابووری ناسراوە و حکومەت بە ئاشکرا ئەوی وەك گرنگترین ناوەندی بەرهەمهێنانی زێدەبایی سوودی لێ وەردەگرێت و داهاتی لێ بەدەست دەهێنێت.

لەم گۆشەنیگایەوە بەقەراخشارنشینبوون تەنها بابەتی پێکهاتەیی نییە و تێگەیشتن لەو بەستراوەتەوە بە خوێندنەوەی مێکانیزمەکانی ڕاکێشان وڕەتکردنەوە، کە ڕەهەندی ئابووریی و کولتووری فرەچەشنی هەیە. دەبێت بۆ تێگەیشتنی لە قەراخشارنشین بوون سنووری ئاراستە زاڵەکان تێپەڕێنین و شیکاری پەیوەندیی دروشتی ئابووریی سیاسی بکەین. لە ئێران هەمیشە سیاسەتەکانی پەرەسەندن لەژێر کاریگەریی ئاراستەی سەرمایە تەوەر، قوربانی خۆی هەبووە، کە قەراخشارنشینەکان بەشی بینراوی ئەون. ئەم پرۆسەیە بە شێوەی جۆراوجۆر پەرەی بە قەراخشارنشینکراو داوە، کە ژێردەستانی شاریی بەشێکی بچوك لەوان دێنە ئەژمار.

کۆچ کردن بۆ شار خۆی لەبەرهۆی ئەم میکانیزمەیە و کۆچبەران لەسەر بنەمای لۆژیکی زاڵی ئابووریی هەمیشە ناچار بە «کۆچ کردن بە دووی کار و نان» (مالجو، ١٤٠٠) بوون. ڕاکێشانی سەرمایە لە گوندەوە بۆ شار و لە پەراوێزەوە بۆ سەنتەری جیهانی هۆکاری سەرەکی کۆچکردن دێتە ئەژمار. لەم گۆشە نیگایەوە ناتوانین کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شار بە هۆکاری قەراخشارنشینی بزانین بەڵکو دەبێت بەهۆی ئەو پەیوەندییانە بزانین کە تاکەکانی ناچار بە کۆچکردن کردووە.

لە ئێران هەمیشە حکومەت ڕۆڵی سەرەکی لە بەرفراوانکردنی لۆژیکی سەرمایەداریدا

هەبووە، بەڵام حکومەتیش ناچار بە جێبەجێکردنی سیاسەتگەلێکە کە لۆژیکی گشتگیری سەرمایەی جیهانی لەسەر بنەمای ئەو کار دەکات. بەم وەسفەوە پرسی بە قەراخشاری بوون ناتوانێت لە ڕێڕەوی بابەتگەلێك وەکو بەتوانا کردن، تەحەمولکردن یان کۆچکردنی پێچەوانە و بۆچوونی پێکهاتەیی لە نێوبەرین. ئەگەر سنووربەزاندنی زانیارییەکانی ئەم وتارە ڕێگەپێدراو بێت، دەتوانین ئەم بارودۆخە لە کۆی وڵات و لە ئاست پارێزگا پەراوێزخراوەکان و ناوەندی ببینینەوە. وا هەست دەکرێت نزیکایەتی لە نێوان بارودۆخی ناوچەکانی وڵات لە ئاستی نیشتمانی لەگەڵ بارودۆخی ناوچە بە پەراوێزخراو لە شارێکدا بوونی هەیە، کە بەراوردکردنی ئەوان یارمەتی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە لۆژیکی ئەم دیاردە دەدات.

پەرەسەندن، گرنگترین گێڕانەوەی دروشتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شیکاری ڕۆڵی حکومەت لە پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم چەمکەش لە ژێرکاریگەریی ئەزموونە مێژوویییەکان لە وڵاتانی جیاواز دیسان خوێندنەوەی بۆ کراوە و لەگەڵ چەمکی پەرەسەندنی جێگیر شوێنی پڕکراوەتەوە. هەتا شوێنێك کە پەیوەندی بەم وتارەوە هەبێت، کەرتێکی گرنگ لە پەرەسەندنی جێگیر بۆ یەکسانی توێژەکانی کۆمەڵگە، سوودوەرگرتن لە قازانجەکانی ئەو و بەو شێوەی کە ڕیمۆن بۆدن (١٣٩٤) ڕوونی دەکاتەوە، پەرەسەندن لە ژێر کاریگەری پەیوەندییە سیاسی و مێژوویییەکانی ژینگەی دەوروبەری ئەو دەتوانێت ئەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە کە پێچەوانەی ئامانجە پێناسەکراوەکانیەتی. بەشێك لە ئەرکەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دیسان خوێندنەوەی بەرنامەکانی پەرەسەندنی ناهاوسەنگ لە ئێران و خوێندنەوەی بەرهەمی پەیوەندییە سیاسی و ژینگەی ئەو، بۆ چاکسازی پرۆسەکانی بەردەم ئەم وتارە هەوڵی داوە هەنگاوێکی بچوك لەم ڕێگەیە بنێت.

## سەرچاوەکان

اطهاري، كمال، (١٣٧٤) حاشيەنشيني در ايران: علل وراەحلها، گزارش مرحلة چهارم دربرنامەريزي كالبدي مسكن واسكان غيررسمي بخش اول ودوم، تهران: وزارت مسكن وشهرسازي.
اطهاري، كمال (١٣٩٠) مسكن، درگزارش وضعيت اجتماعي ايران، تهران: مؤسسة رحمان
اژدري، محمدحسين؛ روستا، مجيد (١٣٨٧) «چهرەنمايي مسكن غيررسمي در ايران»، در سياستهاي توسعة مسكن در ايران، تهران: دفتر برنامەريزي و اقتصاد مسكن.
اميدي، رضا (١٣٩٧) صفحة شخصي درپيامرسان تلگرام، آدرس https://t.me/Omidi_Reza/288
ايراندوست، كيومرث (١٣٨٠) «بررسي اجمالي از روند رشد و توسعة شهر كرمانشاه»، رشد آموزش جغرافيا، شمارة ٤٨-٤١ :٥٨
ايراندوست، كيومرث (١٣٨٩) سكونتگاەهاي غيررسمي و اسطورة حاشيەنشيني در ايران، تهران: سازمان فناوري اطلاعات و ارتباطات شهرداري تهران.
ايراندوست، كيومرث)» (١٣٨٩) «مرور تجربة كوتاه توانمندسازي سكونتگاەهاي غيررسمي: نمونه شهركرمانشاه«، جغرافيا و توسعه، شمارة٥٩ :٢٠-٧٨
ايري، عبدالجلال (١٤٠٠) گزارش نمايندة وزارت راه در كميسيون عمران مجلس، https://tn.ai/2590216
آقايي، پرويز (١٣٩٦) ارزيابي سياستها و تأمين مسكن شهري در جمهوري اسلامي )با تأكيد بر طرحهاي نمونه، برنامەهاي توسعه و دورەهاي رياست جمهوري(، تهران: مركز بررسيهاي استراتژيك رياست جمهوري.
آمايش سرزمين (١٣٩٦) مجلد نظام شهري، كرمانشاه: سازمان برنامه وبودجة استان كرمانشاه.
بيات، آصف (١٣٩٠)سياستهاي خياباني، ترجمة ا. نبوي، تهران: شيرازه.
بودن، ريمون (١٣٩٤) مطالعاتي درآثارجامعەشناسان كلاسيك، ترجمة باقرپرهام، ج ٢، تهران: نشر مركز.
تدبيرشهر (مهندسين مشاور) (١٣٨٢) مطالعات امكان سنجي، بەسازي وشهرنگري وتوانمندسازي اجتماعي شهركرمانشاه، گزارش پژوهشها، تهران: وزارت مسكن وشهرسازي.
حساميان، فرخ (١٣٦٣) «شهرنشيني مرحلة گذار»، در شهرنشيني در ايران، تهران: آگاه.
خسروي، خسرو (بيتا). جامعەشناسي روستاي ايران، بيجا.
رستمي، مسلم؛ شاعلي، جعفر (١٣٨٨) «تحليل توزيع خدمات شهري دركرمانشاه»، چشمانداز جغرافيايي، شمارة٥٢-٢١ :(٤)٩
روستايي، شهريور و همكاران (١٣٩١) الگوي تطبيقي گسترش فقر در شهر كرمانشاه در دورة ١٣٧٥تا ١٣٨٥«، مطالعات و پژوهشهاي شهري و منطقەاي، شمارة ١٧ :(١٢)٣...٤٠
رهنمايي، محمدتقي (١٣٨٨) «دولت و شهرنشيني در ايران»، جغرافيا و برنامەريزي منطقەاي، پيش شمارة پاييزوزمستان: ١٤٣-١٦٥

سازمان برنامه (١٣٤٣) گزارش اجراي برنامة هفت سالة دوم، گزارش‌هاي سازمان برنامه.
سازمان بورس (١٤٠٠) ابلاغية افشاي فهرست زمين و مسكن بانكهاي بورسي. Codal.ir
سوداگر، محمدرضا (١٣٦٩) رشد روابط سرمايه‌داري در ايران: مرحلة گسترش، تهران: شعلة انديشه.
طرح جامع كرمانشاه (١٣٨١) وزارت مسكن و شهرسازي كرمانشاه.
قلي پور، سياوش؛ زارع، معصومه ) (١٣٩١) « برنامه‌هاي توسعه و فضاي شهري دركرمانشاه»، مطالعات جامعه‌شناختي. شمارة )٨٥ :١٩(٢ـ١١٥
قلي پور، سياوش و همكاران (١٣٩٣) « بازگشت طردشدگان ظهور سكونتگاه‌هاي غيررسمي در كرمانشاه«، مطالعات جامعه‌شناختي، شمارة)٦٣ :٢١ (١..٨٧
كلارك، جان. آي؛ كلارك، برايان. دي (١٣٩٥) كرمانشاه شهري در ايران، ترجمة سياوش قلي پور، كرمانشاه: انتشارات دانشگاه رازي.
گلنام، محمدناصر (١٣٦١) مختصري دربارة حاشيه‌نشينان كرماشان (باختران)، تهران: چاپ شقايق.
ماركس، كارل (١٣٩٦) سرمايه، ترجمة حسن مرتضوي، ج ٣،تهران: لاهيتا.
مالجو، محمد (١٤٠٠) كوچ درپي كارونان؛ فعاليت منفعلانة مستمندان آذربايجان از١٣٢٧تا ١٣٢٩ خورشيدي، تهران: اختران.
مركز آمار (١٣٩١) سرشماري نفوس و مسكن از.١٣٩٠-١٣٣٥
مركز پژوهشهاي مجلس (١٣٩٨) بررسي لايحة بودجة كل كشور، گزارش ١٣ مسكن و شهرسازي.
مركز پژوهشهاي مجلس (١٣٩٩) بررسي لايحة بودجة كل كشور، گزارش ٣٠ مسكن و شهرسازي.
معمارباشي، محمدرضا؛ فرهادي محمد؛ قلي پور، سياوش (١٣٩٩) اقتصاد سياسي طرد ) حاشيه‌نشين‌سازي محلة شهياد دركرمانشاه(«، جامعه‌شناسي ايران، شمارة ٩٦ :(٢) ٢١..١٢٤
نعماني، فرهاد (١٣٩٩) نقش دولت درغلبة سرمايه‌داري در ايران«، نقد اقتصاد سياسي،.www pecritique.com
وزارت راه، مسكن و شهرسازي (١٣٩٤)طرح جامع مسكن ١٤٠٥-١٣٩٣سند تلفيق، گزارش‌هاي داخلي.
وزارت كار، رفاه و تأمين اجتماعي (١٤٠٠) فقر مسكن؛ مجموعه گزارش‌هاي فقر چندبعدي، گزارش شمارة .٨٣
هاروي، ديويد (١٣٩٢) شهري شدن سرمايه، ترجمة عارف اقوامي مقدم، تهران: دات.
هزارجريبي، جعفر؛ امامي غفاري، زينب (١٣٩٨) بررسي تحولات سياستگذاري رفاهي مسكن در ايران«، برنامه‌ريزي و توسعة اجتماعي شهري، شمارة .١٢٠-٧٦ :٣٨
Muncie, J. (2006) “Critical Research”, In The Sage Dictionary of Social Research Methods, Victor Jupp (ed), Sage Publications: London.
Clark, D.B.; Costello, V. (1973) “The Urban System and Social Pattern in Iranian Cities”, Transactions of the Institute of British Geographers, No 59:99-128.

## پەراوێزەکان

١- مێعماربashی و هاوکارەکانی (١٣٩٩) بۆ جەخت کردنەوە لە سەر ڕۆڵی حکومەت لە پرۆسەی چەمکەکان «قەراخشارسازی وقەراخشاربووەکان» لە جیاتی قەراخشارنشینی و نیشتەجێ کردنی نارەسمی پێشنیار کردووە.

٢- لەم وتارەدا ژمارەی گەڕەکە پەراوێزخراوەکان یان تەنانەت دانیشتوانی ئەوان پێوەری گرنگی ئەم پرسە نازانرێت. ئەم ئامارە ڕەسمییە بە ئاڕاستەی چوارچێوەی دەستەبەر بوو و وێنەیەکی درووست لە پانتایی ناوچە پەراوێزخراوەکانی کرماشان دەستەبەر نابێت. ناوچەی قەراخشارنشینی و پەیوەندییەکانی ئابووریی سیاسی و بابەتی سەرنج پێدانی ئەم بابەتەیە کە بە ئاڕاستەی ئەکادیمیك بۆ پرۆژە و خستنەبەرباسی پرۆژە گونجاوترە. ئاڕاستەی بۆروکراتیك بەستراوەتەوە بە چەندایەتی ئەم دیاردەوە (ئەم ئامانجە، ئاڕاستەی تیۆری ئەو دەستنیشان دەکات) تا ڕادەیەك ئەم دیاردە شیاوی تەحەمولْ دەزانێت. دەستنیشانکردنی ئاستی تەحەمولیش پێوەرێکی نییە و بارودۆخی فراوانی ئابووری و سیاسی دەستنیشانی دەکات کە ڕەنگە لە بارودۆخی ئەم ئامارانەشدا ئاسایی بێت.

٣- دیسان دیزاین کردنەوەی نەخشەکانی کتێبی کلارک لە لایەن ئارەش شەهبازیانەوە ئەنجام دراوە.

٤- وشەی شوێنی نیشتەجێبوونی نارەسمی لە ئەدەبیاتی بۆرۆکراتیک لە جیاتی قەراخشارنشینی بووە کە باری مانا نەرێنی ئەوکەم بکاتەوە. لە گەڕانەوە بۆ دیاردەی بە قەراخشارنشینی، هەردو چەمک بە ڕادەیەک بە لاڕێ بەرە.

٥- کەسانێك کە لانیکەم تووسی هەژاری خانووبەرە (دەستڕاگەیشتن بە ئاو، دەستڕاگەیشتن بە حەمام و ئاوەدەست، شوێنی پێویست بۆژیان، خانووی پتەو و ئاسایشدار)ن.

٦- لە پێناسەی جیهانی هەرخێزانێك کە پشکی خانووبەرە زیاترلە سەدا ٣٠ی تێچوونەکانی بێت تووشی خراپی شوێنی نیشتەجێ بوونە، لەبەرئەوەی لە حاڵەتێك کە تێچوونی خانوو هەڕەشە لەسەرپێویستیەکانی دیکەی ژیان درووست بکات یان بیخاتە مەترسییەوە بە سوود نییە و بە بارودۆخی بەدی خانووی بەرە دێتە ئەژمار. لەم ڕاپۆرتەدا ئەم بارودۆخە بە خانووی بەسوود تەعبیرکراوە کە جیاوازە لە بەدی خانووەبەرە.

٧- کەسانێك کە هەم تووشی بەدی خانووبەرەن و هەمیش خانووەکانیان بەسوود نییە.

# پێویستییەکانی ئەمنیەتگەرایی و زیادەڕۆیی لە تێوەگلانی ئێران لەگەڵ حوسییەکان لەلایەن ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە[1].

تۆم واڵش

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:: گەلاوێژ سۆفی



1- Securitisation imperatives and the exaggeration of Iranian involvement with the Houthi movement by international actors - Walsh - 2023 - Global Policy - Wiley Online Library

## پوختە

لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە گوتاری ئاست- نوخبەی نێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥، ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە زیادەڕەوی تێوەگلانی ئێران لەگەڵ حوسییەکان وەک پاساوی دەستێوەردان بە ڕێبەرایەتی سعودیە لە یەمەن خزمەتی کرد. بەشێوەیەکی ئایرۆنی، ئەمە سوودی بە ئێران گەیاند، چونکە ڕیاز سەرنجی خۆی لە ئەولەویاتەکانی ئێران لە سووریا دوورخستەوە، متمانەی نێودەوڵەتی خۆیانی لاوازکرد و بلیۆنان دۆلاریان لەم ناکۆکییە نەبڕاوەیەدا خەرجکرد. ئێران و عەرەبستانی سعودیە(KSA) و هەندێک لە ئەکتەرە ڕۆژئاواییەکانیش پشتیان بەو چیرۆکە بەست کەحوسییەکان پەیوەندییەکی قووڵیان بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە. لەکاتێکدا پشتیوانیی ئێران لەوماوەیەدا کەم بوو، ئێران هەوڵیدا لە ڕێگەی پشتیوانی لە گوتاری حوسییەکانەوە، نا ئەمنیەتی سعودیە زیاد بکات. ڕیاز کە بە پەرۆشی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بوو لە یەمەن، زیادەڕەوی لەم پەیوەندییەدا کرد بۆ ئەوەی پاساو بۆ گەمارۆ و هێرشە ئاسمانییەکانیان بهێنێتەوە، کە بە ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە (ODS) لە ٢٥ ئازاری ٢٠١٥ دەستیپێکرد. هەندێک ئەکتەری ڕۆژئاوایی کە ئەولەویەتی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی هاوشێوەی هاوبەشیان هەبوو، ئەم گێڕانەوەیەیان هەڵبژارد. ئەمەش پشتگیری ئەوانی بۆدەستێوەردان بەرێبەرایەتی سعودیە پشتڕاستکردەوە. ئەمە لەبەرامبەردا لێکەوتەی وێرانکەری بۆ خەڵکی یەمەن هەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دینامیکیانە، ئەم وتارە سێ پرسیاری توێژینەوەیی دەکات:

ئایا زیادەڕەوی لە ڕادەبەدەری تێوەگلانی ئێران بەسەرکردایەتی سعودیە لە گێڕانەوەی ئاسایش لە ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە (ODS) بۆ بینەرانی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو بووە؟ ئایا تێوەگلانی ئێران زیادەڕەوی زۆری تێداکراوە؟ لە کۆتاییدا کێ سوودی لەم گێڕانەوەیە وەرگرتووە؟

## ١- بەرایی

ئەم توێژینەوەیە شوێنپێی پەرەسەندنی گێڕانەوەیەکی ئەمنیەتگەراییە کە زیادەڕەوی لە تێوەگلانی ئێران لەگەڵ بزووتنەوەی حوسییەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ ، ٢٠١٥ دا زیادی کردووە. زەمینەسازی گرنگە، چونکە بە تێپەڕبوونی کات، ئەم چیرۆکە بووە بە پێشبینییەکی خۆبەدیهێنەر، هاوکات بەشداریکردنی ئێران بە بەردەوامی لە زیادبووندایە (Juneau,2016; shaif,2019) لە کاتی ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە (ODS)، کە هەڵمەتێکی ئاسمانی و دەریایی بەڕێبەرایەتی سعودیە کە لە بۆردمان و گەمارۆی هەمەلایەنە پێکهاتبوو، تێوەگلانی ئێران لەگەڵ یاخیبووانی حوسییەکان لە کەمترین ئاستدا بوو(Hill, 2017). لەگەڵ ئەوەشدا، کەسایەتییە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت لە ناو سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیدا، نیگەرانی سعودیەیان زیاتر کرد بە داکۆکیکردن لە پشتیوانی گوتاری حوسییەکان. لە تەواوی چینە سیاسی و سەربازییەکانی ئێراندا کۆ دەنگییەکی تەواو نەبوو کە ئەمە ڕێبازێکی درووستە، بەڵام ئەندامانی هەردوو ڕێکخراوی سوپای پاسداران و نوخبەی سیاسی بە پێدانی پشتیوانی لە گوتاری حوسییەکان هانی ڕیازیان دا. عەرەبستانی سعودیە (KSA) زیادەڕەوی لە پەیوەندی نێوان ئەو دووانە کرد و حوسییەکانی وەک بریکاری ڕاستەوخۆی ئێران وێنا کرد، بۆ ئەوەی پاساو بۆ دەستێوەردانەکانی خۆی بۆ بینەرانی نێودەوڵەتی بهێنێتەوە، دەستی خستە سەر هەستی دژە ئێرانی پێشوەختە. ڕیاز لە ترسی پەرەسەندنی باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا-ئێران لە ڕێگەی پلانی کاری گشتگیری هاوبەش (JCPOA) نموونەیەکی بچووکی لە کاریگەری ئێرانی لە یەمەن وەرگرت و بۆ ئاستێکی هەڵە گەورەی کرد(Mabon, 2018). بینەرانی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا (UK) ئەم چیرۆکەیان قبووڵکرد وهاوکارییان هەڵبژارد. ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات ئەم پاساوهێنانەوەیە لە پسوڵەی ڕێپێدانی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە(ODS) دا گرنگ بوو، بووە هۆی بەشداری لە ئەدەبیاتی هەنووکەیی سەبارەت بە بنیاتنانی هەڕەشەیەکی ئێرانی بۆ بە ئەمنیەتکردنی دەستتێوەردانی سعودیە لە یەمەن لەبەردەم بینەرانی نێودەوڵەتی (Darwich,2018;Hill, 2017;Juneau, 2016; Mabon, 2018). ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە (ODS) بەردەوام بوو لە دروستکردنی خراپترین قەیرانی مرۆیی لە جیهاندا. لەم ماوەیەدا دیسکۆرس تاقیدەکرێتەوە، چونکە ئۆپەراسیۆنی زریانی

یەکلاکەرەوە ODS بەرزترین ئاستی پڕوپاگەندەی نواندووە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بە درێژایی شەڕی یەمەن(Siggel, 2015). جێگای سەرسوڕمانە کە هەوڵەکانی ڕیاز بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی خۆی لە ڕێگەی میلیتاریزمەوە لە یەمەن، دەرفەتێکی نموونەیی بۆ تاران ڕەخساند کە شانشینی سعودیە لاوازبکات. هەرچەندە تێوەگلانی ئێران بووە بە واقیع، بەڵام لەم کاتەدا لە کەمترین ئاستدا بوو. بەتایبەتی کە لە چوارچێوەی گەورەی دەستێوەردانی سەربازی ڕیازدا سەیردەکرا. هەروەک شازادە خالید بن بەندەر ئەلسعود باڵیۆزی سعودیە لە بەریتانیا دانی بەوەدانا، کاتێک لە ٢٤ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ لە میانی وتارێکدا لە قەڵای دورهام پرسیاری ئەوەی لێکرا ئایا ڕیازهەڵەیە سەبارەت بەقووڵایی دەستێوەردانی ئێران، «ئێمە قبووڵدەکەین کە هەڵە بووین»(Al saud,2021). بێگومان مشتومڕێکی ڕوون لە ناو ئەنجومەنی سعودیەدا لەسەر دەستوەردانی لە پێشینەی ئێران وهەروەها بەهای ململانێکان بە گشتی هەیە. سەرەڕای ئەوەش دەنگە سەرەکییەکان کە نوێنەرایەتی سعودیە دەکەن لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی سەبارەت بە باب ئەلمەندەب، خەریکی داننانن بە شکستەکاندا.

تێگەیشتنی داهێنەرانەی ئەم توێژینەوەیە لە تیۆری ئاسایشسازی (ST) بە وردی دەخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی دواتر بتوانرێت بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی پڕوپاگەندەی ئێران و سعودیە سەبارەت بەئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە ODS کەڵک وەربگیرێت. بە کاریگەری ڕێبازی پڕلە دەسەڵاتی شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە (CDA)، میتۆدۆلۆژیای ئەنجامدانی ئەم شیکارییە، شوێنپێهەڵگری گوتاری لێگریگۆ و ترێسی (٢٠٠٩)یە، کە ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەرەسەندنی پڕوپاگەندە بە درێژایی کات لەم ماوەیەدا. ئەم توێژینەوەیە بە شیکردنەوەی فەرمانە بەرزکراوەکانی ئێران بۆ هاودەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی حوسییەکان دەست پێدەکات. ئەم لێدوانانە پێش ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە دراون و هەڵبژێردراون بەوپێیەی کە تەوەری یەکخستنی ئێرانی-حوسی و فراوانخوازی ئێران لەخۆدەگرێت. ئەم ڕاگەیەندراوانە لەگەڵ خوێندنەوەیەکی فراوانتری پاڵنەرەکانی ئێران یەکخراون، بۆ زیاتر دەرخستنی دەسەڵات و زیادکردنی نیگەرانییەکانی سعودیە. هەرچەندە ڕاگەیەندراوەکان بە زمانی فارسی دەرکراون، بەڵام تا ڕادەیەک کورتن، ئەمەش وایکردووە وەرگێڕان تا ڕادەیەک ڕاست و جێی متمانە بێت.

### * ڕاسپاردەکانی سیاسەت

- کاتی ئەوە هاتووە پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ سعودیە بکرێت ورەچاوی کاریگەری فرۆشتنی چەک بە سعودیە بکرێت.
- لەکاتێکدا ئێران بەرپرسیارە لە بەشێک لە نائەمنیەکانی ناوچەکە، گرنگە کاتێک باس لە دارشتنی سیاسەت دەکرێت، ڕێگە نەدرێت ئەمە زاڵ بێت.
- هەڵە هەیە لە زیادەڕەویکردن لە لە پەیوەندییەکانی نێوان حوسیەکان و ئێران، پراکتیزەکردنی لێکۆڵینەوەی وردتر پێش پشتگیری کردن و ئاسانکاری بۆ بەشدارییە سەربازییەکانی داهاتوو یارمەتیدەر دەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵە هاوشێوەکان.
- پێدەچێت عەرەبستانی سعودیە ستانداردی جیاوازتری هەڵگرتبێت لە ئێران، ئەمە لەوانەیە ڕۆڵی هەبووبێ لە ڕێگریکردن لە لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر تاوانەکانی جەنگ لە یەمەن و خنکاندنی هەرپرۆسەیەکی بەرپرسیارێتی. دەتوانرێت لە داهاتوودا ئەم هەڵانە دوور بخرێنەوە بە دانانی مەرجی زیاتر لەسەر فرشتنی چەک، کە ئەگەر نەشکێنرێت، ڕێگریدەکات لە گرێبەستی زیاتر.

دوابەدوای ئەمە، توێژینەوەکە هۆکارەکانی پشت زیادەڕەویکردنی عادل ئەلجوبەیر لە تێوەگلانی ئێران بۆبینەرانی ڕۆژئاوایی شیدەکاتەوە. عادل جوبەیر بەوپێیەی سەرەتا باڵیۆزی ئەمریکا بووە، بە خێرایی پلەی بەرزکرایەوە بۆ وەزیری دەرەوە. بەم شێوەیە، ئەوکەسێکی سەرەکی بوو بۆ پرۆسەکانی ئاسایشسازی نێودەوڵەتی ڕیاز. بۆ بینەرانی نێودەوڵەتی تەنیا وتەکانی ئەو لەبەرچاو دەگیرێن، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەربەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەلایەن ڕیازەوە وەک ئامرازێک بۆ ئاسایشسازی نێودەوڵەتی. ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە لە ڕۆژی دەستپێکردنیدا لە ٢٥ ئازاری ٢٠١٥ لە واشنتن دی سییەوە لە لایەن خودی عادل جوبەیرەوە ڕاگەیەنرا. بینەرانی نێودەوڵەتی گرنگییەکی زۆرتریان هەیە بۆ ڕیازلە یەمەن. ئەمەش وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی فراوانتریان بۆ بە ئەمنیەتکردنی ئێران وەک هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتی(Mabon, 2018). بینەری مەبەست هەرلەسەرەتاوە گوتارەکەیان ڕوون بوو.

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە کاریگەری ئەم چیرۆکە لەنێو بینەرانی ڕۆژئاوادا دەردەخات، و سەرکەوتنی گەورەی خۆی لە پاساودانی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوەدا نیشاندەدات. لە بنچینەدا، کۆی گشتی ئەم پرۆسەیە وەک نموونەیەکی ئاڵۆزی شەڕی گێڕانەوە تایبەتمەند دەکرێت. ئێران بە پشتیوانی کردنی گوتاری حوسییەکان نەقیزەی عەرەبستانی سعودی دا،

بەڵام ڕیازوەڵامیدایەوە بە زیادەڕەوی لە تێوەگلانی تاران وەک جۆرێک لە بە ئەمنی کردن، ڕەوایەتی بە ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە بەخشی بە چاودێرانی نێودەوڵەتی. هەرچەندە ناکرێ واگریمانە بکرێ کە ئێران ویستبێتی ڕیاز دەستوەردان لە یەمەن بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە سوودمەند بوون لە لادانی سەرچاوەکانی سعودیە لە سووریا.

پاڵنەرەکانی ئێران لە پشتیوانیکردنی گوتاری حوسییەکان فرە لایەنن. بۆ تێگەیشتن لەم داینامیکە، پێویستە لە تەماحە جیۆپۆلەتیکییە فراوانەکانی ئێران تێبگەین، بەتایبەتی لە ڕێگەی هاوێنەی جەنگی ساردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ (NMECW)وە. ئەم زاراوەیە لەلایەن گریگۆری گاوز (٢٠١٤)ەوە داڕێژراوە، کە ئاماژەیە بۆ شەڕی هەژموونی ناوچەیی لە نێوان ڕیازو تاران، دوای بەهاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١. لە ڕێگەی وروژاندنی ترسەکانی سعودیە سەبارەت بە یەمەن، تاران توانی سەرنجی ڕیازلە سەرسووریا وسەرۆکی هاوپەیمانی تاران بەشار ئەسەد لابدات. ئەسەد کەسایەتییەکی بنەڕەتییە بۆ پەیوەندییە ئەمنییەکانی ئێران(Terrill, 2014, p. 431).

سەرەڕای ئەوەش، شەڕی یەمەن بەشێوەیەکی بەرچاو بووەتە هۆی کەمکردنەوەی دارایی سعودیە. دەوترێت ڕیازلە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ٢٠١٩ زیاترلە ٢٤٠ ملیارپاوەندی لە هەڵمەتی سەربازیدا خەرجکردووە. (Jalal, 2020). لە یاری کۆ- سفری NMECWدا، ئێران ئەوەی هەژمارکردووە کە گوتاری تووند زیان بە شانشین دەگەیەنێت وبەم شێوەیەش دەستکەوت بۆ تاران بەرهەمدەهێنێت. هەروەها ئەم قەیرانە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەی نێودەوڵەتی عەرەبستانی سعودیە. لەکاتێکدا بەردەوامن لە وەرگرتنی چەک لە ڕۆژئاوا، هەربەم دواییانە لەلایەن سەرۆک جۆو بایدنەوە(Stone & zengerle, 2021)، ئەوان پێگەی ئەخلاقییان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە دەستداوە، و بەشێوەیەکی بەرفراوان ئیدانە دەکرێن بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە. لە ژێررۆشنایی ئەمەدا، وەک کێندڵ دەنووسێت، «[گەمارۆدانەکە]... دەرفەتی ئەوەی بە ئێران داوە کە خۆی لە ڕۆڵی مرۆییدا وسعودیە لە ڕۆڵی دەستدرێژیکارێکدا نیشانبدات کە مەبەستی برسیکردن و بۆردومانکردنی دراوسێ باشوورییەکەی خۆیەتی»(Kendall, 2017, p. 5).

عەرەبستانی سعودیە بەڕاستی ترسی لە گەمارۆدانی گرووپەکانی سەر بەئێران و هەڕەشەی حوسییەکان بۆ سەر سنوورەکانیان هەیە. لەوەش گرنگتر، حوسییەکان مەترسین بۆ سەرکۆنترۆڵی سعودیە لەسەرگەرووی باب ئەلمەندەب، کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا ڕۆژانە ٣.٨ ملیۆن بەرمیل نەوت پێیدا تێدەپەڕی(Bender, 2015). ڕیازئاگاداری هەستی

دژە ئێرانی چەسپاوە و کاریگەرییەکەی وەک ئامرازێکی ئەمنیەتگەرایی — «هەڕەشەی ئێران، جا ڕاستەقینە بێت یان هەستپێکراو، پاساوێکی بەهێز بووە لەبەردەم چاودێرانی نێودەڵەتی بۆ دەستێوەردانی سعودیە لە یەمەن» (Kendall, 2017, p. 5). بەهۆی ترسی ئەوان، ڕیاز بەسەرکەوتوویی شەرعیەتی بە دەستێوەردانی خۆی بە هێڵی دژە ئێرانی دا. ململانێی دواتر دەرەنجامی کارەساتباری بۆ شانشینەکە دروستکردووە، کە ئێستا بۆ ماوەی ٨ ساڵە لە شەڕێکی پڕ خەرجی تێوەگلێنراوە و هیچ ڕێگەیەکی ڕوونی دەربازبوونی نییە. ئەمریکاو بەریتانیا خستیانە هێڵی تێوەگلانی ئێرانەوە، هەروەک چۆن کەڵکیان لە گوتاری «چەکی کۆمەڵکوژی»بۆ بە ئەمنیکردنی هەڕەشەکانی سەدام حوسێن وەرگرت. بە درێژایی هەردوو ململانێکە بەرژەوەندییەکی قوڵ هەبوو بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیدان بە بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی ڕۆژئاوا کە پشت بە پیشەسازی نەوت و گازی سروشتی دەبەستێت.

## ٢- تیۆری ئەمنیەتگەرایی چوارچێوەیی – تایبەت لە ڕکابەری هاوچەرخی سعودیە - ئێراندا

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕێبازەکانی تیۆری ئەمنیەتگەرایی نوێخوازی دەکات بە مەبەستی دیزاینکردنی ڕێبازێکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی بەکارهێنانی پڕوپاگەندە لە پێش و لە کاتی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوەدا. ئەم بەشە تێهەڵکێشە لە تیۆری ئەمنیەتگەرایی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی کەیسی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگونجێت، چونکە ئەمنیەتگەرایی وەک پراکتیزەکردنێکی چوارچێوەی-تایبەت دێتە تێگەیشتن، کە ناتوانرێت بەشێوەیەکی کەم وەک ڕێبازێکی یەکگرتوو و سەرەوە بۆ خوارەوە بەکاربهێنرێت(Balzacq, 2005). تیۆری ئاسایشسازی وەک»بنیاتنانێکی گوتاری نەک واقعێکی بابەتیانە» دێتە تێگەیشتن(Darwich & fakhuory, 2016, p. 715). لە ڕێگەی گوتاری بە پڕوپاگەندەکراوەوە، دۆزێک لەحاڵەتی بێمانایییەوە دەگوازرێتەوە بۆهەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ. هەڕەشە، بەم مانایە، بنیاتدەنرێت. دۆزەکە دەکرێتە دۆزێک کە دەبێت ڕێوشوێنی نائاسایی لە دژی بگیرێتەبەر.

لە غیابی چوارچێوەی دەستووریدا، دەتوانرێت سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک نائاسایی پێناسە بکرێت کاتێک هاوڕێژەیی نەبێت، نەریتی مێژوویی دەشکێنێت و بەم جۆرە دەتوانرێت وەک شتێک تایبەتمەند بکرێت کە «زۆربەی کەسانی عەقڵانی هاوڕا دەبن ڕێوشوێنی هەڵاوێردوو پێکبهێنرێت زیاتر لە ڕووی زیانەوە . . . . . یان . . . ئاستی توندوتیژی

بەکارهێنراو»(Floyd, 2015, p. 2). ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی فراوان هاوڕایە کە «ئەرکی سەرەکی سیاسی ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە پاساوهێنانەوە بۆ بەکارهێنانی هێز›(Buzan, 1991, p. 89). نوخبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبەکارهێنانی پڕوپاگەندە، «دەتوانن لایەنەکانی ناسنامەی ڕژێمەکەیان هەڵبژێرن، مانای نوێیان بدەنە پاڵ ووەک هێما بۆ کۆکردنەوەی خەڵک بەکاریانبهێنن»(Darwich, 2019, p. 9). ئەمنیەتگەرایی فۆرمەکانی گوتارلەخۆدەگرێت، کە دیزاینکراوە بۆبنیاتنانی چەمکێکی ڕوون لە «ئەوی دیکە». نوخبەی دەوڵەتان پڕوپاگەندە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی «بەبەردەوامی ئەوکەسانەی لە دەوڵەتانی دوژمندا ئازار دراون وەک قوربانییەکی شایستەنیشانیان بدەن، لە کاتێکدا ئەوانەی کە لەلایەن حکومەتەکەی خۆیان یانبریکارەکانیانەوە بە توندییەکی یەکسان یان زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، شیاوی گوتن نین»(Hermann & chomky, 1988, p. 37). ئەوان سەرنجیان لەسەرلە لایەنە نەرێنییەکانی «ئەوی دیکە» وزیادەڕۆیی لە جەختکردنەوە لەسەرئەرێنییەکانی «ئێمە» یە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەدەبیاتێکی بەرچاوسەبارەت بە تیۆری ئەمنیەتگەرایی هەیە. داروێچ وفاخوری لە ساڵی ٢٠١٦ دا شیکاریان بۆئەوڕێگایانە کرد کە عەرەبستانی سعودیە وحزبوڵلا ناسنامەی تائیفی وەک ئامرازێک بۆبەئەمنیکردنی سووریا بەکاردەهێنن. لەڕێگەی ئەمەوە، نیشانیاندا کە «کاتێک ئەکتەرە سیاسییەکان بەمەبەست ناسنامەی تائیفی وەک پرسێکی بە ئەمنیکراو نیشاندەدەن، ئەم گوتارانە بە شێوەیەکی دانەبڕاوپەیوەست دەبن بە سنووردارکردنێکی دوو لایەنە لە نێوان خود وئەوی دیکەدا»(Darwich & Fakhoury, 2016, p. 20). پرۆژەی تائیفەگەرایی، بریکارودژی تائیفەگەرایی (SEPAD)، لە توێژینەوەی تیۆری ئەمنیەتگەرایی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەبوو لەوناوچەیەدا. لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، مابۆن و واستنیج کتێبی «سعودیە وئێران» یان بڵاوکردەوە. کتێبەکە لە ژێرکاریگەری بیرۆکەکانی ئەمنیەتگەراییدایە، بانگەشەی توانای ئەنجامدانی «شیکاریکردن لەدەرەوەی پشکنینی ئەو هۆکارە پێکهاتەییانەی کە ڕکابەرییەکە لە قاڵب دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئەوڕێگایانەی کە دوژمنایەتی و گرژی دووبارە بەرهەمدەهێننەوە» دەکات(Mabon & wastnidge, 2022, p. 5). هەمیشە جوڵەیەکی بەردەوام هەبووە بەرەو لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی سیاسی ناسنامەی تائیفی وەک ئامرازێکی ئاسایشسازی لەچوارچێوەی ڕکابەری ئێران – سعودیەدا (Darwich,2018; Mabon, 2018; Mlmvig,2014). بەڵام مابۆن و واستنیج دان بەوەدا دەنێن کە «... کارێکی زۆرهەیە ... کە دەبێ ئەنجامبدرێت» (Mabon & wastnidge,2022,p.

6)بەم هۆیەوە داروێچ و فاخوری بەتایبەتی باس لەوە دەکەن کە «ئەم چواچێوەی کارکردنە دەتوانێت سوودی هەبێت لە شیکردنەوەی کەیسەکانی دیکەی ناوچەکە، لەوانەش . . . یەمەن»(Darwich & Fakhoury,2016, p. 21). ئەم توێژەرەوانە پاڵنەری ئەنجامدانی ئەم بیرۆکانەیان سەبارەت بە ململانێکانی یەمەن دابینکردووە. لێرەدا، ئاسایشسازی فۆرمێکی تایبەت بە خۆی هەیە. Trolling وشەیەکە لەسەردەمی سۆشیال میدیاوە بەرهەمهێنراوە. ئاماژە بە جۆریکی تایبەتی گوتاردەکات، کە بەمەبەست بۆوروژاندنی کاردانەوەی سۆزداری بەکاردێت. ئەم دیاردەیە لە تویتەردا بەدیدەکرێت، وەک ڕووداوێکی ڕۆژانە. بۆ نموونە زۆریک لە یاریزانانی تۆپی پێی ڕەشپێست و ئاسیایی وکەمینە نەتەوەییەکان دوای ئەنجامە خراپەکانی یاری ڕۆژەکە، ئازاری ڕگەزپەرستانەیان پێدەگات (Kilvington & price, 2019). جینی هیڵ (٢٠١٧)زیادەڕەوی لە ڕادەبەدەری ئێرانییەکان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حوسییەکان وەک فۆرمێکی جیۆپۆلەتیکی گەورەی ترۆڵینگ پێناسە دەکات. بە کورتی، ئەمە سوودی بە تاران گەیاندووە کە نیگەرانی سعودیە لەسەر تێوەگلانیان لە یەمەن بەرزدەکاتەوە(Kendall, 2017).

ئەم فۆرمەی پڕوپاگەندە فۆرمێکی کلاسیکی ئەمنیەتگەرایی نییە. بەو مانایەی، ئێران لە وێنەی خۆی دوور دەکەوێتەوە تا لەگەڵ ئەجێندای ئەمنی درێژخایەنیدا بگونجێت. لەجیاتی ئەوەی خۆیان وەک بێلایەن لە یەمەن نیشان بدەن، بەشێوەیەکی ئایدیالی خۆیان بە حوسییەکانەوە بەستەوە. ئەمەش بە ئامانجی لاوازکردنی سعودییەکان ئەنجامدرا، لەهەمانکاتدا مەترسییەکی گەورەتر لەسەر سنوورەکانیان لە باشوور درووستکرد (Hill, 2017). لەبری ئەوەی پاساو بۆ ڕێوشوێنە نائاساییەکانی خۆیان بهێننەوە، هانی کردەوەیەکی ئەوەندە توندیان بە عەرەبستانی سعودی دا کە ڕیازلە ڕووی ئابوورییەوە ڕزاوەولە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لاوازبووە. تاران لەڕێگەی ئەم بەرنامە ئاڵۆزە پڕوپاگەندەییەوە، خۆی وەک ڕزگارکەرێک دەنوێنێت (Kendall, 2017). گرنگە لە بیرمان بێت، کە لە ڕۆژانی سەرەتای ململانێکەدا، ئێران تەنیا سەرنجی لەسەرپشتیوانی گوتاری بوو بۆ حوسییەکان لە ژێر ئاڵای ‹بەرخۆدان› دا. عەرەبستانی سعودیەش بەشێوەیەکی دەستکرد و گوتاری زیادەڕەوی لە نیشاندانی پشتیوانییەکەدا کرد تا بەشداریکردنی فیزیکی ولۆجستی و سەربازی لەخۆبگرێت – بەهۆی ئەوەی بەڵگەی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو. ئەوان پاساویان بۆئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە هێنایەوە بە زیادەڕۆیی لە تێوەگلانی ئێران، بە بەکارهێنانی سوتەمەنی هاوکارییە گوتارییەکانی تاران لەگەڵ حوسییەکان دابینکرابوو. ڕیاز، بەتایبەتی، ‹لەگەڵ

هاوتا ئەمریکەکانیدا وتووێژی کردووە – بەشێوەی نهێنی و ئاشکرا– لە هەوڵیدا بۆ لادانی نزیکبوونەوەی دیپلۆماسی لە ترسی دەرەنجامەکانی ئێرانێکی هەستاوە› (Mabon,2018, p 756). ئەمە نموونەیەکی کلاسیکییە لە ئەمنیەتگەرایی. کە شتێکی دیاریکراو دەگۆڕێت بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ، لەدژی ئەوکردەوە نائاساییانەی کە ئەکرێ پاساویان بۆبهێنرێتەوە.

لە تیۆری ئەمنیەتگەرایی نەریتیدا، ئەمنیەتگەرایی وەک کردەی قسەی دابڕاو (speech act) دەبینرێت، لەگەڵ دەربڕینی نوخبە و بینەرێک کە ببیستن و پشتگیری خۆیان پێشکەشبکەن (Buzanet al. , 1998,p. 32). لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا شتەکان ئاڵۆزترن. تیۆریستانی ئەمنیەتگەرایی بە پلەی یەکەم سەرنجیان لەسەرقسەی ئەکتەرە نوخبەکان بووە بۆ ئەوەی بینەرانی نا نوخبە قەناعەت پێبکەن لە ڕەوایەتی ڕێوشوێنە نا ئاساییەکانیان (Balzacq, 2005; waver, 1989). ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە پرۆسەکانی نێوان نوخبە–نوخبەی ئەمنیەتگەرایی دیاردەیەکن هێشتا لە ژێرتوێژینەوەدان. بەگوێرەی ئەو وتانەی لەم وتارەدا باسکراون، ئەلجوبەیر سەرنجی لەسەر ئەمریکا و بەریتانیایە وەک ئامانجی یەکەمی خۆی. ئەمەش دەکرێت بە ئاسانی لە پلاتفۆرمەکانی ڕۆژئاوایدا وبەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیدا ببینرێت. لە ڕێگەی هۆشیاری لە وردی و بەردەوام دووبارەکردنەوەی چیرۆکی دژە – ئێرانیزمەوە، ڕیازتوانی قەناعەت بە ڕۆئاوا بهێنێت سەبارەت ڕەوایەتی دەستێوەردانەکانیان (Gordon & Parkinson, 2018). بەشێوەیەکی داهێنەرانە، ئەم توێژینەوەیە کارلەسەرفراوانکردنی پارامیتەرەکانی تیۆری ئەمنیەتگەرایی دەکات، کە شوێنکەوتووی گەشەسەندنی ئەمنیگەرایی گوتاری نێوان ئەکتەرە نوخبەکانە لە دەوڵەتدا. لەم چوارچێوەیەدا، ناتوانرێت ئەمریکا و بەریتانیا وەک بینەری پاسیف تێبگەین، هەروەک لێرەدا ئەمنیگەرایی بەم شێوەیە تێدەگەین» پراکتیکێکی (پراگماتیکی) ستراتیژییە کە لە ناو ووەک بەشێک لە، ڕێکخستنی بارودۆخەکاندا ڕوودەدات، لەوانە، بارودۆخ، دۆخی دەروونی-کولتووری بینەر، و ئەو هێزەی کە هەردوو قسەکەرو گوێگر دەیهێننەناو کارلێکەکەوە» (Bal-zacq, 2005, p. 72)

بۆ فراوانکردنی تێگەیشتنی توێژینەوەکە سەبارەت بە ئەمنیەتگەرایی، ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنێکی ناوەندی لە تیۆری نیورپیالستی هەڵدەگرێت. ئێران وعەرەبستانی سعودیە «بیرلە فەتحکردنی خۆیان دەکەنەوە، کاردەکەن بۆ ڕێگری لە دەوڵەتە دەستدرێژیکارەکان لە بەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر حسابی خۆیان» (Mearsheimer, 200, p. 35). لەم ڕوانگەیەوە، ناکرێ ئەمنیەتگەرایی تەنیا وەک سیاسەتی ئاسایشی بەرگری تێبگەی، بەڵکو

ڕێبازێکی پۆزەتیڤیشە بۆ ‹بنیاتنانی ئیمپراتۆریەتێکی گوتاری ‹بەتایبەت لە حاڵەتی ئێراندا. وەک کیندەڵ دەنووسێت « نفوزی هەرێمیی ئێران بەشێوەیەکی سرووشتی زیاد دەکات، ئەگەر هەندێک کاریگەری هەبێت لەسەر ئەنجامی ململانێی یەمەن، هەروەها لەسەر ئاسایشی ڕێگاکانی گوستنەوەی دەریای سوورکە لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگە» (Kendall, 2017, p. 4).

هەروەها ڕیازبیرلە داهاتوو دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠١٥ دا، محەمەد بن سەلمان، وەزیری بەرگری تازە دەستنیشانکراو و تەمەن ٢٩ ساڵ، دەستێوەردان لە یەمەن وەک ڕێگەیەک بۆ دووپاتکردنەوەی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر کاروباری ناوچەکەدا بینی. شا عەبدوڵڵا کە پێش شا سەلمانی باوکی بوو، کە هاتە سەر یەمەن و بەدواداچوون بۆکردەی سەربازی، دانبەخۆداگرتنی نیشاندا. محەمەد بن سەلمان ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوەی وەک ئامرازێک بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ڕیاز وەک ئەکتەرێکی سەربازی یەکلاکەرەوە لە ناوچەکەدا دەبینی. لە ڕێگەی ترس، زیادەڕۆیی لە تێوەگلانی ئێران بووە هۆی ئەوەی کە محەمەد بن سەلمان پاساوێکی بەرچاو بۆ دەستێوەردانەکەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دابین بکات، کە ئەو وەک دەرفەتێکی بینی «بۆ دووپاتکردنەوەی پێگەی شانشین وەک هێزێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» دا(Darwich, 2018, p. 125).

لەکاتێکدا نیوریالیزم دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕوونکردنەوەی بەدواداچوونی دەسەڵات، داینامیکی قووڵتری ئەمنیەتگەرایی کە لێرەدا لە شێوەی گوتاردا دەردەکەوێت، بونیادگەرایی دەگرێتەوە، چونکە «بنیاتنانێکی گوتارییە نەک واقیعێکی بابەتیانە»(Darwich & fakhoury, 2016, p. 715). زۆرێک لە لایەنەکانی سۆزی دژە ئێرانی، وترس لە تێوەگلانیان لە یەمەن، ناسنامەی ڕۆژئاوایی یان سعودیەیان نییە بەڵکو لە بری ئەوە بە وردی لەلایەن ئەکتەرە دەوڵەتییەکانەوە بنیات نراون. ئەمەش بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە کراوە بۆ شەرعیەتدان بە هەوڵەکانیان بۆ دەسەڵات لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە توێژەران بپرسن چۆن تیۆری ئەمنیەتگەرایی دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە تێگەیشتن لەوەی کە چۆن زیادەڕەوی تێوەگلانی ئێران بووەتە پێشبینییەکی خۆبەدیهاتوو. لێرەدا چەمکی گیدنز (١٩٩١) سەبارەت بە ئاسایشی ئەنتۆلۆژی یارمەتیدەرە، کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت کە» متمانەیەک کە زۆربەی مرۆڤەکان بە بەردەوامی بە ناسنامەی خود و نەگۆڕی ژینگە کۆمەڵایەتی و ماددییەکانی دەوروبەریان هەیانە»(1991, p. 92). بە تێپەڕبوونی کات، جەنگی ساردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ NMECW بەومانایە بووە

کە سۆزی دژە سعودیە بووەتە بەشێکی چەسپاو لە ناسنامەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. بەشێکی سەرەکی ناسنامەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە «جیاوازبوونی لە بەرامبەر کۆمەڵگەکانی تر»(Mitzen, 2006, p. 352). بەم شێوەیە کاتێک پشتیوانی گوتاری حوسییەکان کرا، تاران بە قووڵی ئاگاداری کاریگەرییەکانی بوو لەسەر نیگەرانی سعودیە . بەم پێیە لە یاری کۆ- سفری جیۆپۆلەتیکی جەنگی سارددا، لۆژیکی بوو بۆ ئێران کە پشتیوانییەکانیان زیاد بکات. ئەوان هەوڵیاندا پشتگیری فیزیکی پێشکەش بکەن بە دابینکردنی بڕێکی کەم لە چەک و پێداویستی(BBC, 2015). بەم شێوەیە تێوەگلانی ئێران بووەتە پێشبینییەکی خۆبەدیهاتوو کە دواجار سوودی بە تاران گەیاندووە و ڕیازی لاواز کردووە.

هەروەها ئاسایشی ئەنتۆلۆژی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی عەرەبستانی سعودیە لە یەمەن شوێن ‹بەرنامەکانی بەرهەمهێنانی ئاسایش کەوتووە کە لە کۆتاییدا نا ئەمنیەتی خۆیان دەهێڵنەوە›(Kamrava, 2018, p. 13). وەک دەروونناسی ڕەفتار فێرمان دەکات، زۆر کەس بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ هاوبەشە توندوتیژەکانیان دەمێننەوە دوای دەستپێکی دەستدرێژییەکە (Eckstein, 2011). دەوڵەتانیش، وەک مرۆڤەکان، بە توندی کارتێکراو و مەرجدار دەبن بە کاریگەری ناسنامە گەشەسەندووەکانیان. دژە ئێرانیزم وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی ناسنامەی نوخبەی سعودیە خۆی چەسپاندووە. بینینی تاران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر شەرعیەتی دەسەڵاتەکەیان لە ساڵی ١٩٧٩ وە، ئال سعود گەیستوونەتە ئەوەی کە بەرەنگاربوونەوەی نفوزی ناوچەیی ئێران بە شتێکی جەوهەری سەیربکەن. ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە دژە ئێرانیزم بەهەمان شێوە لەناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا چەسپاوە، بەڵام بە ئاستێکی کەمتر.

### ٣- میتۆدۆلۆژیا

ڕێبازی شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە و تیۆری ئەمنیەتگەرایی لەسەر یەک ئاڕاستە کاردەکەن، بەوپێیەی کە دیدێکی ئەنتۆلۆژیان بۆ زمان هەیە - زمانی بەهێز بەمانای هەڵگری دەسەڵاتە بۆ مەبەستی سیاسی. ئەوان هاوڕان کە زمان هیچ ماهیەتێکی بۆماوەیی نییە. شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە چوارچێوەیەک بۆ دەرخستنی مانا شاراوەکانی تیۆری ئەمنیەتگەرایی دابیندەکات. کە چوارتەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێت: بینەر، چوارچێوە، دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا. بۆڤیەر و ماکین بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئامانجی شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە «ئاشکراکردنی ئەو گوتارە نێژراوانەیە لە زمانی بەکارهێنراودا بۆ پاراستنی

دەسەڵات و بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی دەسەڵات›(Bouvier & Machin, 2018, p. 178).

شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە سوود لە تێگەیشتنی ئاڵۆزی گوتاروەردەگرێت، بینەرووەک شتێکی گرنگ لە بنیاتنانی مانادا سەیر دەکات(Wodak & Meyer, 2009, p. 4). لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی واتای گوتارییەوە هەیە، ئەم بیرۆکەیە چاکەیەکی هەیە بەسەرتیۆری ئەمنیەتگەرایی نەریتیدا کە گرنگییەکی کەمتربە بینەردەدات. فێرکلاف (٢٠٠٣) سێ بواری سەرەکی بۆ شیکردنەوەی گوتار دامەزراند. بەرهەمهێنان، واقیعیەتی دەق و پێشوازی. لێرەدا، بە پێچەوانەی تیۆری ئەمنیەتگەرایی ، پێشوازی تەنها لە ‹ قبوڵکردنی› یاسای کردەی ئاخاوتن کورت ناکرێتەوە(Buzan et al. , 1998). لەبری ئەوە بینەرلە پرۆسەی چوارچێوەدان بە کاریگەری و کارەکتەری گوتاردا بنەڕەتییە.

تەرکیزی شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی هێزە، کە بە باشی لەگەڵیدا دەگونجێت بۆتێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی پاساودانی ململانێ؛›دەتوانین کاریگەرییە هۆکارییەکان بگەڕێنینەوە بۆ فۆرمەکانی زمانەوانی، بەڵام تەنیا لە ڕێگەی باسێکی وردی مانا و چوارچێوە›(Fairclough, 2003, p. 13).

کاتێک دێتە سەرباسی پڕوپاگەندە، مۆدێلی ڤان دەیک (٢٠٠١)سوودێکی تایبەتی هەیە. پڕوپاگەندە یەکێک یان زیاترلەم کارانەی خوارەوە دەکات: کەم جەخت خستنە سەرشتە ئەرێنییەکان یان زۆر جەخت خستنە سەرشتە نەرێنییەکانی ‹ئەوی دیکە›؛ یاخود کەم جەخت خستنە سەرشتە نەرێنییەکان یان زۆر جەخت خستنە سەرشتە ئەرێنییەکانی ‹ئێمە›. هێرمان و چۆمسکی (١٩٩٨) ئەوەیان نیشاندا کە نوخبەکان بەم شێوەیە گوتاربۆ پاساوهێنانەوە بۆڕێوشوێنی نائاسایی بۆبینەری جۆراوجۆر دەهێننەوە. بەم پێیە پڕوپاگەندە سرووشتێکی ئایدۆلۆژی هەیە. ڕەخنەیەکی بەهێزکە لە شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە دەگیرێت ئەوەیە کە «ئەو ڕێگا سیستماتیکیانەی کە کە تێیدا میتۆدەکان دەردەکەون، بەشێوەیەکی شاراوە جێهێڵراون (LeGreco & Tracy,2009, p. 20). بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەم توێژینەوەیە›بەدواداچوونی گوتاری› لێگریگۆ و ترەیسی (٢٠٠٩) بەکاردەهێنێت. ئەم ڕێبازە مۆدێلێکی سیستماتیکی بۆ ئەنجامدانی شیکاری ئاڵۆزی گوتار، بەدواداچوونی گەشەکردنی بەشێوەیەکی کاتی دابیندەکات. پێشترباوەڕوابوو لەڕووی لۆژیکییەوە مەحاڵە، ئەم ڕێبازە باشترین بەشەکانی شیکردنەوەی گوتارو بەدواداچوونی پرۆسەکەی پێکەوە کۆکردۆتەوە (LeGrco & Tracy, 2009, p. 1).

**پرۆسەکە:**

١. فەترەیەکی زەمەنی و کەیسێکی توێژینەوەی دیاریکراو هەڵبژێرە.

٢. مایکرۆداتا (پۆستەکانی سۆشیال میدیا، وتار و هەواڵ)، میسۆداتا (بۆ نموونە، بەڵگەنامەکانی حکومەت)، ماکرۆداتا (زانیاری چوارچێوەیی) کۆبکەرەوە. داتاکان بە شێوەیەکی درێژخایەن ڕێکبخە بە ئامانجی دۆزینەوەی بابەت و بیرۆکەی دووبارەبووەوە.

٣. دانانی پرسیاری توێژینەوە، کە لە دەوری بابەت و بیرۆکە تێبینی کراوەکان بسوڕێتەوە، دواتر پێویستە لێکۆڵینەوەکە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بنووسرێت.

٤. گەیشتن بە ئەنجام.

## ٤- میتۆد و پرسیاری توێژینەوە

زنجیرەیەک وتاری کەسایەتییە دیارەکانی ناو دامەزراوەکانی سعودیە، ئێران، ئەمریکا و بەریتانیا لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ چاوی لێکرا. شیکاری گوتاری کۆماری ئیسلامی لە مانگەکانی پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە ئەوە نیشاندەدات کە جەختی کردۆتە سەر ئەو شێوازانەی کە نیگەرانی سعودیەیان زیاترکردووە. عەرەبستانی سعودیە دەستیکرد بە پاساو هێنانەوەی دەستێوەردانەکانی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە لە ئازاری ٢٠١٥ دا. عادل جوبەیر سەرەتا باڵیۆزی سعودیە بوو لە ئەمریکا، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنەکانی لە سەرسامکردنی بینەرانی ڕۆژئاوا بە خێرایی پلەی بەرزکرایەوە بۆ وەزیری دەرەوە. لە وتەیەکیدا لە ٨ی ئایاری ٢٠١٥ دا، ئەرکی کردەی ئاخاوتنی بە کردەوە نیشاندا، بە ڕاگەیاندنی تێوەگلانی ئێران و لەگەڵ جۆن کێری هاوتای (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ٢٠١٥). ئەم پرۆسەیە زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لە بەشی کۆتاییدا، کە وەڵامی یەکخراوی بەریتانیا-ئەمریکا وەک بەڵگەی دوو شت تایبەتمەند دەکرێت:

١. بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری و ئەمنی، بەستراوەتەوە بە هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە.

٢. سەرکەوتنی پرۆسەی ئەمنیەتگەرایی ڕیاز.

داتاکان بەشیوەیەکی زەمەنی ڕیزبەندی کرابوون بۆ ئەوەی بەدوادا چوون بۆ پەرەسەندنی ئەم تەوەرانە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ مەبەستی گێڕانەوە، هەموو نموونەیەکی گوتار بەشیوەیەکی ڕێکوپێک و زەمەنی لە بەشەکانی داهاتوودا ڕێکنەخراون. ئەم ڕێوشوێنانە ڕێگە بە دۆزینەوەی گونجاوی بابەتەکان دەدات، لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی گرنگی ناوەندبوونی چوارچێوە بۆ ڕێبازە ڕەخنەییەکانی گوتار.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١. ئایا زیادەڕەویکردن لە تێوەگلانی ئێران بە سەرکردایەتی سعودیە سەرکەوتوو بووە لە بە ئەمنیکردنی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە بۆ بینەرانی نێودەوڵەتی؟
٢. ئایا تێوەگلانی ئێران زیادەڕەوی تێداکراوە؟
٣. لە کۆتاییدا کێ سوودی لەم گێڕانەوەیە وەرگرتووە؟

زۆر گرنگە بە کورتی ڕوونی بکەینەوە کە چۆن ئەمنیەتگەرایی لە زنجیرەی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی گێڕاوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی درووست. ئێران ئاگاداری ئەوەبوو کە بە ڕاکێشانی سعودیە بۆ ناو یەمەن، سەرنجیان لە ئەولەویەتەکانی ئێران لە سووریا دوور دەخاتەوە و سەرچاوەکانیان بەتاڵ دەکات و ناوبانگیان تێکدەدات. بەم پێیەش زۆرێک لە کەسایەتییە دیارەکان هەوڵیاندا نیگەرانییەکانی سعودیە زیاتربکەن. بەو مانایەی ئامانجیان ئەوەبوو کە هەڕەشەی حوسییەکان لەسەربینەرانی سعودیە گەورەتر بکەن و قووڵتربیانکێشنە ناو ململانێکانەوە. ئەوان ئەم پرۆسەی ئەمنیەتگەراییەیان وەک تاکتیکێکی بەسوود بۆ بەدەستهێنانی هێزلە هاوسەنگی هێزی هەرێمیدا دەبینی. کۆنترۆڵی حوسییەکان بەسەرسەنعا و بەندەرەکانی سەردەریای سوورهەڕەشەیەکی جیۆستراتیژی و ئابووری بوو بۆ هەردوو ڕیازوواشنتن. بەم شێوەیە، هەردوو ئەکتەرەکە ڕێگایان دۆزییەوە بۆ پاساوی پشتگیرییەکانیان لە ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە لەڕێگەی پرۆسەکانی ئەمنیەتگەرایی بە ڕێبەرایەتی سعودیە.

**٥- پاڵنەرەکانی ئێران – وروژاندنی نیگەرانی سعودیە**

لە چەند مانگی پێش ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوەدا، بەرپرسانی ئێران هەوڵێکی هاوبەشیاندا بۆ زیاترکردنی نیگەرانییەکانی سعودیە سەبارەت بە یەمەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵیاندەدا وەڵامی سەربازیی لە ڕیازوەربگرن؛ تەنیا ئەوە بوو کە ئاگاداری نیگەرانییەکانی سعودیە بوون و هەوڵی زیاترکردنی نیگەرانییەکانی سعودیەیان دەدا سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی حوسییەکان لە باکووری یەمەن. لە٣٦ ەمین ساڵیادی شۆڕشی ئیسلامیدا، ژەنەراڵی پێشووی سوپای قودسی ئێران، قاسم سولەیمانی، ڕایگەیاند کە ئێرانییەکان « شاهیدی هەناردەی شۆڕشی ئیسلامین بۆ سەرتاسەری ناوچەکە... لە بەحرەین و عێراقەوە بۆ سووریا، و یەمەن و باکوری ئەفریقا»(Badran, 2015). لەناو ئەم

لێدوانەدا هۆشیاری شاراوەی سولەیمانی لە سوودی سیاسی تووندکردنەوەی گەمارۆی ترسی سعودیە بوو. ئەم وێنەیە لە تەوەرەی بەرخۆدانێکی فراوان وێنەی ئێرانێکی بەهێزو سەرهەڵداوە نیشاندەدات. یەمەن هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر شانشینی سعودیە، چونکە هەردوو وڵات سنووری هاوبەشیان هەیە.

سعودییەکان توانیویانە ئاماژە بە هێڵی دەستدرێژی حوسییەکان لەم سنوورەدا بکەن. لەماوەی جەنگەکانی سەعدەدا، لە ساڵی ٢٠٠٩ دا، عەرەبستانی سعودیە وەڵامی حوسییەکانی بە دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ دایەوە، پاش «کوشتنی لانیکەم دوو پاسەوانی سنووروبە ڕواڵەت کۆنترۆڵکردنی دوو گوند یان زیاتری سنووری سعودیە»(Terril, 2014, p. 433). لە ڕێگەی یاریکردن بەو نیگەرانییە بەردەوامە، ئێران جەختی لە هاودەنگی خۆی لەگەڵ حوسییەکان کردەوە بۆبەدەستهێنانی سەرمایە لە باڵانسی هەرێمی هێزدا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە «تاران هیچ قسەیەکی یەکلاکەرەوەی نەبوو لەسەربڕیاری حوسییەکان، و پەیوەندی نێوانیان نوێ و هەلپەرستانە بوو»(Hokayem & Robert,2016, p. 163)

تێکرای بەرهەمی ناوخۆیی ئێران لە ساڵی ٢٠١٤دا، ٧,٤٣٢، ملیارد دۆلار بووە، لەبەرامبەردا عەرەبستانی سعودیە ٧٥٦، ٤ بلیۆن دۆلاربوو(World bank, 2022a, 2022b). ئەم نابەرامبەرییە بەهۆی سنوورداری سەرچاوە ماددییەکانی ئێرانەوەیە، بەڵام بەهۆی سزا تووندەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠١٣ دا خراپتربوو. بەهۆی ئەم کۆت و بەندانەوە، ئێران ناچاربوو بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە چین لەسەر ئاستی جیهان دەیکات، سەرچاوەکان بەرەو ئەو ناوچانە بکاتە ئامانج کە گرنگییەکی سەرەتایی جیۆستراتیژییان هەیە، نەک ڕێبازی دەمانچەی-پەرشوبڵاو بگرێتەبەر. میحوەری لوبنان- سووریا- عێراق بۆ ئاسایشی ئێران بنەڕەتییە (Samii, 2008). بەوپێیەی سەرنجی سعودیە لەسەر یەمەن چڕ بووەتەوە، تاران توانی چاوی ڕیاز لە شەڕی سووریا دووربخاتەوە.

سووریا لە ڕووی جوگرافییەوە ئێران بە گرنگترین و سەرکەوتووترین بریکاری خۆی، حیزبوڵڵای لوبنان دەبەستێتەوە. لەسەربنەمای لۆژیکی سیاسەتی دەرەوەیان، ‹لەبەرئەوە لۆژیکی ترە بۆ ئێران کە دەستی خۆی لە یەمەن لە ڕێگەی گوتارەوە جێگیر بکات نەک سەرچاوە دیارەکانی بۆ لابدات›(Kendall, 2017, p. 4). ئەم پرۆسەیە کاریگەری هەبووە چونکە کەنداو وردە وردە لە شام کشاوەتەوە و ڕووی لە جەزیرەی عەرەبی کردووە. وەک چۆن جونۆ (٢٠١٦) دەنووسێت:›بۆ ئێران، یەمەن نوێنەرایەتی دەرفەتەکان دەکات نەک هەڕەشە›(p. 661).

لە ڕووی جوگرافییەوە ئێران لە یەمەن دوورە. بەم شێوەیە وڵاتەکە هیچ نیگەرانییەکی ئەمنی بەرچاو درووست ناکات، تەنانەت ئەگەر دوژمنێکیش حوکمڕانی بکات. بەم جۆرە، ‹بەدڵنیاییەوە. یەمەن گۆڕەپانێکی لاوەکییە کاتێک بەراورد دەکرێت بە عێراق و سووریا›(Guzansky & Heistein, 2018). لەگەڵ ئەوەشدا تاران بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی گوتاریی بۆ حوسییەکان، هێزی نەرمی بەکارهێنا بۆ زیادکردنی نائەمنی سعودیە، کە بووە هۆی خێراکردنی ڕیاز لە وەڵامدانەوەی هەڕەشەی حوسییەکان.

دوای سەرکەوتنی حوسییەکان بۆ گرتنی سەنعا لە ساڵی ٢٠١٤ دا، حوجەتولئیسلام عەلی سەعیدی لە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ‹کاریگەی ڕوحی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە گەرووی باب ئەلمەندەب›(Solomon, 2017). زیادەڕۆیی گوتاری ئێران لە پەیوەندییەکانیان بە بزووتنەوەی حوسییەکانەوە بە چوارچێوەدانەکەی دەناسرێتەوە، کە دەست دەخاتەسەرناسکترین دەماری سعودیە. لە چوارچێوەی لێدوانەکەی سەعیدیدا دوو هێرش بۆسەربنکە سەرەکییەکانی شەرعیەت و دەسەڵاتی ڕیاز- نەوت و ئایین- ی تێدایە.

کۆنترۆڵکردنی باب ئەلمەندەب زۆرگرنگە بۆبەردەوامبوونی ئابووری نوێی ڕیاز، ئەمەش ڕێگە بە تێپەڕبوونی سەلامەتی نەوت و گازی سرووشتی دەدات. عەرەبستانی سعودی بۆ بژێوی پشت بەم کەرتە دەبەستێت. ئەم جۆرە گوتارەی ئێران کاری کردووە بۆ› گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە هاوکێشەی کۆ- سفردا، کە واتای لاوازکردنی ئاسایشی وڵاتانی دیکە دێت›(Al-Qadhi, 2017, p. 8). ئێران لە یارییە ماکیاڤێلیانە سەرکەوتووەکەی سیاسەتی دەسەڵاتدا وردبین بوو، ئەزموونی خۆی بەکارهێنا تا عەرەبستانی سعودیە باشتربێت. لە ئەیلولی ٢٠١٤ دا، عەلیڕەزا زەکانی، پەرلەمانتاری ئێران، بانگەشەی سەرکەوتنی کرد و ڕایگەیاند کە ئیران کۆنترۆڵی ‹چوارەمین پایتەختی عەرەبی خۆی کردووە، پاش بەغداد و بەیرووت و دیمەشق›(Juneau, 2016, p. 655). ئەم وێنەیە بەتایبەتی بۆدامەزراوەی سعودیە جێی نیگەرانییە، کە شەرعیەتی خۆیان لەسەرمافی ڕەوای خۆیان وەک پارێزەری حەرەمەینی شەریفەین دەچەسپێنن. ئەمەش شەرعیەتی ئیسلامییان پێدەدات، بەهەمان شێوە شوێنیشیان لەناو جیهانی عەرەبیدا. ئێران هەر لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامییەوە مەترسییەکی جددی لەسەر ئەم بنەمایەی شەرعیەتی ئەلسعود درووستکردووە. بەلام لەساڵی ٢٠١١ وە بەتایبەتی ‹هەرزیانێک لە سعودییەکان دەستکەوتی ئیرانییەکان نیشاندەدات›(Milani, 2015). چیرۆکی بەرخۆدان کە لەلایەن

کۆماری ئیسلامییەوە پشتگیری دەکرێت، ناوبانگێکی قووڵی لە نێو زۆرێک لە عەرەبەکاندا هەیە، بە شیعە و سوننەوە(Aarabi,2019; Ghattas, 2020). بە زانینی ئەم نا ئارامییەی سعودیە، ورەگ داکوتاویەکەی، بەو مانایەیە کە ئەم فۆڕمە لە زیادەڕەویکردنی گوتاری ئێرانییەکان سەبارەت بە یەمەن یەکسانە بە ‹ئێران. . . وادیارە بە کەمترین وەبەرهێنانی سەرمایەگوزاری ڕاوی سعودییەکان دەکات›(Hill, 2017, p. 285).

## ٦- پاڵنەرەکانی سعودیە – بە ئەمنیکردنی ئێران، ڕەوایەتیدان بە ئەگەرەکان

فەرمانی مردنی ئیبن سعود بۆ ‹هێشتنەوەی یەمەن بوو بە لاوازی›(Black, 2011). کۆنترۆڵی حوسییەکان بەسەر باکوری یەمەندا لە ساڵی ٢٠١٤ دا، هەڕەشەی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی سعودیە لە سێ بواری گرنگدا درووستکرد: ئابووری وئەمنی وجیۆپۆلەتیکی. بەندەرەکانی نزیک گەرووی باب ئەلمەندەب ئێستا کەوتبوونە دەست دوژمنێکی سعودیەوە، کە مەترسی دەستبەجێ وڕاستەوخۆ بوون بۆ سەر دامەزراوەی ئابووری نوێی شانشینەکە: نەوت و گازی سرووشتی. ئەم گەرووە گرنگییەکی جیۆستراتیژی هەبوو هەم بۆ ئابووری جیهانی و هەمیش شەڕ لە دژی تیرۆریزمی جیهانی. بەڵام لەگەڵ شیکردنەوەی پێنج وتارە سەرەکییەکانی ئەلجوبەیر، جارێکی تر پرسەکانی نەوت و باب ئەلمەندەب دەرنەکەوتن.

عەرەبستانی سعودیە ترسێکی ڕاستەقینەی لە گەمارۆکانی ئێران هەیە. لە ململانێی دەسەڵاتی هەرێمیدا، لە ساڵی ٢٠١١ وە ڕیاز بە بەردەوامی لەلایەن تارانەوە بەرپەرچ دراوەتەوە، بەشار ئەسەد هێشتا بەرپرسیارە لە سووریا، حیزبوڵڵا هێشتا کاریگەرە و تا ئێستاش حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدایە. ڕاستی ئەوەی کە عەرەبستانی سعودیە زیادەڕەوی لە تێوەگلانی ئێران کرد، لە سرووستی نیگەرانییەکانیانی کەم نەکردەوە.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دەورێکی کاریگەریان هەبوو لە بنیاتنانی ئەم تەسەورەی نزیکی حوسییەکان لە ئێران، کە بەشیوەیەکی سەرکەوتوانە نائەمنی ڕژێمی لە نێو ئەلسعوددا بەرهەمهێنا(vatanka, 2021, p. 19). محەمەد بن سەلمان نەیتوانی دەسەڵاتی نوێی دامەزراوەکانی بپارێزێت لەکاتێکدا میلیشیایەکی پاڵپشتکراو لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵی وڵاتێکی سنووری باشووری ئەو وڵاتەی کردبوو. هەربۆیە مانەوەی یەمەن لە دەستی هاوپەیمانی دوژمنێکی سەرەکی ڕیازدا مەترسییەکی ئەمنی ڕاستەوخۆ درووستدەکات و ناچاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هەرڕێوشوێنێکی پێویست بۆ بەرپەرچدانەوەی لێکەوتەکانی.

ئەلجوبەیر لە کۆنگرەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ٨ی ئایاری ٢٠١٥ دا وتی»دوایین شت کە پێویستمان بێت لەسەر سنوورەکەمان میلیشیایەکی جەکدارە بە موشەک و کۆنترۆڵی هێزی ئاسمانییان کردبێ ، کە دڵسۆزی ئێران و حیزبوڵڵا بن»(وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ٢٠١٥). بە شێوەیەکی دەستکرد، جوبەیر خەریکی دروستکردنی وێنەیەک بوو لە یەمەن وەک وەکیلی شیعەی کلاسیکی ئێرانی، لە قاڵبی حیزبوڵڵادا. ئەمە لە کاتیکدایە کە بڕیاری حوسییەکان بۆگرتنی سەنعا پێچەوانەی خواستی ئێران بوو. سەرەڕای ئەوە، حوسییەکان زەیدین. لە کاتێکدا ئەوان لە ڕووی تەکنیکییەوە ‹شیعە›ن، بەڵام خامنیەیی وەک ڕێبەری خۆیان قبووڵ ناکەن و بۆ جەندین نەوە لەگەڵ سوننە هاوسەرگیرییان کردووە. لەبری ئەوەی وەکالەتی شیعە بن، لە ڕاستیدا ‹ئەکتەرێکی ستراتیژین کە بەرژەوەندی ڕوونیان هەیە. لە ناوەڕۆکدا حوسییەکان سەرنجیان لەسەر پرسە ناوخۆییەکان و ستەمە مێژووییەکانە› (Johnston et al. , 2020,7). ڕیاز سووربوو لەسەر زیادەڕەوی لە تێوەگلانی ئێران لەگەڵ حوسییەکان، بۆ لاوازکردنی ئەگەری نزیکبوونەوەی دیپلۆماسی ئێران و ئەمریکا و بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە. ڕۆژئاوا کە ئێرانی وەک هەڕەشەیەکی خراپ دەبینی، گرنگییەکی گەورەی هەبوو لە پرۆسەکانی ئەمنیەتگەرایی ڕیازدا.

پلانی کاری گشتگیری هاوبەش (JCPOA) وەک ئاماژەیەکی شاراوەی نزیکبوونەوەی نێوان ئێران ورۆژئاوا سەیردەکرا (Black, 2013)، شتێک کە ڕیازبە هەڕەشەیەکی دەستبەجێ بۆسەر دەسەڵاتی هەرێمی و شەرعیەتی نێودەوڵەتی خۆی دەیبینی. جێگەی باسە کە دانوستانەکانی کۆتایی لەسەررێککەوتنی سەرەتایی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوەدا لە یەک کاتدا ئەنجامدەدرا. دڵەڕاوکێی نزیکبوونەوە لەسەرانسەری کەنداودا بڵاوبووەوە. وەک یەکێک لە شرۆڤەکارانی ئیماراتی، سوڵتان ئەلقاسمی، وتی: ‹ئەم گرێبەستە ئەو سەودا گەورەیەیە کە جۆن کێری ڕەتیدەکاتەوە. لەبەرامبەر بەڵێنی پووچدا کارتی سپی بە ئێران دەدات. ئێران لە حاڵی بەرزبوونەوەدایە. ئێران دەستی بردنەوەی لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن هەیە› (Nakhoul, 2015).

پاشان هەستی دژە ئێرانی لە ئەبوزەبی تا ڕاددەیەک ئارام بووەوە (Coates Ulrichsen, 2017). لەبەرامبەردا ئەوەندە بە قووڵی لەناو سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدا چەسپاوە کە بووەتە بەشێک لە چوارچێوەی کاری ئایدیالی ئەوان. ئەوە بەم مانایەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە سووربوونی شانشینەکە لە شەڕێکدا کە ناتوانێ تێیدا سەرکەوتوو بێت، تێبگات.

ئاسایشی ئەنتۆلۆژییان، یان تێگەیشتنیان لە«خود» کەوتە مەترسییەوە بەهۆی گوتاری ئێران دەربارەی حوسییەکان (Kamrava, 2018). بە ئامادەبوونی ئێران لە عێراق و سووریا و لوبنان، ڕیازهەستی کرد ناچارە کارێک بکات-چونکە نەیانتوانی ئەمجارە مەترسی سەرکەوتنی کاریگەری قووڵتری ئێران لەسەردەرگاکانیان درووست بکەن. سعودییەکان پاشکۆی جەنگی ساردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بوون. کاتێک کەسانی نوخبە هەست بە هەڕەشە دەکەن، کردارەکانیش تا دێت زیاتر نائومێدکەرانە دەبن. وەک لە ڕۆژانی کۆتایی یەکێتی سۆڤیەتدا بینرا (Wallander, 2003). بەم شێوەیە، ئەلجوبەیر و ئامێری پروپاگەندەی سعودیە دووبارەو دووبارە زیادەڕەوییان لە هەڕەشەی حوسییەکان و پەیوەندییان بە ئێرانەوە بۆ بینەرانی ڕۆژئاوایی کرد. ئامانجی سەرەکی لێرەدا ڕازیکردنی ئەمریکا بوو کە حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی پۆلێن بکات، کە دەتوانرێت ڕێوشوێنی توندتر لە دژیان بگیرێتەبەر.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەسۆشێتد پرێس لە ٢ی نیسانی ٢٠١٥ دا، پرسیار لە ئەلجوبەیر کرا: ‹ئایا بەجۆرێک لە جۆرەکان گرنگە ئەمریکا حوسییەکان وەک گروپێکی تیرۆرستی بخاتە لیستی تیرۆرەوە؟

ئەلجوبەیر: ‹ئێرانییەکان زۆر پێش دەستپێکردنی ئەم ململانێیە چەکیان بۆ حوسییەکان ناردووە. ئەو چەکانە تەنانەت موشەکی زەوی بە ئاسمانیش لەخۆدەگرێت›؛ ‹ئەوان پشتگیری داراییان بۆ دابیندەکەن›؛ بەڵگەکان زۆرڕوونن بۆ ئێمە وهیچ گومانێکمان لەوەدا نییە› (AP Archive, 2021).

لە پشت ئەمەوە، نیشاندانی بنیاتنانی ئێرانە وەک سەرچاوەی ڕاستەقینەی نائەمنی و تیرۆریزم لە ناوچەکەدا و حوسییەکان وەک گروپێکی توندڕەوکە لەلایەن تارانەوە چەکدار دەکرێن و دڵسۆزی تارانن. نایابی تێڕوانین بۆڕابردوو. ڕێگەی بە هەندێک لە دیپلۆماتکارە باڵاکانی سعودیە داوە، وەک شازادە خالید بن بەندەربن ئەلسعود، دان بەوەدا بنێت کە ڕیازلە بارەی ڕادەی دەستێوەردانی ئێرانەوە هەڵە بووە، بەڵام دان بەوەدانانێت کە ڕیاز بە ئەنقەست زیادەڕەوی لەم بابەتەدا کردووە. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە مەرج نییە ئەم بۆچوونە نوێنەرایەتی تەواوی ڕژێمی سعودیە بکات. لە ٢٤ تشرینی دووەمدا، لە وتارێکدا لە قەڵای دورهام، لە شازادە خالیدم پرسی:›لە ساڵی ٢٠١٥دا، سعودیە کۆمەڵێک پاساوی بۆ ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە خستەڕوو، لە نێویاندا تێوەگلانی بەرچاوی ئێران – ئایا دان بەوەدا دەنێیت کە ئەمە هەڵەیەک بوو؟›.

شازادە خالید: ‹هاوڕاتم› (Al saud, 2021).

ئەگەربە مەبەست زیادەڕەوییان لە پەیوەندی ئێران کردبێت، یان بە سادەیی باوەڕیان بە وروژاندنی ئێران هەبووبێ، عەرەبستانی سعودیە بە جۆرێ ڕەفتاری کرد کە هیچ شتێکی بۆ پێگەی خۆی نەکردو هەموو شتێکی بە سوودی پێگەی تاران شکایەوە. بەم مانایە ئێستا دەتوانرێ بوترێت کە پرۆسەی نا تەقلیدی ئەمنیگەرایی ئێران سەرکەوتوو بووە، ڕیازی بە شەڕێکی گرانبەها و نەبڕاوەوە بەستووەتەوە. وەک شازادە خالید لەگەڵ فرانک گاردنەر ڕۆژنامەنووسی بی بی سی لە ساڵی ٢٠١٩ وتی: ‹شتەکە لەبارەی جەنگەوە ئەوەیە کە بڕیاری خۆتە بۆئەوەی بەشداری بکەیت، بەڵام هەرگیزبڕیاری خۆت نییە لێی دەربچیت› (RUSI,2019).

ڕیاز بە وردی ئاگاداری پایتەختی هەستی دژە ئێرانی بوو لە نێو بینەرە جیاوازەکاندا. گرنگترینیان کە دەبێ لێی تێبگەین، بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، بینەری ڕۆژئاوایە — بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا.

### ٧- ئەمریکا و بەریتانیا

دوژمنایەتی ئەمریکا بەرامبەربە کۆماری ئیسلامیی لە قەیرانی بارمتەکانی ساڵی ١٩٧٩ دەستی پێکرد کە ٥٢ ئەمریکی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ لەلایەن خوێندکارە توندڕەوەکانی ئێرانەوە دەستبەسەرکران. ئەم قەیرانە بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی تارانی سەلماند. بەو پێیەی توانییان کاریگەری قووڵیان لەسەر سیاسەتی ئەمریکا هەبێت. زۆرکەس پێیان وایە بێتوانایی سەرۆک جیمی کارتەر لەچارەسەرکردنی کارەساتەکەدا بووە هۆی دۆڕانی بە ڕۆناڵد ڕیگان لە هەڵبژارنی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٨١(Kamarck, 2019). پەیوەندییە تایبەتەکەی نێوان ئەمریکا و بەریتانیا و هەماهەنگی پێشوویان بۆلابردنی موسەددەق لە ساڵی ١٩٥٣ و پەیوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی دڵنیایی دەدەن لەوەی کە لە زۆربەی سیاسەتی دەرەوەی ناوچەکەدا یەکگرتوون، بەتایبەتی کە وا هەستبکرێت کە پارمەتیدەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی ئێران و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکانیان.

لەمیانەی کۆنگرەیەکی هاوبەشدا سەبارەت بە یەمەن و ناوچەکە لەگەڵ عادل جوبەیر وەزیری دەرەوی سعودیە لە ٨ی ئایاری ٢٠١٥، جۆن کێری وەزیری دەرەوە کاتێکی زۆری تەرخانکرد بۆ جەختکردنەوە لەسەر هاوپەیمانێتییە سێ قۆڵییەکە.

‹وەک هەمووان دەزانن، پەیوەندییەکی زۆر تایبەتمان لەگەڵ بەریتانیا هەیە. ئێمە بەرژەوەندی و بەهای هاوبەشمان هەیە. ئێمە بەنزیکەیی لەسەر هەموو پرسێک پێکەوە

کاردەکەین، و ئێستا بێگومان بەردەوامی دەبێت لە درووستکردنی پەیوەندیەکانداو لەو کارەدا کە وەبەرهێنانمان کردووە لەسەرژمارەیەک ئەولەویەت و دەسپێشخەری جیاواز› (وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریک، ٢٠١٥).

وەڵامە هاوشێوەکانیان بۆ گوتارەکانی سعودیە زیاتر بەڵگەی ئەوەبوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکا و بەریتانیا ‹بە نزیکەیی لەسەرهەموو پرسێک کە هەیە› یەکگرتوون. لەهەمان کۆنفرانسدا، کێری باسی لە ئامانجی لوتکەی داهاتووی هاریکاری کەنداو کرد:

‹لەو لوتکەیەدا گفتوگۆ لەبارەی مەترسییەکانی تیرۆریزمی هەرێمی و بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیاوازو دیارەکانەوە دەکرێت. دیارە باس لە تەحەددای پشتیوانی ئێران دەکات لە هەندێک لەو ململانێ تایبەتانەدا. بەشێوەیەکی فراوانتر باس لە مەترسی هەڕەشەی تیرۆر دەکات› (وەزارەتی دەرەروی ئەمریکا، ٢٠١٥).

هەروەها ڕایگەیاندووە:

مەبەستم ئەوەیە، ئەوانە نیگەرانییەکانن: ناسەقامگیری ناوچەکە بەهۆی کۆمەڵێک قەوارەی جیاوازەوە و دیارە هەمووەمان دەزانین کە ئێران پشتگیری لە حیزبوڵڵا کردووە و پشتیوانی حوسییەکانیشی کردووە (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ٢٠١٥).

لە ٢٧ی ئازاری ٢٠١٥، دوو ڕۆژدوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە، فلیپ هامۆند لە واشنتۆن وتی کە :

‹سعودیەکان بە توندی مومارەسەی بیرۆکەی هەبوونی ڕژێمێکی پاڵپشتیکراوی ئێرانی لە یەمەن دەکەن، ئەوان ناتوانن بیرۆکەی ڕژێمێکی پشتیوانیکراوی ئێرانی کە کۆنترۆڵی یەمەن بکات قبووڵ بکەن، هەربۆیە هەستیان کرد ناچارن بەو شێوەیە دەستوەردان بکەن... دەزانین پشتیوانی ئێران بۆ حوسییەکان هەبووە و هەموومان نیگەرانین کە ئەم شەڕە ببێتە شەڕی بەوەکالەت (Reuters, 2015)

پرۆسەی ئەمنیگەرایی ڕیازبەسەرکەوتوویی سەلمێندرا، هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان بە تێوەگلانی قووڵی ئێران لە یەمەن قایل کرد. ئەم گێڕانەوەیە لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەگونجێت. بەشێوەیەکی فراوانتر، گفتوگۆلەسەرڕەچاوکردنی ئابووری پەیوەست بە بەردەوامبوونی فرۆشتنی چەک بە عەرەبستانی سعودی و پیشەسازی نەوت و گازی سرووستی زیاتر و زیاتر کەم بوو. هەڕەشەی ئێران وەک پاساوێکی یاسایی بۆڕێوشوێنە سەختەکانی ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە درووستکرا، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە وێرانکردنی یەمەن و مردنی زیاتر لە ٣٧٧٠٠٠ کەس (CAAT, 2022).

## ٨- ئەنجام

هەستی دژەئێرانی بووەتە بەشێک لە ناسنامەی سعودیە و ڕۆژئاوا. سەرەڕای ئەوەی، ئەمریکا، بەریتانیا و عەرەبستانی سعودی خزمەتگوزاری هەواڵگری زۆر ئاڵۆزیان هەیە. لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیە ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێت کە ڕۆژئاوا هاوبەش بووە لە زیادەڕەویکردن لە ڕۆڵی ئێران لەگەڵ حوسییەکان بەشێوەیەکی دەستکرد و بە ئەنقەست، بەڵام دەتوانێت بەو ئەنجامە بگات کە ئەوان هەڵە بوون لە قبووڵکردنی پاساوی ڕیاز بۆ ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە. ئەمەش لەسەربنەمای ڕای گشتی لە ئەدەبیاتی ئەکادیمیدا (Hill, 2017; jumeau, 2016; Kendall, 2017). ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ پرۆسەیەکی ئەمنیگەرایی گوتاریی کردووە کە بە بەرزکردنەوەی دڵەڕاوکێی سعودیە لەلایەن تارانەوە دەستیپێکرد سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بزووتنەوەی حوسییەکان. ڕیاز بەشێوەیەکی دەستکرد زیادەڕەوەی لە گەورەکردنی نفوزی ئێران کرد لە یەمەن و دووبارە ئاسایشسازی ئێرانی وەک هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتی چەسپاند. جێگای سەرسوڕمانە کە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت بەو ئەنجامە بگات کە ئەم دیسکۆرسە سوودێکی بەرچاوی بە ئێران گەیاندووە لە یاری کۆ – سفری لەگەل عەرەبستانی سعودیەدا. ڕیازلە شەڕێکدا قوفڵ بووە کە سەرچاوەکانی و ئاسایشی و متمانەی نێودەوڵەتی خۆی بەرەو نەمان بردووە. درووستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان حوسییەکان و ئێراندا سەرکەوتوو بوو لە شەرعیەتدان بە ئۆپەراسیۆنی زریانی یەکلاکەرەوە، بەڵام دواجار بووە هۆی زیانێکی زۆر بۆ ڕیاز. ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە ئەمە نموونەیەکی کاریگەر و تێچوویەکی کاریگەری شەڕی گێڕانەوەی ئێران بووە. بەوپێیەی لە ڕووی تێچوونەوە کاریگەرە، شتێکی گونجاو دەبێت کە بە ‹ جیۆپۆلەتیکی گەریلا› ناوی بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا ئێران چەکێکی سەرەکی موزایەدەی لە دیپلۆماسی ناوچەکەدا هەیە، کە دەنگدانەوەی کەمی لەناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەیە، بەڵام مانایەکی چڕوپڕی هەیە بۆ دوژمنەکانی – تێوەگلانی لەگەڵ حوسییەکان(kendall, 2017). ئەمە پێشترلە دانوستانەکانی ئاشتی نێوان ڕیاز و تاران و نوێکردنەوەی گفتوگۆ لەسەر پلانی کاری گشتگیری هاوبەش JCPOA هاتووەتە ئاراوە(Ramani, 2021)(amani, ٢٠٢١ راوە(لانی کاری گشتگێ نێوان ڕیاز و تاران و نوێکردنەوەی گفتوگۆلەسەر پلانی کاری گشتگێری هاوبەش و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا). لە کۆتاییدا دەتوانرێت ئەم گێڕانەوەیە وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەمنیگەرایی ئێران تایبەتمەند بکرێت، ئەگەر پێشبینی کاریگەریەکانیان کردبێت یان نا.

## سەرچاوەکان


- Aarabi, K. (2019) The fundamentals of Iran's Islamic revolution. Tony Blair Institute for Global Change, 1– 71. Available from: https://institute.global/policy/fundamentals-irans-islamic-revolution [Accessed 12 November 2021].
- Al Saud, K.B.B. (2021) Personal communication [academic talk]. Durham: Durham University.
- Al-Qadhi, M.H. (2017) The Iranian role in Yemen and its implications on the regional security. Arabian Gulf Centre for Iranian Studies (a study), 1– 78. Available from: https://rasanah-iiis.org/english/wp-content/uploads/sites/2/2017/12/The-Iranian-Role-in-Yemen-and-its-Implications-on-the-Regional-Security-.pdf [Accessed 10 November 2021].
- AP Archive. (2021) Saudi Arabia's ambassador to the United States says that airstrikes in Yemen by a Saudi-led coalition (YouTube Video). Available from: https://www.youtube.com/watch?v=7NZdrkkO90I [Accessed 27 October 2022].
- Badran, T. (2015) Iran is exporting its Islamic revolution into Syria, Yemen just as it did in Lebanon. Business Insider. Available from: https://www.businessinsider.com/iran-is-exporting-the-islamic-revolution-into-syria-iraq-and-yemen-just-as-it-did-in-lebanon-2015-3?r=US&IR=T [Accessed 10 October 2021].
- Balzacq, T. (2005) The three faces of securitization: political agency, audience and context. European Journal of International Relations, **11**, 171– 201.
- BBC. (2015) Yemen conflict: Iranian boat 'carrying weapons' seized. BBC News. Available from: https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-34401246 [Accessed 20 December 2021].
- Bender, J. (2015) These 8 narrow chokepoints are critical to the world's oil trade. The Business Insider. Available from: https://www.businessinsider.com/worlds-eight-oil-chokepoints-2015-4?r=US&IR=T [Accessed 15 November 2021].
- Black, I. (2011) Yemen crisis: Saudi Arabia in pole position to influence outcome. The Guardian. Available from: https://www.theguardian.com/world/2011/jun/05/yemen-saudi-arabia-influence [Accessed 16 January 2022].
- Black, I. (2013) Iran nuclear deal: Saudi Arabia and gulf react with caution. The Guardian. Available from: https://www.theguardian.com/world/2013/nov/24/iran-nuclear-deal-middle-east-reaction-saudi-arabia [Accessed 01 February

2022].

- Bouvier, G. & Machin, D. (2018) Critical discourse analysis and the challenges and opportunities of social media. Review of Communication, **18**(3), 178– 192.
- Buzan, B. (1991) People, states and fear: an agenda for international security studies in the post-cold war era. New York: Harvester Wheatsheaf.
- Buzan, B., Waever, O. & de Wilde, J. (1998) Security: a new framework for analysis. Boulder: Lynne Rienner.
- Campaign Against the Arms Trade (CAAT). (2022) The war on Yemen's civilians. Campaign Against the Arms Trade. Available from: https://caat.org.uk/homepage/stop-arming-saudi-arabia/the-war-on-yemens-civilians/#:~:text=The%20war%20in%20Yemen%20has,crisis%20caused%20by%20the%20war [Accessed 03 March 2023].
- Coates Ulrichsen, K. (2017) Iran-UAE relations. In: A. Ehteshami, N. Quilliam & G. Bahgat (Eds.) Security and bilateral issues between Iran and its Arab Neighbours. London: Palgrave Macmillan.
- Darwich, M. (2018) The Saudi intervention in Yemen: struggling for status. Insight Turkey, **20**(2), 125– 142.
- Darwich, M. (2019) Threats and alliances in the Middle East: Saudi and Syrian policies in a turbulent region. Cambridge: Cambridge University Press.
- Darwich, M. & Fakhoury, T. (2016) Casting the other as an existential threat: the securitisation of sectarianism in the international relations of the Syria crisis. Global Discourse, **6**(4), 712– 732.
- Eckstein, J.J. (2011) Reasons for staying in intimately violent relationships: comparisons of men and women and messages communicated to self and others. Journal of Family Violence, **26** (1), 21 – 30.
- Fairclough, N. (2003) Analysing discourse: textual analysis for social research. London: Routledge.
- Floyd, R. (2015) Extraordinary or ordinary emergency measures: what, and who, decides the "success" of securitisation? Cambridge Review of International Affairs, **29**(2), 677– 694.
- Gause, G. (2014) Beyond Sectarianism: The New Middle East Cold War. Doha: Brookings. Doha Centre- Analysis Paper. No. 11.
- Ghattas, K. (2020) Black wave: Saudi Arabia, Iran and the rivalry that Unravelled

the Middle East. London: Wildfire.

- Giddens, A. (1991) Modernity and self-identity. New York: Polity Press.
- Gordon, A. & Parkinson, S.E. (2018) How the Houthis became "Shi'a". Middle East Research and Information Project. Available from: https://merip.org/2018/01/how-the-houthis-became-shia/ [Accessed 17 November 2021].
- Guzansky, Y. & Heistein, A. (2018) Saudi Arabia's War in Yemen Has Been a Disaster. National Interest. Available from: https://nationalinterest.org/feature/saudi-arabias-war-yemen-has-been-disaster-25064 [Accessed 05 January 2022].
- Hermann, E.S. & Chomsky, N. (1988) Manufacturing consent: the political economy of the mass media: with a new introduction by the authors. New York: Pantheon Books.
- Hill, G. (2017) Yemen endures: civil war, Saudi adventurism and the future of Arabia. Oxford: Oxford University Press.
- Hokayem, E. & Roberts, D.B. (2016) The war in Yemen. Survival, **58**(6), 157– 186.
- Jalal, I. (2020) Saudi Arabia eyes the exit in Yemen, but Saudi-Houthi talks alone won't resolve the conflict. Middle East Institute. Available from: https://www.mei.edu/publications/saudi-arabia-eyes-exit-yemen-saudi-houthi-talks-alone-wont-resolve-conflict [Accessed 21 November 2021].
- Johnston, T., Lane, M., Casey, A., Williams, H.J., Rhoades, A.L., Sladden, J. et al. (2020) Could the Houthis be the next Hizballah?. Santa Monica: RAND Corporation.
- Juneau, T. (2016) Iran's policy towards the Houthis in Yemen: a limited return on a modest investment. International Affairs, **92**(3), 647– 663.
- Kamarck, E. (2019) The Iranian hostage crisis and its effect on American politics. Brookings. Available from: https://www.brookings.edu/blog/order-from-chaos/2019/11/04/the-iranian-hostage-crisis-and-its-effect-on-american-politics/ [Accessed 10 December 2022].
- Kamrava, M. (2018) Troubled waters: insecurity in the Persian Gulf. New York: Cornell University Press.
- Kendall, E. (2017) Iran's fingerprints in Yemen: real or imagined? Atlantic Council (October Issue Brief), 1– 14. Available from: https://www.atlanticcouncil.org/in-depth-research-reports/issue-brief/iran-s-fingerprints-in-yemen-real-or-imagined/ [Accessed 15 December 2022].
- Kilvington, D. & Price, J. (2019) Tackling social media abuse? Critically assessing

English Football's response to online racism. Communication & Sport, **7**(1), 64– 79.

- LeGreco, M. & Tracy, S.J. (2009) Discourse tracing as qualitative practice. Qualitative Inquiry, **9**(9), 1516– 1543.
- Mabon, S. (2018) Muting the trumpets of sabotage: Saudi Arabia, the US and the quest to securitize Iran. British Journal of Middle Eastern Studies, **45**(5), 742– 759.
- Mabon, S. & Wastnidge, E. (2022) Saudi Arabia and Iran: the struggle to shape the Middle East. Manchester: Manchester University Press.
- Malmvig, H. (2014) Power, identity and securitization in Middle East: regional order after the Arab uprisings. Mediterranean Politics, **19**(1), 145– 148.
- Mearsheimer, J.J. (2001) The tragedy of great power politics. New York: W.W. Norton.
- Milani, M. (2015) Iran's game in Yemen: why Tehran Isn't to blame for the civil war. Foreign Affairs. Available from: https://www.foreignaffairs.com/articles/iran/2015-04-19/irans-game-yemen [Accessed 15 November 2021].
- Mitzen, J. (2006) Ontological security in world politics: state identity and the security dilemma. European Journal of International Relations, **12**(3), 341– 370.
- Nakhoul, S. (2015) Iran expands regional 'empire' ahead of nuclear deal. Reuters. Available from: https://www.reuters.com/article/us-mideast-iran-region-insight-idUSKBN0MJ1G520150323 [Accessed 03 February 2022].
- Ramani, S. (2021) How is Iran responding to Biden's policy shift on Yemen. Mei. Available from: https://www.mei.edu/publications/how-iran-responding-bidens-policy-shift-yemen [Accessed 14 November 2021].
- Reuters. (2015) Britain – Saudis could not accept 'Iranian-backed regime in Yemen'. Reuters. Available from: https://www.reuters.com/article/uk-mideast-crisis-britain/britain-saudis-could-not-accept-iranian-backed-regime-in-yemen-idUKKBN0MN1T220150327 [Accessed 27 October 2021].
- RUSI. (2019) A Conversation with HRH Prince Khalid bin Bandar Al Saud (YouTube Video). Available from: https://www.youtube.com/watch?v=QbUaaspPKww [Accessed 02 November 2021].
- Samii, A.W. (2008) A stable structure on Shifting Sands: assessing the Hizbullah-Iran-Syria relationship. Middle East Journal, **62**(1), 32– 53.
- Shaif, R. (2019) Saudi Arabia's self-fulfilling Houthi prophecy. Foreign Policy. Available from: https://foreignpolicy.com/2019/10/02/saudi-arabias-self-fulfilling-houthi-prophecy/ [Accessed 10 October 2021].

- Siegel, A. (2015) Sectarian twitter wars: Sunni-Shia conflict and cooperation in the digital age, for Carnegie endowment for international peace.
- Solomon, J. (2017) Trump placing heavy focus on Yemen in the campaign to counter Iran, in Washington Institute. Available from: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/trump-placing-heavy-focus-yemen-campaign-counter-iran [Accessed 07 January 2022].
- Stone, M. & Zengerle, P. (2021) Saudi gets first major arms deal under Biden with air-to-air missiles. Available from: https://www.dailymaverick.co.za/article/2021-11-04-saudi-gets-first-major-arms-deal-under-biden-with-air-to-air-missiles/ [Accessed 27 November 2021].
- Terrill, W.A. (2014) Iranian Involvement in Yemen. Orbis, **58**(3), 429– 440.
- U.S. Department of State. (2015) Secretary Kerry Delivers Remarks With Saudi Foreign Minister al-Jubeir (YouTube Video). Available from: https://www.youtube.com/watch?v=H-tb5RX8Kzg&t=1816s [Accessed 15 October 2021].
- Van Dijk, T.A. (2001) Multidisciplinary CDA: a plea for diversity. In: R. Wodak & M. Meyer (Eds.) Methods of critical discourse analysis. London: Sage, pp. 95– 120.
- Vatanka, A. (2021) Whither the IRGC of the 2020s? New America. Available from: https://d1y8sb8igg2f8e.cloudfront.net/documents/Whither_the_IRGC_of_the_2020s_.pdf [Accessed 12 January 2022].
- Wæver, O. (1989) Conflicts of vision — visions of conflict. In: O. Wæver, P. Lemaitre & E. Tromer (Eds.) European polyphony: perspectives beyond east–west confrontation. London: Macmillan.
- Wallander, C.A. (2003) Western policy and the demise of the Soviet Union. Journal of Cold War Studies, 5(4), 137– 177.
- Wodak, R. & Meyer, M. (2009) Critical discourse analysis: history, agenda, theory, and methodology. In: R. Wodak & M. Meyer (Eds.) Methods for critical discourse analysis. London: Sage, pp. 1– 33.
- World Bank. (2022a) GDP (current US$) – Iran, Islamic Rep. Available from: https://data.worldbank.org/indicator/NY.GDP.MKTP.CD?locations=IR [Accessed 25 January 2022].
- World Bank. (2022b) GDP (current US$) – Saudi Arabia. Available from: https://data.worldbank.org/indicator/NY.GDP.MKTP.CD?locations=SA [Accessed 25 January 2022].



کەسایەتی

ئێرانناسی



# نورەدین کیانوری؛
# مارکسیستێکی یاخیی و شاگردێکی ڕێبازی ڕۆحانی

**ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد**

نورەدین کیانوری؛ ئەندازیارێکی ئاشناو جێباوەڕی دونیای چەپ و مارکسیستە باوەکانی ئێران بوو، ڕەنگە دیارترین ناوێکی یاخی و مانۆڕخوازی دژە شاهانشاهیی و پاشکۆیەتییە ئیمپریالیزمییەکەی بێت، ناوبانگێکی وەها لە پێشەنگی جووڵانەوەی چەپ و کۆمۆنیزم و هاوڕێی متمانە پێکراوی ستالین بوو، بە یەکەمین ئەوکەسانە ناودەبرێت کە بیروبۆچوونی مارکسیزمی وەرگێڕایە نێو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و لە شێوەی ڕایەڵەیەکی ڕێکخراو و درێژکراوەی ڕەوتی چەپ بە تام و بۆی ڕێبازی سۆڤیەتی تاوبدات، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخستنێکی هاوچەرخ و لە چوارچێوەی کارنامەیەکی هەمە لایەنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و فەرهەنگی تا ئەو ئەندازەیەی ببێتە ڕێبەری مەزنترین جووڵانەوەی حیزبی و کۆمۆنیستی لە سەرئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نموونەی (حیزبی تودەی ئێران) کە بە دایکی بزاڤی چەپی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی دادەنرێت.

نورەدین کیانوری، لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری بەڵدەی سەربە شاری مازەندەران و لە خانەوادەیەکی ئسوڵی و ڕۆحانی لەدایکبووە، باوکی (مێهدی نوری (ڕۆحانی) ئاشناو بەدین، دایکی (زەهرا سوڵتانی نووری) نەوەی شێخێکی وەك (فەزڵوڵلا نوری) و لە باوانی (میرزا حسێن نوری) بووە، کیانوری لە ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ (مریەم فیرۆز) هاوسەرگیری کردووەو تا کۆتایی تەمەنی هاوسەرو هاودەمی بوو.

### ژیانی مەدەنییانە و ئەندازیاری پلانسازی شار

کیانوری لە مێرمنداڵییەوە شەیدای خوێندن و خوێندکارێکی نموونەیی و ئالوودەی کتێب و دانراوە سیاسی، ئەندازیارییە هاوچەرخەکان بووە، بەخێرایی و بێ وەستان تاوی دایە خۆیی و خوێندنی لە ئاستێکی بەرزدا بڕی، لە ئێران و پاشان ئەڵمانیا وێڵی گەڕان بوو بەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامە لە چالاکیی تەلارسازی، پلاندانانی شار و دیزاینی گشتگیر تا ئەو دەمەی دکتۆرای لە ئەندازیاری ڕێگاوبان و بیناسازی لە زانکۆی تەکنەلۆجیای ئاخن وەرگرتووە، دوای خوێندنی بەردەوام لە شارەکانی ئاخن و میونشن، پەڕیەوە ئێران، تا ئەو دەمە دوور لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کارسازێکی ساناو بەرچاو نەبوو، بەڵکو کارکردنی خێرای لە دیزاینی نەخۆشخانەکاندا کردییە ناوێك کە نموونەی دونیای تەلارسازیدا کەم وێنە بوو، ئەمەش کارئاسانی بۆ کرد تا وەك وانەبێژ لە کۆلێژی تەلارسازی زانکۆی تاران لە کارێکی نوێ بەهرەمەند ببێت، لێرەوە کتێبی «چارەسەر و باڵەخانە تەندروستییەکان» لە ماوەی زیندانی بوونیدا نووسی و دواجار دوای هەڵاتنی لە زیندانی قەسر بە چاپی گەیاند و بووە تاکە سەرچاوەی زانستیی لەسەر دیزاین و تەلارسازیی نەخۆشخانەکانی ئێران، لانیکەم تا کۆچی دوایی پتر لە ٦٠ ساڵ تاکە ژێدەر و دانراوی بڕوا پێکراو بووە.

لە ژیانی تاراوگە و لە ئەڵمانیای دیموکرات دانراوێکی بە ناوی (Silvio Macetti N.K) بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و بەرکەوتنێکی کولتووری و ژیاریی نێوان شارستانیەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕەچاو کردبوو، پاشان سەرقاڵی توێژینەوە و وانەوتنەوە بووە لە یەکێك لە گرنگترین ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەك ئەکادیمیای بیناسازی بەرلین ناسراو بە ((Deutsche bauakademie zu berlin (DBA)، کتێبێکی بە ناونیشانی (یەکە گەورەکانی نیشتەجێبوون) بڵاوکردەوە، کە شیکاری و پلانێکی هەمەلایەنەی تەلارسازی و شارنشینی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ بوو، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٧ لە هەلومەرجی خۆسازدان و ئاوەدانکردنەوەی ئەڵمانیا دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە ژێر ناوی خوازراوی (د. تەلارساز. سیلڤیۆ ماسیتی ن.ک) بڵاوکرایەوە و لە ماوەی ساڵێکدا ٨ جار لە چاپ درایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کیانوری چەند بڵاوکراوەیەکی تری هەبوو، کە دیاترینیان: (پلان و پڕۆژەی N.K) پێشنیار بۆ دروستکردنی خانووبەرەی پیشەسازی (دروستکردنی خانووبەرەی بە کۆمەڵ پیشەسازی) لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە گۆڤاری زانستی شاری ڕۆستۆك لە ئەڵمانیا و ئاسمان ڕوتەکانی نیشتەجێبوون (وتار) لە گۆڤاری زانستی تەلارسازی ئەڵمانی،

هەروەها کتێبی ئاسمان ڕوتەکانی نیشتەجێبوون - (ئەنجامی ١٠ ساڵ لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٩٥٦ تا ١٩٦٧)، پاشان پەرەپێدانی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی گواستنەوەی شارەکان - گۆڤاری زانستی تەلارسازی ئەڵمانی بوون، پاشان شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی گەشەپێدانی ڕێگاوبان و گواستنەوەی شارەکان (وتار) گۆڤاری زانستی تەلارسازی ئەڵمانی. پوختەی ڕیساڵی زانستی لە شێوەی وتارێکی ڕەخنەییدایە سەبارەت بە دۆخی گواستنەوەی شارە گەورەکانی لۆس ئەنجلۆس، لە درێژەی بابەتەکەدا کیانوری پلانێکی گشتگیری گواستنەوەی کۆمەڵایەتی شارەکان بۆ شارە گەورەکان دارێژێت و لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوی کردووەتەوە، هەروەها ڕوانگەی تەلارسازی کۆمەڵایەتی - تیۆری یەکگرتنی تەلارسازی کۆمەڵایەتی جیاواز بابەتێکی هاوبەش - گۆڤاری تەلارسازی ئەڵمانی لەگەڵ ئابووری شاروپلاندانانی شار- (دیزاینی گشتگیری شار)، ئابووری پێکهاتەیی و فەزایی بغرانجی لەسەربنەمای پاراستنی ژینگە (وتار) لە گۆڤاری تەلارسازی ئەڵمانی، دیزاین و تەلارسازی شار تا ساڵی ٢٠٠٠ و دواتر- ماستەرپلان - کۆمەڵێک پلانی نورەدین کیانوری (ئەنجامی ١٠ ساڵ لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٨) ناسراو بە د. تەلارساز سیلڤیۆ ماسیتی ن.ک، بڵاوبووەوە کە پاشتر ئەکادیمیای تەلارسازی بەرلین بزربوون و دزرانی ڕاگەیاند.

**لە ئەندازیارییەوە بۆ سیاسەت؛ ڕۆچوون لە نێو دونیای چەپ و مارکسیزمیدا**

دوای تەواوکردنی خوێندن، کیانوری لە ساڵی ١٩٤٠ گەڕایەوە ئێران و لە ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە ئەڵقەو ڕێکخستنەکانی حیزبی تازە دامەزراوی تودەوە کرد، کیانوری دوای چەند ساڵێک ڕێبەرایەتی سکرتاریەتی لاوانی ئەو حیزبەی گرتە ئەستۆ. لەگەڵ ڕووخانی ڕێکخستنی سەربازیی حیزبی تودە، لە ساڵی ١٩٥٥ ڕوویکردە یەکێتی سۆڤیەت، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ زۆرێک لە سەرکردەکانی تری تودە چوونە کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا، کیانوری کە یەکێک لە ئەندامە کاریگەرەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی تودە ئێران بوو، لە پلینۆمی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە ی ئێران لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٨ لە شوێنی ئیرەج ئەسکەندەری وەک یەکەم سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا، لەگەڵ بەرزبوونەوەی سەدای جووڵانەوە شۆڕشییەکەی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کیانوری بارەگەی حیزبەکە لە بەرلینی ڕۆژهەڵات جێهێشت و گەڕایەوە ئێران، بەڵام نووسینگەی حیزبەکەیانی لە ئەورووپا بە چالاکی هێشتەوە.

لێرەوە کیانوری بەهۆی سەرمەستی بۆ ڕووخانی ڕژێمی شاهانشاهیی، لەدژی لایەنگرانی

ڕژێمی پەهلەوی بووە زایەڵەی دەنگێکی کاریگەرو جیاواز لە نێو فەرهەنگی چەپی کلاسیکی ئێرانیدا، بەجۆرێك کە سیاسەتی نوێی حیزبی تودە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ئێران بادایەوەو وخۆی وەك هاوپەیمان و هاوسۆز لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە-ئاینییەکان ناساند و ناوەڕۆکی شۆڕشەکەی بە هەمان ئەو شۆڕشە پێناسەکرد کە مارکس پێشنیاری کردووەو لە پێناویدا تێکۆشاوە، بەم شێوەیە خۆی وەك پارێزەری شۆڕش لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و خۆبەخشێکی ڕێبەرایەتی جووڵانەوەکە ناساند، بەجۆرێك کە بۆچوونەکانی ڕێبەری شۆڕشگێڕ ئایەتوڵڵا خومەینی وەك ئەرکێکی پیرۆزی ئیلاهی لەقەڵەمدا، خۆی و حیزبەکەی بە خزمەتکاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتی یاسایی و شۆڕشگێڕی دوای شۆڕش دانا. «تەنانەت لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا بەهۆی لەسێدارەدانی هێزەکانی «دژە شۆڕش» و ئیمپریالیزم تا دوا هەوڵ بەرگری لە سادق خەڵخاڵی کرد.

لەگەل ئەوەشدا ئەگەرچی شیاوبوونی کیانووری و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی دیکەی حیزب وەک محەمەد عەلی ئامووی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکەم پشتیوانی کرا، بەڵام زۆری نەبرد ئایدۆلۆژیای مارکسیستی حیزبی تودە لەلایەن حکومەتی نوێوە بە کوفرو بێباوەڕ ناوهێنرا و بیروڕاکانیان لە دەرەوەی ڕێنمایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی و ڕێبازە سیاسی و فیکرییەکانی شۆڕش لە قەڵەم درا، ئەمە سەرەڕای پشتیوانی حیزبی تودە لە حکومەت و سیستمی نوێ لە سەختترین کاتەکانیدا، لەوانە شەڕی ئێران و عێراق و هەروەها پێدانی زانیاری نهێنی ئەمنی لە کودەتای نۆژە.

سەرکردایەتی حیزب ڕابردوویەکی ئەرێنی و دۆستانەی لەگەڵ تەوژمی شیعە و هێزەکانی لایەنگری ئایەتوڵڵا خومەینی هەبوو، هەڵوێستی دژە ئەمریکایی ڕێبەرایەتی شۆڕش و ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی جیهان بەرامبەر بەم پرسە و بە جۆرێک لەگەڵ هەڵوێستی دژە ئیمپریالیزمی حیزبی تودە هاوتەریب بوو، هەرئەمەش بوو بە بنەمای سیاسەتی ئەو حیزبە بۆ پشتیوانیکردن لە ڕێبەرایەتی نوێی شۆڕش، کیانوری پێی وابوو لەگەڵ چڕبوونەوەی لایەنی دژە ئەمریکایی شۆڕش، هێزە نێودەوڵەتییەکان و بارودۆخی سیاسی-جوگرافیای ئێران و میتۆدی دۆستانەی یەکێتی سۆڤیەت، بوار نادەنە کۆماری ئیسلامیی تاکو بژاردەیەکی دیکەی هەبێت جگە لەوەی کە وردەوردە بەرەو بەرەی دژە ئیمپریالیزم ڕابکێشرێت. وا بیر دەکرایەوە کە قووڵبوونەوە (خەباتی دژە ئیمپریالیزم) و نزیکبوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت دەبێتە هۆی لێکتێگەیشتن و پەیوەندییەکی نزیکتر لە نێوان کۆماری ئیسلامیی و حیزبەکەیدا، لەم ڕوانگەیەوە کیانوری تەلارساز بووە بانگخوازێکی سیاسی و نزیک لە ڕێبەرایەتی شۆڕش،

چونکە بەپێی بەڵگەنامەکانی حزبە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی جیهان، سەردەمی ئێستا، سەردەمی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم و ململانێی سەرەکی جیهانیش وەک «ململانێی بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی و هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ جیهانی» ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتی ئەمریکا"، کیانوری خستە بەرەی لە پشتیوانی لە خەباتی دژە ئەمریکایی و موکوڕبوو لەسەرئەوەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی ئەرکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی جێبەجێ دەکات، کاتێکیش لایەنێك یان هەرهێزێکی سیاسی لە دەرەوەی ئەم ڕێبازەدا مانۆڕی بکردایە وەڵامی کیانوری ئەوە بوو، «بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنم کە ڕقم لەوگرووپانەیە جا چ کۆمۆنیست بن، مارکسیست بن و جوداخوازبن بە هەرناوێک و بەرپرسێک بن من بە خیانەتکاری وڵات و ئایین دەزانم". کیانوری داڕێژەری سیاسەتی یەکگرتوویی کردار و هاوپەیمانی بەرفراوانی هێزە شۆڕشگێڕ و دژە ئیمپریالیستەکانی ڕاستەقینە لە ئێران بە سەرکردایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو، بەم هۆیەوە کیانوری ڕۆڵی هەبوو لە هاندانی «خوێندکارانی دژە ئیمپریالیست کە پەیڕەوی لە هێڵی ئیمام دەکەن» بۆ سەربالێوزخانەی ئەمریکا لە تاران، لەم بارەیەوە کیانوری وتی: (چڕبوونەوەی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فراوانبوونی کاردانەوە ناوخۆییەکان بەدڵنیاییەوە زەمینە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی لەو شێوەیە (بەرەی یەکگرتووی گەل) خۆش دەکات. ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەهێزکردنی ئەم پرۆسەیە"، لەسەرئەم بنەمایە، بە پشتبەستن بە سروشتی دژە ئیمپریالیزمی شۆڕش، کیانوری شۆڕشی ئێرانی لە ڕیزەکانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانی گەلانی جیهانی سێهەمدا ناساند.

لەبارەی بیروڕا فیکرییەکانیەوە مەنوچێهر ئاشتیانی دەگێڕێتەوە: «ڕۆژێک لە ئەڵمانیا لەگەڵ کیانوری و ئیحسان تەباری، مشتومڕمان لەسەر (مارکسیزم و پەیوەندییەکەی لەگەڵ نیشتمان) دەکرد، لە کاتی گفتوگۆکەدا کیانوری ئەو پرسیارەی ورووژاند: ئایا سەرمایەداری نیشتمانێکی هەیە؟ نیشتیمانی سەرمایەداری جیهانییە و لە هەر شوێنێک کە بتوانێت سەرمایەی خۆی دەڕێژێت. بە هەمان شێوە پرۆلیتاریا جیهانییە و نیشتمانێکی نییە، منیش گوتم پرۆلیتاریا نیشتیمانی نییە، واتە پایتەختی ئێمە مۆسکۆیە و تاران نییە، شاعیرەکەمانیش پۆشکین و حافز نییە؟! وتی بەڵێ! وتم، شاعیرەکەمان حافزە و پۆشکین نییە و پایتەختەکەمان تارانە و مۆسکۆ نییە.

## لە پارێزەری شۆڕشەوە بۆ کونجی بەندینخانە

بانگەشە تیۆریی و کردارییە بێ وچانەکەی کیانوری و حیزبەکەی نەك دەنگ و سەدای نەگەیشتە جێ، بەڵکو لەپاش دەستخاڵی بوونی هێزە ئەمنییەکان و ڕق ئەستووریان لەبەرامبەرجیهانبینی چەپ و کۆمۆنیزمیدا وردەوردە بەرەو کونجی زیندان و ڕاپێچی بەردەم پەتی سێدارە کرد، هەندێك لەم زیندانییە کۆمۆنیستی و سازکراوەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێك بوو، کە دیارترین ڕێبەرانی چەپ و کۆمۆنیزم پەیتاپەیتا بێنە بەردەم شاشەی تەلەفیزیۆن و بە بەرچاوی میلیۆنان بینەرەوە پاشگەزبوونەوە لە ڕێبازی کاری چەند ساڵەیان دەرببڕن و دونیای چەپ بە گومانی هەڵبەسترا و سۆسیالیزم بە خەیاڵ و یۆتۆپیاو مارکسیزم بە گوتاری چەواشەکار و شکست خواردوو ناوببەن.

لەنێو ئەوبارەدا، لە شوباتی ساڵی ١٩٨٣ کیانوری لە خەیاڵی بونیادنانی سۆسیالیزمەوە لەگەڵ زیاترلە ٥٠ ئەندامی سەرکردایەتی وکادیرە چالاکەکان و مریەم فیرۆزی هاوسەری، لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بە تۆمەتی «سیخوڕی» دەستگیرکران و لە زیندانی تەوحید دەستبەسەرکرا، چەند مانگ دواتر و لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٣، لەو دانپێدانانە تەلەفزیۆنییانەی کە لە زینداندا تۆمارکرابوون کە لەلایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و لە تەلەفزیۆنی ئێرانەوە پەخشکرابوون، سەرکردەکانی حیزبەکە یەک بە یەک دانیان نا بە سیخوڕیکردن بۆ سۆڤیەت، لەنێویاندا کیانوری کتوپڕلە تەمەنی پڕخەبات و تێکۆشانیدا بایدایەوەو ڕایگەیاند کە «حیزبی تودە لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا ئامرازێک بووە بۆ سیخوڕی و خیانەت».

لە ساڵی ١٩٨٩ کە تەمەنی ٧٤ ساڵ بوو و دوای زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی بۆ ماوەی شەش ساڵ، لە ڕاپۆرتی (گالیندۆپۆل)دا کە یەکەمین نوێنەری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە سەردانی زیندانی ئەوینی کرد، سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی کیانوری دەنووسێت: (بە نیشاندانی دەستی نیوە ئیفلیج و پەنجە شکاو و قاچی بریندار، باسی لەوە کرد کە چۆن بە ئامادەبوونی بەرپرسانی زیندانی ئەوین بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە دراوە)، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوەکراوە کە سێ ئەندامی ئەو حیزبە لە زیندانی تاکەکەسیدان، یەکیان کایانورییە ئەویش پاش ئەوەی سیخوڕی و پیلانگێڕی ڕەتکردەوە و ئیدانەی لەسێدارەدانی هەزاران گەنجی بێتاوانی کردووە.

کیانوری لە زینداندا لە ساڵی ١٩٨٩ نامەیەکی بۆ سەید عەلی خامنەیی سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی زیندانیان نووسیوە ولەونامەیەدا باسی لەوە کردووە کە بە توندی ئەشکەنجە

دراوە بۆ دانپێدانان بە تۆمەتی درۆ بۆ ئامادەکردنی کودەتای چەکداری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی و تیایدا بە وردی باسی لە پووچەڵبوونەوەی ئەو دانپێدانانە کردووە کە بە گوشار و هەڕەشە و ئەشکەنجەدانی خۆی و بنەماڵەکەی لە زینداندا کراوە، هەروەها ئاماژەی داوە بە هاوکارییەکانی لە ماوەی زیندان لەگەڵ یەکێک لە پیاوانی ئایینی بە ناوی مووسەوی زەنجانی لە مەدرەسەی قوم، پاشان ئاشکرایکرد کە هاوسەرەکەی مریەم فیروز و ئەفشەنا کچەکەی بە قامچی لێدرا و بە سەقفەوە لە پێش چاویدا هەڵواسراون، دوای ئازادبوونی لە زیندان، کیانوری لە ژێر چاودێری تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعاتدا بوو و لە ماڵەوە زیندانی بووە تا کۆتایی ژیانی. لە سەروبەندی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتدا دژایەتی چاکسازییەکانی گۆرباچۆڤ کرد و هۆکاری قەیران و دارمانی یەکێتی سۆڤیەتی بۆ پیلانگێڕیی ئەمریکا گەڕاندەوە؟

کیانوری کە لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا بەردەوام بوو لە بەرگریکردن لە سیاسەتەکانی حیزبی تودە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تا ئەوکاتەی لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ بۆ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا بە خاک سپێردرا.

## سەرچاوەکان

١. نورالدین کیانوری درگفتگو با مصاحبەگر ناشناس؟ خاطرات نورالدین کیانوری، انتشارات اطلاعات، ١٣٧١، ص١٥.

٢. نامه سرگشاده نورالدین کیانوری به آیت‌الله سید علی خامنه‌ای، بی‌بی‌سی فارسی، ١٥ اذار ٢٠٠٩.

↑.٣ احسان طبری چگونه شکسته شد؟ https://www.radiozamaneh.com/328273

↑.٤ ڕادیو زمانه، اسلام آوردن احسان طبری: شکنجه، اقناع یا سندرم استکهلم؟!
https://www.radiozamaneh.com/332448

↑.٥ بی‌بی‌سی، نامه سرگشاده نورالدین کیانوری به آیت‌الله خامنه‌ای، بی بی سی، ٢٠١٢/١٠/١٢
https://www.bbc.com/persian/iran/2012/01/120124_nk_toudeh_party

↑.٦ بی‌بی‌سی، فرازونشیب حزب توده ایران دردهه ٦٠؛ ازکامروایی تا اعدام، ب.س،
https://www.bbc.com/persian/iran/2012/02/120222_l10_mesdaghi_toudeh_party

↑.٧ پیوست کتاب ٢٣ سال محمد، دشتی علی، بولیتیکل، اذارما
1392، http://www.political-articles.com/Com/e-Book/23_YEAR.pd

کتێبناسی

ئێرانناسی

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئێران
# لە فرەچەشنی گێڕانەوەکان و پێویستیی بیری پارادایمی

ئامادەکردن: بارام مەجیدخان



ناوەندی لێکۆڵینەوە و دیراساتی ئەبرار، لە یادی سەد ساڵەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەک زانستێکی ئەکادیمی لە جیهاندا، کتێبی سەد ساڵ لە "پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئێران "ی خستە بەردیدی خوێنەرانی خۆی. کە بە شێوازێکی نوێی نووسینی هاوچەرخ و مۆدێرن لە لایەن کۆمەڵێک توێژەرەوە نووسراوە. گرنگی ئەم کتیبە لە وەدایە کە: هەم خوێنەرانی بە کۆمەڵێک ناوی ئەکادیمی لە توێژەرانی پسپۆر لەم بوارە ئاشنا دەکات کە سەرجەمیان پسپۆڕی ئێرانین و خاوەن ئەزموونی زۆرن لە بواری نێودەوڵەتی و هەم کۆمەڵێک بابەتی ورد لە سەرگرنگیی مێژووی هەندێک لەوپەیوەندیانە دەخاتەڕوو. بە تایبەت مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئێراندا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو. مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران بوارێکی جێی بایەخە بۆپسپۆرانی مەیدانی سیاسی و ستراتیژیک، کە بەشێکی هەرە گرنگی ئێرانناسی سیاسی و نێودەوڵەتییە. تێڕوانین و تێفکرین لە ئەزموونی سەد ساڵەی ئێران لەوبوارەدا بۆلێکۆلەرانی ناوەندە زانستی و سیاسییەکانی کە لە کوردستان کارلەوبوارەدا دەکەن، گرنگی ئەم لێکۆڵینەوانە لەوەدایە لە سەرچاوەی دەستی یەکەمەوە لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە. لە لایەکی ترەوە بۆخوێنەری کورد کە توانای سود وەرگرتنیان لەم کتێبە بە زمانی فارسی هەیە دەتوانێت بە سوود بێت بۆ ناوەندەکان وزانکۆکان. کە لە گەڵ هەبوونی ناوەندی زۆری لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، هێشتا ئاستی ئەم ناوەندانە وزانکۆکانی نەک لە ئاست ستاندارده جیهانییەکان نییە. بەڵکو لە ئاست وڵاتانی هەرێمایەتیشدا نین. ئەم کتێبە ئەزمونێک دەخاتە بەردەم خوێنەری کورد کە ئەولەمپەڕانە چین کە ڕێگرن لە گەشکردنی ئەم زانستە کە وڵاتەکەمان. بە تایبەت کە حکومەتەکان دەستیان بە سەرناوەرۆکی ئەوپەیوەندییانە وبەڵگەنامەکانیدا گرتووە. هەندێک بابەت کە کاریگەری سیاسی و ئەمنی بە جێدەهێڵن هێشتا لە چوارچێوەی زانکۆکان وەک حەرامی سیاسی سەیر دەکرێن. ئەمەش لەمپەرە لە بەردەم لێکۆڵینەوەی زانکۆکان کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەم بوارەدا کار بکەن. وەک لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا ئاماژەیەکی داوە بۆ ئەو ناوەندانە کە " یا بڵاو بکەرەوە، یا لە ناو بچۆ" publish or perish ئەمەش وەک کاریگەرترین دروشم و ڕێگا بۆ ئەو بەردەوامبوونی ئەو ناوەندانە.

کتێبەکە لە دو بەشی سەرکی پێک هاتووە. بەشی یەکەم باسێکی تیۆرییە لە مەڕ بابەتەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران. لە گەڵ ئەوەی لە سەرئاستی جیهانی ئەم زانستە، مێژوویەکی سەد ساڵەی هەیە، بەڵام بە شەست ساڵ دواکەوتن لە ئێران پەرە بە پێشکەوتنی خۆی دەدات. پێگەی ئەم زانستە چ لە سەرئاستی زانکۆکان و چ لە سەرئاستی

دەوڵەت هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. ئەوەش خراوەتە ڕو کە لە تەک گرنگی بابەتەکانی ئەم زانستە تا چ ڕادەیەک دەزگای سیاسی و دیپلۆماسی ئێرانی سودی لە تیۆر بنەما سەرکییەکانی وەرگرتووە؟ پەیوەندی مێژوو لە گەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، جێگەی سەرنجی نوسەرانی پسپۆڕی ئێرانە لەم کۆکراوەیەدا. سەرنج خستنە سەر پرسیارە کوشندەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە وەک ڕێگای سەرکی بۆ پەیوەست بوون بە سیستەمی جهیانیەوە. کێشەکانی پەیوەست بە ژینگە و دادپەروەی و چەکی کۆکوژ و هاتا دوایی...

بەشی دووەمی کتێبەکە کە بەڕای من بەشی گرنک و ئامانجداری کتێبەکەیە تیشک دەخاتە سەرڕاهێنان و لێکۆڵینەوە و پەروەردە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئێراندا. ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئێران لە سەر دۆسیە جیاوازەکانی پەیوەست بە جیهان و ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ ئێراندا هەیە.

ئەمریکا ناسی: ئەمریکا ناسی لە ئێران تا ئێستاش بەشێکی کاڵ و پێنەگەیشتووی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەیە. لە گەڵ ئەوەی کە ئەمریکا وەک وڵاتێکی زلهێز لە پاش کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ساڵی ١٩١٨ بە دیارکەوت و بووە جێگای سەرنجی ناوەندە جهانییەکان، بەڵام پێش ئەو مێژووە، ئەمریکا و پەیوەندی لە گەڵ جهیان و وەک وڵاتێکی تازەکار لە سیاسەتی نێودەوڵتی دیاردەیەکی ئابووری بوو. واتە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای پێکهێنابوو. بەڵام لە گەڵ هەموو ئەم فاکتانەشدا ئەمریکا ناسی لە ئێران وەک هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بە دواکەوتنەوە هات. ئەو ناوەندانەی ناوخۆی ئێران کە دەرگایان لە سەرئەمریکا ناسی ئاوەڵا کرد ناوەندی حکومەت و وەزارەتی دەرەوە و چەند ناوەندێکی باڵای وەک سەرۆکایەتی کۆماربوون لە ئێران. شان بە شانی ئەم ناوەندانە لە سەرئاستی زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە چەندین هانگاوی گرنگ نراوە. بەڵام لە بەرحەساسیەتی بابەتەکە و ترس لە تەخوین و نەبوونی پەیوەندی لە گەڵ ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەمریکا لە دۆسیەیەیە هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتایی خۆیدایە. کە لە بەشی دووەی کتێبەکە بە وردی سەرنجی خراوەتە سەر.

ڕوسیا ناسی: مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران وڕوسیا مێژوویەکی پێنج سەد ساڵەی هەیە. ڕەگی ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەویەکان لە ئێران. درێژخایەنترین و کۆنترین پەیوەندی دەرەوەی دەزگاکانی حوکمرانی ئێرانە لە مێژووی خۆیدا. خاڵی وەرچەرخانی ئەم پەیوەندییانە لە ساڵی ١٩١٧ ڕوییدا. شۆڕشی ئۆکتۆبەرکاردانەوەی خۆری بۆسەرئێران و گۆڕانکارییەکانی دواتر هەبوو. بەڵام ڕوسیا ناسی نوێ لە ساڵی ١٩٩١ لە ئێران دەستپێدەکات. ڕووخانی سیستەمی

سیاسی لە سۆڤیەت و نەمانی جەمسەری گرنگی جیهانی، رووسیا ناسی خستە قۆناغێکی ئاڵۆز و هەستیار. گرنگی دان بە زمانی ڕوسی لە ناوەندنەکانی خوێندن و کردنەوەی باشەکانی ڕووسیا ناسی لە زانکۆکان و کردنەوەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ڕووسیا لە ئێران، پێگەی ڕووسیا ناسی لە ئێران تا ڕادەیەک پاراستووە. بە تایبەت ئەو سەنتەرانەی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئەمنی دەدەن لە ئێران، بە شێەوەیەکی بەرچاوە کاران. بەڵام ڕەخنەگرانی ئەم بوارە نایشارنەوە کە ڕوسیا ناسی وەک ئەمریکا ناسی لە ژێر کاریگەرەری بارودۆخی سیاسی و ئابووری و پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لە گەڵ ئێران بەرز و نزمی بە خۆیەوە دەبینێت.

چین ناسی: ئەتوانین بڵێین نا هاوسەنگترین پەیوەندی ئێران لە گەڵ وڵاتانی جیهان پەیوەندی ئێران و چینە لە ڕوی ناسینەوە. لە گەڵ پێشینە و مێژووی جادەی ئاوریشم کە بە ئێراندا تێپەڕیوە، ئێرانیەکان تنها یەک کتێبی "خەتانامە" ی عەلی ئەکبەرخەتایی لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی هیچ سەرچاوەیەکی تریان لە بەردەست نیە. چین و جادەی ئاوریشم بۆ ئێران جگە لە بەها ئابوورییەکەی، وەک شوێنی خۆحەشاردانی نەیارانی دەسەڵات با کار هاتووە. بەڵام داوی سەرهەڵدانی چین وەگ زلهێزێکی ئابووری جیهانی سیاسەتی ئاوڕدانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران، چین گرنگی بۆئێران پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩٤٩ بە دواوە ولە گەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی مائۆیی لە ئێران هەندێک لە کتێبەکانی ئەو ڕەوتە وەرگێڕانە سەرزمانی فارسی. چین لە ساڵی ١٩٥٧ لە ژێر کاریگەری تەوژمی ئەنترناسوۆنال، لە زانکۆی پەکین، کە زانکۆیەکی گرنگە لە چین، بەشی زمان و ئەدەبی فارسی کرایەوە. ئەمەش دەروازەیەک بو، بۆ مامۆستاکانی زانکۆ و روناکبیران کە چین بە هەند وەربگرن.لە ساڵی ١٩٨٠ دەسپێکی پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئیێران و چین بوو. کە تا ساڵی ٢٠٠٠ زیاترپەرەی سەند. پاشان ئەم پەیوەندیانە هەربەردەوامە.

ڕۆژهەڵات ناسی لە ئێران ولە سەرئاستی جیهان و ئایندەناسی وەک دو تەوەری گرنگ لەم کتێبەدا بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. ئەوەی کە گرنگە لەم کتێبەدا ئەو ڕوانگە شاراوەیە کە ناو بە ناو سەرهەڵدەدات ئەویش، پەیوەندی گەشەی دیموکراسی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەیە لە سەرئاستی جیهان و بە تایبەت لە ئێراندا. هەرچی گەشەی دیموکراسی لە ئاستی باڵا بێت ئەوا ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی زیاتر گەشە دەکەن. پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەم کتێبە دەتوانێت بە سود بیت بۆئێرانناسان ولێکۆڵیارانی ئەو بوارە. ئاشنامان دەکات بە ناوە دیارەکانی ئەوبوارە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێران لە زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەو وڵاتە. کتێبەکە واقعی ناوەندەکانی لیکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئێرانمان بۆ دەخاتە ڕو بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و ورد.

چەمکناسی

ئێرانناسی

## چەمكناسی:

# بەرژەوەندیی ڕژێم (مصلحت نظام)

ئامادەكردن:

هەورامان فەریق كەریم



بەرژەوەندی یان بەرژەوەندییەکانی ڕژێم یەکێکە لەو چەمکە گرنگ و هەستیارانەی کە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانەوە بە مەبەستی پاراستنی ڕژێم داهێنراوە و زۆرترین مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێناوە. لە ڕوانگەی لایەنگرانی شۆڕشی ئیسلامییەوە مەبەست لەم چەمکە نەك تەنیا بەرژەوەندییەکانی ڕژێم، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی تاکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەیە. جیا لە واتا وشەسازییەکەی، پێناسەی هەمەکیی بۆ چەمکی بەرژەوەندی لە کاروباری حکومەتدا بریتییە لە ڕوانینێك کە دەوڵەتی ئیسلامی بە مەبەستی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە مەعنەوی و مادییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە ئاراستەی ئامانجەکانی شەرعی پیرۆز دەیگرێتەبەر (١).

بۆ تێگەیشتن لە بنەما فیقهییەکانی چەمکەکە؛ دەبێت بزانین کە خودی چەمکی بنەمای بەرژەوەندی (لەبەرامبەر چەمکی استصلاحی ئایینزای سونی) لە هەناوی بیروباوەڕی ئایینزای شیعەوە هاتووەتە دەرەوە:

- بناغەی بەرژەوەندی بە واتای پاراستنی ڕژێم و دەسەڵاتی ئیسلامە کە فەقیهەکان بە پاراستنی «بیضە»ی ئیسلام لێکیان داوەتەوە. واتە حاڵەتی پێویست وڕای هاوبەشی فوقەهای شیعەیە و هەربنەمایەکی چەسپاوی ئیسلامی کە یەك نەگرێتەوە لەگەڵی، دەبێت بە بنەمایەکی لاوەکی.
- بنەمای بەرژەوەندی بە واتای ڕەچاوکرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکان دێت لەبەرامبەر بەرژەوەندییە تاکەکەسی وگرووپییەکاندا.
- یان بە واتای بناغەی شێرازەی گشتی و ڕەچاوکردنی سیستمی شایستەی ژیانی مرۆیی (٢).
- بەرژەوەندی ڕژێم حوکمە حکومەتییەکان لە خۆ دەگرێت. بەواتایەکی تر، حوکمە حکومەتییەکن لە لایەن حاکمی ئیسلامی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمانان دەردەچن. حوکمە سەرەتاییەکان لە لایەن شەرعدانەری پیرۆز و حوکمە لاوەکییەکان بە گوێرەی پێویستی و حوکمە حکومەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. لە هزری شیعە و موعتەزیلەدا بە پێچەوانەی ئەشاعرە بەرژەوەندی و موفسیدە لە پێشترن لە حوکمی شەرعی؛ بەو واتایەی کە لەبەر بوونی بەرژەوەندی پێویست، حاڵەتێك و فەرمانێك واجیب بووە و لەسەر بنەمای بوونی موفسیدەیەکی پێویستیش، حاڵەتێك وفەرمانێك ڕێگەی لێگیراوە (٣). لە بەرامبەردا ڕوانگەیەکی تر هەیە کە پێی وایە ئامانج لە داهێنان و بەکارهێنانی ئەم

چەمکە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران و ڕژێم بوو.

هەڵبەت ڕاجیایی لە ناو سەرکردەکانی شۆڕش و مەرجەعییەتی شیعەدا سەبارەت بە واتای بەرژەوەندی هەبوو. بۆ نموونە نائینی بۆ حاڵەتێك بەکاری دەهێنا کە دەقێك سەبارەت پێی بوونی نییە. سەدرپێی وابوو کە لە کایەی منطقه الفراغدا خۆی دەبینێتەوە و خومەینی بەرژەوەندی ڕۆڵی کات و شوێنە لە ئیجتهاددا(٤).

لە ڕووی کردەییەوە مشتومڕ لەسەر ئەم چەمکە دامەزراندنی ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی بە دوا خۆیدا هێنا کە دامەزراوەیەکە لە لە ساڵی ١٩٨٧ز لەسەر خواستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی لە لایەن ئایەتوڵا خومەینییەوە دامەزرا(٥). ئەویش دوابەدوای ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان ئەنجومی شورا و ئەنجومەنی پاسەوانانەوە لەسەر بڕگەکانی ئەنجومەن و گونجاندنی لەگەڵ شەرعدا ڕوویاندا. بەم شێوەیە کاتێك کە ئەنجومەن دەنگی لەسەر بڕگەیەك دەدا ئەنجومەنی پاسەوانان کە بەرپرسی بەدواداچونی بڕگەکانی پەرلەمان بوو بەو نیازەی کە دژنەوەستێت لەگەڵ دەستوور و شەرعدا، بۆ نمونە ئەگەر بڕگەیەکی بە شەرعی هەژمار نەکردایە و ناڕەزایەتی پەرلەمانی لێبکەوتایەتەوە، دەبووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی. هەربۆیە ئەوکاتە بەرژەوەندییەکانی ڕژێم بوو کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبینی. کەواتە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) ناتوانێت یاساگەلێك دابنێت کە دژبووەستێتەوە لەگەڵ بنەماکانی ئایینزای فەرمی وڵاتدا کە خۆی لە دەستووردا دەبینێتەوە. دەستنیشانکردنی ئەم حاڵەتە بە ئەستۆی ئەنجومەنی پاسەوانانە. بەڵام بەکردار لەبەر ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانی ئەنجومەنی پاسەوانان سەبارەت بە بڕگەکانی پەرلەمان، لەبەر ناکۆکییان لەگەڵ شەرع و سووربوونی ئەنجومەن لەسەر پێویستیی ئەم بڕگانە، ئەم دوو دامەزراوەیە بەرامبەر بە یەکتری وەستابوونەوە. بە دەربڕینێکی تر بەرژەوەندییەکانی ڕژێم لە بەرامبەر بنەما شەرعییەکاندا دەوەستانەوە.

بە ڕواڵەت لە سەرەتاوە وەها دەردەکەوت کە «دیاریکردنی بەرژوەندی» لە ئەستۆی پەرلەمانە و ئەنجومەنی پاسەوانان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. بەمپێیە ئەگەربڕگەیەکی پەرلەمان پەسەند بکرێت، ئەو بڕگەیە لە «بەرژەوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی» جێبەجێ دەکرێت. بەڵام ئەگەر بڕگەیەك جێی پەسەندی ئەنجومەنی پاسەوانان نەبێت، لە حاڵێکدا کە بە گوێرەی پەرلەمان، جێبەجێکردنی بە چاکە و سوودی کۆمەڵگە و جێبەجێنەکردنی خراپەی لێبکەوێتەوە، لەم حاڵەتەدا «چاکە و بەرژەوەندی کۆمەڵگە» لە بەرامبەر بنەماکان ئیسلامدا

(یان دەستووردا» ڕادەوەستێت. بە واتایەکیتر، «بەرژەوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی» لەگەڵ «بنەما ئیسلامییەکان»دا، مانعة المجمع دەبن کە دەبنە هۆی بنبەستی سیاسی. ئەمەش ڕەنگە لە بەرژەوەندی نەبێت. جەختکردنەوە لەسەرجێبەجێکردنی یەك بەشی ڕژێم کە بناغەی رژێم ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە، لەگەڵ ئەقڵ و لۆجیکدا سازگار نییە. بۆیە بنەمای بەرژەوەندی ڕژێم بەسەرتەواوی ئەو بنەمایانەدا لەپێشتر دەبێت. کەوابوو ئەگەر بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی بە پێوەری پەرلەمان یەك نەگرێت لەگەڵ پێوەرە شەرعییەکاندا بە گوێرەی ئەنجومەنی پاسەوانان، ئەوە بەرژەوەندی ڕژێمە کە وەك بەرژەوەندی باڵاتر دەبێت دەستنیشان بکرێت و جێبەجێ بکرێت. جا ئەم حاڵەتانە پێوستی بە مەرجەعێکی یاسایی هەیە کە دەستوورلە ژێرناوی «ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمدا» دیاری کردووە(٦). ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لە لایەن دامەزراوەی ڕێبەرییەوە دیاری دەکرێت و دەسەڵاتی (جگە لە ڕێبەر) بەسەرهەموو دامەزراوە سیاسییەکانی دیکەدا زیاترە.

بەرژەوەندییەکانی رژێم تەنیا لە برگ وبنەماکانی پەیوەست بە ناکۆکی نێوان هێزەکانی دیکە یان برگە شەرعییەکان کورت ناکرێنەوە. کۆمەڵێك کێشە هەرلە سەرەتای شۆڕشەوە بەرۆکی حکومەتیان گرت کە پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەبوون. بۆ نمونە لەسەررووبەندی جەنگی عێراق و ئێراندا کێشەگەلێکی وەك کێشەی زەوی و زارو یاساکانی بنبڕکردنی مادەی هۆشبەر، یاسای کارودەسەڵاتەکانی دەوڵەت و.. سەریان هەڵدا. لێرەوە چەمکی «چارەسەری کێشەکانی ڕژێم» هاتە ئاراوە بۆچارەسەری ئەوکێشانەی کە ڕێگاچارەی یاساییان بۆدیاری نەکرابوون و ناونرابوون ئەوکێشانەی کە «لە ڕێگەی ئاسایی چارەسەرناکرێن». هەربۆیە هەمان ئەنجومەن بەرپرسیارییەتی دیاریکردنی ئەوکێشانەیشی پێ سپێردرا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کە ئاماژەیان پێکرا، لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئەم چەمکە هەم ڕووی تێگەیشتن و گوتارەوە، هەم لەڕووی پراکتیك و جێبەجێکردنەوە، هەم لە ڕووی بکەرەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسانەوە کە بۆ ئەرکی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمیان پێ دەسپێردرێت، ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە و ڕەخنەی زۆر جدی بووەتەوە. لە ئایەتوڵا مونتەزرییەوە کە باس لە تایبەتمەندییەکانی وەك هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن دەکات لە لایەن خەڵکەوە بە شێوەی ئازادانە .کە بۆگەڕانەوە بۆ وشەی بەرژەوەندی پێویستە لە چوارچێوە و بنەماگەلی دیاریکراودا بێت ئەگینا ئیمامی موسوڵمانان لە پێناوی بەرژەوەندیدا دەتوانێت یەك لەسەرسێ تاکەکانی کۆمەڵگە لەبەر دوو لەسەرسێکەی تر بکوژێت(٧). چ رۆشنبیرانی ئایینی وەك موحسین کەدیڤەرکە لە

بنەمادا چڕکردنەوەی دەسەڵاتی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان لە دەستی دەسەڵاتدارێکی ئاییندا ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە ئەگەر لە حکومەتێکی ئاییندا دەسەڵاتدار نوێنەری بێچەندوچۆنی خودایە لە سەر زەوی، بەرژەوەندی بەهێزترین ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حکومەت دەبێت. لە وەها حکومەتێکدا دەسەڵاتداری ئایینی هەرچی بە بەرژوەندی بزانێت ڕێگەی پێدەدات و دەتوانێت دەستێوەردانی تێدا بکات. لە بەرامبەریشدا بەرامبەر بە هیچ دامەزراوەیەکی مرۆییدا وەڵامگۆ نابێت(٨) چونکە هەربە یاسای خودایی لە ژێر چاودێری هیچ دامەزراوەیەکدا خۆی نابینێتەوە. هەربۆیە لە دیاریکردنی بەرژەوەندیدا دەبێت چەند خاڵێك ڕەچاو بکرێن: یەکەم، ڕێساگەلی نەوعیی لە جیاتی سەلیقەی تاکەکەسیی ببنە پێوەر. دووەم، خستنەئەستۆی دەستنیشانکردنی بەرژوەندی بە ئەقڵی کۆ و نوێنەرانی شارەزای خەڵك نەك چڕکردنەوەی لە دەستی یەك کەس. سێیەم، دامەزراوەی دیاریکردنی بەرژەوەندی دەبێت بەرپرسیاربێت بەرامبەردامەزراوە یاساییە مرۆییەکانیترو چوارەم دەبێت دیاریکردنی بەرژەوەندی سەربەخۆبێت لە حکومەت. ئەگەرجیا نەبێت دین دەبێت قوربانی دەسەڵاتی سیاسی(٩).

## سەرچاوەکان

١- زیباکلام، صادق، حق گو جواد، (١٣٨٩)، فصلنامەی سیاست، مجلەی دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٤١، شماره ٢، تابستان ١٣٩٠، صفحات ١٦٠-١٤٣. ص، 151.
٢- مجمع تشخیص مصلحت نظام - ویکی شیعه (wikishia.net)
٣-زیباکلام، صادق، حق گو جواد، (١٣٨٩)، فصلنامەی سیاست، مجلەی دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٤١، شماره ٢، تابستان ١٣٩٠، صفحات ١٦٠-١٤٣. ص، ١٤٨.
٤- - گفتگو با آیت الله العظمی حسینعلی منتظری. تحت عنوان پرسشهایی پیرامون جایگاه قانونی مجمع تشخصیل مصلحت نظام (چشم انداز ایران، شماره ٢٣)
٥- مجمع تشخیص مصلحت نظام (maslahat.ir)
٦- مجمع تشخیص مصلحت نظام - ویکی فقه (wikifeqh.ir)
٧- گفتگو با آیت الله العظمی حسینعلی منتظری. تحت عنوان پرسشهایی پیرامون جایگاه قانونی مجمع تشخصیل مصلحت نظام (چشم انداز ایران، شماره ٢٣)
٨- /863/com.kadivar//:https
٩- هەمان

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناتی ئاییندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پرۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies


قراءات مستقبلية رقم (٥)


مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطون
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


ئێرانناسی


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


English
كوردى
العربية


ڕاپۆرتی تایبەتی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووری هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان


ئێرانناسی



ئێرانناسی
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست



قراءات مستقبلية رقم (٥)
نيسان 2020
www.centerfs.org


ئێرانناسی


ئێرانناسی
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستمی سیاسیی ئێراندا


ڕاپۆرتی تایبەتی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان





THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



Center For Future Studies
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرۆپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جیناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٨) ساڵی دووەم، تەمووزی ٢٠٢٣